# یەکگرتن

گۆڤاریکی رۆشنبیری تیۆریە

هەواڵنامەی کتێب

٥


١٩٨٨

بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بلاوی دەکاتەوە

# یەکگرتن

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆریە

ژمارە (٥)    نیسان    ١٩٨٨



دەستەی نوسەران

**ا.ه. توانا**

**ئاوارە**

**ئەنجام**

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

هەزارنامەی کتێب

ناونیشان

YEKGIRTIN
P.O BOX (227)
1502 KØBH. V
DANMARK

یان

YEKGIRTIN
P.A 1080 WIEN
POSTFACH ( 68 )
AUSTRIA

Bikuben:
Silkegade 8, DK- 1113 København.K/ DANMARK

ژمارەی بانك :
YEKGIRTIN - Konto nr.274-02-64616 .

# ناواخن


" یەکگرتن " لە یەکەمین سالڕۆژی خۆی دا • ٣

کارەساتەکەی هەڵەبجە و بانگەوازێك • ٢٤

لە پەراوێزی ڕووداوە پڕ مەترسیەکانی کوردستان دا • ٢٧

ڕاپەڕینی گەلی فەڵەستین بەردەوامە • ٤٢

ئەو بەرنامەیەی ملیۆنەها کرێکار پێڕەویان کرد • ٤٦

ئایا شێوەی پێکهاتنی لەشی ئافرەت
چارەنوسی ئافرەت دیاری دەکات؟ ٨٢

مێژووی جوڵانەوەی کرێکاری - بەشی چوارەم • ١١٢

پاشکۆی ئەدەب و هونەر ١٥٣


## نرخی یەکگرتن

یەك ژمارە : ٢٠ کرۆن + نرخی پۆست

سالانە : ٨٠ کرۆن + نرخی پۆست

سەروتار



# "یەکگرتن"
# لە یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆی دا

بەم ژمارەیە، گۆڤاری "یەکگرتن" یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆی دەبڕێ و پێ دەنێتە خولی دووەمەوە. بۆیە بەمانی خوێنەران و نووسەران و دۆستان و خۆمانی دەزانین یادی بیرەوەری دامەزراندن بکەینەوە، بەتەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین جاو بەرەوتی کارکردن و ڕێبازی "یەکگرتن"دا بخشێنینەوە و دڵیان بسەلمێنین، بەپێویستی دەزانین دەربارەی چۆنیەتی پەیدەنگەوە هاتنی خوێنەر و دۆستان و کارتەنجامی لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بدوێین و هەندێ بیروڕایان لەسەر دەربڕین.

ئەوەی شایانی باسە چاکەی یەکەمی بەردەوام بوونی "یەکگرتن" دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەر و دۆستان، کە لە دوورە وڵاتی دا وەك کۆرپەیەکی ساوا گرتیانە باوەش و دەستی ناسك و پڕسۆزی خۆیان بەسەری دا هێنا. چاکەی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسەرانەی بەشداریان لەژمارەکانی دا کرد و بابەتی هەمەجۆری سوودبەخشیان کردە دیاری و بۆیان نارد. چاکەی سێیەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن خۆیان، کەلە ڕێگەی بارمەتی دانی مادی و مەعنەوی و ڕاپەڕاندنی کارە هونەریەکانەوە، زەمینەیان بۆ ئەوە خۆشکرد گۆڤارەکە بەو شێوەیە بکەوێتە دەست هەموو لایەك.

ooo

گۆڤاری "یەکگرتن" بەری هەوڵ و کۆششی ژمارەیەك نووسەر و ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی کوردستانی خوارووە، کە ئەرکی



هەواڵنامەی کتێب

دامەزراندنی تریبیۆنێکی ( مەنبەرێکی ) فیکری و ڕۆشنبیری دەروەستیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە، زەمینەی بیروڕا دەربڕین و گفتوگۆکردن لەبارەی مەسەلە زیندووە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەمان بڕەخسێ، بواری ملمڵانێی فیکری و ئایدیۆلۆجی سازبێ، لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆراو جۆرەکانی زانستی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی دا هان بدرێ و، لەدوا ئەنجامدا زەمینەی خەمڵاندنی ئاقارێکی خەباتکارانەی ڕاست و دروست بۆ گۆڕینی بنەڕەتی واقیع و یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان خۆش بێت.

"یەکگرتن" گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆریە، تەرخان کراوە بۆ دەربڕینی مەسەلە تیۆریەکانی فیکری شۆڕشگێری. چونکە "هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، بێ تیۆری شۆڕشگێرانە نابێ"، بەڵام لێرەدا تیۆر بەواتا ڕووتە ئەکادیمی‌یەکەی نیە، بەڵکو بە مانا زانستی‌یە، گشتی‌یە، هەمەلایەنەکەیەتی. لەبەر ئەوەی "یەکگرتن" شانبەشانی باسکردنی مەسەلە تیۆری‌یە گشتی یەکان و چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئایدیۆلۆجی و فیکریەکان، بایەخیش دەدات بەو مەسەلانەی زیندوون و لەپلەی یەکەمین دان ـ لەڕووی گرنگیەوە، وە کە ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر بارودۆخی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌ی کوردستان بەتایبەتی و ناوچەکەوجیهان بەگشتی، لەو گیروگرفتانە دەدوێ کە (گەشەکردنی بابەتی) دەیان هێنێتە ئاراوە، ئەو خەباتە بەکردەوانە ئاشکرا دەکات کە چینی کرێکار و توێژە چەوساوەکان لە دژی ڕژێمی فاشی عیراق بەرپای دەکەن.

"یەکگرتن" ناسنامەی ئایدیۆلۆجی و فیکری خۆی، بێ سڵ کردنەوە و بەڕوون و ئاشکرایی، دیاری کردوە و ئەوەی دەرخستووە کە پێڕەوی‌کەری بیروباوەڕی مارکسیزم ـ لێنینیزم و پرنسیپەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریایە... بەڵام ئەوە مانای ئەوە نی‌یە لاپەڕەکانی "یەکگرتن" تەنیا بۆ بابەتی مارکسیانەونووسینی مرۆڤە مارکسیەکان ئاواڵەیە و بەڕووی بابەت و نووسەری تردا داخراوە. بەڵکو "یەکگرتن" گۆڤاری هەموو چەپە شۆڕشگێڕەکان، دیموکراتخوازەکان، نیشتمان پەروەرەکانی کوردستانە، مەیدانی کارلێکردنی فیکری و گفتوگۆی دیموکراتیانەی نێوان نووسەرە جۆراوجۆرەکانە و لاپەڕەکانی کراوەیە بۆ هەموو خامەیەکی زانستی و بە جورئەت. لێرەدا پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە مافی هەموو نووسەرێکی پێشکەوتنخوازە کە "یەکگرتن" وەک تریبۆنێک بەکاربهێنێ و جیاوازی لەنێوان بەکارهێنانی دا لەلایەن نووسەرە جیاجیاکانەوە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بابەتەکان: زانستێتی، زیندوێتی،

جدیەت...، ە بەهیچ جۆرێك ئەو جیاوازیە لەسەر بنچینەی بیروڕای نووسەرەکە و لایەنگیری لایەنێك یان ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، کاری پێ ناکرێ. بەڵام لەهەمان کاتدا "یەکگرتن" نابێتە مەیدانی ململانێی شەخسی و حیزبایەتی تەسك و شەڕەجوێن و ڕەخنەی ڕوخێنەر و ئەو بیروڕایانەی کە ڕەش بینی، بێ هیوایی، خەساندنی گیانی خەباتکاری دەهێننە ئاراوە و هیچ بینایەکی نوێ دروست ناکەن.

یەکێك لە ئامانجە دێرینەکانی "یەکگرتن" بریتی یە لە خۆشکردنی زەمینەی فیکری و ئایدیۆلۆجی یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان. بۆیە هەمیشە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە بیروڕایەکی ئاقارە جۆراوجۆرەکانی چەپ لەلاپەڕەکانی دا ڕەنگبداتەوەو بەردەوام بواری ڕەخساندوە بۆ ململانێی ئایدیۆلۆجی نێوان ئەوان و گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلە جەوهەریەکانی خەبات و تێکۆشانی چەوساوەکانی وڵاتەکەمان. چونکە بەبێ ململانێی ئایدیۆلۆجی، بەبێ گفتوگۆکردنی زانستی، مەحاڵە یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان بێتە دی، گریمان هاتیشە دی ئەوا یەکگرتنێکی ناشێلگیراتەو کاتی و تەمەن کورت دەبێ. لەم بوارەدا هەمیشە "یەکگرتن" ئەو وتەیەی لینینی مەزنی دووپات کردۆتەوە، کە دەڵێ: "پێش ئەوەی یەکگرین، بۆ ئەوەی یەکگرین، دەبێ بەر لە هەموو شتێك سنووری نێوانمان بۆسڵ کردنەوە و بەڕوون و ئاشکرایی دیاری بکەین". ئەوەی شایانی باسە ئێمە نامانەوێ "یەکگرتن" بکەینە مەیدانی کۆبونەوەی بیروڕا نامۆ دژ بەیەکەکان، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بەگیانی ئاقارێکی دیاریکراو ئاراستەی بکەین کە دەکرێ لە ووشەیەکدا پوختەی بکەینەوە، ئەویش "مارکسیزم"ە. چونکە گۆڤاری بێ ئاقار خاوەنی ئاوەڕۆکێکی زانستی نابێ و ڕۆڵی کاریگەر نابینێ و مەترسی گەورە و هەمە جۆر دەهێنێتە ئاراوە.

"یەکگرتن" هەمیشە هەڵگر و جێبەجێ کەری ئەو دروشمە بووە کە دەڵێ: "ڕاستی، هەموو ڕاستیەك بۆ جەماوەر". چونکە جەماوەری کوردستان ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو ڕۆژێکی تر پێویستی بەڕاستی دەرخستن و ئاشکراکردنی گرێ و گۆڵەکان هەیە، پتر پێویستی بەوە هەیە بچێتە ناو قوڵایی و هەناوی مەسەلەو دیاردەو ڕووداوەکانەوە. لەبەر ئەوەی هیچ شتێك نیە ئەوەندەی درۆ و ساختەو شاردنەوەی ڕاستیەکان وشتی ڕواڵەتی، زیان بە جەماوەر بگەیەنێ و مەترسی بۆچارەنووس و بەرژەوەندییەکانی دروست بکات. هەروەها "یەکگرتن" بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دا بووە بۆ گەیاندنی تیۆری شۆڕشگێڕی (مارکسیزم - لینینزم) بە چەوساوەکان.

چونکە بەبێ ئەو تیۆرە، هوشیاریی ڕاستەقینە نایەتەدی و پەی بەڕاستییەکان نابردرێ، تیۆریش بەبێ گوێزانەوەی بۆ ناو جەوساوەکان نابێتە هێزێکی مادی بۆ خۆشکردنی زەمینەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی و گەشەکردنی کۆمەلایەتی .

" یەکگرتن " لەو بڕوایەدایە کە جەوساوە و ڕۆشنبیرەکانی گەلەکەمان پێویستییان بەجۆرە ڕۆژنامەگەرییەك هەیە کە چاوکەرەوە و هوشیارکەرەوە بێ ، جەماوەر بەرەو داهاتوو ئاراستە بکات نەك رابردوو ، لەگەلّ گۆڕانکارییەکانی سەردەم گەشە بکات و بەزمانی هاوچەرخ بدوێ ، بەندی لۆجیك و شێوازەکانی سەدەکانی ناوڕاست نەبێ ، خۆی بە بیروڕا و تێڕوانینی دروشمە بەسەرچوو و کۆنەکانەوە نەبەستێتەوە ، دوو دلّ و ڕاڕا و ترسنۆك نەبێ لە ئاستی دەربڕینی بیروڕای زانستی و دەرخستنی ڕاستییەکان و لێکۆلّینەوە دەربارەی مەسەلە زیندووەکانی ولاتەکەمان دا، وە بە بەهانەی " بەرژەوەندی گەل " ، " بارودۆخی ئالۆز " ، " دلّ نەڕەنجاندن " ، هەموو لایەك لە خۆراژیکردنەوە، شتی لەو جۆرە ، ڕاستییەکان و گیروگرفتە ڕاستەقینەکان نەشارێتەوە و چاوپۆشی لە کارە چەوت و زیان بەخشەکان نەکات .

## هەلّسەنگاندنی کارەکانی ڕابردووی " یەکگرتن "

ئێمە ئەمڕۆ ، کە شان بەشانی خوێنەرو نووسەر و دۆستەکان ، بیرەوەریی دەرچوونی " یەکگرتن " بەرێز دەگرین و دلّشادین بەوەی پێ دەنێتە خوولی دووەمی خۆیەوە ، ئەرکێکی گرنگ و مەزنمان لەسەر شانە ئەنجامی بدەین : لەسەرمانە چاو بەڕەوتی کارکردن و رێبازی گۆڤارەکەدا بخشێنینەوە ، لایەنە باش و خراپ ، ئیجابی و سەلبییەکان بدۆزینەوە و دەستنیشانیان بکەین ، بەرە بە لایەنە باش و ئیجابییەکان بدەین و هەنگاو بەرە و پێشەوە بنێین و نەگەڕێینەوە بۆ دواوە ، لایەنە خراپ و سەلبییەکانیش چارەسەر بکەین و بیانکەینە بنچینەیەکی پتەو بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر . " لەم بوارەدا بێ ترس و دوو دلّی و سلّەمینەوە ئەوە ئاشکرا دەکەین کە لە ماوەی خوولی یەکەمی " یەکگرتن "دا ، ئەگەرچی سەرکەوتنمان بەدەست هێناو توانیمان تریبیونێکی ئازاد و سەربەخۆ و دەروەست بهێنینە ئاراوە و زەمینەی کارلێکردنی فیکری و گفتوگۆی زانستی لە نێوان ڕۆشنبیرە ئاوارەکانی گەلەکەمان دا خۆش بکەین ، ئەگەرچی دەرگامان لە بەردەمی کۆمەلّێك مەسەلەی گرنگ و زیندووی ولاتەکەمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستانی خوارور خستە سەر گازی پشت ،

ئەگەرچی دەرفەتمان بۆ دەیان نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند ڕەخساند بەرهەمەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە... بەڵام شان بە شانی ئەوانە گیروگرفت و هەڵەو کەموکوڕیشمان هەبووە ، جا لە بواری دەربڕین و نووسین دا بووبێ یان لە بواری بەڕێوەبردن و هونەری و لایەنە جوانکاریەکانی گۆڤارەکە . لەم بوار و بیرەوەریەدا بەچاکی دەزانین ڕۆشنایی بخەینە سەر هەندێك گیروگرفت و هەڵەو کەم و کووڕی، وە چاوەڕوانی هەموو کەسێکیش دەکەین هاوکاریمان لەگەڵ دا بکات بۆ چارەسەرکردنیان و پەرەپێدانی " یەکگرتن " :

١/ بەهۆی کۆمەڵێك گیروگرفتی جۆراوجۆر، بۆمان نەلوا قەبارەی گۆڤارەکە دیاری بکەین و هاوسەنگی نێوان بەش و کونجە جیاوازەکان بپارێزین ، نەمان توانی سروشتی وەرزی بوونی بچەسپێنین و هەندێجار لەکاتی دەرچوونی خۆی دواکەوت، بۆمان نەکرا هەموو ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەین کە لەڕێگەی " یەکگرتن " و سمینارەکانەوە بەخوێنەر و دۆستانمان دابوو .

٢/ " یەکگرتن " ئامانجی ئەوە بوو ببێتە ئامرازێك بۆ: بڵاوکردنەوەی تیۆری مارکسیزم ـ لینینزم و ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلانی دنیا بەزمانی کوردی ، چارەسەرکردنی مەسەلە و گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی ستەمدیدەکانی کوردستان و ئاوێنەی تێکۆشانی چەپە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتەکەمان ، بەڵام لەبەر کۆمەڵێك هۆی بابەتی و خۆیی نەیتوانی ئەو ئامانجە مەزنانە بە تەواوەتی بهێنێتە دی : بابەتە تیۆرییە گشتییەکان زاڵ و باڵادەست بوون و مەسەلەکانی تر هەقی خۆیان نەدرایە .

٣/ "یەکگرتن" هەمیشە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی ببێتە تریبیونێکی ئازاد بۆ هەموو مرۆڤە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی گەلەکەمان و لاپەڕە و کونجە جۆراوجۆرەکانی کراوە بووە بۆ هەموو بیروڕایەکی زانستی و واقیعی ، وە بەردەوام دەرفەتی بۆ ئەو بیروڕایانەش ڕەخساندووە کە لەگەڵیاندا جیاواز بووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی دابەشکردنەکەی لە هەندێ شوێن ڕێك و پێك نەبوو و نەگەیشتە لای هەموو نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندەکانی کوردستان لە دوورە وڵاتیدا و بەهۆی ئاڵۆزی زەمینەی نیشتمان و ڕەنگدانەوەی لەناو ئەواندا ، نەیتوانی ژمارەیەکی زۆر نووسەری چەپ و پێشکەوتنخواز لە چواردەوری خۆی کۆ بکاتەوە ، کە مەرجی بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردنی هەموو کارێکی ڕۆشنبیری لەو جۆرەیە .

٤/ نیازمان لەدەرکردنی " یەکگرتن " تەنیا ئەوە نەبوو

هەواڵنامەی کتێب

بگاتە دەست خوێنەرانی کورد لە دوورە وڵاتی دا ، بەڵکو یەکێک لە ئاواتەکانمان ئەوە بوو بگاتە ئەو ناو کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان و ئەو شوێنانەی ڕۆژهەڵاتی ناوراست کە ئاوارەکانی گەلەکەمانی لێ نیشتەجێ بوون . جێبەجێکردنی ئەو ئاواتە کارێکی سووک و ئاسان نەبوو و گیروگرفت و کۆسپی زۆر لەسەر ڕێگەی هەبوو ، بۆیە ئەگەر چی توانیمان " یەکگرتن " بگەیەنینە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوێش هەندێ ڕۆشنبیری دڵسۆز ئەرکی کۆپی کردن و بڵاوکردنەوەیان گرتە ئەستۆی خۆیان ، ئەگەر چی چەند ژمارەیەک دیواری ئەستووری پڕ مەترسی سنوورەکانیان بڕی و گەیشتنەوە کوردستانی خواروو ڕۆژهەڵات ، بەڵام هێشتا ئەو ئاواتەمان کارو تێکۆشانی زیاتری گەرەکە و وەک پێویست نییە ؛ یارمەتی و بەدەنگەوە هاتنی مرۆڤانی دڵسۆز و ڕۆشنبیری پێویستە .

٥/ لەبەر دەستکورتی و کەم دەرامەتی و پشت بەستنمان بە یارمەتی ئەندامانی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن و کۆمەکی هەندێ دۆستی دڵسۆز ، نەمانتوانی ئامێری پێشکەوتوو بەکاربهێنین بۆ چاپکردن و ڕاکێشانی " یەکگرتن " ەوە بۆمان نەلوا لە شێوەی گۆڤارە بەدەرامەت و دەست ڕۆیشتووەکان بیخەینە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست . لەبەر هەمان هۆش پەنامان بردە بەر بچووک کردنەوە و کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر وشە لە دوو توێی لاپەڕەکاندا ، کە بێگومان کاری نێگەتیڤی کردۆتە سەر خوێنەران و لە کاتی خوێندنەوەدا ماندوویان دەکات .

٦/ " یەکگرتن " هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ، هەمیشە هەوڵی داوە پەیوەندی و هاوکاری دۆستانە لەگەڵ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە جۆراوجۆرانەی دوورە وڵاتی دا دروست بکات ، کە بۆ خزمەت کردنی کەلتوری کوردی و ڕێبازی پێشکەوتنخوازی هاتونەتە ئاراوە ؛ زۆر عەودالی ئەوە بووە سوود لە شارەزایی و توانای نووسەرەکانیان وەربگرێ .. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و داخە لەبەر ڕێباز و دەروەستیی " یەکگرتن " و کاریگەری باروودۆخی کوردستان ، هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکان هێشتا وەک پێویست بەرەو پیرمان نەهاتوون و دەستی هاوکاری و دۆستانەیان بۆ درێژ نەکردوین و نەمانتوانیوە سوود لە شارەزایی و بەهرەی نووسەرەکانیان وەربگرین .

٧/ بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن ئاواتی ئەوەبوو جگە لە گۆڤاری " یەکگرتن " چەندین نامیلکە و پاشکۆی هەمەڕەنگی سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، هونەری ، ئەدەبی ... هتد ، باڵوبکاتەوە و چاکتر



هەواڵنامەی کتێب

خزمەتی ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازی کوردی بکات، باشتر تەکان بە بزوتنەوەی فیکری و کارلێکردن و ململانێی ئایدیۆلۆجی بدات، بەلام لەبەر کەمی کادیری ڕۆشنبیری و هونەری بەتوانا و شارەزا، وە کەم دەرامەتی و دەستکورتی و هەندێ هۆی تر، نەمانتوانی لەنامیلکەیەک زیاتر: "حیزبی سۆسیالیزمی زانستی لەقۆناغی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی دا"، بهێنینە بەرهەم و بۆمان ڕێنەکەوت ئەو ئاواتە گرنگ و پێویستە بهێنینە دی.

٨/ لەبەر ئەوەی "یەکگرتن" لە کاتێکدا دەرچوو، کە بارودۆخی کوردستان زۆر ئالۆز و دژوار بوو و ڕووداوەکان بەخێرایی دەگۆڕان، بۆیە نەمانتوانی وەک پێویست هەموو لایەنێکی ئەو بارودۆخ و ڕووداوانە هەڵسەنگێنین و لە هەندێ جۆرو چەند سەروتارێک دا هەڵە و کەم وکوڕیمان هەبووە لەلایەک و بەهەڵە لەیەکتری گەیشتن هەبووە لەلایەکی ترەوە.

لەوانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە گیروگرفت و هەڵەو کەم و کوڕیمان هەبووە. هۆی ئەوانەش هەندێکی (خۆیی) بوون و پەیوەندیان بە کەم شارەزایی و کەمی کادیری ڕۆشنبیری و هونەری بەتوانا و دەستکورتی وکەم دەراماتیەوە هەبوو، هەندێکیشیان (بابەتی) بوون و دوور لە ویست و ئیرادەی ئێمە بوون و پەیوەندیان بە بارودۆخ و هەلومەرجی دوورە ولاتی، تێرانینی ئاوارەکان بۆ کاری ڕۆشنبیری دەروەستی بۆچوونی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند بۆ کارلێکردن و نووسین لە گۆڤارێکی خاوەن ئاقار و گەلێک هۆی ترەوە هەبوو. بێگومان بۆ پەرەپێدانی "یەکگرتن" و بە ئەنجام گەیاندنی ئاواتەکانی، پێویستی بەوە هەیە ئەو گیروگرفتانە لەناوببرێن و هەڵەو کەم و کوڕییەکان چارەسەر بکرێن، جێبەجێ کردنی ئەوەش جگە لە هەوڵ و کۆششی خۆمان، یارمەتی و کۆمەکی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندە پێشکەوتنخوازەکان و خوێنەر و دۆستە دڵسوزەکانی گەرەکە.

## هەندێ بیروڕای جۆراوجۆر دەربارەی "یەکگرتن"

هەموومان دەزانین کاتێ کۆرپەکی ساوا لەدایک دەبێ و دەست دەکات بەگەورە بوون و گڕوگاڵ و پێگرتن، دەبێتە جێگەی سەرنج و تێڕامان و لێکدانەوەی جۆراوجۆری کەس و کار و دراوسێکان. لەدایکبوونی "یەکگرتن" یش بەهەمان شێوە جێگەی سەرنج و باس و خواسی هەمە جۆری خوێنەر و ڕۆشنبیرەکانی گەلەکەمان و هێزە

سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بوو لە دوورە وڵات ، هەر یەکێك لەوانە بەجۆرێکی تایبەتی بیروڕای خۆی لەسەر دەربڕی .

کاتێك " یەکگرتن " کەوتە بەردەستی ڕۆشنبیرە ئاوارەکانی گەلەکەمان لە دوورە وڵاتیدا ، بەشێوەی جۆراوجۆر پێشوازی لێ کرا و بیروڕای جیاوازی لەسەر دەربڕدرا و هەڵوێستی جیا جیای بەرامبەر وەرگیردرا ، بێگومان ئەو پێشوازی و بیروڕا و هەڵوێستانەش گرێ دراوبوون لەگەڵ تێڕوانین و ڕێباز و کاتی دەرچوونی گۆڤارکە و تێڕوانینی فیکری و سیاسی ڕۆشنبیرەکانی خۆیان . هەندێ لەوانە بەگەرمی پێشوازیان لە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی " یەکگرتن " کرد ، پیرۆزبایی ئەو هەنگاوەیان لێ کردین ، بەبەرژەوە بەردە پیری هاتن جۆرەها نامەی پێشنیار و ڕەخنەو ئامۆژگاری و هاوکاریکردنیان بۆ ناردین ، ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی بەیامنێری و بڵاوکردنەوە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپادا . ژمارەیەکیش لەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژیانی ئاوارەییان دەبردە سەر ، جگە لەوانەی سەرەوە ، ئەرکی کۆپیکردنەوەو بڵاوکردنەوەی " یەکگرتن "یان گرتە ئەستۆی خۆیان و بەدەست پێشکەری خۆشیان هەندێ ژمارەیان گەیاندەوە ناو کوردستان . هەندێکی تر بەچاوی گومانەوە دەیانڕوانیە "یەکگرتن " ، نە بە چاك و نە بە خراپ بیروڕایان لەسەر دەرنەبڕی و هەڵوێستی تەماشاکەریان هەڵبژارد . هەندێکی تریش بەرامبەر " یەکگرتن " هەوە نەهاتن و بیروڕای خراپیان لەسەر دەربڕی ، هەڵوێستی باوەڕپێنەبوون و دژایەتییان وەرگرت ، ئەویش دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆیەك ، لەوانە :١/ هاوکاتی بڵاوبوونەوەی " یەکگرتن " و نزیکبوونەوەی هێزەکانی کوردستان و بەستنی کۆنگرەی " هاوکاریکردن لەگەڵ گەلی عێراق دا " ، کە لە تاران لەژێر سایەی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە سازکرا بوو وە ناونانی گۆڤارەکە بە ( واجهة)ی ئەو نزیکبوونەوەیە . ٢/ ناتانی گۆڤارەکە بە درێژە پێدەری ئاتاری نەتەوەپەرستی و وردە بۆرجوازیانەی کوردستان کە مایە پوچ بووە و لەناو جەماوەردا برەوی نەماوە . ٣/ ڕەوتی کارکردن و جۆری دەربڕینی " یەکگرتن " و باوەڕنەبوونی بەشێوازی مهاترات و شەڕە جوێن و شیروتیر لەیەکتری سووین .

ئەوەی پێویستە لەم بوارەدا دەری بڕین ئەوەیە کە " یەکگرتن " بۆ ئەوە هاتۆتە ئاراوە بۆشاییەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیری پڕ بکاتەوە ، بۆ ئەوە دامەزراوە هوشیاری ڕاستەقینە بڵاوبکاتەوە ، لە ئێش و ئازار و دەست و دەستی جەماوەری گەلەکەمان بدوێ ، وە هیچ پەیوەندیەکی بە نزیکبوونەوەی نێوان هێزەکانی

کوردستانەوە نییە ، هەم بیروڕای تایبەتی لەسەر ئەو هێزانە هەیە و هەم بۆچوونی دیاریکراوی دەربارەی نزیکبوونەوەکە و بەرەی یەکگرتوو دەربڕیووە . هەروەها ئەوە دووپات دەکەینەوە کە "یەکگرتن" درێژەپێدەر و تەواوکەری ئاقاری سیاسی ناو هیچ ڕێکخراوێک نییە وباوەڕی بەدەمارگیری نەتەوایەتی نییە و بەدەمان شێوەش دژی گیانی کۆسمۆپولیتیەت و وەلاوەنانی مەسەلەی نەتەوایەتییە . لە شێوازی کارکردن و جۆری دەربڕین دا باوەڕی بەگفتوگۆ و مشت و مڕی زانستیانە هەیە نەک شەرە جوێن و مهاترات ، وە شان بەشانی ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی دیاردەکانیش تێڕوانینی خۆی دەردەبڕێ .

## هەڵوێستی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەرامبەر " یەکگرتن "

هەڵوێستی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەرامبەر گۆڤاری " یەکگرتن " جۆرا و جۆر بوو . هەندێکیان ، بەتایبەتی چەپ و پێشکەوتنخوازەکان ، هەڵوێستی باش و ئیجابیان هەبوو ، پێشوازیان لە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری و دۆستایەتی دەربڕی . هەندێکی تریان هەڵوێستی مام ناوەندی و تەماشاکەریان هەبوو و جار جاریش هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی " یەکگرتن " ەوە تیرەکانی خۆیان ئاڕاستەی نەیارەکانی خۆیان بکەن و ئاڵۆزی و پشێویان بۆ دروست بکەن . هەندێکی تریشیان ، بەتایبەتی ئەوانەی گیرۆدەی دەستی نەخۆشی سێکتاریزم و خۆبەزل زانین بوون و لەڕوانگەی تێڕوانینی تەسکی خۆیانەوە دەڕواننە کۆمەڵ و ئاقاری گەشەکردنی ڕووداوەکان و خۆیان لەبری جەماوەرو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکەی دادەنێن ، وە ڕێزی مافە دیموکراتیە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کورد ناگرن و سەربەستی بیروڕا و پێنوس و ئازادی بیرکردنەوە بەرقەرار ناکەن وبە بەهانەی " پاراستنی شۆڕش " و " یەکێتی ڕیزەکانی گەل " و " ئاڵۆزی بارودۆخی کوردستان " وەڕزەیان دەنێن و بەلادا هەڵیان دەسپێرن ... کاتێ گۆڤاری " یەکگرتن " کەوتە بەردەستیان ، یەکسەر کەوتنە دژایەتیکردن و سووکایەتی پێکردنی گۆڤارەکە و پڕوپاگەندەی نزم لە دژی بەرپێوەبەرانی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن . ئەوەش شتێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو نەبوو ، چونکە ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بە حوکمی پێکهاتن و جیهانبینی خۆیان ، هەمیشە لەڕاستی ترساون و چوون بەگژی بیری نوێخواز و پێشکەوتنخوازدا ، وە بەردەوام

تاوانی ناڕاست و دروست و بوختانی نابەجێیان داوەتە پاڵ ئەو بیرە ، بۆ ئەوەی بەویەری دڵ ڕەقییەوە دای بمرکێننەوە و خەفەی بکەن و ڕێ لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بگرن .

لێرەدا و لەم بوارەدا بەچاکی دەزانین هەندێ لە تێڕوانین و بیروڕاکانی ئەو هێزە نەیارانەی " یەکگرتن " بۆ نموونە بهێنینەوە و ڕۆشنایی بخەینە سەریان و هەڵیان بسەنگێنین ، ئەوەش بەمەبەستی پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕاستییەکان و دەرخستنی واقیع وەك خۆیە نەك وەك ئەوان دەدرێ لەلایەکەوە دەرخستنی چاکتری ڕێباز و کارکردنی " یەکگرتن " لە لایەکی ترەوە . ئەو تێڕوانین و بیروڕایانەش ئەمانەی خوارەوەن :

* ئەگەر " یەکگرتن " بایەخ بە مەسەلە تیۆریە گشتییەکان بدات و خۆی نەدات لە مەسەلە " ئاڵۆز "و" بڕ مەترسییەکان " ی کوردستان ، باشتر خزمەت دەکات و جێی ڕێزی هەموو لایەك دەبێ .

* " یەکگرتن " دژی "شۆڕش" و هێزەکانی کوردستانە ، ڕێزی خەباتی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان ناگرێ ، ڕەچاوی هەلومەرجی بڕ مەترسی و نالەباری گەلەکەمان ناکات .

* "یەکگرتن" کۆمەڵێك کەس دەری دەکەن ، کە لە گۆڕەپانی خەبات هەڵهاتوون و نەفەسی شۆڕشگێڕیان تێدا نەماوە و دەیانەوێ لە ئەورووپاوە هێڵی سیاسی ڕاست و دروست بۆ حیزبەکان دابڕێژن .

* "یەکگرتن" کاری ساردکردنەوە و ڕوخاندنی جەماوەرە ، بە بیانووی جۆراوجۆری ڕازاوە ، مەبەستی خەماندن و کوشتنی گیانی شۆڕشگێڕییەوە لەخزمەتی چەسپاندنی پشێوی و سەرلێ شێواندنی هەندێ لاوی ساویلکە و سەرگەرم دایە .

* " یەکگرتن" سەربەخۆنییە و دەست لەپشتی یەوە هەیە... گۆڤاری ڕێکخراوێکی سیاسییە نەك بنکەیەکی ڕۆشنبیری دیموکراتی .

## تیۆر چرای ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای خەباتە

تیۆری زانستی : مارکسیزم ـ لینینزم ، چرای ڕۆشن کەرەوەی ڕێگەی خەبات و ڕێبەری کارە.. ئەو پێوانە زانستی و بابەتیانەیە کە یارمەتیمان دەدات ڕووداو دیاردەکانی سروشت و گەردون لێك بدەینەوە ، کۆمەڵ و چین و توێژە کۆمەلایەتیەکانی و جێگەی هەر یەکێکیان لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی دا شی بکەینەوە . هەروەها

یارمەتیمان دەدات ئاڵۆزی و گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکان دیاری بکەین و چارەیان بۆ بدۆزینەوە . هەبوونی تیۆری زانستی مەرجی سەرەکی و گرنگە بۆ بەردەوام بوون و سەرکەوتنی هەموو کارێکی شۆڕشگێڕانە . چونکە بزوتنەوەی خاوەن تیۆر، پێوانەی زانستی بەدەستەوەیە بۆ خاوکردنەوەی گرێ و ئاڵۆزیەکانی کۆمەڵ ، دیاریکردنی قۆناغی خەبات و دۆزینەوەی یاساکانی گەشەکردن و گۆڕانی ، ناسینی دۆست و دوژمنەکان ، دیاریکردنی سروشتی بزوتنەوەکە و هێزە بنچینەیی و سەرەکی و لاوەکیەکان ، دارشتنی ستراتیج و تاکتیکی گونجاو ... هتد . لەم بوارەشدا تەنیا شارەزایی یاسا و پرنسیپە گشتیەکانی تیۆری زانستی و پسپۆری لە فەلسەفە و قسەو باسی گشتی دا بەس نیە بۆ ئەنجامدان و سەرکەوتنی بزوتنەوەیەك ، بەڵکو شان بە شانی ئەوانە تێگەیشتن لە هەلومەرجی وڵاتەکەی خۆمان و دۆزینەوەی یاسا تایبەتیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کوردستان و کارپێ کردنیان شتێکی گرنگ و پێویستە .

لەبەر رۆشنایی ئەو چەند راستیەی سەرەوە و دەروەستیی " یەکگرتن " بە تیۆری زانستی (مارکسیزم ـ لینینزم)ەوە ، وە بەپێی سروشتی ئەو کارانەی گۆڤارەکە دایناوە ئەنجامیان بدات (هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستی کۆمەڵایەتی سیاسی ، بەشداریکردن لە خۆشکردنی زەمینەی فیکری و ئایدیۆلۆجی بۆ یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوو لە کوردستانی خوارروو) بەراستی نازانین خۆمان تەنیا بە مەسەلە تیۆرییە گشتییەکانەوە سەرقاڵ بکەین . چونکە ئەگەر " یەکگرتن " مێژوو و واقیعی وڵاتەکەمان لەبیر بکات ، چاو لە ئاستی راستیەکاندا بقوچێنێ ، سەردەمی ئێستا ، رووداو دیاردە و هێزەکان، بە پێوانەی زانستی هەڵنەسەنگێنێ و تەنیا باس لە مەسەلە تیۆرییە گشتیەکان بکات ـ کە دەکرێ لە سەرچاوە و گۆڤارێ تردا دەست بکەون ـ ئەوا نە هۆی بوونی لە ئارادا دەمێنێ ، نە دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی ، نەجێی رێز و رەزامەندی رۆشنبیرەکانی گەلەکەمان دەبێ : دەبێتە مەیدانی مشتومڕی گشتی و قسەی مفت و بیروڕای تیۆریی رووت .

لێرەدا پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئەو مەسەلە " ئاڵۆز " و " پڕ مەترسیانە" ی هەندێ هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لێی دەدوێن ، ئەو مەسەلە زیندوو و گرنگانەن کە بێ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندیان، هیچ کارێکی چاك ئەنجام نادرێ .

ئەوەش دەرنەخەین کە "یەکگرتن" دەزانێ چۆن خزمەتی خۆی پێشکەش دەکات و پێویستی بە ئامۆژگاری "باوکانە"ی لەو جۆرە نییە، حەزیش ناکات جێی ڕەزامەندی هەموو لایەک بێ و دڵی هەموو لایەک لە خۆی ڕازی بکات، بەڵکو دەیەوێ جێی ڕەزامەندی چەوساوەکان و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان بێ و دڵی ئەوان لەخۆی ڕازی بکات.

## "یەکگرتن" و چەند ڕاستیەک دەربارەی هەڵوێستی، هێزەکانی کوردستان

"یەکگرتن" لە ژمارە یەکدا ئەوەی دەربڕیووە کە "سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان نییە و بۆ دژایەتیکردنی هیچ یەکێکیشیان دانەمەزراوە.. پشتگیری هەڵوێستە ڕاست و دروستەکانی ئەو لایەنانە دەکات و ڕەخنە لەو کردار و بۆچوونانەیان دەگرێ، کە دژی بەرژەوەندیەکانی چەوساوەکانی گەلەکەمانە". دوابەدوای ئەوە لە ژمارەکانی تردا هەمان مەبەستی دوپات کردۆتەوە و کاری پێکردووە. کەچی هەندێ لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان، تاوانی دژایەتیکردنی بزوتنەوەکە و هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و ڕێزنەگرتنی خەباتی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان دەدەنە پاڵمان و لەوە دەدەوێن گوایە "یەکگرتن" ڕەچاوی هەلومەرجی "پڕ مەترسی" و "نالەباری" گەلەکەمان ناکات، هەموو ئەوانەش لەبەر ئەوەیە "یەکگرتن" بیروڕا و تێڕوانینی تایبەتی خۆی دەربڕیووە و هەندێ تێبینی و ڕەخنەی زانستیانەی باسکردووە لە مەسەلە زیندووەکانی کوردستان دواوە. بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم چەند ڕاستیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

■ لە کۆمەڵگای چینایەتی دا، هیچ شتێک نییە مۆرکی چینێکی دیاریکراوی پێوە نەبێ و لە خزمەتی چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا نەبێ. هەروەها لەو کۆمەڵگایەدا ناکۆکی چینایەتی شتێکی سروشتی و بابەتییە و ڕەنگدانەوەی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا بەدی دەکرێت، یەکێک لەوانە بواری ڕۆشنبیرییە. بۆیە شتێکی سروشتییە تێڕوانین و بیروڕای جۆراوجۆر و ڕۆشنبیری جیا جیا لە ئارادا بن و ململانێیان لەنێوان دا هەبێ. لەبەر ئەوە شتێکی ڕاست نییە و دژی ڕەوتی مێژووە: جیاوازی و ململانێی فیکری و ڕۆشنبیری خەفە بکرێ و وەلاوە بنرێ، وە مەسەلەیەکی لۆجیکی نییە دەبینە بوونی مرۆڤانی خاوەن بیروڕای جیاواز لەگەڵ خۆمان دا بە دەستکرد و پیلانی دوژمنان دابنرێ و تاوانی

دوژمنایەتیکردن و ڕەچاونەکردنی ڕاقیێ بخرێتە باڵیان و ناوناتۆرەی ناشرینیان لێ بنرێت. ڕەوا نییە هەر خۆمان بەرچاوەی ڕاستی دابنێین و هەڵکێشر بە گێل و نەفام و ساویلکە و سەرچڵ و خوێن گەرم ... هتد ، چونکە ڕاستی شتێکی ڕێژەییە و بەپێی کات و شوێن و ناوەرۆکی چینایەتی گۆڕانی بەسەردادێ .

■ لەو کۆمەڵگایانەی هێشتا مەسەلەی نەتەوایەتی تیایاندا چارەسەر نەکراوە و ستەمی نەتەوایەتی لە ئارادایە و بۆرجوازیەت ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دەکات ئەمیشەبۆرجوازیەت هەوڵی داوە بە بیانوی خەباتکردن لەپێناو مافە نەتەوەییەکانیدا ، گشت مافە سەرەتاییەکانی چەوساوەکان و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان زەوت بکات ، بەردەوام ئامۆژگاری جەماوەری کردووەکەجارێ دەست لەو ماف و ویستە " نەگونجاوانە " هەڵگرن . چونکە ئەگەر ئەو ئامۆژگاریە " باوکانەیە " نەگرنە گوێ ئەوا " ناچار " پەنا دەبەنە بەر لۆجیکی ترساندن و زەبر . بۆیە دەبینین بۆرجوازیەکان دەڵێن : جوتیاران مافی ئەوەیان نییە زەویەکان دابەش بکەن و چارەسەری کێشەی زەوی بکەن ، چونکە بۆ " یەکێتی ڕیزەکانی گەل " زیان بەخشە . نابێ ڕۆشنبیران بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن ، چونکە جارێ زووە و " یەکێتی ڕیزەکانی شۆڕش " دەکەوێتە مەترسیەوە ، کەس نابێ ڕەخنە لە " شۆڕش " بگرێ ، چونکە تێکۆشەران سارد دەکاتەوە و دوژمنان سوودی لێ وەردەگرن .

لەکوردستاندا هەمان پرنسیپ لەلایەن هێزە بۆرجوازیەکانەوە پێڕەوی دەکرێ . ئەو هێزانە دەربڕینی بیروڕا بە " ئاژاوەچێتی " لەقەڵەم دەدەن ، ڕەخنە گرتن " بەدژایەتیکردنی " بزوتنەوەکە دەژمێرن ، هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و دەرخستنی ڕاستیەکان بە " ڕەچاونەکردنی " هەلومەرجی ئاڵۆزی کوردستان دادەنێن ، پێشنیارکردن بە " ڕێزنەگرتنی " پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان دەدەبلێنن .

وەك ئاشکرایە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سروشتێکی جەماوەری و دیموکراتی هەیە و ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆزە بەشداری تێدا بکات و مافی هەموو یەکێکیشە ، کە لە بەرەی چەوساوەکان بێ ، بیروڕا و تێڕوانینەکانی خۆی بە دیموکراتیانە دەربڕێ و بەشداری لە ئاراستەکردنی ڕێڕەوی بزوتنەوەکەدا بکات . لەم بوارەشدا ڕاست نییە بیروڕا دەربڕین و ڕەخنە گرتن و دەرخستنی ڕاستیەکان و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان بە " دژایەتیکردنی " بزوتنەوەکە و " ئاژاوەچێتی " و " ڕەچاونەکردنی " هەلومەرجی ئاڵۆز و

نالەباری کوردستان و "ڕێز نەگرتنی" پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان دابنرێ. ناشێ ئەو هێزانە خۆیان لە "سەرو هەڵەکردن" و "سەرو ڕەخنە لێ گیران" ەوە دابنێن و ڕازی نەبن دان بە واقیع و ڕاستییەکاندا بنێن.

■ ڕاستە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان زۆر ئاڵۆزە، کەسیش نیە نکۆڵی لەوە بکات گەلەکەمان لە هەلومەرجێکی پڕ مەترسی دا ژیان دەباتە سەر و بە قۆناغێکی سامناکدا تێ دەپەڕێ، بەڵام ئەو بارودۆخە و هەلومەرجە بە بێ دەنگی و قسەنەکردن، بەشاردنەوەی ڕاستییەکان و داپۆشینی چەوتی و هەڵە و کەموکوڕییەکان چارەسەر نابێ. بەڵکو بە شیکردنەوەی واقیع و دەرخستنی ڕاستییەکان و دیاریکردنی گرێ و گۆڵەکان و منەت وەرگرتن لەسەر هۆکانی سەرنەگرتنیان و قوڵ هەڵکردن بۆ خەباتی ڕاستەقینە چارەسەر دەکرێ. نەخۆش بە قسەی خۆش و دڵ دانەوە و بەدەمەوە پێکەنین چاک نابێتەوە، بەڵکو بەدۆزینەوەی هۆی نەخۆشییەکە و دیاریکردنی دەرمانی گونجاو و ڕاست و دروست دێتەوە سەرخۆی. جگە لەوە ئەو هەلومەرج و بارودۆخە ئاڵۆز و پڕ مەترسییە، بەری سروشتی هێڵی سیاسی و سەربازی چەوت و پڕ هەڵە و کەموکوڕی ئەو هێزانە خۆیانە، بەرهەمی تێڕوانینی ئایدیالیستانەو ناسیۆنالیستانە و پراکتیکی تەجروبەگەرانەی خۆیانە، ئەنجامی بەچاکی نەناسینی دۆست و دوژمن و کاریگەرکردنی چەوتی سیاسەتی هاوپەیمانێتی خۆیانە، بەرهەمی نەبوونی تیۆری شۆڕشگێڕی، پشت بە خۆنەبەستن، لاوازی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر، نەبوونی کاری ڕێکخراوەیی ڕاست و دروستە. ئێمە لەو بڕوایەداین ئەگەر هێزی ڕاستەقینەی ڕابەریکەری چەوساوەکان نەیەتە ناراوە و بزووتنەوەکە لەدەست بۆرجوازیەتی کوردستان قوتار نەکات، ئەوا گیروگرفتەکانی بزووتنەوەکە چارەسەر نابێ. بێگومان هەر بزووتنەوەیەک بە ڕێڕەوی سروشتی خۆیدا هەنگاو نەنێ و بەرابەرایەتی چینی گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا بەرەو پێشەوە نەڕوات، دووچاری شکست و وەرەسهێنان دەبێ. چونکە "مراوحة" کردن لەجێی خۆدا شتێکی ڕێژەیی و کاتییە، نەک مرتلەق و هەمیشەیی.

■ "یەکگرتن" هەمیشە ڕێزی خەباتی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی گرتووە و جیاوازی کردوە لە نێوان سەرانی ئەو هێزە ناو براوانە و پێشمەرگەکانداە. ئەگەر چاو بە ژمارەکانی "یەکگرتن" بخشێنرێتەوە ڕاستی ئەوە دەردەکەوێ. هەروەها "یەکگرتن" بەردەوام سەری ڕێز و نەوازشی بۆ شەهیدان دانەواندوە و ڕێزی لێ ناون. بێگومان هەموو ئەو هەوڵو تێکۆشانەی ئەویش بۆ

دوبیارکردنەوە ، یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان ، بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی کوردستان ، بۆ ئەوەیە هیلاکی و ماندووبوونی پێشمەرگەگیان لەسەر دەستەکانی گەلەکەمان بۆ کاری بەرهەمدارو کاریگەر بخرێتە گەڕ و خوێنی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری بەفیڕۆ نەچێ .

## هەلاتن لە خەبات یان کۆچ پێ کردن ؟!

گۆڤاری " یەکگرتن " لە لایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیری کوردستانی خوارووەوە بلاودەکرێتەوە ، کە لەبەر نەبوونی زەمینەی دیموکراتیەت و نەهێشتنی ئازادی و سەربەستی بیرورا و پێنووس، بە زەبری ترساندن و سەرکوتکردن و تاوانبارکردن ، بەزۆرەملێ کۆچیان پێکراوە،وە لەبەر نەبوونی تریبونێکی ئازاد و سەربەخۆ و دەروەست بۆ دەربڕینی بیرورا و تێڕوانین و هەست و خواستەکانی خۆیان،لە ڕوانگەی تیۆری زانستیەوە : مارکسیزم ـ لینینزم ، پەنایان بردۆتە بەر دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن و بلاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە .

بەڕێوەبەرانی بنکەی ڕۆشنبیری و گۆڤاری یەکگرتن ، ئەگەر بە ویست و خواستی خۆیان بوایە ، ئەگەر بواری دیموکراتیانەی بیرورا دەربڕین و نووسین یان لە کوردستان دا بۆ بڕەخسایە ، بێگومان پێیان باشتر و سوود بەخشتربوو چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی خۆیان لەناو چەوساوەکانی گەلەکەماندا ئەنجام بدایە . بەلام دوای ئەو کۆچ پێکردنە زۆرەملێیە و هاتنیشیان بۆ دوورەولاتی ، لەناو گێرو گرفتی خۆیی و ویستە سادەکان و ژیانی ڕۆژانەی ئاساییدا نقوم نەبوون و دەستەوئەژنۆ لێی دانەنیشتن ، بەلکو هەمیشە لە کارکردن دا بوون بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ، ئەویش گەڕانەوەیە،وە هیچ ساتێکی خۆیان بە فیڕۆ نەداوە و بۆ کاری بەرهەمدار ختویانەتەگەڕ، لە ئاوارەیش لە ولات دانەبڕاون و دیواری ئەستوور نەکەوتۆتە نێوان ئەوان و ڕووداوەکانی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانەوەو چەندین ڕێگەو کەنالی پەیوەندی لە ئاردابووە ، گرنگترینیان " یەکگرتن " خۆی بووە .

ڕاستە هەموو ئەوانەی ئاوارەبوون ، بە زۆرەملێ کۆچیان پێ نەکراوە و گشتیان مرۆڤی تێکۆشەر و خۆبەخت کردوو نەبوون و ژمارەیەکی زۆریان لە نەریتەکانی سەربەخۆیی و ڕزگاریخوازی هەلهاتوون و پەنایان بردۆتە بەر دوورە ولاتی،وە لێرەش لەناو کاری لاوەکی و خۆپەرستیدا نقوم بوون... بەلام ئەوە مافی ئەوە بە هیچ کەس نادات تەڕو ووشك پێکەوە بسوتێنێ و بە یەك چاو سەیری

کوردە ئاوارەکان بکات و بەدیەك پێوانە بیان کێشێ .. مافی ئەوەش بەو هێزە سیاسیە ئاوبراوانە، هەر یەکێك لە گەڵیان تەگونجا و گوژی بۆ ئەوان رانەگرت و کەوتە ئاوارەیی : کۆچی پێکرا ، ئیتر بە ڕوحا و هەلاتووی لە قەڵەم بدەن ، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆژی ئەو ئاواردبیە کارە نادیموکراتی و چەوتەکانی خۆیان بێ .

لەم بوارەدا بە چاکی دەزانین چەند پرسیارێك ئاراستەی ئەو هێزانە بکەین ، کە تاوانی هەلاتن لە کۆڕی خەبات دەخەنە پالمان : ئایا چەندین سەرکردە و کادیری پێشکەوتووی خۆیان لە سەردەمی جیاواز و بۆ ماوەی جۆراوجۆر لە وڵاتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەوروپا ئاوارە نەبوون و بە زۆرەملێ کۆچیان پێنەکرابوو؟ ئایا ئەمڕۆ و لەو کاتە " ناسك " و " ئالۆزە " دا کە لە ئارادایە دەیان کادیری پێشکەوتووی خۆیان لە دوورە وڵات ژیان نابەنە سەر؟ ئایا سەدان ئەندامی خۆیان ،کە زۆر پێویستن بۆ بزووتنەوەکە، لە ئاوارەیی نازین ؟ بۆ ئەوانە هەموو تێکۆشەر و شۆڕشگێر و قارەمان بن و ئێمەش ڕوحاو و هەلاتوو ؟ ئەمە کورد وتەنی : بانێکە و دوو هەوا نییە؟ یان دیارە ئەندام بوون لە یەکێك لەو هێزانەدا و هەڵبژاردنی کەر و لاڵ و کوێرێ مەسەلەکان ئاوەژوو دەکەنەوە ؟! ئینجا دەڵێین : ئەو کەسانە نەفەسی شۆڕشگێڕیان نەماوە کە ئەو دەخەنە سەر ڕۆژ بۆ خزمەتکردنی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی و زەمینە خۆشکردن بۆ گەڕانەوە ، یان ئەوانەی لە کۆڕی خەبات هەلاتوون و تەنیا ڕۆژێکیش ڕۆژگاری پڕمەترسی خەباتی شاروشاخ نەژیاون و بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆیان و پڕکردنەوەی کەلێنە دەروونیەکانیان پەیوەندیان لەگەڵ یەکێك لەو هێزانەدا بەستووە ؟! ئەوانە نەفەسی شۆڕشگێڕیان نەماوە کە جگە لە خەبات و کارکردنی جیدی هیچ هیوا و ئاواتێکیان نیە ، یان ئەوانەی ئەندامی ڕوکەشی ئەو لایەنانەن و خەریکی ژیانی ئاسودەیی و شتی خۆپەرستین ؟! ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو هێزانە خۆیان دروستکەری بەشێك لە ئاوارەیی و کۆچ پێکردنی زۆرە ملێن ، کەچی هەرخۆشیان تاوانی هەلاتن لە خەبات و نەمانی نەفەسی شۆڕشگێڕی بەسەر خەلکیدا دەسەپێنن !

.

لێرەدا ئەوە دوبات دەکەینەوە کە ئەگەر بێتو زەمینەی کارکردنی دیموکراتیانە ، دەربڕینی بیروڕا ، ئازادی پێنوس لە کوردستاندا خۆش بکرێ ، ڕێزی جیاوازی سیاسی و ڕێکخراوەیی بگیردرێ و لە خزمەتی بزوتنەوەکەدا بخرێتەگەڕ ، ئەوا بێگومان نەك هەر ئەندامانی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن و ئەم گۆڤارە ، بەلکو

هەواڵنامەی کتێب

سەدان ڕۆشنبیری گەلەکەمان دەگەڕێنەوە وڵات و هێزو توانای خۆیان دەخەنە خزمەتی خەباتی شۆڕشگێڕی چەوساوەکانەوە .

دەربارەی ئەوەی گوایە "یەکگرتن" دەیەوێ لە ئەورووپاوە دیٖلی سیاسی بۆ هێزەکان دیاری بکات ، ڕاست نیە . چونکە دیاریکردنی ئەو دیٖلە سیاسە ئەرکی سەرشانی ئەو هێزانە خۆیانە و لە ڕوانگەی جیناپەتی خۆیانەوە دیاری دەکرێ . بەڵام لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستانی خاوەن موڵکی چین و حیزب و گرۆ و کۆمەڵێکی دیاریکراو نیە بە تەنیا و کەسیش ناتوانی نکۆڵی لە سروشتی جەماوەری بزووتنەوەکە بکات ، بۆیە ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە لە ڕوانگەی بیروباوەڕی مارکسیزم- لینینیزم و تیۆرواتیتی تایبەتی خۆمانەوە بزووتنەوەکە و هێزەکانی کوردستان هەڵبسەنگێنین و ڕەخنە لە چەوتیەکانیان بگرین ، وە هیچ کاتێک ئازارەبیمان مافی ئەوە بەکەس نادات وەک ئامرازی سەرکوتکردن و تەدەخەکردنی دەربڕینی بیروڕا بەکاری بهێنێ .

یەکێک لەو ئەریتە زیان بەخشانەی هەتا ئەمڕۆ بەرۆکی ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانیان گرتووە ئەوەیە ، کاتێ یەکێکیان بیەوێ بیروڕای خۆی لەسەر دەوڵەت و سیاسەت ، چەوتی و هەڵەو کەم و کورییەکانی هێزە سیاسیەکان دەربڕێ و بیەوێ ڕۆشنایی بخاتە سەر ڕاستییە بابەتی و واقعیەکان ، بەگشتی ئەو هێزانە دەچن بەگژی دا و تاوانی ساردکردنەوە و ڕووخاندنی جەماوەر و خەساندنی گیانی شۆڕشگێڕی و خزمەتکردنی دوژمنان دەخەنە پاڵی . "یەکگرتن"یش پاش دەستکردن بەکار و دەربڕینی بیروڕا لە ڕێگەی سەرووتارەکانەوە ، گیرۆدەی دەستی هەمان نەریت بوو و پریشکەکانی ئەو تاوانانە ئەویشی گرتەوە ، بۆیە گرنگە لەو بارەیەوە ئەم چەند تێبینییە دەربڕین :

■ جەماوەر ڕانەمەڕی بێهۆش نیە ، تەنێکی سەلبی و بێ ئیرادە نیە ، بەڵکو هێزی بزوێنەری خەباتە ، خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئاتیکردنەوەی بەسوودە . بۆیە تاوانە شێوەیەکی لوت بەرزانە و سەربژاردەیی(نخبوی) سەیری جەماوەر بکرێ و وا دەرببڕدرێت هەموو یەکێک دەتوانێ لەڕێگەی هەندێ گووتە و باسی تیۆرییەوە بەتەنیا کاری تێ بکات و بی ڕووخێنێ .

■ جەماوەرێکی هوشیار ، گۆشکراو ، ڕێکخراو ، جەماوەرێک بە چاوی خۆی ئەوە بەدی بکات کە هێزێکی دیاریکراو ، بەراستی و لێبڕاوانە لەبێناو ئامانجە ڕاستەقینەکانیان دا تێ دەکۆشێ و خۆ بەختکردنی زۆر دەنوێنێ ، نەک مەحاڵە بڕووخێنرێ و ساردبکرێتەوە ، بەڵکو

هەواڵنامەی کتێب

بەهیچ جۆرێك كاری سەلبی لەناویان دا برەوی نابێ • جەماوەرێکیش بەچاوی خۆی چەوتیەکانی بینیبێ و دەستی بە گیروگرفتەکانی هێزێکی دیاریکراو کردبێ و گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی بە ڕابەرایەتی ئەو ئاگاتە ئامانجەکانی ، هەرچەند چاوبەستەکی لێ بکرێ و ڕێگای ڕاستی لێ ون بکرێ ، هەر دەگاتە ڕاستیەکان و ڕێگای شادبوونیش بە ئامانجەکان دەدۆزێتەوە •

■ " یەکگرتن " هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئەوەی دوپاتکردوتەوە کە" لاپەڕەکانی کراوەیە بۆ هەموو ئەو بابەتانەی چەرساوەکانی گەلەکەمان بە گیانی یەکگرتن و خەبات و خۆشەویستی گەل و مرۆڤایەتی پەروەردە دەکەن"و بە درێژایی هەموو ژمارەکانیشی ئەو مەسەلانەی دوپات کردۆتەوە و بابەتێکی لەو جۆرەی بلاّونەکردۆتەوە ئەو پرنسیپە بڕوشێنێ •وەجگە لە کاری هوشیارکردنەوەی زانستیانەو بلاّوکردنەوەی بیری پێشکەوتنخوازانە ، گیانی خەباتکاری لەناو ژمارەیەکی زۆر ئاوارە پێشکەوتنخوازەکانی گەلەکەمان دا دروستکردوە و زمینەی بۆ دانەبڕانیان لە مەسەلە گرنگەکانی چەوساوەکانی کوردستان سازکردوە •

■ ئەو کەسەی بیروڕای تایبەتی خۆی دەردەبڕێ و تە لەسەر مەسەلە زیندوەکانی ولاّتەکەمان دەکات ، ئەو کەسەی بیری زانستی و ڕۆشنبیری پێشکەوتنخواز بلاّودەکاتەوە: جەماوەر ساردناکاتەوە و گیانی شۆڕشگێڕی ناخەسێنێ ، تەنیا لەیەك حالّەتدا نەبێ ئەویش کاتێ چاوکرانەوە و هوشیارکردنەوە بە ساردکردنەوە و خەساندنی گیانی شۆڕشگێڕی دابنرێ • ئەوەی شایانی باسە ڕوخان و ساردکردنەوە و خەساندن ووشەی ڕێژەیین و بەپێی تێڕوانین و بەرژەوەندی چینایەتی بە مەبەستی جیاواز و جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێن ، بۆیە ئەشێ ئەوەی ئێمە لە ڕوانگەی مارکسیزم - لینینزمەوە بە هوشیاری و چاندنی گیانی خەباتکاری و دانەبڕان لە تێکۆشانی دابنێین ، ئەو هێزە ناوبراوانە بە پێی تێڕوانینی ئایدیالیستانەی خۆیان بە ساردکرنەوە و ڕوخاندن و خەساندنی گیانی شۆڕشگێڕی دابنێن •

## سەربەخۆیی و پشت بەخۆ بەستن پرنسیپی بنچینەیی کاری " یەکگرتــــــن "

" یەکگرتن " لە ژمارە یەكدا ئەوەی دەرخستووە کە کۆڤارێکی سەربەخۆیە و سەربە هیچ لایەنێکی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان نیە • لە ڕێڕەوی نووسین و کارەکان و لە سیمینارەکانی

ولاتە جۆراوجۆرەکانیشدا ئەو پرنسیپەی دوپات کردۆتەوە و لەگەڵ پرنسیپی پشت بەخۆ بەستن دا گرێی داوە . ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە بووە کە سەربەخۆیی و پشت بەخۆ بەستن مەرجی سەرەکی بەردەوامی و پەرەسەندنی گۆڤارەکە و پاراستنی ڕێبازە دیاریکراوەکەیەتی .

پرنسیپی سەربەخۆیی مانای ئەوەیە " یەکگرتن " بیروڕا و هەڵوێستەکانی، بە پێی ڕێبازەکەی خۆی و لە خزمەتی ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازدا دەربڕێ، بەبێ کارلێکردنی هیچ لایەنێك، گیروگرفت و ڕووداوەکان هەڵسەنگێنێ و ڕەخنە لە چەوتی و هەڵە و کەموکوڕیەکان بگرێ . پرنسیپی پشت بەخۆبەستنیش مانای ئەوەیە بۆ دەرکردن و بەردەوامی گۆڤارەکە پشت بە هێز و توانای مادی و فیکری خۆمان ببەستین و پەنا نەبەینە بەر هیچ لایەك .

جا لێرەدا نازانین مەبەستی ئەو هێزە دیاریکراوانە چیە لە سەربەخۆنەبوونی " یەکگرتن " و ئەو دەستەی لە پشتیەوەیە ؟! ئەگەر مەبەستیان ئەوەبێ " یەکگرتن " سەربە هێزێکی سیاسی دیاریکراوە: ( واجهة ) یە بۆ حیزبێکی سیاسی ، ئەوە چاوخشاندنێك بەسەر وتار و ڕێبازی گۆڤارەکەدا ئەوە دەردەخات ئەو هێزانە چەند ڕووکەش و ناواقیعین، وە ئەگەر مەبەستیشیان دۆستایەتی " یەکگرتن " بێ لەگەڵ هەندێ لایەنی چەپ و پێشکەوتنخوازدا ، ئەوا دەڵێین هیچ کاتێك دۆستایەتی مانای یەکێتی فیکر و بیروڕانە بووە و شان بە شانی دۆستایەتیمان لەگەڵ ئەو لایەنانەدا جیاوازی فیکری و تیۆریمان هەبووە . ئەگەر مەبەستیشیان ئەوەبێ هێزێك کۆمەکی ماڵی و هونەریمان دەکات ، ئەوا زۆر دوور ڕۆیشتوون . چونکە " یەکگرتن " هەمیشە پشتی بەستووە بە یارمەتی و کۆمەکی ئەندامانی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن و دۆستەکانی گۆڤارەکە . ئەوەی شایانی باسە ملململانێی فیکری و جیاوازی تێڕوانین لە ڕێگەی گفتوگۆ و باوەڕ پێ هێنانەوە چارەسەردەکرێ ، نەك سووکایەتی پێکردن و گومان دروستکردن و تاوان ناتەپاڵ . چونکە ئەم شێوازانەی دوایی نیشانەی هەژاری فیکری و مایەپوچی سیاسیە و هیچیان لێبەرهەم نایەت .. بێگومان مێژووی داهاتووش چاکترین سەنگی مەحەکە بۆ دەرخستنی ڕاستی و شتە شاراوەکان و پەردەهەڵماڵین لەسەر هەڵبەستراوەکان .

## بنکەی ڕۆشنبیری نەك ڕێکخراوی سیاسی

" یەکگرتن " گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆری هاوچەرخە ، دەنگی

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتنە ، کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیری کوردستانی خوارەوو دایانمەزراندووە . لێرەشدا ئەگەرچی " یەکگرتن " پێڕەوی کەری تیۆری مارکسیزم - لینینیزم و پرنسیپەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریایە ، ئەگەرچی دەربڕین ئاشکرایە فیکری دیاریکراوە ، بەڵام گۆڤارێکی سیاسی ڕێکخراوێکی حیزبی نیە . دەربڕینی دەڵوێست لەسەر ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندنی دیاردەکانی کوردستان و ناوچەکە ، تەئکیدکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی زەمینەی فیکری و ئایدیۆلۆجی بۆ یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان ، ئەوە ئامانجەکانی " یەکگرتن " گۆڤاری ڕێکخراوێکی سیاسییە . چونکە نموونەی وەك " یەکگرتن " بە باکتر و بێدەنگ و توێژتر : دراسات عربیة ، دراسات اشتراكية ، الطليعة ... هتد لە وڵاتە عەرەبیەکاندا هەبووە ، شان بە شانی خەباتی ئایدیۆلۆجی و فیکری ، هەڵوێستی تایبەتی و تێڕوانینی سیاسیان تیدابووە و لەسەر چەپیش قسەیان کردووە ، کەچی نە کەس بە ڕێکخراوی سیاسی دای ناون و نە خۆشیان وەك حیزب خۆیان دەرخستووە .

حیزب ، بە تایبەتی حیزبی شێوە نوێ ، بە نووسین و بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێکی تیۆری و سیاسی ، بە وێنەی چەند تێکۆشەر و شارەزایەك و کۆبوونەوەی ژمارەیەك ڕۆشنبیر - بەتایبەتی لە ئاوارەیی - دانامەزرێ ، بە لەبەرکردن و گوتنەوە و نووسینی کتێبی مارکسی - لینینی و ئارەزوونانی ئاشکرا و زەق لە دایك نابێ . بەڵکو حیزب بەپێی پێداویستیەکی بابەتی ئەنجامی کار و هێزێکی بۆ وچان ، تێکەڵبوونی تیۆری شۆڕشگێڕی لەگەڵ جوڵانەوەی کرێکاری ، یەکگرتنی ئاقارە جۆراوجۆرەکانی چەپە شۆڕشگێڕەکان ، لە کوردستان دادەمەزرێ و دێتە مەیدانی کارکردن و تێکۆشانەوە .

بە پێی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە ئەوە دووپات دەکەینەوە کە گۆڤاری " یەکگرتن " گۆڤاری ڕێکخراوێکی سیاسی نیە ، بەڵکو گۆڤاری بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتنە . هەروەها ئەوە دەردەخەین کە زۆر شاناز و دڵخۆش دەبین بتوانین لە ڕێگەی ئەو کارە بچووك و سەرەتاییانەوە خزمەتێك بە دامەزراندنی حیزبی شێوە نوێی کوردستان بکەین ، بەڵام لە هەمان کاتدا بەوە ڕازی نابین دوور لە ڕاستی و واقیعی بینراو بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بە ڕێکخراوی سیاسی لە قەڵەم بدرێ .

ooo

لە کۆتاییدا " یەکگرتن " ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەمێنە سوور دەبێ لەسەر کار و ڕێبازەکەی خۆی و بەردەوام

تریبوونێکی سەربەخۆ و پێشکەوتنخوازی دەبێ و تێدەکۆشێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و کەم و کوڕی و هەڵەکان و پەرەپێدانی خۆی لە ڕووی تیۆری و هونەریەوە، دەبێتە چاوەڕوانی پێشنیار و ئامۆژگاری و ڕەخنەی خوێنەر و دۆستەکانەوە لاپەڕەکانی باوەش کراوەیە بۆ بابەتی هەموو نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندێکی پێشکەوتنخواز، شان بە شانی ئەوانەش ئامادەیە بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو لایەکدا بە مەرجێک کارەکە لە خزمەتی چەوساوەکانی کوردستاندا بێ و پەیڕەوی پرنسیپی دیموکراتیەتی تیادا بکرێ .

**کوردستان**

# کارەساتەکەی هەڵەبجەو بانگەوازێك

لەکێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقوت،
عەزا پۆشی چیە و کێ بە ئەجلی پیرۆزە بۆ شینە ؟

" مەحوی "

دوژمنانی گەل و وڵاتەکەمان ، بەبۆنەی نەورۆزی ئەمساڵەوە لاپەڕەیەکی ڕەش و پڕ کینەیان خستە سەر مێژووی تاوانکاری لە جیهان دا . چەند ڕۆژێك بەر لە نەورۆز تابلۆیەکیان نەخشاند کە هەرگیز لە دڵ و دەروونی مرۆڤە مەزنەکانی جیهان دا ناسڕدرێتەوە. ئەم تابلۆیە بەخوێنی دەست و پەنجەی سەدان " گوڵاڵە " و هەزاران " مەریوان " و " مام عەزیز " قەڵەمکێش کرابوو ، داخۆ زوولفی ئاکاوی چەند " خاتوون " و " زارا " یش فلچەی ڕەنگاکردنی بووبن ؟ !

جێی داخە و داخێکی گەورەش کە چەند ساڵێکە کوردستان و خاکەکەی کراونەتە مەیدانی تاودانی ئەسپی سووڵتان و گەورەکان ، مرۆڤی کوردیش قوربانی !. بۆیە دەبێت لێرەدا هەڵوێستەیەك بکەین و لە خۆمان بپرسین : تاکەی هەست بە زامەکانمان نەکەین ؟ بۆچی هەردەم دەمانەوێت ئاوەڕۆکی مەسەلەکان لەبۆتەی ڕۆژگاردا ون بکەین ؟ بۆ هێندە لە ڕاستی ڕووداوەکان کەنار دەگرین ؟ ... بۆچی و بۆچی و .. هتد .. ؟ !

ئەگەر ڕاستی ئەو ئامانجە گەورەیە بێ کە مێژووی مرۆڤایەتی ئاناوزی پێوە دەکات ، ئێمەش دەبێت بەشێکی ئەو چالاکیە مەزنە



هەواڵنامەی کتێب

بەهی خۆمان بزانین. ئەمرۆ ئیدیْ دوای دووبارە و دەبارەبوونەوەی چەندین کارەسات و داستانی تراجیدی لەسەر شانۆی خاکەکەمان، کاتی ئەوە هاتووە دەنگی نارەزایی بەرز ببێتەوە و لاڤاوی حەق دەربری جەماوەر ئەو جۆرە دەرهێنەرانە لوول بدات.

کارەساتی هەڵەبجە، چەند بارەبووندوەی ئەو کارەساتانەیە کە لەزۆر شوێنی دیکەی نیشتمانەکەماندا ڕوویان داوە. ئەگەرچی هەردەم هەلومەرجی وا بەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی ناوچەکەوە لەباربووە ڕووی ڕاستی ئەو ڕووداوانە حەشار بدرێن و لە چوارچێوەی ڕوتارێکی ڕۆمانسیانەی ڕادیویی یاخود ڕۆژنامەگەریدا سەقامگیر بکرێن و بە جەماوەر بفرۆشرێنەوە، بەڵام کارەساتی هەڵەبجە گەلێك مەودای گەورە بەخۆیەوە دەگرێت و بواری ئەوە بەهیچ هەلپەرستێك نادات بیەوێ دەمامکی درۆی بەسەردا بکات.

سەقەت بوون و لەپیاوەتی کەوتن و کوێربوونی سەدان پیرەمێرد و گەنجی گەلەکەمان و عەیب باربوونی هەزاران کچ و کوڕی شار و گوندەکانمان، هەرگیز ئەو بوارەمان نادەنێ وەك "هەڵە" یەکی "سیاسی و عەسکەری"! تەماشای ئەو جۆرە ڕووداوانە بکەین... کارەساتێکی وەك ئەوەی هەڵەبجە هەرجۆرە سەرکەوتنێکی بەدوادا هاتبا، هەرجۆرە قارەمانێتییەکی بۆ ئەم، یان ئەو لایەن تۆمار کردبا... ڕوویەکی تراجیدی بەخۆیەوە دەگرت.

ئەمرۆ ماهیەتی دژی مرۆڤایەتیانەی هەردوو ڕژێمی عیراقی و ئێرانی بۆ تەواوی دنیا ئاشکرابووە. جەنگێکی درێژخایانی وەك ئەم جەنگەش ئەو زەمینەیەی بەباشی ڕوونکردۆتەوە کە ئەو ماهیەتە هێندەی دی بەرجەستە بکات. بۆیە هەرجۆرە هاوکاری و لایەنگیریەکی ئەم یان ئەویان، مانای دەست تێوەردان و بەشداری کردنە لە تێکدانی بەشێك لەژیاری مرۆڤایەتی. جا ئەو لایەنگیریە لەژێر سایەی هەرجۆرە هۆ و موناسەبەیەکدا بێت...

ئەمرۆ فەرهەنگی گەلەکەمان لە مەترسیدایە. نەوەکانی دوا ڕۆژمان: کرێکاران و جوتیاران، مامۆستا و قوتابی، ئافرەت و منداڵەکان، ڕۆشنبیرەکان لەمەترسیدان. پێویستە ئامانجی تاکە کەسی و "پلانە عەسکەریەکان" بخرێنە لاوە و وەك دڵسۆزێکی ئەم گەل و نیشتمانە، بۆ هەمووان بیر بکەینەوە و بۆ هەمووان تێبکۆشین. ڕووی ڕاستی خۆمان و ڕووداوەکان بۆ خەڵکی بخەینە ڕوو و چیدیکە بوار بەهیچ دوژمنێکی نیشتمان و ژیارەکەمان نەدەین دوا ڕۆژمان بخاتە مەترسیەوە.

پیشاندانی ئەو مەرگەساتانەش لە تەلەفزیۆنەکانی ئەورووپاوە، دەردی ئێمە دەوا ناکات (وەك هەندێ کۆمەڵ بۆی دەچن). ئەمرۆ

ئەوروپا بۆ خۆی لە میحنەتێکی وادا دەژی کە ڕووداوەکانی لای ئێمە جگە لە کاریگەریەکی کاتی و ڕاگوزاری هیچ بەرچە کردارێکی ئەوتۆ دروست ناکەن! کام ڕۆژنامەنووس، کام فلیمساز و ووتارنووسی بێگانە دەتوانێت جارێکی دی ڕۆشنایی بۆ چاوەکانی منداڵانی هەڵەبجە بگێڕێتەوە؟ و ئەو نێرگز و وەنەوشانەی لە ساتی لە دایکبوون و گەشانەوەدا مردن، جارێکی کە بڕوێنێتەوە..؟!

- سڵاو بۆ گیانی ئەو شەهیدانەی بەر لە نەورۆزی ئەمساڵ هەڵوەرین.
- هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوەش بۆ زامدارەکان دەخوازین.
- خۆمان بە هاوبەشی غەمی خێزان و کەس وکاری شەهیدانی ئەم کارەساتە دەزانین و دواجاریش ڕوودەکەینە گشت ئازادیخوازانی جیهان و دەڵێین: دوا خۆزگەشمان ئەوەیە با ئەم کارەساتانە چیدی لەسەر حیسابی چارەنووسی زەحمەتکێشانی گەلەکەمان دووبارە نەبنەوە.

- یەکگرتن -

# چەند کۆڕێک

هەواڵنامەی کتێب

لە ماوەی نێوان ٢٣-٣١/١/٩٨٣ دا، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن، چەند کۆڕێکی لە هەندێ شاری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا: گوێتنگن، بۆن، شتوتگارت، بەرلینی ڕۆژئاوا، دانۆڤەر، سازکرد بۆ باسکردنی هەلومەرجی دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری و گۆڤاری یەکگرتن و هەڵسەنگاندنی گۆڤارەکە و مشتومڕکردن لەسەر ڕێبازەکەی.

ئێمە لەم بوارەدا سوپاسی ئامادەبوانی کۆڕەکان دەکەین و ڕێزی تایبەتیمان بۆ ئەو برادەرانە هەیە، کە ئەرکی خۆشکردنی زەمینەی بەستنی ئەو کۆڕانەیان گرتە ئەستۆی خۆیان، وە هیوادارین زوو زوو بتوانین پێکەوە کۆڕی فراوان لەسەر مەسەلە زیندووەکانی وڵاتەکەمان سازبکەین و دەرگا لەسەر مشتومڕی دیموکراتیانە بخەینە سەر گازی پشت.

## کوردستان

# لە پەراوێزی ڕووداوە پڕمەترسییەکانی کوردستاندا

هەڵکەوت عەبدوڵڵا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵ و دەنگوباسەکان وای پێدەگەیەنن کوردستانی خوارووی بە بارودۆخێکی یەکجار دژوارو ئاڵۆزدا تێدەپەڕێ . گەلی کورد لە هەلومەرجێکی سەخت و پڕمەینەتیدا ژیان دەباتە سەر ... ڕۆژ نییە دەیان گوندو چەندین شارۆچکە لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی فاشی عیراق و هێرشە نارەواکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کاول نەکرێن و خانوەکانیان بەسەر دانیشتوان و گیاندارەکانیاندا نەڕوخێنرێن . سات نییە هەزاران پیاو و ئافرەت و پیر و گەنج و لاو و منداڵی ساوا بە چەکی گشت کوژەی : موشەک و بۆمبای کیمیاوی و گازی ژەهراوی و ڕژێمی ڕەگەزپەرست و نامرۆڤانەی عیراق بریندار نەبن و شەهید نەکرێن و یان هەزاران هاوڵاتی بێجێ و خانوبەرە نەبن و نەکەونە ئاوارەیی .

ڕژێمی فاشی عیراق وەک نوێنەری قازانج و دەستکەوت و جۆری بیرکردنەوەی باڵی نەتەوەپەرستی بۆرجوازی دەسەڵاتداری عیراقە و لەو ڕۆژەوەی هاتۆتە سەرحوکم خەریکی پیلان و نەخشەدانانە بۆ تێکدانی یەکێتی نەتەوەیی کوردو گۆڕینی ڕوخساری نەتەوایەتی کوردستان . ئەوەش بە نیازی بەردەوامی داگیرکردنی خاکی وڵاتەکەمان وتاڵان کردنی نەوت و سەروەت و سامانەکەی و دەستگرتن بەسەر بازاڕو بازرگانییەکەی و بەکرێ گرتنی دەستی کاری هەرزانی کرێکاران و ڕەنجدەرانی گەلەکەمان . بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستەش هیچ ڕێگاو

شێوازو ئامرازێك نەماوە پەنای نەبردبێتە بەرو بەکاری نەهێنابێ ، لەوانە : شێواندنی داواکاریە ڕەواکانی گەلی کوردو ساختەکردنی مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی لە ڕێگەی دانانی سەرزارەکی بە مافەکانی گەلەکەمان و دروستکردنی داودەزگای درۆیینەی ئۆتۆنۆمی و فەرهەنگی ساختەو تاقمو دەستەی کارتۆنی ، پەلاماردانی چەکداری و بەگەڕخستنی هێزی ئامرکێنەرەوەو سەرکوت کردن و بەکارهێنانی زەبروزەنگ و تۆقاندن و زیندانی کردن و کوشتن و بڕین ، وێرانکردنی کوردستان و ڕاگوێزانی جوتیارانی ناوچە "سنوریەکان" بۆ دروستکردنی بۆشاییەکی جوگرافی ، سیاسی ، ئایدیۆلۆجی ، ئابوری لە نێوان پارچە داگیرکراوەکانی وڵاتەکەمان و گەمارۆدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ، بەعەرەب کردنی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و بەبەعسی‌کردنی گەلی کورد ... هتد .

پاش هەڵگیرسانی جەنگی عیراق و ئێران و سەرقاڵ بوونی سوپاو هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی فاشی عیراق و لاوازبوونی دەسەلاتیان لە کوردستان دا ، دوای قووڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمەو گیروگرفتە ئابوری ، سیاسی ، کۆمەلایەتی ، سەربازیەکانی ڕژێم ، دەرفەتێکی مێژوویی لەبار بۆ هێزەکانی کوردستان ڕەخسا پەرە بە چالاکی سیاسی و سەربازی و جەماوەری خۆیان بدەن وشان بەشانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق بەرەو ڕوخاندنی ڕژێمو هێنانەدی دیموکراتیەت بۆ عیراق و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد ئاراستەیان بکەن،وە ڕێگە لە جێبەجێکردن و پەرەسەندنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم بگرن و کوردستان لە کاولکردن ڕزگار بکەن و گەلەکەمان لە فەوتان قوتاربکەن ... بەلاّم لەبەر ململانێی دوژمنکارانەی نێوان هێزەکان و شەڕی ناوخۆ ، خۆبەستنەوەی هەندێ هێز بە سیاسەت و ستراتیجیەتی ئێرانەوە ، سیاسەت و هەڵوێستی فراکسیۆن و تەوەرخوازی هەندێ هێزی تر ، سازشکردنی هەندێ هێز لەگەڵ ڕژێمی فاشی عیراق دا ، ئەو دەرفەتە مێژوویە لە دەستچوو ، چەندین ڕاپەڕینی خۆبەخۆی جەماوەری ڕەنجدەرو ڕۆشنبیری گەلەکەمان کپ بوونەوە ، دەرفەتی چاکتر بۆ ڕژێم ڕەخسا سیاسەتە شۆڤێنیەکانی خۆی جێبەجێ بکات .

ڕژێمی فاشی عیراق کە بەدۆی جەنگەکەوە لە تەنگوچەڵەمە و پاشەکشەو شکستیدا دەگەوزا ، بۆ پاراستنی دەسەلاتی دیکتاتۆریانەی خۆی لە کوردستان دا ، کپ کردنەوەی هەمو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ، خنکاندنی دەنگی بێزاری و ناڕەزایی ، جێبەجێکردنی پیلان و نەخشە گلاوەکانی خۆی ، پەرەی بە سیاسەتی

ڕەگەزپەرستانەی خۆی داو بە بیانووی پشتگیری نەکردنی گەلی کورد لە ڕژێمەکەو بەشداری نەکردنی لە جەنگەکەداو لایەنگیری کردنی دوژمنان ، زیندان و گرتووخانەکانی پڕکرد لە هاولاتی دلسۆزو بێ تاوان ، سەدان تێکۆشەری لە سێدارەدا ، دەیان یاساو بڕیاری هەمە جۆری فاشیانەی دەرکرد بۆ زیاتر کاولکردنی کوردستان ، جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەب و بەعسی کردن ، ڕاگوێزانی جوتیاران و کۆچ پێکردنی ڕەنجدەران . بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستانەش هێزو تواناو وزەیەکی سوپایی ، مالی ، سیاسی ، پڕۆپاگەندەو ڕاگەیاندنی زۆری خستە گەڕ .

دوابەدوای نزیکبوونەوەو ڕێکەوتنی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی خوارووو کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆو پەرەسەندنی چالاکی پێشمەرگانە ، پاش گوێزانەوەی تورسایی جەنگی ناڕەوای نێوان عیراق وئێران بۆ ناوچەکانی کوردستان و پتەوبوونی پەیوەندی نێوان ئەو هێزانەو کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەنجامدانی چالاکی سەربازی هاوبەش لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا ، زەمینەیەکی زۆر سەخت و ئالۆزو دژوار بۆ ولات و گەلە ستەمدیدەکەمان هاتەپێش :

لە لایەکەوە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری هێزەکان هێرشی بەربلاوی هێنایە سەر کوردستان و چەندین ناوچەی کاول و داگیرکرد . لە لایەکیتریشەوە ڕژێمی فاشی عیراق دەرفەتێکی مێژوویی چاکی بۆ هەلکەوت بە بەهانەی " داکۆکیکردن لە نیشتمان " و " لەناوبردنی خائین و خۆفرۆشان " پەرە بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی خۆی بدات و بیگەیەنێتە ئەو پەڕی سنووری خۆی ، کاولکردنی کوردستان و قەتل وعامی گەلی کورد حەلال بکات و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێك بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجە گلاوانە ئازاد بکات .

ئەوەبوو پاش چالاکیە هاوبەشەکانی ڕژێمی ئێران و هێزەکانی کوردستان لە ناوچەکانی سلێمانی ، هەولێر ، کەرکوك ، دهۆك و داگیرکردنی هەندێ شوێن و وێرانکردنی هەندێ دامەزراوی گرنگ وزەبر وەشاندن لە سوپای عیراق ، ڕژێمی فاشی بە درندەترین شێوە ( درندانەتر لەوەی زایۆنیزمەکان و ڕەگەزپەرستەکانی خوارووی ئەفەریقیا ) کەوتە وێزەی گەلی کوردو خاکی کوردستان و دەستی کرد بە تەڕو وشك پێکەوە سوتاندن و بەکارهێنانی چەکی گشت کوژە : چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی . لە ئەنجامی ئەوە سەدان گوندی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ولاتەکەمان تەخت کران و دانیشتوانەکانیان یان ئاوارەکران یان ڕاگوێزران بۆ بیابانەکانی خواروو و ڕۆژئاوای عیراق ، دەیان منداڵی بێ تاوان ئەشکەنجەو زیندانی و شەهیدکران ،

پەندین ڕۆڵەی زیندانیکراو کران بە بەتی سێدارەدا ... هتد .

دڵتەزێنترین ، خوێناویترین ، پڕمەترسیترین کارەسات، کە هێرشی ڕەگەزپەرستانەی بەربڵاوی ڕژێمی فاشی عیراق و بەرهەمی هێرشەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانی تێدا بەرجەستە بکرێتەوە، کارەساتەکەی هەڵەبجەی خوێناوییە ، کە تیایدا فاشیەکانی عیراق ڕەفتارە دژی مرۆڤایەتیەکانی نازیەکانی ئەڵمانیاو فاشیەکانی ئیتالیایان دوبارەکردەوەو کارەساتەکانی دێریاسین و تەل زەعتەرو سەبراو شاتیلایان بە خەستترین شێوە هێنایەوە ئاراوە . ئەوەبوو ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عیراق پاش داگیرکردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، بە بۆمبای کیمیاوی و گازی ژەهراوی شاری هەڵەبجەی بۆردومان کرد . سەدان خانوی تەخت کرد و زیاتر لە پێنج هەزار پیر و منداڵ و ئافرەتی شەهیدکرد و نزیکەی دە هەزاریشی بریندارکرد . بەم کارەش بە تەواوەتی ڕووی ڕەشی ڕەگەزپەرستانەی بۆ ڕای گشتی جیهانی دەرکەوت و دوپاتی کردەوە کە دژی هەموو نەریتێکی مرۆڤایەتیە.

ئەوەی جێی داخ و شەرم و سەرسوڕمانە هەموو ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە لە کوردستانی خوارووی ڕوودەدەن و هەموو جۆرە چەکێکی گشت کوژەی قەدەغەکراو دژی میللەتی کورد بەکاردەهێنرێ، کەچی تاک و تەرا نەبێ دەزگا ڕەسمی و دەوڵەتیەکان و ڕێکخراوی " نەتەوە " یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ لە سەری نایەنە دەنگ و وەک ڕووداوێکی ئاسایی بە بەردەمیان دا تێدەپەڕێ . وە ئەگەرچی بە بەڵگەنامە گەیشتۆتە دەستیان چی دەرهەقی گەلی کورد دەکرێ، بەڵام هیچ هەڵوێستێکی جیدیان بەرامبەر وەرنەگرتووەو کاریگەری ئەوتۆیان نەکردوە بۆ تاوانبارکردن و ڕیسواکردنی کارە نامرۆڤایەتیەکانی ڕژێمی فاشی عیراق و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی گشت کوژەی وەک بۆمبای کیمیاوی و گازی ژەهراوی . لە کاتێکدا ڕوداوێکی وەک ڕفاندنی فڕۆکەیەکی کویت لە لایەن چەند چەکدارێکەوە، بە ئاسایی بەبەردەمیان تێناپەڕێ و ڕای جیهانی دەبزوێنێ و هەموو بزێک ڕۆژنامە ، ڕادیۆ ، تەلەفزیون ، دەزگا دەوڵەتیەکان باسی دەکەن و پێوەی خەریک دەبن . ئەو هەڵوێستی بێموبالاتیە ئەگەر مانایەکی هەبێ ئەوا بریتیە لە بەشداریکردن لەو تاوانانەی دەرهەقی گەلەکەمان دەکرێ، بێگومان مێژووی مرۆڤایەتیش لە ئاستی ئەوەدا بێدەنگ نابێ .

بە پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە ، تاوانە گەورەکەی ڕژێمی فاشی عیراق بووە جێی ناڕەزایی و بێزاری جەماوەری گەلەکەمان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان . لە دەرەوەی وڵات کوردە ئاوارەکانی

گشت پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان لە گەلێک وڵات مانگرتن و خۆپیشاندانیان سازکرد بۆ ڕیسواکردن و تاوانبارکردنی ڕژێم و چەندین چالاکیان ئەنجامدا بۆ بزواندنی ڕای گشتی جیهانی و تۆڵەسەندنەوە لە داگیرکەرەکانی وڵاتەکەمان. بەڵام ئەوەی جێی دڵ نیگەرانی بوو ئەو خۆپیشاندان و مانگرتن و چالاکیانە بەگیانێکی یەکگرتوو و ویستێکی تێهەڵکێشەوە نەچوونە ڕێوەو دروشمی هاوبەشیان تێدا بەرزنەکرایەوە، ئەوەش بە هۆی جیاوازی بیروڕای نێوان هێزەکانی کوردستان و مرۆڤە سەربەخۆکان بوو. جگە لەوە هەندی لە ڕژێمە سەرمایەداریەکانی ئەوروپا لەبری تاوانبارکردنی ڕژێمی فاشی عیراق، بەشێک لەو خۆپیشاندان و مانگرتنەیان گەمارۆدا و بلاویان پێکردو هەندێ کوردیشیان زیندانی کرد.

●●●

باروڕۆخی دژوارو ئاڵۆزی ئەم سەردەمەی کوردستان، هەلومەرجی سەخت و پڕمەینەتی ژیانی گەلەکەمان، کارەساتە خوێناویەکەی هەڵەبجەو مەترسی دووبارەبوونەوەی لە شوێنی تری کوردستان، کۆمەڵێک ڕاستی بەنرخ دەهێننە ئاراوە، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە هەست و مێ؛ گفتوگۆیان لەسەر بکەین و سەرئەنجامی بە کەڵکیان لێ هەڵهێنجین و لە خزمەتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانزدا بیانخەینە گەڕ. لێرەدا بە چاکی دەزانم بیاری سەرنجی خۆم لەسەر هەندێ لەو مەسەلە گرنگ و زیندوانە دەربڕم و چەند ڕاستیەکیش دووبارە بکەمەوە، کە بە سوودن بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان، هیوادارم بتوانم لەو کارەدا سەرکەوتووبم:

★ ئاشکرایە ئەمڕۆ گەلەکەمان لە کوردستانی خواروو دووچاری درندەترین ڕژێمی سەر ڕووی زەمین بۆتەوەو لەناوچوون و تواندنەوەو هێرشی ڕەگەزپەرستانەی فاشیەت هەڕەشەی لێدەکەن. ئاشکرایە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ەوە پەرەی سەندوەو گەیشتۆتە دوا لوتکەی خۆی. ئەوەی گرنگە لەم بوارەدا باسی لێوە بکرێ ئەوەیە کە ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری ئەو پەرەسەندنەو درندەبوونی ڕژێمی فاشی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی چینایەتیو شۆڤێنیەتی ڕژێم و قوڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمە ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی، سەربازیەکانیو لاوازبوونی هێزوتوانای پاراستنی دەسەڵاتی خۆی. بەڵام بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان تێکەڵ بە ستراتیجیەتی ئێرانی کراوە، چالاکی پێشمەرگانەی هێزەکان تێکەڵ بە چالاکی سەربازانە و

هێرشی چەکدارانەی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران کراوە ، مەسەلەی کورد بۆتە بەشێك لە جەنگی ناڕەوای نێوان عیراق و ئێران . چونکە ڕژێمی فاشی عیراق ، وەك لەوەو پێش باسمان کردوە ، هەمیشە پیلان و نەخشەی داناوە بۆ تێکدانی یەکێتی نەتەوەیی کورد و گۆڕینی ڕوخساری نەتەوایەتی کوردستان،وە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستەش سڵی لە بەکارهێنانی هیچ جۆرە چەکێك نەکردۆتەوە...بەڵام پتەوبوونی پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی ئێران و ئەنجام دانی چالاکی سەربازانەی هاوبەش و هێرش کردنە سەر ناوچە جۆراوجۆرەکان و داگیرکردنی هەندێ جێگا لە لایەن سوپای ئێرانەوە ، باشترین دەرفەتی بۆ ڕژێمی عیراق ڕەخساند ئەو نەخشەو پیلانە گڵاوە شۆڤێنیستیانەی خۆی لە کوردستاندا جێبەجێ بکات،کە هەڵگیرسانی جەنگەکەو سەرقاڵیەپێداویستیەکانیەوە ڕێگربوون لە ئەنجامدانیان .

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئەگەر بهاتایە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە کوردستانی خوارووگەشەی بکردایەو قۆناغە سروشتیەکانی خەباتی چەکدارانەی خۆی ببڕیبایە و سەربەخۆیانە بەرەو پێشەوە بڕۆشتایەو هەنگاو بە هەنگاو کوردستانی ڕزگاربکردایەو مەترسی بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی ڕژێمی فاشی عیراق دروست بکردایە ، بێگومان ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستە پەنای دەبردە بەر هەموو ئامرازو شێوازێکی لەناوبردن و تەفروتوناکردن ، وەگشت جۆرەکانی چەکی نامرۆڤانەی بەکار دەهێنا . بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی ئەو ئامرازو شێوازو چەکانە هەمان ئەنجامی سەرەوەی نەدەبوو ، بەڵکو گیانی بەرگری و خەباتکاری و سووربوون لەسەر خەباتی پتەوتر دەکردو مانایەکی پیرۆزی دەبوو،وە کوردستان دەبووە " جەزائیر " و " ڤێتنام "ی ئەم سەردەمەو بەری ڕەنج و هیلاکی تێکۆشەران ، خوێن و فرمێسکی پێشمەرگەکانیش بۆ خۆمان دەبوو و نەدەچووە ناو ناشی هیچ لایەن و دەوڵەتێکەوە .

★ ڕاستە ناکۆکی نێوان ڕژێمی فاشی عیراق و گەلی کورد ناکۆکیەکی سەرەکیەو سروشتێکی دوژمنکارانەی ئەوتۆی هەیە کە بە خەباتی چەکداری نەبێت چارەسەر ناکرێت . ڕاستیشە خەباتی چەکداری کاریگەرێتی بڕیاردەر و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر وردوخاشکردنی دام و دەزگاکانی ڕژێم و هەڵوەشاندنەوەی پیلان و نەخشە گڵاوەکانی . بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە خەباتی چەکداری بەتاقە شێوەی خەباتی گەلەکەمان دابنێین و شێوازەکانی تری

خەبات وەلاوەنێین و ڕەوتی سەربازانە بەسەر واقیعی ولاتەکەماندا زاڵ بکەین • چونکە هەموو کوردستان لەبری هەموو دارێك تفەنگێك بێ ، بەلام سیاسەتێکی ڕاست و دروست و بۆچوونێکی زانستیمان بۆ سەرجەمی مەسەلەکان نەبێ ، ناگەینە ئەنجام و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان بە فیڕۆ دەڕوات ، تاقیکردنەوەی بزوتنەوەی چەکدارانەی ۱۹۷٤ ـ ۱۹۷٥ باشترین بەلگەی ئەو ڕاستییەیە •

ئەگەر بێت و لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەی سەرەوە چالاکییەکانی ئەو ماوەیەی ڕابردووی هێزەکان هەڵسەنگێنین ، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بەپێی سیاسەتێکی ڕاست و دروست و بۆچوونێکی زانستیانە ئاراستە نەکراون و نەچوونەتە ڕێوە • بۆیە زیانی زۆریان بە خەباتی شۆڕشگێڕی و بەرژەوەندییەکانی جەماوەری گەلەکەمان گەیاندوە و بونرتە هۆی لاوازی و پوکانەوەی هێزەکان خۆیان و کشانەوەیان بۆ ناوچەکانی سەر "سنور"ی نێوان عیراق و ئێران و تورکیا • بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە ئەم چەند تێبینییە دەخەمە ڕوو :

١/ زۆربەی ئەو چالاکیانە وەك تەکتیك لە خزمەتی ستراتیجی گشتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا نەبوون و نەبوونە هۆی گەلەکەبوونێکی چونایەتی لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕانەو هیچ پەرەپێدانیان بە بزوتنەوەکە نەدا • ٢/ ئەو چالاکیانەشیان بە شانی شێوەکانی تری خەبات و بەپێی واقیعی بابەتی نەچوونە ڕێوە وزیاتر ڕەوتی سەربازانە ( عەسکەرتاریا )یان دەچەسپاند • ٣/ ئەو چالاکیانە بەپێی پیلانێکی زانستیانەی وردی وەها ئەنجام نەدراون ، کە تیایدا ڕەچاوی توانای بزوتنەوەکە و قۆناغی خەبات و هەلومەرجی کوردستان کرابێت،وەبەو جۆرە بوون کە تەنیا توانای دەوڵەتێك دەتوانێ ئەنجامیان بدات • ئەوەش ڕەوتی پشت بەستن بە ئێران و پارمەتییەکانی پەرەپێدا و سەربەخۆیی بزوتنەوەکەی خستە مەترسییەوە • ٤/ ئەو چالاکیانە بێ خەملێنی هەلومەرجی بابەتی و خۆیی ، بازیاندا بەسەر قۆناغە سروشتییەکانی خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕی گەلیدا و چوونە ناو قۆناغی هێرشی ستراتیجییەوە • لەم حاڵەتەشدا لەبەر بێتوانایی ئەو هێزانە بۆ پاراستنی ناوچە ڕزگارکراوەکان و نابەرابەری تەرازووی هێزەکانی نێوان بزوتنەوەکە و ڕژێمی فاشی عیراق ، جەماوەری گەلەکەمان زیانێکی زۆریان پێگەیشت و کوردستان زەبری کوشندەی لێوەشێنراو زەمینە بۆ بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و بێ هیوایی و ڕەشبینی و لاموبالاتی خۆش بووەوە • ٥/ زۆربەی ئەو چالاکیانە سروشتی جەنگی جەبهەییان بەخۆوە گرتبوو و بە ناوکاری

سوپای ئێران ئەنجام دران . ئەوەش زیانێکی مرۆیی و ماڵی و سەربازی زۆری لە هێزەکان دا و بە هۆی لەنگی تەرازووی هێزەکانی نێوان ئەو هێزانە و ڕژێمی ئێران ، زەمینە بۆ چەسپاندنی پایەگا و شوێن پەنجەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا خۆش بوو .

٦/ ئەو چالاکیانە بە هێزوتوانای لەبن نەهاتووی جەماوەر ئەنجام نەدەدران و پەیوەندی پتەویان لەگەڵ جەماوەری شارەکان دا نەبوو ، بۆیە پاش بە دەستهێنانی سەرکەوتنی کاتی دەشکێنران و پاشەکشە بە هێزی پێشمەرگە دەکرا و لە زەمینەی سروشتی ژیان و گەشەکردن دور دەخرایەوە .

بێگومان هۆی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو هێزانەی ڕابەرایەتی بزوتنەوەکە دەکەن . چونکە ئەو هێزانە بەپێی پێکهاتن و بیرکردنەوە و پراکتیکی بۆرجوازیانەی خۆیان وناتەباییان لەگەڵ ناوەڕۆکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا ، لەتوانایاندا نییە پێڕەوی هێڵی سیاسی و سەربازی شۆڕشگێڕانە بکەن و کاری شۆڕشگێڕانەی بڕیاردەر ئەنجام بدەن و کورت بین و تەجروبەگەر دەبن و لەبەر ڕۆشنایی زنجیرەیێک دەست پێشکەری شەخسی و ئایدیالیستانە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن .

★ تاتیکردنەوە تاڵ و خوێناوییەکانی خەبات و فیداکاری گەلەکەمان لە سەدەی بیستەم دا ، ڕەفتارکردن لەگەڵ چەندین دەوڵەت و هێزی گەورە و بچووک دا ، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە داگیرکەرانی پارچەیەکی کوردستان ناتوانن ببنە دۆست و پشتیوانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی پارچەیەکی‌تر و هەرچەند هونەر بنوێنین لە فرت و فێڵ و چەواشەکردن دا ، چەند وریابن لە پیلان گێڕان و گەمەی دیبلۆماسی‌دا ، هەرچی جلێکی ڕەنگاوڕەنگ بپۆشن ، جگە لە دیلێتی و بێبەشی هیچی‌تر بۆ گەلی کورد ناخوازن... مەبەستیشیان لە هاوکاریکردنی بزوتنەوەی پارچەکی‌تر تەنیا بەکارهێنانیەتی لە پێناو نیازی داگیرکەرانەی خۆیان و هێنانەدی ئامانجەکانیان ، بۆ سوود وەرگرتنە لە فرمێسک و خوێن و قارەمانێتی جەماوەر بۆ جێبەجێکردنی پیلان و نەخشە گڵاوەکانی خۆیان .

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دۆستی گەلی کوردی کوردستانی خواروو نیە و لەدەستی نایەت یاریدەدەری خەباتەکەی بێ . چونکە ڕژێمێک کە کورد بە نەتەوەیەکی خاوەن ماف و مێژوو و کەلەپور و زمان و ئەدەب و نەریتی تایبەتی نەناسێ و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لەبەر داواکاری مافی ئۆتۆنۆمی قەتڵ و عامی کورد حەلاڵ بکات ،

ڕژێمێك کە باوەڕی بە بچووکترین مافی سەرەتایی مرۆڤ نەبێ وهەموو دەنگێکی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی ئێران کپ بکاتەوە ، چۆن دەتوانێ دۆست و پشتیوان و خەمخۆری کوردەکانی پارچەیەکی‌تر بێ ؟ چۆن لەدەستی‌دێ یارمەتی ڕزگاری و سەرفەرازی چەوساوەکانی ئەودیو "سنوور" بدات ؟ چۆن قایل دەبێ سەرکەوتن بۆ خەباتی پارچەیەکی تری کوردستان مەیسەر بکات ؟ .

گوێزانەوەی قورسایی جەنگ لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان و هێرشەکانی بۆ سەر خاکی ولاتەکەمان خۆبەخۆ و بێ هۆ نەبوو ، بۆ سڕینەوەی شوێنەواری بەعەرەب کردن و ڕزگارکردنی چەوساوەکانی گەلەکەمان لە زولم و زۆرداری و نەهێشتنی ئیستعماری ئیستیطانی نەبوو ، بۆ پاراستنی عیراق لە پیلانی کەرتخوازانە و نابەشخوازانەی ڕژێمی تورکیا نەبوو ، بەڵکو بە هۆی شکستیەکانی ڕژێمی ئێران لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق و گرانبەهایی چالاکیەکانی ئەو جێگایانەوە بوو . بۆ کەم کردنەوەی فشار بوو لەسەر ناوچەکانی خوزستان و پاراستنی ناوەزراوە نابوریەکان بوو ، بۆ شپرزەکردنی سوپای عیراق و بڵاوکردنەوەی هێزەکانی بوو ، بۆ لێدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات و ئیران بوو کە بارەگاکانیان لە کوردستانی خواروو بوو ، بۆ شارەزابوونی کوردستانی خواروو و چەسپاندنی جێ پێ بوو هەتا لە کاتی هاتنەسەر کاری "کۆماری ئیسلامی عیراق" ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات دوبارە نەبنەوە ، بۆ لاوازکردن و دەستەمۆکردنی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی خواروو بوو .

ئەوەی شایانی باسە شتێکی سروشتیە هێزەکانی کوردستان هەولێ پەیداکردنی سەرچاوەی یارمەتی بدەن و پەیوەندی و هاوپەیمانی جیهانی و دەوڵەتی دروست بکەن . بە تایبەتی کە شوێنەواری جوگرافی کوردستان و بوونی چەند دەوڵەتێکی داگیرکەری دژ بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لەنگی تەرازووی هێزی نێوان ڕژێم و بزوتنەوەکە و پاشکەوتنی ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، تەکنیکی ، ئەلومەرجی خەباتی لە کوردستاندا ئالۆزکردووە . بەڵام بە مەرجی هیچ کاتێك ئەو پەیوەندی و هاوپەیمانیە بە فاکتەری سەرەکی و بڕیاردەر دانەنرێ ، پرنسیپی پشت بەخۆ بەستن ولاوە نەنرێ ، سەربەخۆیی هەمەلایەنی بزوتنەوەکە نەکەوێتە ژێر مەترسیەوە . پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشم کە دیاردەی پشت بە دەرەوە بەستن و پەیوەندی کردن لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری پارچەیەکی تری کوردستان دا بۆتە دیاردەیەکی ترسناکی هەمیشە دوبارە بووەوە ،

هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ : ١/ نەبوونی پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە بۆ ڕابەریکردنی بزوتنەوەکە ٠ ٢/ بالادەستی بۆرجوازیەتی کوردستان لە بزوتنەوەکەدا کە بەپێی سروشتی چینایەتی خۆی پشوکورت و ڕارایە ، ناتوانی ڕابەرایەتی کاری بڕیاردەر بکات ، لەدەستی نایەت شێوازی نوێی خەباتی گەلی درێژخایان پێڕەوی بکات و پرنسیپی پشت بەخۆ و جەماوەر بەستن جێبەجێ بکات ٠ جگە لەوە بە چاکی دەزانم ئەوەش بڵێم ئەگەر پەیوەندی لە نێوان بزوتنەوەی گەلێکی بچووک ،وەك کورد و دەوڵەتێکی گەورە و بەتوانای وەك ئێراندا دروست بوو ، بزوتنەوەکە لە سەرەتادا سوود لەو پەیوەندیە وەردەگرێ و هەندێ پێداویستی خۆی جێبەجێ دەکات ، بەلام پەیوەندیەکە هەر بەو شێوەیە نامێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت : یەکەم/ دەوڵەتی ئێران سوود لە بزوتنەوەکە وەردەگرێ و جێ پێی خۆی لە کوردستاندا توند دەکات و بزوتنەوەکە دەستەمۆ دەکات ٠ دوەم / گەلی کورد بێویستی خۆی دەبەسترێتەوە بە ستراتیجیەتی ئێرانەوە ٠ جا لەم بوارەدا سەرکردەی بزوتنەوەکە چەند بلیمەت و شارەزابن لە کارپێکردنی تەکتیکدا ناتوانن ڕێگە لەو گۆڕانکاریە بگرن ٠

★ جەنگی نارەوای نێوان عیراق و ئێران و بەردەوام بوونی تەنیا لە بەرژەوەندی چینە چەوسێنەرەکانی ئەو دوو دەوڵەتەدایە ، بۆ سەپاندنی دەسەلات و فراوان کردنی نفوزی ئەوان و داگیرکردنی خاکە ، دژی ویست و ئامانج و ئارەزوو و بەرژەوەندیەکانی کەلان و ستەم دیدەکانی هەردو ولاتەوە هیچ سوود و قازانجێکی بۆ گەلی کوردمان تێدانیە ٠ گوێزانەوەی قورسایی جەنگیش بۆسەر خاکی کوردستان نەك هەر سوودی بۆ گەلەکەمان نەبووە ، بەلکو بووە هۆی مالوێرانی چەوساوەکان و کاولبوونی سەدان گوندی ولاتەکەمان کە شوێنی خۆحەشاردان و حەسانەوەی پێشمەرگەکان و سەرچاوەی ژیانیان بوون و هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان ، کە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی پێویست و سوود بەخشن ، بە فیڕۆ چوون ٠

جەنگی عیراق و ئێران ناتوانێ یاریدەدەری سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی کوردستان و گەلانی عیراق بێ ٠ چونکە شۆڕش پرۆسەیەکی هوشیارانەیە و لە ئەنجامی گەشەکردنی یاسا بابەتیەکانی ناو ولات و کارلێکردنی فاکتەرە بابەتی و خۆییەکان هەڵدەگیرسێ و دەچێتە ڕێوە ٠ لێرەشدا مەحالە فاکتەرە دەرەکیەکان ( لەوانە جەنگ ) بتوانن بەبێ ئامادەبوونی فاکتەرە ناوەکیەکان ، زەمینەی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕوخاندنی ڕژێم سازبکەن ٠ جەنگی عیراق و ئێران لە کاتێکدا دەکرا

بە فاکتەری یاریدەر دابنرێ وبۆ پێگەیاندنی ساتی شۆڕشگێڕی سوودی لێ وەربگیردرێ ، کە هێزێکی پێشڕەوی ڕاستەقینە ڕابەرایەتی چەوساوەکانی بکردایە و یەکێتی ڕیزەکانی گەل لە ئارادا بوایە . بۆیە دەتوانم ئەوە دوپات بکەمەوە کە تاقە ڕێگەی ئاوابوون بە ئامانجەکانمان ، خەباتی شۆڕشگێڕانەی پشت ئەستوورە بە هێزی لەبن نەهاتووی چەوساوەکان و هاوکاری گشت ئازادیخوازەکانی عیراق و ناوچەکە و جیهان ، نەک هێرشی بەرفراوانی ڕژێمی ئێران و چاوەڕوان کردنی گۆڕانی نەخشەی سیاسی ناوچەکە و گەمەی مقاوەزات . تاقە ڕێگەیەکیش بۆ کۆتایی هێنان بەو گیروگرفت و مەینەتیانەی لە ئەنجامی جەنگەکە لە کوردستاندا پەیدابوون ، کۆتایی هێنانە بە جەنگ لە ڕێگەی گۆڕینی جەنگی ناڕەوا و دەستدرێژکەرانەوە بۆ جەنگی ناوخۆ بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بۆرجوازی عیراق و ئێران .

★ ئەو هێرشە دڕندانەیەی ڕژێمی فاشی بۆسەر کوردستانی هێناوە ئەوەندە فراوان و بەربلاوە ، ئەوەندە سەخت و ڕەگەزپەرستانەیە ، بەرەی بەرگری لێکردنی ئەوەندە فراوان کردۆتەوە جێگەی هەموو کوردێکی دڵسۆزی تێدا دەبێتەوە . لەم هەلومەرجەدا ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی کەوتۆتە ئەستۆی دیموکرات و پێشکەوتنخواز و نیشتمان پەروەرەکانی گەلەکەمان لە دوورە ولاتی و ، پێویستە هەموو لە ئاستی مەسئولیەت دابین و مەسەلەی ڕەوای گەلە ستەم دیدەکەمان و کوێرەوەری و نەهامەتیەکانیان تێکەڵ بە مەسەلەی سیاسەتی هێزەکان نەکەین و بە ئاگری ئەوان نەیان سووتێنین .

بەر لە هەموو شتێك پێویستە هەموو قۆڵ بکەین بە قۆڵی یەکتری دا و تێبکۆشین بۆ ڕیسواکردنی ڕژێمی فاشی عیراق و پەردەهەڵماڵین لەسەر تاوانە گەورە و دژی مرۆڤایەتیەکانی ، خەبات بکەین بۆ تێکشکاندن و سەرنەکەوتنی پیلان و نەخشە شۆفێنیستیەکانی لە کوردستاندا . بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی سەرشانمانە هەوڵ بدەین سەرنجی بیروڕای گشتی جیهانی بۆلای مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان ڕابکێشین و یارمەتی و کۆمەکی بۆ چەوساوە و لێقەوماوەکانی کوردستان پەیدا بکەین ، پشتگیری پەیدا بکەین بۆ تاوانبارکردنی ڕژێمی عیراق لەلایەن گەلانی دنیاوە و بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەك بەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستە . بۆ جێبەجێکردنی ئەوانە دەتوانین پەنا بەرینە بەر ناردنی نامەو بروسکە بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان ، کۆڕ و سیمینار و مانگرتن و خۆپیشاندان ساز بکەین ، چالاکی هەمەجۆر بنوێنیبن . شان بەشانی ئەوانە دژی

جەنگی عیراق و ئێران تۆپەکۆشین و هێرشەکانی ئێران بۆ سەر کوردستان تاوانبار بکەین و بانگەوازیش بگەیەنینە هێزەکانی کوردستان چیتر پێڕەوی ئەو جۆرە سیاسەتانە نەکەن کە دەبنە هۆی نەهامەتی و کوێرەوەری گەلەکەمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دووچاری چارەنووسی نادیار و پڕمەترسی دەکەنەوە .

★ کەم بەدەنگەوە هاتنی مەسەلەی کورد و بێ دەنگی دەزگاکانی "نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ بەرامبەر مەینەتیەکانی گەلەکەمان، کاری سەلبی کردۆتە سەر ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان و لەهەندێ شوێن زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی بیروڕای نادروستی تاکڕەوی نەتەوایەتی و بەکڕاچوونی میللەتان خۆشکردوە و بواری بۆ دەربڕینی ناپەیدای " نالەباری وەزعی دەولی " ڕەخساندوە ، بۆیە بەچاکی دەزانم ئەم چەند ووشەیە دەربارەی بنووسم :

ئەوەی ڕاستی بێ هۆی کزی بەدەنگەوە هاتنی مەسەلەی کورد و بێ دەنگی ڕای گشتی جیهانی بەرامبەر مەینەتیەکانی گەلەکەمان هۆی تایبەتی خۆی هەیە ، هەندێك لەوانە بابەتین و هەندێکی تریش خۆیین . هۆ بابەتیەکان ئەمانەی لای خوارەوەن : ١/ نەتەوەی کورد لە چەند دەوڵەتێك دا دەژین کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ، دوان لەوانە لە ریزی دەوڵەتە نەوتیە گەورەکانی دنیان و هەندێ لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی نەوتی ئەم وڵاتانەش کەوتوونەتە کوردستانەوە . جگەلەوە ئەو دەوڵەتانە بازاڕێکی گەورە و فراوانن بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلی دروستکراو و بەرهەمی وڵاتە پیشەسازیەکان و چەك و تفاقی جەنگی . بێگومان ئەمانە هەموو هەلومەرجی پەیداکردنی دۆست و هاوپەیمانیان بۆ گەلی کورد ئاڵۆزکردوە، هیچ دەوڵەتێك لەوانەی بەرژەوەندیان لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دا هەبێ، ئامادە نابێ قازانج و پەیوەندیەکانی خۆی لەبەر مەسەلەی کورد بخاتە گێژەوکێشەوە . ٢/ دەزگاکانی " نەتەوە " یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ ئەمڕۆ لەژێر کاریگەری ئەو دەوڵەتانەدان و دۆست و هاوپەیمانی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکەی نین ، یان ئامادە نین بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەبەر گەلێکی بچووك و چەوساوە و بێ دەوڵەت بخەنە مەترسیەوە . ٣/ وڵاتە سۆسیالیستەکانیش هەتا ئەمڕۆ بە ئەرکی ئینتەرناسیۆنالیستانەی خۆیان بەرامبەر گەلی کورد هەڵنەساون و بێدەنگ بوون لە ئاستی کوێرەوەری و چەوساندنەوەکانی گەلەکەمان و وڵاتەکەمان و تەنانەت بە هەواڵێکی کورتی ڕۆژنامەگەری و تەلەفزیۆنیش کارەساتێکی، وەك ئەوەی هەڵەبجەی خوێناوی، بەسەر ناکەنەوە .

هەواڵنامەی کتێب

بەلام هۆ خۆییەکان بریتین لە : ١/ هێشتا بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان نەیتوانیوە چ لە رووی ناوەڕۆك و شێوەوە ، یان بەرنامە و جۆری خەباتەوە ئەوەندە گەشەبکات و بتوانێ سنووری هەرێمی "اقلیمی" خۆی ببڕێت و وەك گیروگرفتی ناوخۆی ئەو دەولەتانە ماونەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. ٢/ هێزەکانی کوردستان چ بەهۆی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی نێوانیانەوە ، یاخود جۆری تێڕوانین و جیهانبینیانەوە ، نەیان توانیوە راگەیاندنێکی وەها بهێننە ئاراوە کە بتوانێ مەسەلەی کورد لە سنوورە هەرێمیەکەی خۆی دەرباز بکات و بە شێوە فراوانەکەی بە گەلانی دنیای بناسێنن. ٣/ پەیوەندی بەردەوام و دووبارەبووەوەی هێزەکانی پارچەیەك لەگەڵ دەولەتی داگیرکەری پارچەیەکی‌تردا و هەرەس هێنانی بزوتنەوەکە لە کۆتایی پچرانی ئەو پەیوەندیە ئەو ئیمپریێشنەی ( انطباع ) داوە بەڕای گشتی جیهان، گوایە مەسەلەی کورد فاکتەری پشێوی و ئاژاوەنانەوە و دژایەتیکردنی حکومەتی ناوەندی ولاتە داگیرکەرەکەیەتی نەك مەسەلەی نەتەوەیەکی بەش بەش کراو و ولاتێ داگیرکراو.

سەرەڕای هەموو ئەو هۆ بابەتی و خۆییانەی باسمان کردن گەلی کورد بێکەس و بێپشتیوان نیە . ئەگەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان لەسەر رێبازی مێژووی خۆی بڕوات و رێگای راست و دروست بگرێتەبەر و لە کۆڕی خەباتدا خۆی بچەسپێنێ و جەماوەر بە گشتی ببزوێنێ ، بێگومان لەناو وولاتە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە و رزگاریخوازی گەلان و بزوتنەوەی کرێکاری پێشکەوتنخوازی ولاتە سەرمایەداریەکاندا ژمارەیەکی زۆر دۆستی دلسۆز و هاوپەیمانی چاك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە . پێویستە لەم بوارەدا ئەوە دوپات بکەینەوە کە لە هەموو بارودۆخێکدا مەسەلەی کورد بە یارمەتی و پشتگیری ئەم حیزب و دەولەتی گەورە یان بچووك چارەسەر ناکرێ ، بەلکو تەنیا لەلایەن چەوساوەکانی گەلەکەمان و لەسەر زەمینەی کوردستان دێتە چارەسەرکردن و بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستان و رابەرایەتی پارتی پێشرەوی راستەقینە و هاوخەباتی گەلی کورد و گەلانی تری دراوسێ و چەوساوەکانی دنیا دەگاتە ئەنجام.

●●●

لە کۆتاییدا ئەوە دوپات دەکەمەوە کە چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە ئالۆز و دژوارەی کوردستان و کۆتایی هێنان بەو هەلومەرجە

سەخت و پڕمەینەتیەی گەلی کوردی تیا دەژی،چەند پێداویستیەکی گەرەکە ، لەوانە :

– هێزەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات چیدی بەردەوام نەبن لەسەر ئەو تەکتیکە سیاسی و سەربازیانەی لە ماوەی ئەم ساڵ و نیوەی رابردوودا گرتوویانەتە بەر ، نەبنە تەرەفداری هیچ یەکێک لە لایەنەکانی جەنگ ، پێش هێزی ڕژێمی ئێران نەکەون بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی کوردستانی خوارروو ، یاریدەدەر نەبن لە گوێزانەوەی قورسایی تەراوەتی جەنگ بۆسەر خاکی وڵاتەکەمان . چیدی پرنسیپی پشت بەخۆ بەستن و سەربەخۆیی ولاوەنەنین ، سیاسەتەکانیان بە گوێرەی بارودۆخی وڵاتی خۆمان و رەچاوکردنی هێزو توانای خۆیان و پێ راکێشان بەقەدەر بەرەکەی خۆیان دابرێژن ، بەرژەوەندیەکانی گەل لە سەرووی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دابنێن و ئەو دروشمە کارێ نەکەن کە دەڵێ:" بزووتنەوەکە هەموو شتێکە و ئامانج دوایی هیچ نیە " ، نەهێڵن ئەو ڕووداوە پڕ مەترسیانەی کوردستان لەسەر حیسابی ئارەق و خوێن ومانددبوونی چەوساوەکانی گەلەکەمان تەواو بێت .

– کۆتایی هێنان بەو هەلومەرجە ناخۆش و نالەبارەی ڕیزەکانی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و عیراق و دامەزراندنی حیزبی شێوە نوێی کرێکارانی کوردستان و کرێکارانی عیراق و جۆشدانی خەباتی زۆرلێکراوەکانی کوردستان و عیراق و هێنانەدی دیموکراتیەت وسۆسیالیزم بۆ عیراق و مافی دیارکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان .

– پەرەپێدان بەکاری هاوبەشی کوردە ئاوارەکانی گەلەکەمان لە دوورە وڵاتی بۆ گەیاندنی ڕووی راستی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان و کوێرەوەریەکانی چەوساوەکانی کوردستان بە ڕای گشتی جیهان و پەردە هەڵماڵین لە ڕووی کارە نامرۆڤانەکانی ڕژێم و ڕیسواکردنی تاوانەکانی لە کوردستان دا . بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزەش ناکۆکی و جیاوازیە لاوەکیەکانی ڕیزەکانی خۆمان زاڵ نەکەین بەسەر ناکۆکیە سەرەکیەکەی نێوان ڕژێمی فاشیی عیراق و چەوساوەکانی کوردستان دا و شان بە شانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان و مشت و مڕکردن لەسەر جیاوازیەکان ، کاری هاوبەش لە خزمەتی مەسەلەی ڕەوای گشتی گەلەکەمان دا ئەنجام بدەین .

– پێشکەوتنخوازەکانی دنیا دەنگی نارەزایی خۆیان بگەیەننە گوێی کاربەدەستە خوێن ڕێژ و وڵات کاول کەرەکانی عیراق ، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بەرپاکردنی جەنگی لەناوبردن لە دژی گەلی کورد

ئاوانبار بکەن ، دەنگی هاوکاری و هاودەردی بگەیەننە لێقەوماوەکانی گەلەکەمان لە کێو و دۆڵ و شار و دێهاتەکانی کوردستان و لە ئاوارەیی ، خەبات بکەن بۆ ڕیسواکردنی ڕژێمی دژ بە مرۆڤی فاشیەکانی عیراق و بەرزکردنەوەی داواکاری : قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەکی گشت کوژە بە ڕژێمی عێراق چونکە زۆربەی لە کوردستاندا بەکار دەهێنێ .

■■■

# پیرۆزبایی

هەواڵنامەی کتێب

لەم ماوەیەدا ژمارەی یەکەمی گۆڤاری " پەرەنگ " ، لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردەوە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بڵاوکرایەوە . ئەو ژمارەیە چەندین بابەتی گرنگ و سوودبەخشی گرتۆتە خۆی ، وەک : " باش هەڵەبجە ، خورماڵ .. سلێمانی ، دەربەندیخان ، یان...؟ " ، " شەڕی عیراق و ئێران " ، " ڕۆشنایی یەک لەسەر ئێستای ڕۆشنبیریی کوردی " ، " وانەکانی ڕاپەڕینەکەی هامبۆرگ " و چەندین بابەت و هەواڵی هەمەجۆر .

پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە دەستەی ئامادەکەرانی " پەرەنگ " دەکەین ، هیوادارین ئەو گۆڤارەش تریبۆنێکی ئازاد و سەربەخۆی تر بێ بۆ ڕۆشنبیرەکانی گەلەکەمان و بەردەوام بێ لەسەر بڵاوکردنەوەی بیری زانستی و پێشکەوتنخوازی ، وە ئاواتەخوازین شوێنی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێ .

خەباتی گەلان

# ڕاپەڕینی گەلی فەلەستین بەردەوامە

یەکگرتن

هەواڵنامەی کتێب

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە ، ڕاپەڕینی جەماوەریی لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین ، دژی زایۆنیزمەکان و سیاسەتە سەرکوتکەرە خوێناوییەکان و ڕەفتارە شۆڤێنیستییەکانیان ، هەڵگیرساوە و گەلی قارەمانی فەلەستین کرێکار و جوتیار ، ژن و پیاو ، پیر و گەنج و منداڵ ، مامۆستا و قوتابی ، دەستی داوەتە بەردە دار ، بێڵ ، خەنجەر ، چەکی سادە و سەرەتایی و بەرەنگاری داموودەزگا سەربازی و داپڵۆسێنەرەکانی زایۆنیزم بوونەتەوە .

هەڵگیرسانی ئەو ڕاپەڕینە ، ڕووداوێکی ڕێکەوت و چاوەڕوان نەکراو نەبوو ، کارێکی خۆڕسکیانە و دابڕاو نەبوو لە خەباتی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین ، وەک هەندێ دەوڵەت و هێزی کۆنەپەرست دەریان دەبڕی . بەڵکو سەرئەنجامێکی سروشتی ئەو سیاسەتە نابوود و کۆمەڵکوژی و فەرەنگی شۆڤێنیستانە بوو ، کە دەیان ساڵە زایۆنیزمەکان لەدژی ستەمدیدەکانی فەلەستین پێڕەوی دەکەن و لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا ئەم ڕادە بەرەیان پێ دابوو . درێژەپێدەری ئەو خەباتەیە کە دەیان ساڵە گەلی فەلەستین بەرپایان کردوە ، تەواوکەری تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی سیاسی ، سەربازی ، ئیعلامی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینە لە ناوەوە و دەرەوەی فەلەستین .

ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی فەلەستین ، جارێکی تر ئەو ڕاستییەی سەلماندەوە کە مەسەلەی فەلەستین مەسەلەی چەند هەزار

پەنابەندە و کۆچکردویەک نییە ، بەڵکو مەسەلەی گەلێکی چەوساوە و نیشتمان داگیرکراوە . مەسەلەی هێنانەدی ئۆتۆنۆمی نیە بۆ هەندێ شاری فەلەستین ، بەڵکو مەسەلەی دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بۆ گەلی فەلەستین . هەروەها ڕاپەڕینەکەن دەربڕی کۆمەڵێک ڕاستی و سەرئەنجامی واقیعی بوو ، لەوانە : ١/ ڕاپەڕینەکە ڕەتدانەوەیەکی جەماوەریی فەلەستینی بوو ، بۆ ئەو بارودۆخی لاوازی و خۆبەدەستەوەدانەی هەندێ هێز و وڵاتی عەرەبی تێیدا دەژیان و لە کۆنگرەی "عمان"دا بەرجەستەبووەوە و تیایدا هەوڵ درا مەسەلەی فەلەستینی لە مەسەلەیەکی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بکەنە مەسەلەیەکی لاوەکی ، وە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین دەستەمۆ بکەن . ٢/ ڕاپەڕینەکە بەدرۆخەرەوەی ئەو بیروڕایە بوو کە دەی ووت : "گەلی فەلەستین لە ناوچە داگیرکراوەکان هیلاک بووە و توانای خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەماوە و باوەڕی بە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین نەماوە" ، وە ڕێگربوو لە هەموو جۆرە "وصایة" تێکی کۆنەپەرستانی عەرەبی و نوێنەرایەتیەکی نا فەلەستینی . ٣/ ڕاپەڕینەکە دەرخەری چەوتی ئەو ئایدیایە (فیکرە) بوو کە دەی ووت : "ناوەندومەڵبەندی خەباتی فەلەستینی بریتیە لە خوارووی لوبنان" ، وە سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بەڵگە نەویستە بوو کە ناوەند و مەڵبەندی خەباتی ڕاستەقینە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستینە ، چونکە لەوێ هێزە نیشتمانیەکان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی زایۆنیزمەکان دەبنەوە . ٤/ ڕاپەڕینەکە لوت بەرزی ئەو زایۆنیزمانەی شکاند ، کە لەو بڕوایەدا بوون دەتوانن ناوچە داگیرکراوەکانی "قطاع غزة" ، "الضفة الغربية" وەک سەرچاوەیەکی ئابووری دەوڵەمەند بەکاربهێنن و ، بۆیان دەکرێ لە ڕێگەی چەند سەد سەربازێکە و هەندێ بەکرێ گیراوەوە بیپارێزن . ٥/ ڕاپەڕینەکە چەوتی دوو ڕێبازی جیاوازی خەباتی دەرخست : یەکەم/ ڕێبازی پەرستنی خەباتی چەکداری ڕووت ، دووەم / ڕێبازی قەبەکردنی دیبلۆماسیەتی تیهێنی . وە ئەوەی دووپات کردەوە ، کە بەبێ کاری سیاسی جەماوەری و خەباتی گەلی دژبەخۆیان ، زایۆنیزم لەناوناچێ و ئامانجی مافی دیاریکردنی چارەنووس دابین ناکرێ . ٦/ ڕاپەڕینەکە وەڵامێکی گونجاو بوو ، بۆ هەموو جۆرە چارەسەرێکی سازشکارانە و پاکژکەرانە (تصفوي) مەسەلەی فەلەستینی ، کە لەلایەن هەندێ ڕژێمی کۆنەپەرست و ئیمپریالیزمی ئەمریکیەوە هەوڵی بۆ دەدرێ .

زایۆنیزمەکان وایان دەزانی ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەی گەلی فەلەستین ، هەڵچوونێکی عاتیفی و کاتیە و بەئاسانی دادەمرکێنەوە . بەڵام دڵێری و چاونەترسی ، جەماوەری ڕاپەڕیو ، پتەوی ڕیزەکانی

ڕاپەڕینەکە و واتیەتی دروشمەکانی، کارلێکردنی سەرکردایەتی لاوی شۆڕشگێڕی ناوەوە و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین، چەوتی و خەیاڵ پلاوی بۆچوونی زایۆنیزمەکانیان سەلماند. ڕاپەڕینەکە نەک هەر دانەمرکایەوە، بەڵکو گەشەی کرد و فراوانتر بووەوە، لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان دەرچوو، وەلە توانایاندا نەما چیتر بیشارنەوە.
ئەوەبوو دەنگوباسی ڕاپەڕینەکە: شۆڕشی بەرد، بە هەموو گەرمی و سووچێکی جیهان دا بڵاوبووەوە و بووە جێی دڵخۆشی و سەرنج ڕاکێشانی پێشکەوتنخوازەکانی دنیا.

کاتێک زایۆنیزمەکان هەستیان بەوە کرد ئەو ڕاپەڕینە لەوانەی پێشوو ناچێت و مەترسی گەورەی هەیە، بەدڕندانەترین شێوە چەرو بەگژی دا: دەیان فەلەستینی شەهیدکردو سەدانی بریندارکرد، هەزاران تێکۆشەری لە زیندانەکان توندکرد، چەندین هاوڵاتی لە فەلەستین دوور خستەوە، گەمارۆی نزیکەی ۱ ملیۆن فەلەستینی دا و هاتوچۆی لە ناوچە داگیرکراوەکان قەدەغەکرد...هتد. بەو کارانەی زیاتر ڕووی ڕاستەقینەی زایۆنیزمەکان بۆ ڕای گشتی جیهانی دەرکەوت، وە دەنگی بێزاری و ناڕەزایی لە هەموو لایەکی دنیاوە بەرز بووەوە. هەمان بەیاناتی تەرەفی سنووری پشتگیری و لایەنگیریکردنی مەسەلەی ڕەوای فەلەستین فراوانتر بووەوە.

ڕاپەڕینە جەماوەریە بەردەوامەکەی گەلی فەلەستین، ئەوا بەسێ دەنێتە حەوتەمین مانگەوە بۆ بەردەوام بوون و گەشەکردن و باڵ بوون بە ئامانجەکانی خۆی، پێویستی بە چەند کەرەسەیەک هەیە، لەوانە:

۱/ ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین ناسنامەی خۆی وەک بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بچەسپێنێ. بە مێژووی ڕابردووی خۆیدا بچێتەوە و چارەسەری گیروگرفتە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ناوخۆی بکات و ڕیزەکانی خۆی پتەو بکات. پەرە بە ڕەفتار و خەبات و دروشمەکانی خۆی بدات و بەرزیان بکاتەوە بۆ ئاستی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریەی ئێستا ئارادایە. سیاسەتی هاوپەیمانێتی خۆی هەڵبسەنگێنێ و دووربکەوێتەوە لە تەوەری کۆنەپەرستی عەرەب و نزیک بکەوێتەوە لە هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب، چونکە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی گەلی فەلەستینن. قورسایی خەبات بخاتە ناوچە داگیرکراوەکان.

۲/ هێزە سیاسیەکانی فەلەستین، لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین، کۆتایی بە ناکۆکیە لاوەکیەکانی خۆیان بهێنن و چارەسەری گیروگرفتەکانی نێوانیان بکەن، وە هەموو وزە و توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ خۆشکردنی زەمینەی بەردەوامی و سەرکەوتنی

هەواڵنامەی کتێب

ڕاپەڕینەکە و ، پێکەوە دروشمی "هەموو پشتگیریەک بۆ ڕاپەڕینەکە" دووپات بکەنەوە .

٣/ هێزە شۆڕشگێڕەکان ، بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب دەوڵ بەدنگێنن . چاوێک بە تەنگوچەڵەمەکەیدا بخشێننەوە و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە ، بە بەرنامە و تەکتیک و کارەکانی حزبیان دا بچنەوە و بەرنامەیەکی کاری یەکگرتووی وەها دابڕێژن ، کە وزەی پەنگ خواردووی جەماوەر بتەقێنێتەوە و لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی چەوساوەکانی عەرەبدا بخرێتە گەڕ . لەم قۆناغەردا فشار بۆ حکومەتەکان بەرن ، داکۆکی لە ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی فەلەستین بکەن ، وە لەڕێگەی دەزگا دەوڵەتیە ڕەسمیەکانی دنیاوە ، زایۆنیزمەکان گەمارۆ بدەن و ئابڵووقەیان بکەن و داکۆکی کردنی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی لە داگیرکەرانی فەلەستین ڕیسوا بکەن و کۆمەکی هەمەجۆرەی شۆڕشی فەلەستین بکەن .

٤/ ئازادیخوازەکانی جیهان خەبات بکەن بۆ ئابڵووقەدانی زایۆنیزمەکان و ڕیسواکردنی کارە نامرۆڤایەتیەکانیان و فشار بخەنە سەریان بۆ بەرەڵاکردنی زیندانیەکان و کۆتایی هێنان بەباری نائاسایی ناوچە داگیرکراوەکان ، هەروەها کۆمەکی هەمەلایەنی شۆڕشی بەردی ستەمدیدەکانی فەلەستین بکەن .

ئێمە لەم بوارەدا پشتگیری خۆمان بۆ ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی گەلی فەلەستین و ئامانجە ڕەواکانی دەربڕین ، ئامادەیی بۆ هەموو جۆرە هاوکاری و کۆمەکێک نیشان دەدەین . هەروەها ئەوە دووپات دەکەینەوە کە گەلی فەلەستین و گەلی کوردستان ، لە خەبات و تێکۆشان دا ، دۆست و هاوپەیمانی بابەتی یەکترین ، وە بزووتنەوەکانی هەردوولا دوو ئاگردانی گڕی پیرۆزی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی زۆرلێکراوی دنیان ، وە پێویستە پەیوەندی یەکردەوەی نێوانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پتەو بوون بڕوات .

لە کۆتاییدا شان بەشانی ڕاپەڕیوەکانی فەلەستین دەڵێین :

- سەرکەوتوو بێ ڕاپەڕینی جەماوەری گڕپە سەندوو ، شۆڕشی گەلی فەلەستین لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووس دا .

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕاپەڕینەکە و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری فەلەستین .

- پتەو بێ دۆستایەتی و هاوپەیمانی هەردوو گەلی زۆرلێکراوی فەلەستین و کوردستان .

بیرەوەری

لە بیرەوەری ١٤٠ هەمین ساڵڕۆژی بڵاوبونەوەی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست دا

# ئەو بەرنامەیەی ملیۆنەها کرێکار پێڕەویان کرد

باوکی هۆزان

سەدوچل ساڵ لەمەوبەر، لە شوباتی ١٨٤٨دا، مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست، کە لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی ١٨٤٧ ـ کانونی دوەمی ١٨٤٨ دا لە لایەن مارکس و ئەنگڵزەوە نووسرابوو، بە زمانی ئەڵمانی لە لەندەن بڵاوکرابەوە، بۆ ئەوەی ببێتە یەکەمین بەرنامەی تیۆری وپراکتیکی کاملی یەکەمین ڕێکخراوی کرێکاری جیهانی: کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان. ئەوەی شایانی باسە دارشتنی ئەو بەرنامەیە: مانیفێست، بەو جۆرو ناوەڕۆکە، بەری ئەو هەوڵدانانەی پێشوتری دامەزرێنەرانی مارکسیزم و گەشەکردنی جولانەوەی کرێکاری و بەرەوپێدانی بەڵگەنامە بەرنامەییەکانی ڕابردوو بوو؛ واتە بەرهەمی ئەو دوو کارەش بوو، کە بەر لە بڵاوبوونەوەی "مانیفێست" لە ئارادا بوون: "پرۆژەی سمبولی باوەڕی کۆمۆنیستانە" کە ئەنگڵز لە حوزەیرانی ١٨٤٧ دا دای ڕشتبوو، "پرنسیپەکانی کۆمۆنیزم" کە ئەنگڵز لە تشرینی یەکەمی ١٨٤٧ دا دەری بڕیبوو.

مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست پەرەپێدانێکی هەمەلایەنی تیۆری شۆڕشگێری بوو، قوڵکردنەوەیەکی بنچینەیی ئەرکەکانی سەرشانی جولانەوەی کرێکاری بوو، "یەکەمین ئامێلکەی دراوان بوو بۆ فێربوونی خوێندنەوەی سیاسی سۆسیالیزم لە لایەن کرێکارانەوە"، دارشتنی دەستکەوتە تیۆریەکانی مارکسیزم بوو لە شێوەی بەرنامەیەکی سیاسی کۆنکرێتی ڕوونی وەهادا، کە پرۆلیتاریا هوشیارەکان بتوانن

هەواڵنامەی کتێب

سوودی لێوەربگرن و ڕێگای خەباتی خۆیانی پێ ڕۆشن بکەنەوە .
" مانیفێست " تەنیا وەڵامی ئەو مەسەلە جەوهەریانەی نەدەدایەوە کە ڕووبەڕووی جوڵانەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە دەبوونەوە بەڵکو بە شێوەیەکی بلیمەتانەش ئاسۆی ستراتیجی خەباتی پرۆلیتاریای دیاری دەکرد . هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بوو " مانیفێست " بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوەو بووە " بەرنامەی باوەڕپێکراوی ملیۆنەها کرێکار ، هەر لە سیبریاوە هەتادەگاتە کالیفۆرنیا " ، بووە بەرنامەی گشتی خەباتی پرۆلیتاریای جیهان بە درێژایی ساڵەکانی دوای خۆی و سەردەمی ئەمڕۆمان .

مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست لە سەردەمی ژیانی مارکس وئەنگلزوا بەچەندین زمان و لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیادا لە چاپدراوە و بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام بە هیچ جۆرێك دەستکاری نێکستە ئەسلیەکەی نەکراوە . بۆڕێ کردنیش لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی هەلومەرجی مێژوویی دیاریکراووگونجان لەگەڵ پێداویستیە نوێکانی خەباتی کرێکاران ، دەستکاری هەندێ بیروڕای کراوەو بە شێوەی"پێشەکی " چاپە جۆراو جۆرەکان لەلایەن مارکس و ئەنگلزەوە دەربڕاون . پێشەکیەکانی مانیفێست حەوت دانەیە ، دوانی مارکس و ئەنگلز پێکەوە نووسیویانە: پێشەکی چاپی ئەڵمانی ۱۸۷۲ و دووەمیش چاپی ڕوسی ۱۸۸۲ ، بەڵام پێنج پێشەکیەکەی تر ئەنگلز بەتەنیا و پاش سەرزبوونی گیای سەر گۆڕی مارکس " نووسیونی . لێرە پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە خوێندنەوەی ئەو پێشەکیانە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی و هەمەلایەنی " مانیفێست " .

## بەشە پێکهاتووەکانی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست

مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست پێکهاتووە لە دەستپێکێك و چوار بەش کە بە شێوەیەکی دیالەکتیکیانە پێکەوە گرێدراون و هەر یەکەیان ئەوی تریان تەوار و کامڵ دەکات . لەبەشی یەکەم و دووەمدا پرنسیپە تیۆریەکانی کۆمۆنیزمی زانستی شیدەکاتەوە ، لەبەشی سێیەمدا ڕەخنە لە ئاقارە جۆراوجۆرەکانی سۆسیالیزمی ناپرۆلیتاری دەگرێت ، لە بەشی چوارەمیشدا ڕەخشارەکانی تاکتیکی پرۆلیتاریا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا دیاری دەکات .

لە دەستپێکی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا ئەم چەند دێڕەی خوارەوە هاتووە : " تەرمایەك لە ئەوروپادا دەسوڕێتەوە ، ئەویش تەرمایی کۆمۆنیزمە . هەموو هێزەکانی ئەوروپای پیر : لە پاپا و

قەیسەرەوە بگرە تا دەگاتە مترنیخ و غیزۆ ، لە ڕادیکاڵەکانی فەرەنساوە بگرە تا دەگاتە پیاوەکانی پۆلیسی ئەڵمانیا ، لە هاوپەیمانیەکی پیرۆزدا یەکیان گرتووە بۆ ڕاونان و تەنگ پێهەڵچنینی.

ج حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن دوژمنەکانی خۆی ، کە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە ، تاوانی کۆمۆنیزم بوونیان نەخستۆتە پاڵ ؟.

ج حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن خۆیشی تاوانی - بێ چەندو چوونی - کۆمۆنیزم بوونی نەخستۆتە پاڵ هەم ئەو بەشانەی ئۆپۆزسیون کە لە خۆی پێشکەوتووترن ، وەهەم نەیارە کۆنەپەرستەکانی خۆی.

لە هەموو ئەوانە دوو شت هەڵدەهێنجین :

یەکەمیان : کۆمۆنیزم بۆتە هێزێکی باوەرپێکراو لەلایەن هەموو هێزەکانی ئەورووپاوە.

دووەمیان : ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کۆمۆنیستەکان تێڕوانین و ئامانج و ویستەکانی خۆیان لە بەردەمی جیهاندا بە گشتی دەربڕن و ئەفسانەی تارمایی کۆمۆنیزم بە هۆی بەیاننامەیەکی هەمان حیزبەوە بەدرۆبخەنەوە " [1].

بەشی یەکەم : بۆرجوازیەکان و پرۆلیتارەکان

ئەم بەشە بەهانەیەکی چاک دەربارەی حەتمیەتی شۆڕشی کۆمۆنیستی دەدات بەدەستەوە. شیکردنەوەکەی ئەم بەشە بە یەکێک لەو باسە گشتیە گرنگانە دەستپێ دەکات ، کە لە کاتی داڕشتنی چەمکی مەتریالیزمی مێژووودا دەربڕدراوە ، ئەویش بریتیە لەوەی کە : " مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان هەتا ئەمڕۆ ، مێژووی ململانێی نێوان چینەکان بووە " [2]. لە ساڵی ١٨٨٨ دا ئەنگلز تێبینییەکی دەربارەی ئەم دێڕە دەربڕیووە ، ووتویەتی مەبەست لە کۆمەڵگاکان ئەوانەیە کە لە دوای کۆمونەی سەرەتاییەوە سەریان هەڵداوە ، چونکە لەئەنجامی " شیبوونەوەی ئەو کۆمۆنە سەرەتاییە کۆمەڵ دابەش دەبێت بەسەر چینە جیاوازەکاندا و لەدوائەنجامیشدا دەبنە دژی یەکتری " [3]. ئەو تێڕوانینە لەدواییدا دەبێتە بنچینەی دیراسەکردنی کۆمەڵگای بۆرجوازی هاوچەرخ. ئەوەی شایانی باسە مارکس خۆیشی لە نامەیەکدا بۆ ( فیدیمایر ) ی ئەندامی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان ، کە لە دوای شکستخواردنی شۆڕشی ١٨٤٨ ـ ١٨٤٩ کۆچی کردبوو بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، نووسیویەتی : " ئەوەی پەیوەندی بەخۆمەوە هەبە. چاکەی دۆزینەوەی هەبوونی چینەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا ، چاکەی دۆزینە ململانێی نێوانیان بۆ من ناگەڕێتەوە. چونکە مێژوونووسە بۆرجوازیەکان بەر لە من بە ماوەیەکی دوورودرێژ گەشەکردنی مێژوویی ئەو خەباتەی چینەکانیان ڕوونکردۆتەوە و

ئابوریستە بۆرجوازیەکانیش پێکهاتنی ئابوری چینەکانیان دەرخستووە " (٤) ئینجا مارکس درێژە بە قسەکانی خۆی دەدات و دەڵێ: " ئەو شتە نوێیەی من کردومە لەمانەی خوارەوەدا پوختە دەکرێتەوە: ١/ هەبوونی چینەکان گرێدراوە بە قۆناغی مێژوویی دیاریکراوی گەشەکردنی بەرهەمهێنانەوە . ٢/ ململانێی چینایەتی بە پێویست دەبێتە هۆی هاتنە سەرکاری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ٣/. ئەو دیکتاتۆریەتەش خۆی تەنیا قۆناغێکی گوێزانەوەیە بۆنەهێشتنی چینەکان و بیناکردنی کۆمەڵگای بێچین " (٥) .

دوای ئەوە مارکس و ئەنگلز بە کورتی باسی مێژووی رابردوو دەکەن، دەچنە سەر باسکردنی کۆمەڵگای بۆرجوازی و دەڵێن: " بەڵام کۆمەڵگای بۆرجوازی نوێ کە لە هەناوی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی لەناوچوودا لەدایك بوو ، ناکۆکیەکانی نێوان چینەکانی لەناونەبرد ، بەڵکو چینی نوێی هێنایە ئاراوە و هەلومەرجی نوێی چەوساندنەوە و شێوازی نوێی خەباتی چینایەتی لەبری ئەوانەی رابردوو هێنایە کایەوە " (٦) . لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە : بۆچی نانەرەکانی " مانیفێست " بەلایانەوە شتێکی گرنگ بوو ئەو مەسەلەیەی سەرەوە دوپات بکرێتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین چونکە هەتا ئەو کاتە هێشتا زۆر کەس باوەڕیان بەراستگۆیی ئەو دروشمانە هەبوو کە دەسەڵاتی ئەوانی دروستکردبوو و دەی چەسپاند . لە ژێر دروشمی ( سەربەستی ، یەکسانی و برایەتی ) دا گەلی فەرەنسا باستیلیان شکاندو لەو بڕوایەدا بوون کە سەرکەوتن بەسەر پاشایەتی و دەرەبەگایەتیدا ، باشترین زامنکەری ئەو داواکاریانەی ئەوانە ، بەڵام چارەنووس و بەشی گەل هەر درۆ و هەڵخەڵەتاندن بوو . چونکە لە واقیعدا نە سەربەستی ڕاستەقینەیان بەدەستهێنا و نە یەکسانی بە کردەوەش . ئەو توێژەش، کە بەرژەوەندیەکانی لە قۆناغی شۆڕشی بۆرجوازی فەرەنسی کوتایی سەدەی هەژدەهەمدا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەو جەماوەرەدا جووت بوو کە دەرەبەگەکان و حوکمی رەها دەیان چەوساندنەوە ، گۆڕانی بەسەردا هات و بووە چینی سەرمایەدارەکان . بەو جۆرە ئەو ڕون بووەوە کە بەرژەوەندیەکانی گەل و چەوساوەکان و ئەو چینە بە تەواوەتی دژی یەکترین و وەك بەرژەوەندی چەوسێنەران و چەوساوەکان ، داراکان و نەدارەکان وەهایە . دوای ئەوەی چینی بۆرجوازیەت: سەرمایەدارەکان، دەسەڵاتی دەرەبەگەکانیان لەناوبرد ، ناکۆکیەکانی لەگەڵیدا گۆڕا بۆ ناکۆکی پلە دوو و لەبری ئەو ناکۆکی نێوان بۆرجوازیەت و پرۆلیتاریا ، نێوان کارو سەرمایە بووە ناکۆکی پلە یەك و ، ئەو

ناکۆکیە چینایەتیە نوێیەش پێویستی بە "شێوازی نوێی خەبات" هەبوو .

سەردەمی نوێ : سەردەمی بورجوازیەت ، بەڕوونترین و چاکترین شێوە ئەو ناکۆکیەی دەرخست ، لێرەشدا نموونەکەی ئینگلستان باشتر لە هەموو نموونەکانی تر ئەوەی ئاشکراکرد کە " کۆمەڵ وردە وردە دابەش دەبوو بۆ دوو ئۆردوگای فراوانی دوژمن بەیەك ، بۆ دوو چینی گەورەی دژ بەیەك ، ئەوانەش بۆرجوازیەت و پرۆلیتاریا بوون " (٧) . بۆیە دانەرانی " مانیفێست " لەدوای ئەوە دێنەسەر باسکردنی پێکهاتن و گەشەسەندنی ئەو دوو چینە بنچینەییەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و شیکردنەوەی ململانێی نێوانیان . ئەو شیکردنەوەیەش لە ناوەڕۆکدا بریتیە لە ڕوونکردنەوەی پێشەکیە بنچینەییەکانی شۆرشی کۆمۆنیستی ، یان وەك مارکس لە " ئایدیۆلۆجیەتی ئەڵمانیدا " باسیکردووە " توخمە مەتریالیستیەکانی شۆرشی گشتی ، مەبەستمان لەوە هێزی بەرهەمهێنانی دیاریکراوە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە نەشونما کردن و پێکهاتنی جەماوەریکی شۆرشگێڕە ، کە تەنیا دژی هەندێ بارودۆخی کۆمەڵگای ڕابردوو ڕاناپەڕن ، بەڵکو دژی "بەرهەمهێنانی ژیانی " ڕابردوو خۆیشی ڕادەپەڕن " (٨) .

نیوەی یەکەمی بەشی یەکەم لە " مانیفێست " باسی ئەو گەشەکردنەی هێزەکان و پیشەسازی دەکات ، کە بازاری جیهانی لەگەڵدا فراوانبوو و پەرەی سەند . ئەو گەشەکردنەش لەژێر سایەی دەسەڵات و سەرکردایەتی بۆرجوازیەتدا ڕوودەدا . بۆرجوازیەتیش بێ بەزەییانە پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی و باوکسالاری و سۆز وردوخاش دەکات و لەجێی ئەواندا ئەو پەیوەندیانە جێگیر دەکات کە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی مەتریالی وشك ڕاوەستاوە . بۆرجوازیەت لەنێو هەموو جۆرەکانی سەربەستیدا ، تەنیا سەربەستی بازرگانی بەچاك دەزانێ و چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە لە هەموو جۆرە خەیاڵ پڵاویە ئاینیی و سیاسیەکانی لە سەدەی ڕابردوودا پێیدا پۆشرابوو ڕزگار دەکات و لەبری ئەوان چەوساندنەوەیەکی ئاشکرای ڕاستەوخۆی بێشەرمانە دەهێنێتە ئاراوە .

لەبەر ئەوەی بورجوازیەت خۆی " بەرهەمی گەشەکردنێکی درێژخایان و زنجیرەیەك شۆرشە لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردندا "(٩) ، بۆیە ناتوانێ بژی " ئەگەر گۆرانکاری شۆرشگێڕانەی بەردەوام نەکات لە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و لەدوا ئەنجامدا پەیوەندیەکی بەرهەمهێنان ، واتە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی " (١٠) . جگە

هەواڵنامەی کتێب

لەوە ئەگەرچی چینی پیشەسازییەکانی پێشو تێدەکۆشا بۆ پاراستنی شێوازی بەرهەمهێنانی باو ، بەڵام بۆرجوازیەت لە جوڵانی بەردەوامدایە وهەمیشە شتە کۆن و ڕەق هەڵاتووەکان وردوخاش دەکات ، نەدروەش سەرچاوی" ئاڵۆزی هەمیشەیی یە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دا"(١١).

دانەرانی " مانیفێست " بە شێوەیەکی تایبەتی سروشتی دیالەکتیکی بیانەی کاریگەرێتی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان نەتەوەکان دەردەخەن . ئەوە بوو قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد کە گرتبوونەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خاوەنداریێتی دانیشتوان بووەهۆی چەق بەستنی سیاسی . میرنشینە سەربەخۆکانی ڕابردوو ، کە پەیوەندیەکانی نێوانیان هەتا ڕادەیەکی زۆر یەکلایەنەبوو ، خاوەنی بەرژەوەندی ، یاسا ، حکومات ، پسولەی باجی تایبەتی بوون ، هەموو پێکەوە کۆبوونەوەو لەیەک نەتەوەی خاوەن یەک حکومەت ، یاسا ، بەرژەوەندی چینایەتی نەتەوەیی ، سنووری باجدان دا یەکیان گرت" (١٢) ، ئەمە لە لایەک . لە لایەکی تریشەوە ، نشونما کردن و فراوان بوونی بازاڕی جیهانی ، ڕوخساری کۆسمۆپولیتیانە بە بەرهەمهێنان و بەرخواردن ئەبەخشێ و بنچینەی نیشتمانی بوونی لەژێر پێی پیشەسازی ڕادەکێشێ . بەوجۆرەش پیشەسازی نیشتمانی تەقلیدی لەناو دەچێ و " ئەو پیشەسازیە نوێیە جێی دەگرێتەوە ، کە بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی دەبێتە مەسەلەیەکی زیندو بۆ هەموو نەتەوە شارستانیەکان . ئەو پیشەسازیەی ئیتر بەتەنیا کەرەسەی خاوی خۆماڵی بەکارناهێنێ ، بەڵکو ئەو کەرەسە خاوانەش بەکاردەهێنی کە لە دورترین شوێنی گێتیەوە دێت . وە تەنیا بەرهەمەکانی خۆی لەناو وڵاتدا ناخاتە گەڕ ، بەڵکو لە هەموو کونجێکی دنیادا " (١٣) .

بەو جۆرە لەو کاتەدا سەرمایەداری هەموو نەتەوەکان ، تەنانەت دواکەوتوترینیان ، بەرەو ڕێڕەوی گەشەکردنی پیشەسازی بۆرجوازی ڕادەکێشێ و دەیکاتە پاشکۆی وڵاتە شارستانیەکان ، هەروەها گەلانی جوتیاری دەکاتە پاشکۆی وڵاتە بۆرجوازیەکان ، ڕۆژهەڵاتیش دەکاتە پاشکۆی ڕۆژئاوا . تاقیکردنەوەکانی ئەمڕۆ ئەوە دەردەخەن کە وڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکان هەوڵدەدەن ئەو پاشکۆیەتیە پارێزگاری لێبکەن و ئەمری بکەن ، چونکە لەڕێگەی ئەوەوە دەتوانن سەرچاوەی کەرەسەی خاو و هێزی کاری هەرزان مسۆگەر بکەن .

گەشەکردنی بێشوماری هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی نیشانەی جیهانی بوونی لە لایەن بەرهەمهێنانەوە ، ڕاکێشانی یەک لەدوای یەکی جەماوەری نوێی دانیشتوان بۆ چوارچێوەی خۆی ،

کاریکی شۆڕشگێڕیان لەکۆمەڵدا ئەنجامدا . بەو جورە " ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردن ، کە بۆرجوازیەت لەسەر بنچینەیان دامەزرابوو و لەناو هەناوی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا سەریان هەڵدابوو ، هەستی بە تەنگی چوارچێوەی پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی دەرەبەگایەتی کردو " لەبری ئەوەی ئەو پەیوەندیانە گەشەی پێ بدەن ، بوونە کۆسپی سەر ڕێگەی و گۆڕان بۆ کۆتی پێبەست و پێویست بوو بشکێنرێن ، ئەوەبوو شکێنران " (١٤) . بەو پێیە دوو شۆڕشی بۆرجوازی کە لە سەرەتادا لە ئینگلستان و فەرەنسا هەڵگیرسان ، دەسەلاتی چینی نوێیان لەسەر ئاستی ئابوری و سیاسی دامەزراند . لە " مانیفێست " دا ئەوە هاتووە کە " حکومەتی نوێ تەنیا لیژنەیەکی بەڕێوەبردنە کاروبارە گشتیەکانی چینی بۆرجوازی بەگشتی رادەپەڕێنێ " (١٥) .

مارکس و ئەنگلز ، بەبێت ئەستور بە چەمکی مەتریالیزمی مێژوو ، ئەوەیان دەرخست کە سروشتی گەشەکردنی دیالەکتیکیانە لە کۆمەڵگای بۆرجوازیشدا ڕوودەدات . ئەوەبوو دەرکەوت بۆرجوازیەت دەستەوەستاوە لە ئاستی ڕاگرتنی گەشەکردنی ئەو هێزە مەزنانەی بەرهەمهێناندا کە خۆی خولقاندبووی . چونکە مێژووی پیشەسازی و بازرگانی بەدرێژایی دەیان ساڵ بریتی بووە لە مێژووی یاخی بوونی هێزە نوێکانی بەرهەمهێنان لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان ؛ پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی ، کە " هەبوونی دەسەلاتی بۆرجوازیەتی لەسەر ڕاوەستاوە . لێرەشدا ئەشێ پەتای زیادە بەرهەم و تەنگوچەڵەمەی دەوری بازرگانی بۆ نموونەی یاخیبوونی هێزە نوێکانی بەرهەمهێنان لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان بهێنینەوە . ئەوەی شایانی باسە لە کاتی ڕودانی ئەو تەنگوچەڵەمانەدا کۆمەڵ بەرەو دواوە دەچێ ، " چونکە هەریەکێک لەو تەنگوچەڵەمانە بەوەوە ناوەستێ بەشێکی زۆر لە بەرهەمە دروستکراو و ئامادەکان لەناوببرێ ، بەڵکو بەشێکی گەورەی هێزە بەرهەمهێنەرە باوەکانیش لەناودەبات " (١٦) . ئەوەش بۆیە ڕوودەدات ، چونکە هێزەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا " لە توانایان دانیە یارمەتی پەرەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونی پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی بۆرجوازیەت بدەن . بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو هێزانە بوونەتە هێزێکی زۆر مەزن لەچاو ئەو پەیوەندیانەی بۆرجوازیەتدا کە بونەتە کۆسپی سەر ڕێگەی بەرەوپێشەوەچوون و فراوان بوونی . وە هەر کاتێ هێزەکانی بەرهەمهێنان هەوڵیان دابێ بەسەر ئەو کوسپەدا سەرکەون ، کۆمەڵگای بۆرجوازیەتیان بەگشتی فڕێداوەتەوە ناو پشێوی و شێوازی بەرەو

هەڕەشەی نەمانیان لە هەبوونی خاوەندارێتی بۆرجوازیەت کردوە"(١٧).

ساویلکەییە بەو جۆرە بیربکەینەوەکە بۆرجوازیەت بە ئارامی و ئاسودەییەوە سەیری ئەو هەموو ڕوداوانە دەکات. چونکە بۆرجوازیەت بۆ پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی‌و دەسەلاتی ئابوری و سیاسی خۆی، هەموو کۆششێك دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر دیاردەی تەنگوچەڵەمەدا ، بەلاّم چۆن ؟ " لە ڕێگەی کاولکردنی زۆرەملێی بڕێك لە هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە لە لایەك و ، دەستگرتن بەسەر بازاڕی نوێ و زیاتر وەگەڕخستنی بازاڕە کۆنەکانە لە لایەکی ترەوە ". بەلام ئەوە دادی نادات ، چونکە بەو کارەی هیچ شتێك ئەنجام نادات جگە لەوەی نەبێ کە زەمینەی تەنگوچەڵەمەی قوڵترو هەمەلایەنتر و ترسناکتر سازدەکاتەوە، ئەو ئامرازانەش کەم دەکاتەوە کە ئەشێ بۆ ڕزگاربوون لە تەنگوچەڵەمە بەکار بهێنرێن. بەو بۆیە ئەو چەکانەی بۆرجوازیەت بۆ لەناوبردنی دەرەبەگایەتی بەکاری‌هێنان ، ئەمڕۆ هەڵدەگەڕێتەوەو ڕوودەکەنە سنگی بۆرجوازیەت خۆی "(١٨). هێزە زۆر گەشەکردوەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە یەکەمین پێشەکی بۆ حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵگا ، جا لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنان لەسێبەری سەرمایەداریدا سروشتێکی کۆمەلایەتی هەیە ، بۆیە لەگەڵ خاوەندارێتی تایبەتی‌دا دەکەوێتە ناکۆکیەوە. ئەو ناکۆکیەش بەبێ جووتبوونی شێوە و شێوازی بەرهەمهێنان‌و شێوەی خاوەندارێتی و دابەشکردنی بەرهەمهێنان نابین ناکرێ. ئەوەیە ڕێگەی لەناوبردنی خاوەندارێتی تایبەتی‌و هێنانە سەرکاری خاوەندارێتی کۆمەلایەتی ، ئەوەیە ڕێگەی شۆڕشی کۆمۆنیستی.

لە نیوەی دووەمی بەشی یەکەمدا ، مارکس‌و ئەنگلز دەچنەسەر شیکردنەوەی پرۆسەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی پرۆلیتاریا : ئەو هێزە بابەتیەی پێویستە لەسەری ئەو پەیوەندیانەی بەرهەمهێنانی بۆرجوازیەت لەناوبەری کە کۆسپن لەبەردەمی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا و لەجێی ئەوان پەیوەندیە نوێکانی بەرهەمهێنان ، واتە کۆمۆنیزم ، بچەسپێنێ. لەم بارەیەشەوە دەڵێن : " بۆرجوازیەت تەنیا ئەو چەکەی ( هێزەکانی بەرهەمهێنان ) نەخوڵقاندوە کە دەبێتە هۆی کوشتنی ، بەڵکو ئەو کەسەش هێناوەتە ئاراوە کە چەکەکان ئاراستە دەکەن ، ئەوانەش کرێکارە هاوچەرخەکانن ، پرولیتارەکانن(١٩).

کاتێ مارکس‌و ئەنگلز هەستان بە دیراسەکردنی پرۆسەی پێکهاتنی پرۆلیتاریا ، ئەوەیان بەچاك زانی جیاوازی لە نێوان چەند قۆناغێکدا بکەن. ناوەڕۆکی پرۆسەکە لە قۆناغی یەکەمدا بریتیە لە گۆڕانی جەماوەری دانیشتوان بۆ کرێکار. لێرەدا

جەماوەری کرێکار بەگشتی لەسایەی دەسەڵاتی سەرمایەوە لەیەك هەلومەرجی ژیان و کاردا دەبن . ئەمەش یارمەتی دیاریکردنی یەکێتی بەرژەوەندی ئەوان دەدات و لە دوائەنجامدا ئەو جەماوەرە دەگۆڕێت بۆ چین بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی،چونکە ئەوانە وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرەنگاری سەرمایە دەبنەوە . بەڵام لەم بارودۆخەدا هێشتا چین لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆجیەوە پێك نەهاتووە ، چونکە ئەو چینە دەرکی بە شوێنەواری خۆی لە پرۆسەی مێژوویدا نەکردوەو پەی بەوە نەبردوە کە هێزێکی سەربەخۆیە . لەبەر ئەم هۆیەش قۆناغی دوەم پەیوەندی بەوەوە هەیە پرۆلیتاریا ( یان بەلای کەمەوە پێشڕەوەکەی ) دەرك بە شوێنەواری خۆی لەناو سیستەمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بکات و لە ئەرکی مێژوویی خۆی بگات و بە چالاکانەش بەشداری لە خەباتدا بکات بۆ هێنانەدی ئەو ئەرکە . " مانیفێست " باسی هەموو لایەنەکانی ئەو پرۆسەیە دەکات ، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی چینی کرێکاری لاوازو بێبەرخسار بۆ هێزێکی سیاسی شۆڕشگێڕی مەزن وەها کە لە توانایدایە دەسەڵاتی بۆرجوازیەت بڕوخێنێ و دەسەڵاتی سیاسی خۆی لەجێی ئەودا بنیات بنێ . جگە لەوە " مانیفێست " ئەوە ڕون دەکاتەوە کە شیکردنەوەی زانستی و بەکردەوەی گەشەکردنی پرۆلیتاریا ، پێویستی بە دیراسەکردنی هەموو لایەنەکانی گەشەکردنەکە هەیە : پێگەیشتنی ژمارەیی ، پەیوەندی ڕێکخراوەیی ، پەرەسەندنی هوشیاری ، لەناو ئەوانەشدا بایەخێکی تایبەتی بە پەرەسەندنی هوشیاری پرۆلیتاریا دەدات . هەروەها مارکس و ئەنگلز لە " مانیفێست " دا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە بۆرجوازیەت لە ڕێڕەوی خەباتی خۆیدا دژی ئەریستوکراتیەتی دەرەبەگایەتی و هەندێ بەشی بۆرجوازیەت ، ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر پرۆلیتاریا و پشتی پێببەستێ و داوای یارمەتی لێ بکات . لە ئەنجامی ئەوەش چینی کرێکار ڕادەکێشێت بۆ ناوجەرگەی جوڵانەوەی سیاسی . " بەم جۆرەش بۆرجوازیەت بە دەستی خۆی توخمەکانی هوشیاری خۆی دەدات بە پرۆلیتاریا ، واتە ئەو چەکەی دەداتە دەست کە لە دژی خۆی بەکاری دەهێنێ " (٢٠) .

ئەو گۆڕانکاریانەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە پێکهاتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا دەیکات ، بەشداریەکی زۆر دەکات لە هوشیارکردنەوەی پرۆلیتاریادا . ماڵ کاولبوون و مایەپوچی لەئەنجامی بۆربۆڕێن دەبێتە هۆی ئەوەی چینی موڵکدارەکان ( بەتاك و تۆێژ ) بێتە ناو چینی کرێکارەوە و توخمەکانی هوشیاری خۆی بگوێزێتەوە بۆ ناو پرۆلیتاریا . ئەوەی شایانی باسە ، هەتا ئەو پرۆسەیە

قوڵتر بێت ، ڕۆڵی ئەو توخمانە زیاتر دەبێت . جگە لەوە کاتێ خەباتی چینایەتی توندوتیژ دەبێ ، پرۆسەی بۆگەنی لەناو دڵی چینی دەسەڵاتدارەکاندا ڕەوتێکی بەتین بەخۆوە دەگرێ . لە ئەنجامی ئەوەش بەشێك لە بۆرجوازیەت واز لە چینەکەی خۆی دەهێنێ و دەچێتە باڵ چینە شۆڕشگێڕەکانەوە ، کە خاوەنی داهاتوون . بەو پێیە بەشێك لە بۆرجوازیەت "، بەتایبەتی ئەو بەشەی پێکهاتووە لە بۆرجوازیە ئایدیۆلۆگەکان کە توانیویانە لەسەرجەمی جوڵانەوەی مێژوویی بگەن و بەشێوەیەکی تیۆری تێی بگەن " (٣١) دێتە پاڵ پرۆلیتاریا .

گەشەکردنی پرۆلیتاریا تەنیا نەبەستراوەتەوە بە گۆڕانی هەلومەرجی دەرەکی ژیانەوە ، بەڵکو گرێدراویشە بە بەشداریکردنی کاریگەرانەی جوڵاندنی ئەو هەلومەرجەو گۆڕینیدا . ئەو بەشداریکردنە کاریگەرەش تەنیا لە شێوەی خەباتی چینایەتیدا خۆی دەنوێنێ . مارکس و ئەنگلز لە " مانیفێست "دا ئەوە دەردەخەن چۆن شێوەی خەباتەکە لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕادەی فراوانیەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەوە ڕوون دەکەنەوە ، کە خەباتی چینی کرێکار بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆردا تێدەپەڕێ ، هەر لە خەباتی ئابوریەوە بیگرە هەتا دەگاتە خەباتی سیاسی . هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەکەن چۆن و لەبەرچی ؟ دەبێ لە دوائەنجامدا ئەو خەباتە سیاسیە لەڕێگەی شۆڕشەوە ببێتە هۆی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا و گۆڕینی بنەڕەتیانەی کۆمەڵ .

" مانیفێست " بەهانەیەکی ئابوری چاك دەربارەی پەیامی مێژوویی ڕزگاریخوازانەو جیهانی پرۆلیتاریا دەدات بەدەستەوەو ئەوە دوپات دەکاتەوە کە " لەناو هەموو ئەو چینانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بورجوازیەت بوونەتەوە ، تەنیا یەك چین بەڕاستی شۆڕشگێڕ هەیە ، ئەویش پرۆلیتاریایە . گشت چینەکانی تر لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی گەورەدا دادەخزێن و لەناو دەچن ، بەڵام پرۆلیتاریا بە پێچەوانەی ئەوانەوە تایبەتیترین بەرهەمی ئەو پیشەسازیە پێك دەهێنێ " (٣٢) .

مارکس و ئەنگلز بەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە پرۆسەی پێکهاتن و گەشەکردنی چینی کرێکار : شۆڕشگێڕترین هێزو گۆڕهەڵکەنی سەرمایەداری و بنیاتنەری کۆمەڵگای نوێی کۆمۆنیستی ، پرۆسەیەکی یەکجار ئاڵۆزو ناکۆکە . لەلایەکەوە پرۆلیتاریا دژی سەرمایەیە ، چونکە خاوەنی هیچ نیەو سەرمایەش زوڵمی لێدەکات ودەیچەوسێنێتەوە . لەلایەکی تریشەوە پرۆلیتاریا خۆی بەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە ،

کە لەسەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەتی ڕاوەستاوە و بە هەموو هەلومەرجی ژیان و کاری خۆیەوە گرێدراوە بەو بەرهەمهێنانەوە . بەو جۆرە بێبەشی پرۆلیتاریا لە خاوەندارێتی تایبەتی و هەبوونی چەوساندنەوەو زولم و زۆرداری دەبێتە هۆی سەرهەلدانی ڕەوتی شۆڕشگێری لەلای پرۆلیتاریاو هاندەرە بۆ کۆششکردنی لە پێناو خەباتێکی کاریگەرانەو بڕیاردەر لە دژی سەرمایەداری . بەلام بەشداریکردنی بابەتیانەی پرۆلیتاریا لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری‌داو باوەڕهێنانی بەوەی هەلومەرجی بەرهەمهێنان چالاکی زیندوی ئەوە ، دەبێتە هۆی سەرهەلدانی ڕەوتی سازشکارانەو گونجانی کۆمەلایەتی ، کە هەندێ توێژی کرێکاران لە قۆناغ و هەلومەرجی دیاریکراودا پەنای دەبەنە بەر . بەلاّ لە دوائەنجامدا تەنیا ڕەوتی شۆڕشگێڕی لەناو ئەو ململانێیەی نێوان دوو ڕەوتەکەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ . چونکە سازشکردنی پرۆلیتاریا لەگەلّ بۆرجوازیەت لە قازانجی بۆرجوازیەت زیاتر ، قازانجی کەسی تری تێدا نیە . دەست هەلگرتنی بۆرجوازیەکانیش لە هەندێ دەستکەوتی بچووک بەمانای وازهێنان لە دەسەلاتی چینایەتی نیە ، بەلکو زیاتر ملەپێ شۆڕکردنی پرۆلیتاریایە بۆ کڕینی هێزی کارەکەیەتی بەو جۆرەی خزمەتی خۆیان دەکات .

شان بەشانی ئەوەی پێشوو ناکۆکیەکی تریش لە ئارادایە کە پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی لەگەلّ ئەو ناکۆکیەی سەرەوەدا هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە لە ڕێڕەوی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ڕێکخستنی کار لە دامەزراوە بەرهەمهێنەرە گەورەکان و خەباتی چینایەتی‌دا ، کرێکاران خۆیان ڕێك دەخەن ، ڕیزەکانی خۆیان پتەو دەکەن ، ڕۆشنبیردەبن ، تاقیکردنەوەو شارەزایی چاك بەدەست دەهێنن ، هاوپەیمانی‌و هوشیاری چینایەتی‌یان چنگ دەکەوێ . ئەوانەش هەموو زەمینە خۆشکەری سەرکەوتنی خەباتی ئەوانن ، ئەمە لە لایەك . لەلایەکی تریشەوە وەك لە " مانیفێست " دا هاتووە : "ڕێکەوتنی پرۆلیتاریا لە چینێك و لە دوایش لە حیزبێکی سیاسی‌دا ، بەردەوام لە ئەنجامی بڕبڕێنی نێوان کرێکاران خۆیان وردوخاش دەبێت " (٢٣) . ئەو بڕبڕێنەش چەکێکە بۆرجوازیەت لە ململانێی خۆی لەگەلّ پرۆلیتاریادا بەکاری دەهێنێ ، بەتایبەتی لە کاتی تەنگوچەلەمەدا کە بێ کاری هەڕەشە لە چارەنووسی کرێکاران دەکات .

ڕاستە پرۆسە بابەتیەکان و گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەر لە هەموو شتێك دەبێتە هۆی پتەوکردنی ڕێکخستن و هاوکاری نێوان پرۆلیتاریاو ، زەمینە خۆش دەکات بۆ زالبوون بەسەر پارچەپارچەیی‌و ئەو بڕبڕێنە ناوخۆیەی کەلەشی پرۆلیتاریای کلۆر کردوە .

بەڵام بۆ ئەوەی گەشەکردنی جوڵانەوەی کرێکاری سروشتێکی نەگۆڕ و پاشەکشە نەکردوو بەخۆوە بگرێت ، پێویستە کاری هوشیارانە و بەرهەمدار ئەنجام بدرێ و ئاستی هوشیاری چینایەتی پرۆلیتاریا بەرزبکرێتەوە • بێگومان تەنیا لە بارودۆخی وەهاش‌دا ئەو شەڕی ناوخۆ بەردەوامە شاردراوەیەی نێوان چینی پرۆلیتاریا و چینی بۆرجوازیەت دەگاتە ئەو پلەیەی " لەشێوەی شۆڕشێکی ئاشکرادا بتەقێتەوە و پرۆلیتاریا لەدوای لەناوبردنی بۆرجوازیەت ، لەڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە ، دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێ" (٢٤) •

بەشی یەکەمی " مانیفێست " بەسەر ئەنجامێك كۆتایی پێدێت ، کە حەتمیەتی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا و لەناوچوونی بۆرجوازیەت دەسەلمێنێ• بەڵام دوو بابەتی گرنگ و مەبدەئی تر لەپێش ئەو سەرئەنجامەدا دەربڕاون : یەکەمیان / هەموو چینەکانی ڕابردوو ( چینی خاوەن کۆیلەکان ، چینی دەرەبەگەکان ، چینی بۆرجوازیەکان ) پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ پاراستنی و نەمرکردنی ئەو دەسەڵاتەو هێشتنەوەی کۆمەڵ بەگشتی لەژێر ڕکێفی ئەو شێوازەی خاوەندارێتی‌دا کە سوودو قازانجی ئەوانی تێدایە • بەڵام پێویستە پرۆلیتاریا دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات ئەو شێوازەی خاوەندارێتی لەناو بەری کە لەسایەیەوە خاوەن مڵکە تایبەتیەکان سەروەت و سامانێکی زۆر لە ئەنجامی هیلاك بوونی ئەوان پێکەوەدەنێن و لەپاشماوەی مێزەکانی خۆشیان زیاتر هیچیان پێ ڕەوا نابینن • ئەوەی شایانی باسە پرۆلیتاریا لە ڕێگەی لەناوبردنی ئەو شێوازەی خاوەندارێتی‌یەوە ، کۆتایی بە شێوازەکانی خاوەندارێتی بەگشتی دەهێنێت • دووەمیان / هەموو جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ڕابردوو لە لایەن کەمایەتیەك و لەبەرژەوەندی ئەودا ئەنجام دەدرا ، بەڵام جوڵانەوەی پرۆلیتاریا جوڵانەوەی زۆربەی هەرە زۆرەوو لەپێناو بەرژەوەندیەکانی زۆربەی هەرە زۆریش‌دایە " (٢٥) ، ئەوەش زامنکەری سەرکەوتنی کۆتاییە •

بەشی دوەم : پرۆلیتارەکان و کۆمۆنیستەکان •

مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست لەسەرەتای ئەم بەشەدا باسی مەسەلەی هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر پرۆلیتاریا دەکات ، بەڵام مەسەلەی سەرەکی بەشەکە خۆی بریتیە لە گۆڕانکاری داهاتووی کۆمەڵگا لەسەر بنچینەی کۆمۆنیزم • ئەگەر بێت و بەوردی بەشی یەکەم ودوەمی " مانیفێست " بخوێنینەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەشی یەکەم باسی گەشەکردنی خەباتی سیاسی چینی کرێکار دەکات بەر

لە هەڵگیرسانی شۆڕش، بەڵام بەشی دووەم باسی ئەو گەشەکردنە دەکات لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕش .

بەر لە هەموو شتێك مارکس و ئەنگلز پەیوەندی دیالکتیکانەی نێوان چین و حیزب دیاری دەکەن و ئەوە دوپات دەکەنەوە کە کۆمۆنیستەکان " هیچ بەرژەوەندیەکیان نیە جیابێت لە بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریا بە گشتی " و " کۆمۆنیستەکان هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ حیزبە پرۆلیتاریەکانی تردا نیە ، لەدوو خاڵدا نەبێت : ١/ لەو خەباتەی پرۆلیتارەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بەرپای دەکەن ، کۆمۆنیستەکان ئەو بەرژەوەندیە گشتیانە لە ڕیزی پێشەوە دادەنێن کە هیچ پەیوەندیەکیان بە نەتەوەو ڕەگەزەوە نیەو گشتی و هەمەلایەنن بۆ هەموو پرۆلیتاریا . ٢/ لە هەموو ئەو قۆناغەی گەشەکردن دا کە خەباتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازیەکان پیایدا تێدەپەڕێ ، کۆمۆنیستەکان هەمیشە دەربڕی بەرژەوەندی جوڵانەوەکە دەبن بەگشتی " (٢٦) .

دوا بەدوای ئەوە دانەرانی " مانیفێست " هۆی ڕۆڵی پێشڕەوایەتی حیزبی کۆمۆنیست لەجوڵانەوەی کرێکاری دا شیدەکەنەوە، ئەوە دوپات دەکەنەوە کە ئەو ڕۆڵە گرێدراوە بەبالادەستی ئەوحیزبە لە " دەرك کردنی هەلومەرجی جوڵانەوەی کرێکاری و ڕێڕەو و ئەنجامە گشتیەکانی " (٢٧) . بەو پێیەش سەرئەنجامە بنچینەییەکانی بەشی یەکەمی " مانیفێست " بوختە دەکەنەوەو دەیان چەسپێنن و دەنووسن : " ئامانجی ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستەکان بریتیە لەو ئامانجەی گشت حیزبە پرۆلیتاریەکانی تر دەیخوازن ؛ واتە ڕێکخستنی پرۆلیتارەکان لە چینێکداو ڕماندنی دەسەڵاتی بۆرجوازیەت و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە " (٢٨) .

لەبەشی یەکەمی " مانیفێست "دا مارکس و ئەنگلز ئەوەیان دەرخستووە کە مەحاڵە شۆڕشی کۆمۆنیستی بێ ئازبوونی هەندێ پێداویستی مەتریالیستی دیاریکراو ڕوبدات . هەروەها وەك مارکس نووسیویەتی ، ئایدیای شۆڕشی کۆمۆنیستی چەندین جار لە ڕێڕەوی مێژوودا باسی لێوەکراوە ، بەڵام بەبێ هەبوون و پێگەیشتنی ئەو پێداویستیانە لە واقیعدا ، بەرجەستە نەبووەوە . بیروباوەڕەکانی کۆمونیزم کەبۆتە بنچینەی تیۆریی چالاکی حیزبە کۆمۆنیستەکان ، " تەنیا دەربڕی گشتی هەلومەرجی واقیعی خەباتی چینێکە هەیەو هی جوڵانەوەیەکی مێژوویە بە بەرچاوانماوە گەشەدەکات " (٢٩) . بەو پێیە لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردن و خەباتی چینی کرێکاردا نەبوایە ، نەدەکرا تیۆری کۆمۆنیزمی زانستی : ئایدیۆلۆجیای پێشکەوتوترین چینی سەردەمی نوێ ، سەرهەڵبدات . بەدانانی

تیۆری کۆمۆنیزمی زانستیش چینی کرێکار تەنیا ئەو چەکە فیکرییە مەزنەی بەدەست نەهێنا کە یارمەتیدەری ئەون بۆ بەرپاکردنی خەباتی هوشیارانە لەپێناو ڕزگاری خۆیدا ، بەڵکو ئەو تیۆرە خۆی گەشبینی مێژوویی بەناو ڕیزەکانی پرۆلیتاریادا بڵاوکردەوە و ئەوەی دەرخست کە خەباتی پرولیتاریا لەگەڵ هەموو خۆبەختکردنە زۆر وزەبەندو بڕێتی و ئازارەکان و گشت شکستەخواردنە گرانەکانداە بێگومان سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ و ڕژێمێکی نوێی وەها دادەمەزرێنێ کە لەسەر بنچینەی یەکسانی ڕاستەقینەو سەربەستی بەکسردەوە بیینا کراوە .

ئەوەی شایانی باسە مەسەلەی ڕۆڵی شۆڕشگێڕی و پێشڕەوانەی حیزبی پرۆلیتاریا ، کە لە " مانیفێست " دا هاتووە ، هەتا ئەمڕۆ جێی دوژمنایەتیکردن و نیشانی تیرەکانی نەیارەکانی مارکسیزمە . بنچینەی ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە ، گوایە " مانیفێست " ی مارکس و ئەنگلز بابەتێکی وەهای تێدانیە لە گرنگی یەکگرتنی کۆمۆنیستەکان لەیەک حیزبی سەربەخۆدا بدوێ ، بیروڕای ڕۆڵی پێشڕەوایەتی ئەو حیزبەش بەهیچ جۆرێك دەرنەبڕاوە . گەربێتو چاوێك بەرابردودا بخشێنینەوە ، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە مارکس و ئەنگلز لە چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە ، کە هێشتا جولانەوەی کرێکاری گەشەی نەکردبوو ، ناوی حیزبی پرۆلیتاریایان دابڕیبوو بەسەر هەموو ئەو یەکێتییانەی چینی کرێکاردا کە خەباتی سیاسیان دەکرد . بەلام لە هەمان کاتیشدا لە دامەزراندنی ئەو حیزبە کۆمۆنیستەش دراوون کە پێویست بوو دامەزرێت بۆ سەرکردایەتیکردنی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار . هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو هەمیشە دامەزرێنەرانی مارکسیزم لەکاتی شیکردنەوەی ڕۆڵی پێشڕەوایەتی حیزبی کۆمۆنیستدا ، یەکێتی توندوتوڵ و لێك ترازان نەهاتووی نێوان هەموو باڵەکانی جولانەوەی کرێکارییان دوپات دەکردەوە .

ئەوەی ڕاستیبێ هۆی سەرەکی هەموو ئەو هەوڵدانانەی بۆرجوازیەت بۆ " تێگەیشتنەوەی " هەڵوێستی " مانیفێست " دەربارەی ڕۆڵی پێشڕەوایەتی حیزبی شۆڕشگێڕ ، هەڵقولاوی یەك ئاقاری ئایدیۆلۆجی ڕون و ئاشکرایە ، ئەویش بریتیە لە دژایەتیکردنی لینین بە مارکس و ئەنگلز و پوچەڵکردنەوەی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی کارەکانی دامەزرێنەرانی مارکسیزم . لێرەش هەموو چەشنەکانی دوژمنانی کۆمۆنیزم : ئایدیۆلۆگە بۆرجوازیەکان ، سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان ، نوێنەری لایەنە "چەپڕەوە" توندڕەوەکان ، داکۆکی لەو بیروڕا ساختانە دەکەن .

لایەنێکی زۆر لەبەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو تاوانانەی دەڵێن : کۆمۆنیستەکان دەیانەوی ١) خاوەندارێتی ، ٢) خێزان ، ٣) نەتەوەو نیشتمان ، ٤) ئایین و ئاکار لەناوبەرن · لێرەشدا لە مەسەلەی خاوەندارێتیدا لەسێ شتیتر دەدوێن : کەسێتی ، هاندەرەکانی کار ، فێرکردن · لە مەسەلەی خێزانیش دا باسی پەروەردەکردن دەکەن · مەسەلەی ئایین و ئاکاریش ئەوەندە فراوان دەکەنەوە هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی مەسەلەی هوشیاری کۆمەلایەتی بەگشتی بگرێتە خۆ ·

لە یەکەم سەرنجەوە ئەوە دەردەکەوێ باسکردنی ئەو چوار خاڵەی سەرەوە تەنیا بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو تاوانانەیە کە دژی کۆمۆنیزم بلاوەکرێتەوە ، بەلاّم وردبونەوەیەکی قوولّ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ریزبەستنی چوار مەسەلەکە بەو شێوەیە ، مەسەلەیەکی بە رێکەوت نیەو گرێدراوە بە لۆژیکێکی ناوەکی دیاریکراوەوە · چونکە سێ خاڵی یەکەم هاوجوتە لەگەڵ سێ جۆر پەیوەندی کۆمەلایەتیدا : بەرهەمهێنان ( خاوەندارێتی ) ، خێزان ، نەتەوە ، پەیوەندی نێوان سێ ئاستی جیاجیا دەردەخات : ئاستی کۆمەڵێکی دیاریکراو ، ئاستی هەموو خێزانێك ، ئاستی ولاتەکان · خاڵی چوارەمیش بە شێوەی زنجیرەیەکی لۆژیکی لەدوای ئەوانەوە دێت ، چونکە شێوەکانی هوشیاری کۆمەلایەتی بەرهەمی هەبوونی کۆمەلایەتین ·

ئەو زنجیرەییە : خاوەندارێتی ـ خێزان ـ نەتەوە ـ هوشیاری ، هاورێژەیە لەگەڵ ئەو چەمکە مەتریالیستییە گشتیەی " مانیفێست "دا کە بە هۆیەوە بینای کۆمەڵگا پێكدێت لە چەند ئەڵقەیەك : هێزەکانی بەرهەمهێنان ـ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانیتر ـ سەرخانی سیاسی ـ شێوازەکانی هوشیاری کۆمەلایەتی · لەم بوارەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە " مانیفێست " توانی بۆ یەکەمین جار و بە شێوەیەکی راستەوخۆ جیاوازی نێوان " پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان " وە " سەرجەمی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان " دیاری بکات · ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە لە دانراوەکانی ئەو سەردەمەدا هەمیشە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان وەك دوو شتی جووت و یەکسان دەردەبردران ·

مارکس و ئەنگلز ئەوە بەدی دەکەن کە " ئەوەی کۆمۆنیزم جیادەکاتەوە ، لە ناوبردنی خاوەندارێتی نیە بەگشتی ، بەڵکو نەهێشتنی خاوەندارێتی بۆرجوازیەتە " ( ٢٦ ) · چونکە

خاوەندارێتی بۆرجوازیەت دەسەلاتی شێوازی بەرهەمهێنان و ئەو خاوەندارێتیە بەرجەستە دەکات ، کە لەسەر بنچینەی ململانێی دوژمنکارانەی چینەکان و چەوساندنەوەی بەشێك لەلایەن بەشێکی ترەوە ، دامەزراوە . لێرەدا دەتوانین تیۆری کۆمۆنیزم لەیەك تێزی گشتیدا پوختە بکەینەوە ، ئەویش بریتیە لە " لەناوبردنی خاوەندارێتی تایبەتی " (٣٠) .

دانەرانی " مانیفێست " لەکاتی وەلامدانەوەی " رەخنەگوکان " ی خۆیاندا ، هەمیشە ئەوەیان دوپاتکردۆتەوە کە کۆمۆنیستەکان نایانەوێ " ئەو خاوەندارێتیە کەسێتیەی بەرهەمەکانی کار لەناوبەرن ، کە گرنگە بۆ پاراستن و بەردەوامی ژیان . چونکە ئەو جۆرە خاوەندارێتیە کەمترین زێدەبەرهەم بەجێ ناهێلێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بەهۆیەوە دەست بگرێ بەسەرکاری مرۆڤانی‌تردا " (٣١) . نایانەوێ کەسێتی‌و سەربەستی گشتی وردوخاش بکەن ، بەلکو مەبەستیانە خاوەندارێتی تایبەتی بۆرجوازیەت لەناوبەرن . چونکە ئەو خاوەندارێتیە بۆتە هۆی بێ‌بەشی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر لەگشت جۆرە خاوەندارێتیەك . کۆمۆنیستەکان دەیانەوێ کەسێتی بۆرجوازیەت لەناوبەرن ، چونکە لە کۆمەلگای سەرمایەداریدا لە کەسێتی بۆرجوازیەت زیاتر بایەخ بە هیچ کەسێتیەکی‌تر نادرێت . هەروەها دەیانەوێ سەربەستی بۆرجوازیەت لەناوبەرن ، چونکە سەربەستی بەلای ئەو چینەوە بەس مانای هەیە ئەویش سەربەستی بازرگانی و کرین و فرۆشتنە .

جگە لەوانەی سەرەوە ، مارکس‌و ئەنگلز ئەوە دەردەخەن کەدەبێ پەروەردە و فێرکردنی کۆمەلایەتی جێ‌بەپەروەردە و فێرکردنی بۆرجوازیەت چۆل بکات . چونکە رۆشنبیری لە کۆمەلگای سەرمایەداریدا بریتیە لە مەشق پێکردنی زۆربەی هەرەزۆری چەوساوەکان لەسەر کارێکی وەك بەکارهێنانی ئامێر . هەروەها ئەوە رون دەکەنەوە کە لە کۆمەلگای نوێدا خێزانی بۆرجوازیەت لەناودەچێ . چونکە لەسەر کۆلەکەی " سەرمایەو سوودی تایبەتی " دامەزراوە ، کە لە کۆمەلگای کۆمۆنیستیدا جێیان نابێتەوە . دەربارەی ئەو هەیت و هاوارە ساختانەی بۆرجوازیەتیش دەربارەی ئەوەی گوایە کۆمۆنیستەکان داوای بەربەرەلایی سێکس دەکەن ، " مانیفێست " ئەوەی دەرخستووە کە ئەو بەربەرەلاییە هەمیشە لە ئارادا بووە ، ئینجا بە سەرسورمانەوە پرسیار دەکات : لە کۆمەلگایەکدا کە ئافرەت دەکرێ‌و دەفرۆشرێ ، ساختەچێتی نیە لە " پیرۆزی " خێزان و ئەو جۆرە شتانە بدوێین ؟ !

بەو جۆرە دانەرانی " مانیفێست " توانیان هەنگاو لە دوای

هەنگاو "ڕەخنەکان"ی ئایدیۆلۆگەکانی بۆرجوازیەت لە کۆمۆنیزم بە درۆ بخەنەوە و ئەوە دەربخەن کە زێدەبایی لە سایەی کۆمۆنیزمدا ئامرازێك نابێت بۆ دەوڵەمەندکردنی سەرمایەدارەکان، بەڵکو "ئامرازێك دەبێت بۆ خۆشکردن و دەوڵەمەندکردن و ئاسودەکردنی ژیانی ڕەنجدەران" و، ڕەنجدەران ئەو سەربەخۆییو کەسێتییە بەدەست دەهێنن کە لە سێبەری سەرمایەداریدا لێی بێبەشبوون. پەروەردەو فێرکردنیش گۆڕانی بنەڕەتیان بەسەردا دێت و حەڵاڵ کردنی ئافرەتان و داوێن پیسی ڕەسمی و نارەسمی لەناودەچن و ئامێنن و خێزانی پێکهاتوو لەسەر بناغەی خۆشەویستی جێبە خێزانی کۆن چۆڵ دەکات.

ئینجا "مانیفێست" دێتە سەر هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر مەسەلەی نیشتمان و نەتەوەو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی فیکری سۆسیالیستیدا مەسەلەیەکی زیندوی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی دەربڕێ، ئەویش مەسەلەی پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم بوو. زیندوێتی ئەو مەسەلەیەش هەڵقوڵاوی کۆمەڵێك فاکتەری (هۆکاری) بابەتیو خۆییە. فاکتەرە بابەتیەکان بریتی بوون لە: ڕەنگدانەوەی ئینتەرناسیۆنالیزم لە ژیانی گەلاندا. (ئەو مەسەلەیە بەڕوونی و دوورودرێژی لە بەشی یەکەمی "مانیفێست"دا باسکراوە)، پێگەیشتنی جوڵانەوە نەتەوەییەکان، کە لە قۆناغی شۆڕشی ١٨٤٨–١٨٤٩ی ئەورووپادا بە ئاشکرا بەدەرکەوتبون. گرنگترین فاکتەری خۆییش بریتی بوو لە: گەشەکردنی تەییاری ناسیۆنالیستی تەنگنەزەرانە لەناو جوڵانەوەی کرێکاریدا و چۆنیەتی خەباتکردنی ئینتەرناسیۆنالیستەکان بۆ زاڵبوون بەسەریدا، گرنگی داڕشتنی ستراتیجیەتێکی شۆڕشگێڕانەی لەو جۆرە بتوانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست فرمانە ناسیۆنالیستیو ئینتەرناسیۆنالیستییەکانی پرۆلیتاریا بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

مارکس و ئەنگلز لەو بڕوایەدابوون جوڵانەوەی کرێکاری بریتییە لە پرۆسەیەك، تیایدا مەسەلەی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتی لە یەکێتییەکی دیالەکتیکانەدان. ناوەڕۆکی ئەو پرۆسەیەش لەلایەن ئەو فاکتەرە چینایەتی کومەڵایەتیو نەتەوایەتیانەوە دیاری دەکرێ، کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتی دیاریکراودا دەگونجێو نیشانە تایبەتیەکانی ئەو وەردەگرێ. لە "مانیفێست"دا ئەوە نووسراوە کە: "خەباتی پرۆلیتاریا دژی بۆرجوازیەت لە بنچینەدا خەباتێکی نیشتمانی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتادا ئەو ڕوخسارە

بەخۆوە دەگرێ و پێویست بەوە ناکات بگوترێ گرنگە پرۆلیتاریای هەموو وڵاتێك لە وڵاتەکان بەرلە هەموو شتێك بۆرجوازیەتی تایبەتی خۆی لەناوبەرێ "(٣٢) . ئەو فرمانە سروشتێکی کۆمەلایەتی و گشتیو ئینتەرناسیۆنالیستانەی هەیە لەهەمان کاتدا، چونکە بارودۆخی کۆمەلایەتیو ئابوری پرۆلیتاریا و هەلومەرجی رزگاربونیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا خاوەنی ئینیانەی هاوبەشن . بەرلە هەموو شتێك پرولیتاریا لە سێبەری سەرمایەداریدا دوچاری چەوساندنەوە دەبێت ، هەلومەرجی ژیان و هەبوونی ڕێگەی ئەوەی پێنادەن ببێتە خاوەنی موڵکە مەتریالیستەکانی نەتەوە کە بۆرجوازیەت دەستی گرتووە بەسەریان دا و بواری ئەوەی پێنادەن ببێتە سەرکردەی جولانەوەی نیشتمانی کە چینی دەسەلاتدار زەوتی کردوە . بەو پێیەو بەمانا تایبەتیەکەی : مانای کۆمەلایەتی ، " کرێکاران نیشتمانیان نیە " ، بەلام هەرلەبەر هەمان هۆیش پێویستە پرۆلیتاریا "خۆی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی ئەو چینەی نوێنەرایەتی نەتەوە دەکاتو خۆی ببێتە نەتەوە ، چونکە هێشتا نیشتمانپەروەرە ، بەلام بەواتا بۆرجوازیەکەی ئەو وشەیە نە "(٣٣) .

دەیان ساڵە مشتومڕ لەسەر ئەو دوو تێزەی سەرەوەی " مانیفێست " دەکرێ . هەلپەرستە چەپرەوەکان ، تێزی " کرێکاران نیشتمانیان نیە " دەگۆڕن بۆ فۆرمێکی کۆسمۆپولیتیانەو ، هەلپەرستە ڕاسترەوەکانیش هەوڵ دەدەن تێزی دوەم : " پێویستە پرۆلیتاریا خۆی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی ئەو چینەی نوێنەرایەتی نەتەوە دەکاتو خۆی ببێتە نەوە ... " ، بکەنە بەهانەیەك بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ " سۆسیالیزمی نەتەوەیی "،کە لەگەڵ پرنسیپەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریادا ناکۆك و ناتەبایە . لینین ، کە بە شێوەیەکی زۆر بلیمەتانە لە " مانیفێست " گەیشتبوو و بە شێوەیەکی داهێنەرانەی قوڵ شیکردبووەوە ، ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە " هەڵەیەکی زۆر گەورەیە " تێزی یەکەم و دوەم بەجیا لەیەکتری وەربگیردرێ . چونکە مانای ڕاستەقینەی ئەو دوو تێزەی " مانیفێست " لەمەدا پوختە دەکرێتەوە : پێویستە پرۆلیتاریا ئایدیای نیشتمان و نیشتمانی نەتەوەیی تەنگ نەزەرانەی بۆرجوازیانە ڕەتبکاتەوەو جەماوەری ڕەنجدەر بەدوای خۆیدا ڕابکێشێ بۆ خەبات لە دژی سەرمایەداری وببێتە چینی بالادەستی نەتەوەو ڕابەرایەتی خەباتی ڕەنجدەران بکات لەپێناو سۆسیالیزمدا . بەو جورەش مەسەلەی نەتەوایەتی خەباتی چینی کرێکار دەربڕی ئینتەرناسیۆنالیزم دەبێو لە هەموو

هەواڵنامەی کتێب

وڵاتێك دا بەو شێوەیە دەخرێتە ڕوو کە لەگەڵ هەلومەرجی هەستپێکراو و بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریای جیهاندا بەگشتی : ئەم بەرژەوەندیانەی تەنیا لەسەر بناغەی ناسیۆنالیزم ڕانەوەستاوە ، تەبابێت .

لەوە دەچێ دانەرانی " مانیفێست " لە کۆتایی بەشی دوەم دا دەگەڕێنەوە سەر ئەو باسانەی لەکۆتایی بەشی یەکەم دا دەریان بڕیوە و باسی سێ مەسەلەی جەوهەری دەکەن : مەسەلەی شۆڕشی پرۆلیتاری ، مەسەلەی پێداویستیەکانی گوێزانەوە کە خاوەن سروشتێکی ئابوری و سیاسیە ، مەسەلەی هەندێ لە نیشانە گشتیەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی . مارکس و ئەنگلز ئەوە ڕون دەکەنەوە کە یەکەمین هەنگاوی شۆڕشی پرۆلیتاری ئەوەیە " پرۆلیتاریا ببێتە چینێکی باڵادەست و دیموکراتیەت بەدەست بهێنێ "(٣٤) ، چونکە بەبێ ئەو هەنگاوە چینی کرێکار ناتوانێ ئەو فرمانانە جێبەجێ بکات کە قۆناغی گوێزانەوە بڕیاری دەبڕێ . ئەو فرمانانەش بە پلەی یەکەم بریتیە لە : " سەندنەوەی وردە وردەی سەرمایە لە دەست بۆرجوازیەت ، کۆکردنەوەی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی دەوڵەتدا : دەستی پرۆلیتاریای ڕێکخراو لە چینێکی باڵادەست دا ، زۆرکردنی چەندایەتی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی بەو پەڕی خێرایی " (٣٥) .

دەربارەی پێداویستیە هەستپێکراوەکانی قۆناغی گوێزانەوە : مارکس و ئەنگلز لە هەمان کاتی باسکردنی پێداویستیە بنچینەییەکاندا ، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە " بێگومان ئەو پێداویستیانە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا جیاواز دەبن " (٣٦) . بەڵام پێویستە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکاندا یەکسەر دوای کردنی ئامرازەکان بە موڵکی گشتی " خاوەندارێتی زەوی‌وزار هەڵوەشێنرێتەوە " ، " باجی سەرکەوتووی بەرز بسەپێنرێ " ، " مافی میرات ڕەت بکرێتەوە " ، " دەست بگیردرێ بەسەر موڵکی کۆچکردو و یاخی‌بووەکاندا " ، " خڕکردنەوەی بانك و ئامرازەکانی گوێزانەوە لەدەستی دەوڵەتدا " .
دوای ئەوە دانەرانی " مانیفێست " ئەوە دوپات دەکەنەوە کە پێویستە کار لە کۆمەڵگای نوێدا بە هەموو کەسێك و بێ جیاوازی زۆرەملێ بێ ، جیاوازی نێوان شارو لادێ نەهێڵدرێ ، پەروەردەی گشتی و بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان مسۆگەربکرێت ... هتد .

کۆتایی بەشی دوەم کورتە باسێکی گشتی دەربارەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی : کۆمەڵگای ناچینایەتی ، تێدایەو باسی ئەوە دەکات کە لە داهاتوودا و پاش لەناوچوونی چینەکان و جیاوازی چینایەتی ،

دەسەڵاتی گشتی ، کۆمەڵ ، دەوڵەت ـ وەک دامەزراوی سیاسی و ئامرازی سەرکوتکردنی چینێک لەلایەن چینێکەوە ـ گرنگیان نامێنێ و " هەموو بەرهەم لە دەست کۆمەڵەیەکی فراواندا خڕدەبێتەوە ، کە نوێنەرایەتی هەموو نەتەوە دەکات " ( ۳۷ ) . ئەمەش مانای ئەوەیە سەرکردایەتی کۆمەڵایەتی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان جێی دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرێتەوە .

بەشی تیۆری " مانیفێست " بەو پێناسە کلاسیکیە کۆتایی پێدێت کە دەربارەی ناوەڕۆکی کۆمەڵگای نوێ : کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ، دەربڕاوەو دەڵێ : " لەسەر پاشماوەکانی کۆمەڵگای بۆرجوازی کۆن ، بە هەموو چین و ناکۆکیەکانیەوە ، کۆمەڵێکی نوێ سەرهەڵدەدات کە سەربەستی و گەشەکردن و پێشکەوتنی هەموو ئەندامێک لە ناویدا دەبێتە مەرجێک بۆ سەربەستی گەشەکردن و پێشکەوتنی گشت ئەندامەکان "( ۳۸ ) . ئەو وشانەش ئامانجی کۆتایی گۆڕانکاری کۆمەڵ لەسەر بنچینەی کۆمۆنیزم دادەڕێژێ .

## بەشی سێیەم : ئەدەبی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی

بەشی سێیەم لە " مانیفێست " تەرخانکراوە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئاقارە بنچینەییەکانی سۆسیالیزمی بۆرجوازیانەو کۆنەپەرستانەوە ، باسکردنی ئەو جیاوازیە مەبدەئیانەی کۆمۆنیزمی زانستی : ئەو کۆمۆنیزمەی بەڕاستی ناوی مارکسی هەڵگرتووە ، لە کۆمۆنیزمی تەوباوی جیادەکاتەوە . لە ناوەڕۆکدا ئەم بەشەی " مانیفێست " باسی ئەو خەباتە بێ وچانە دەکات ، کە مارکس و ئەنگلز لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی کۆمونیستەکاندا دژی تەییارە سۆسیالیستە ناپرۆلیتاریەکان بەرپایان کردبوو بۆ خۆشکردنی زەمینەی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیزمی زانستی . کۆنەپەرسترین تەییار لە ناو ئەو تەییارانەدا بریتیبوو لەوەی پێی دەوترا ( سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی ) . ئەم تەییارە دەربڕی ویستی چینی دەرەبەگەکان بوو کە لە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتیدا تێکشکابوون ، ئامانجی ژیاندنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و گێڕانەوەی پەیوەندیە بەسەرچووەکانی دەرەبەگایەتیبوو . ئەوەی ڕاستی بێ ئەریستوکراتی دەرەبەگایەتی خاوەنی هێزو ئامرازی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی دژی بۆرجوازیەت نەبوو ، جەماوەری ڕەنجدەری گەلیش بەدەم بانگەوازی ئەو دروشمە کۆنەپەرستانەیەوە نەدەهاتن . بۆیە میرەکان هەوڵیاندا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە پەنا بەرنە بەر کرێکاران و سوود لەو چەوساندنەوەیەی ئەوان وەرگرن ، کە لە لایەن بۆرجوازیەتەوە

هەوڵنامەی کتێب

دووچاریان بووە • ئەریستوکراتیەت هەوڵی ئەوەی دەدا پرۆلیتاریا بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و وەها خۆی نیشان بدات چارەنووسی پرۆلیتاریا جێی بایەخ پێدانی ئەوە • بۆ ئەم مەبەستەش بێ هیچ دوو دلێەك پەنای بردە بەر ڕستەو ووتەی سۆسیالیستیانەو "پەنجەی بۆ گیرفانی سواڵکەرانەی پرۆلیتاریا ڕاکێشاو کردیانە ئالایەك بۆ کۆکردنەوەی گەل و ڕاکێشانی بەدوای خۆیدا "(٣٩) •

ئەریستوکراتیەتی دەرەبەگایەتی نەفامیەکی ئاشکرای لە خەباتی سیاسی خۆیدا ڕنواندو لەو یاسا مێژووییە نەگەیشتبوو، کە لە بالادەستی پەیوەندیەکانی بۆرجوازیەت و سەرهەڵدانی پرولیتاریای شۆڕشگێڕ دەدوا • جالەبەر ئەوەی سروشتی کۆنەپەرستانەی ڕەخنەکانی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری نەدەشاردەوەو " لە پراکتیکی سیاسی خۆیدا بەشداری لە هەموو کارێکی توندوتیژو بەزەبرنا کرد لە دژی چینی کرێکار " • بۆیە ئیتر گەل ئامادە نەبوو دوای دروشمە کۆنەپەرستانەکانی ئەوان بکەوێت •

هاوشان و دەست لەناو دەستی سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی ، سۆسیالیزمی مەسیحیانە ڕێی دەکرد • ئەمەش هونەرمەندانەترین جۆری داکۆکیکردنی پیاوە ئاینیەکان بوو لە دەسەڵاتی چینە چەوسێنەرەکان ، داوای " ڕێکەوتن "و ئاشتی چینایەتی نێوان سەرمایەدارەکان و کرێکارانی دەکرد • ئەوەی شایانی باسە حیزبە دیموکرات و سوسیالیستیە مەسیحیەکانی ئەمڕۆی ئیتالیا و فەرەنساو ئەڵمانیا میراتگری فیکری ئەو تەیارەن •

گەشەکردنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری پرۆسەی قوڵکردنەوەی جیاوازی نێوان دانیشتوانی شارو لادێی زیاتر کرد و بووە هۆی مایەپوچی بەشێکی زۆری وردە مالیکەکان و زۆربەیان بەرەو ڕیزەکانی پرۆلیتاریای پیشەسازی ڕۆیشتن • ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی دلڕەقانە ڕووی داو بووە هۆی لەدەستدانی خاوەندارێتی بۆرجوازیەت ( لەوانە وردە بۆرجوازیش ) ، ئەمەش مانای لە دەستدان و دڕاندنی کەسێتیبوو • لەئەنجامی ئەوە تەیارێکی فیکری سەری هەڵدا و مارکس و ئەنگلز ناویان نا سۆسیالیزمی وردە بۆرجوازی • لایەنگیرانی ئەم تەیارە : ئەدیب و ئایدیۆلۆگە وردە بۆرجواکان ، دەستیان کرد بە داکۆکیکردن لە بەرهەمهێنەری بچووك و بەشێوەیەکی وردو ڕاست و دروست ڕەخنەیان لە ناکۆکیەکانی ناو ڕژێمی بۆرجوازیەت گرت ، بەلام ئەو ڕەخنەیە لە شیوێنەواری ڕابردوو دەربڕابوون • چونکە سۆسیالیزمی وردە بۆرجوازی " یان مەبەستیەتی دوبارە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردنی کۆن بژێنێتەوەو شان بە شانی ئەوەش

هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندیەکانی خاوەندارێتیو کۆمەڵگای کۆن بگێڕێتەوە ، وەیان مەبەستیەتی بە زۆرەملێ ئامرازە نوێکانی بەرهەمهێنان وئاڵوگۆڕکردنی نوێ لەسنووری پەیوەندیە کۆنەکانی خاوەندرێتیدا : ئەو سنورە تەسکەی پێویست بوو ئامرازە نوێکان وردوخاشی بکەن و کردیشیان ، بەند بکەن " ( ٤٠ ) .

هەروەها دانەرانی " مانیفێست " لەم بەشەدا بایەخێکی تایبەتیو زۆر گەورە بە سۆسیالیزمی ئەڵمانی : سۆسیالیزمی " راست و دروست " ، دەدەن . لەوەوپێش پەنجەمان بۆ ئەو خەباتەی مارکس و ئەنگلز راکێشا ، کەلەقۆناغی رێکخستنی حیزبی پرۆلیتاریدا ، دژی نوێنەرانی ئەو تەییارە بەرپایان کردبوو . رەخنەکانی سەرکردەکانی پرۆلیتاریا بۆ ئەو تەییارە فێکریە، بلیمەتی ئەوان لە بواری شیکردنەوەی تەییارە سیاسیەکان لە نوێنەواری هەستپێکراودا دەردەخات " . فەیلەسوف و نیمچە فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیا " هەڵەیەکی گەورەیان دەکرد ئەو بیروباوەراتەی سۆسیالیستە گەورەکانی فەرەنسایان دەگواستەوە بۆ ئەڵمانیا کە بۆ خەباتی دژی باڵادەستی بۆرجوازیەکان دەربڕابوون، ئەوەیان لەیاد کردبوو ئەو بیرورایانە لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخی کۆمەڵایەتی فەرەنسادا ناکۆک و ناتەبابوون ، دەرکیان بەوە نەکردبوو لە هەلومەرج و بارودۆخی ئەڵمانیادا بۆرجوازیەت تازە دەستی بە خەبات کردبوو لە دژی حوکمی رەهای دەرەبەگەکان و پرۆلیتاریای پیشە سازیش لە سەرەتای دروستبون دابوو . بەو جۆرە ئەدەبی سۆسیالیستی فەرەنسا گوێزرایەوە بۆ ئەڵمانیا ، بەلام لەو بارودۆخەدا دەربڕی خەباتی هیچ چینێک لە دژی یەکێکیتر نەبوو " . لایەنگیرانی سۆسیالیزمی راست و دروست " لە ئەڵمانیا باوەڕیان بەوە هێنابوو کە توانیویانە زاڵ بن بەسەر " یەک لایەنی فەرەنسی " دا و ئەوان داکۆکی لەپێدا ویستیە راستەقینەکان ناکەن ، بەڵکو داکۆکی لە پیداویستی راستی دەکەن ، داکۆکی لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریا ناکەن ، بەڵکو داکۆکی لە بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ ( مرۆڤ بەگشتی ) دەکەن ، ئەو مرۆڤەی سەر بە هیچ چینێک نیەو پەیوەندی لەگەڵ هیچ واقیعکدا نیە ، ئەو مرۆڤەی لەنێو ئاسمانی ویستە فەلسەفیەکاندا نەبێ لە هیچ شوێنێکیتر بەدی ناکرێت "(٤١) .

دانەرانی " مانیفێست " دیراسەی هۆکانی بلاوبونەوەی فراوانی بیروراکانی سۆسیالیزمی " راست و دروست " یان کردوەو پەنجەیان بۆ ناوەڕۆکی وردە بۆرجوازیانەی ئەوانە راکێشاوە . چونکە ئەو رەخنەیەی لایەنگیرانی سۆسیالیزمی " راست و دروست " لە

بەرهەمهێنانی گەورەی بۆرجوازیەت و دەسەلاتی بۆرجوازیەتی پیشەسازی و مالیان دەگرت ، کە لە فەرەنسا ببووە واقعیکی بەکردەوەو لە ئەلمانیا تازە لە تەختەی کاردا سەری هەلدەدا ، لە شوینەواری توێژێکەوە : وردەبورجوازی ، ئاراستەدەکرا کە مایەبوچی و لەناوچوون هەرەشەیان لێدەکرد . لەبەر ئەوەی چەق بەستنی سەرمایەو چەسپاندنی دەسەلاتی بۆرجوازیەتی گەورە لەسەر ئاستی سیاسیو پیشەسازی لەلایەك و پەرەسەندنی پرۆلیتاریای شۆرشگێر لە لایەکی ترەوە ، هەرەشەیان لە مافی ئەو توێژە دەکردو روبەرووی لە ناوچوونی کردبووەوە .

ئەوەی راستی بێ بیرورا ئالۆزو ناشێلگیرەکانی ئایدیۆلۆگەکانی ئەم تەیبارە ، دەربارەی جەوهەر، رۆح و دلی مرۆڤ ، جگە لە دورخستنەوەی جەماوەری کرێکار لە خەباتی چینایەتیو دروستکردنی کۆسپ لەبەردەمی گەشەکردنی هوشیاری چینایەتی ئەودا هیچ ئەنجامێکی تری نەبوو . هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو مارکس و ئەنگلز سۆسیالیزمی " راست و دروست " یشیان ، وەك سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی و سۆسیالیزمی وردەبۆرجوازی ، بە ئاقارێکی کۆنەپەرستانەی ناو ئەدەبی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمیان دادەنا .

دوابەدوای سۆسیالیزمی کۆنەپەرستانە ، مانیفێست " سۆسیالیزمی بۆرجوازیانەی : کۆنخوازو پارێزخواز ، ریسواکردە. ئەوەی دەرحەست کە لایەنگیرانی ئەم تەیبارە پێکهاتوون لە : " ئابورستەکان ، پیاوەخێرخوازەکان ، ئەو کەسانەی بایەخ بە چاککردنی بارەنووسی چەوساوەکان دەدەن ، کۆمەلەی کاری خێرخوازانەو ئاژەل پاراستن ... بە کورتی هەموو ئەو ریفۆرمیستانەی بیرورا ریفۆرمیستیەکانیان خۆیان لە ئاسمانی ژورەکانی خۆیانەوە وەردەگرن " . ئەوانەش بە هیوەیەکی سەرەکی نوێنەری چینی بۆرجوازیەتن و بە هیچ جۆرێك نایانەوێ رژێمی دەسەلاتدار گۆرانی ریشەیی تیادا روبدات . کۆمەلەی دادوەران " ، کە بەر لە کومەلەی کرمونیستەکان دروستبوو ، لە نامەیەکدا لە مانگی شوباتی ۱۸٤۷ دا نووسیویەتی : " ئەو تەیبارە هیچ رژێمێکی نوێ پێشکەش ناکات ، بەلکو زیاتر بایەخ دەدات بە پینەکردنی بینای کۆنو شواخدانی ئەو درزانەی بە درێژایی رۆژگار دروستبوون ، یاخود لەسەر بناغەی کۆن : سەرمایە ، قاتێکیتر بینا دەکات ( ئەمەش زۆرترین شتێکە لەدەست ئەوبێت ) " .

ئەگەرچی ئەم تەیبارە لە چەند ئاتاروجۆرێك پێکهاتووە ، بەلام لایەنگیرانی بە گشتی لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە کۆمەلگای بۆرجوازیەت چاکترین کۆمەلگایەو لەسایەی ئەوەوە دەکرێ خۆشگوزەرانی و

ناسوودەیی بۆ کرێکاران و جوتیاران دابین بکرێ . لێرەشدا چاکترین و پێویستترین کارێك پرۆلیتاریا بۆ ئەو مەبەستە بیکات ئەوەیە خەباتی چینایەتی ئەکاتە ئەو بۆچوونەی دەربارەی کۆمەڵگای بورجوازیەت ولاوەنێیت کە لە نامۆیی و دێزی کۆمەڵگای بۆرجوازیەت دەدوێ . " مانیفێست " لەم بوارەدا برۆدۆن بە دیارترین نموونە و نوێنەری ئەو سۆسیالیزمە دادەنێ و مارکسیش لە نامیلکەی " بەسەی دەرەتانی ئەلسەفە " دا رەخنەیەکی توندوتیژو هەمەلایەن لە تێڕوانینەکانی ئەو دەگرێت و ڕیسوای دەکات .

جگە لەوانەی سەرەوە ، ئەو لایەنەی بەشی سێیەم لە " مانیفێست " کە بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی تەوباویانەی رەخنەگرانە تەرخانکراوە ، گرنگیەکی مەزنی هەیە . چونکە سەرهەڵدانی ڕێبازو بیروڕا تەوباویەکان شیدەکاتەوەو ئەوە دەردەخات کە ئەو ڕێبازو بیروڕایانە بەری سروشتی ناکاملی خەباتی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریاو بۆرجوازیەتە . تەوباویەکان کە " هێشتا لە توانایاندا نیە هەلومەرجی مەتریالیستانە بۆ ڕزگاربوونی پرۆلیتاریا بدۆزنەوە " هەوڵدەدەن بیخوڵقێنن و دایبهێنن . ئەمانە هەموو کارێکی شۆرشگێرانە ڕەتدەکەنەوەو لەبری ئەو کارە دەیانەوێ کۆمەڵگا بە جۆرێك ڕێك بخەن ، کە لەگەڵ نموونە داهێنراو و دەستکردەکانی ئەوان دا بگونجێ .

کۆمۆنیزمی زانستی جیاوازیەکی مەبدەئی لەگەڵ کۆمۆنیزمی تەوباوی دا هەیە ، ئەو جیاوازیەش لەمانەی لای خوارەوەدا پوختە دەکرێتەوە : کۆمۆنیزمی زانستی دەربڕی هوشیارانەی بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریایەو پشت بە هەڵسەنگاندنی ڕاست و بابەتیانەی ڕۆڵی مێژوویی جیهانی پرۆلیتاریا دەبەستێ . کۆمۆنیزمی زانستی خاوەنی تێگەیشتنیکی مەتریالیستانەیە بۆ مێژوو ، ئەو تێگەیشتنەش بنچینەی تیۆری ئەوە . کۆمونیزمی زانستی باوەری بە گرنگی بابەتیانەی شۆرشی پرۆلیتاریا هەیەو بە ئەنجامێکی سروشتی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای دەزانێ و کۆمەڵگای کۆمۆنیستیش بە بەری گەشەکردنی بابەتیانەو مێژوویی دادەنێ .

لە ئەنجامی گەشەکردنی جوڵانەوەی کرێکاری و بەدەستهێنانی هوشیاری سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە ، کۆمۆنیزمی زانستی : ئایدیۆلۆجیای پرۆلیتاریا ، جێی بە چەمکەکانی کۆمۆنیزمی تەوباوی چۆڵ کرد . چونکە چەمکەکانی سۆسیالیزمی تەوباوی ، کە ڕەنگدانەوەی قۆناغی یەکەمی پێکهاتنی هوشیاری چینایەتیە ، لە ڕێڕەوی داهێنانی

هوشیارانەی مێژوویی‌دا دەبنە کۆسپی سەر ڕێگەی خەباتی پڕۆلیتاریا ودەبێ ولاوەنرێن ·

مارکس و ئەنگلز لە کۆتایی بەشی سێیەمی " مانیفێست " دا نووسیویانە : " گرنگی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی تەوباوی ڕەخنەگرانە، بە شێوەیەکی پێچەوانەیی هاوڕێژەیە لەگەڵ گەشەکردنی مێژوویی‌دا · هەتا خەباتی چینایەتی زیاتر گەشەبکات و شێوازی دیاریکراوتر بە خۆوەبگرێ، ئەو ویستە خەیالیەی پشتگوێخستن، ئەو ڕێگە خەیالیەی دژابەڕێکردنی ئەو خەباتە، هەموو مانایەکی پراکتیکی و بەهانەیەکی تیۆری لە دەست دەدەن · بۆیە ئەگەرچی دامەزرێنەرانی ئەو ئاقارانە لە زۆر ڕووەوە شۆڕشگێڕن، بەڵام قوتابیەکانیان هەمیشە ڕودەکەنە پێکهێنانی تیپی گۆشەگیری کۆنەپەرستانە ··· بەو جۆرە وردە وردە دەچنە ڕیزی سۆسیالیستە کۆنەپەرستەکان یان پارێزخوازەکانەوە " (٤٢) ·

بەشی چوارەم : هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر

هەموو چەشنەکانی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان

مارکس و ئەنگلز لەم بەشەدا پەنجە بۆ ئەو پرنسیپە بنچینەییانە ڕادەکێشن، کە پێویستە کۆمۆنیستەکان لە کاتی دارشتنی ستراتیج و تاکتیکی خۆیان دا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و ئاستە هەمە جۆرەکانی گەشەکردنی جوڵانەوەی کرێکاری دا، پێڕەویان بکەن · لێرەشدا شتێکی سروشتیە هەموو ئەو فاکتەرانە ڕوخساری ئەو چالاکیە سیاسیە پراکتیکیانە دیاری بکەن، کە حیزبە کۆمۆنیستەکان بەپێی هەلومەرجی مێژوویی هەستپێکراوی تایبەتی وڵاتەکانیان ئەنجامیان دەدەن · لەم بوارەش ئەگەرچی دامەزرێنەرانی " مانیفێست "، فەرەنسا و سویسرا و پۆڵۆنیا و ئەڵمانیا بە نموونەی تاکتیکی و هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان دەهێننەوە، بەڵام هیچ کاتێك هەوڵیان نەداوە بیروڕای خۆیان بەسەر حیزبە کرێکاریەکانی ئەو وڵاتانەدا بسەپێنن و کاریشیان بۆ ئەوە نەکردوە بیروڕاکانیان بکەنە " فێرکاری " گشتی و بنچینەیی · مارکس و ئەنگلز زۆرجار لە ڕێڕەوی ژیانی خۆیاندا ئەوەیان دوپاتکردۆتەوە کە نابێ بە هیچ جۆرێك ڕاڕەوەکەیان وەك کلێشەو دوگما وەربگیرێت · چونکە بارودۆخی سیاسی هەموو وڵاتێك بەپێی گۆڕانی چەندین فاکتەری جۆراوجۆر دەبێت · بۆیە پێویستە نەرمونیانی سیاسی و بیرکردنەوەی دیالەکتیکیانە و توانای هەڵسەنگاندنی ڕاست و درستی

بارودۆخ و دارشتنی تاکتیکی گونجاو بۆ ئەو بارودۆخە ، لە پێناو خەباتی پرۆلیتاریاو لەبەر ڕۆشنایی تێزە بنچینەییەکانی کۆمۆنیزمی زانستیدا ، پێڕەوی بکرێن .

پشت ئەستور بەو تێزانەی سەرەوە ، دانەرانی " مانیفێست " یەکێك لە پرنسیپە گشتیەکانی خەباتی کۆمۆنیستەکان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریای ولاتە جۆراوجۆرەکاندا دادەڕێژن و ئەوە ڕون دەکەنەوە کە " کۆمۆنیستەکان خەبات لەپێناو بەرژەوەندی و ئامانجە ڕاستەوخۆکانی چینی کرێکاردا دەکەن ، بەلاّم لە هەمان کاتداو لە جولاّنەوەی ئێستادا داکۆکی لە داهاتوی جولاّنەوەکە دەکەن " (٤٣) . ئەمەش مانای ئەوەیە نابێ فرمان و سەرکەوتنەکانی خەباتی کاتی و ئەمڕۆ، ئامانجی دوایی و ئاسۆی خەباتی چینی کرێکار لە بیر کۆمۆنیستەکان بەرنەوە . چونکە لەوانەیە ئەو سەرکەوتنانە تەمەن کورت بن ، ئەمە لەلایەك . لە لایەکی تریشەوە گۆڕینی بنەڕەتی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە باوەکان و لەناوبردنی دەسەلاّتی خاوەندارێتی تایبەتی ، تاکە ڕێگەیە بۆ دابین کردنی ئەو هەلومەرج و باروزۆخەی چینی کرێکار بتوانی لە سایەیاتەوە لەگەلّ ڕەنجدەرانی تردا بەسەربەستانە بژی و کاربکات و گەشەبکات .

مارکس و ئەنگلز داوایان لە پرۆلیتاریاو حیزبەکەی دەکرد داکۆکی لە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی و چینی بۆرجوازی و هێزە ئۆپۆزسیونەکانی هاوپەیمانی ئەو بکەن ، کە دژی پەیوەندیە چەوسێنەرە بەسەرچووەکانی دەرەبەگایەتی تێدەکۆشن . ئەم داواکاریەش لەوەوە هەلّتولاّبوو کە بۆرجوازیەت لە خەباتی خۆیدا دەتوانێ دەست بەرداری یارمەتی چینی کرێکار بێ و بێگومان دوای سەرکەوتن ناچار دەبێت سەربەستی و مافە دیموکراتیەکان بۆ هاوپەیمانەکانی دوێنێ : چینی کرێکار ، مسۆگەر بکات . بەلاّم لەبەر ئەوەی چینی بۆرجوازیەت باش دەیزانی هاوپەیمانیەکەی لەگەلّ پرۆلیتاریادا کاتیەو بە چاکی دەرکی بە دوژمنایەتی کرێکاران دەکرد ، هەولّی زۆری دەدا زۆترین بەشی مافە سیاسیەکانی پرۆلیتاریا زەوت بکات . بۆیە ئەرکی سەرشانی چینی کرێکار بوو تێبکۆشێ بۆ فراوانکردنی ئەو مافانە . چونکە تەنیا ئەو تێکۆشانە یارمەتی ئەوە دەدات خەباتی سیاسی چینی کرێکار بە چالاکانەترین شێوە لە دژی ئەو چینە : بورجوازیەت ، بەرپا بکرێت کە هەولّی ئەوە دەدات دەسەلاّتی خۆی بچەسپێنێ و پەیوەندیە چەوسێنەرەکانی خۆی نەمرکات و بەردەوام بێت لەسەر چەوساندنەوەی ڕەنجدەران . لەبەر ئەو هۆیە مارکس و ئەنگلز لە " مانیفێست "دا ئەوە دوپات دەکەنەوە کەپێویستە هەمیشە حیزبی

کۆمۆنیستەکان کار بۆ ئەوە بکات کرێکاران لەو ململانێ توندو تیژو دوژمنکارانەیەی نێوان پرۆلیتاریاو بۆرجوازیەت ئاگاداربکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لەو هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیە وەرگرن کە بە پێویست شان بە شانی دەسەلاتی بۆرجوازیەت لە ئارادا دەبن و، وەك چەکێك لە دژی بۆرجوازیەت خۆی بەکاری بهێنن.

ئەو کۆمۆنیستانەی خەباتێکی سەرسەختانەی بێوچان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکاراندا دەکەن، "لایەنگیری هەموو جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕین کەدژی ڕژێمی کۆمەڵایەتیو سیاسی بەرپادەکرێت". چونکە بۆ یەك چرکەش ئامانجی کۆتایی: ئامانجی ڕزگاری هەموو چەوساوەکان، لەیاد ناکەن کە چینی کرێکارو ڕەنجدەران بەرپای دەکەن، بەڵام هەمیشەو لە هەموو جێیەك "مەسەلەی خاوەندارێتی": فەرمانی گۆڕینی پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی لە خاوەندارێتی تایبەتیەوە بۆ خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی، لەپێش هەموو شتێکەوە دادەنێن. چونکە جێگیرکردن و پتەوکردنی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی، تاقە ڕێگەیەکە بۆ خۆشکردنی هەلومەرج و بارودۆخی گونجاو بۆ یەکسانیو سەربەستی ڕاستەقینە.

مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست بەم وشە بەرزانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت کە پڕە لە جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانەوەو باوەڕبوون بە داهاتوو: "با چینە دەسەڵاتدارەکان لە بەرامبەر شۆڕشی کۆمۆنیستیدا بێنە لەرزە. چونکە پرۆلیتاریا لەو شۆڕشەدا جگەلە کۆت و زنجیرەکانی هیچیتر لەدەست نادات، بەڵام لە ئەنجامی ئەو جیهانێك بە گشتی بەدەست دەهێنێ. کرێکارانی جیهان یەکگرن! (٤٤).

لینین، تەواوکەرو پەرەپێدەری ڕێبازی مارکس و ئەنگلز، گرنگی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستی لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا پوختە کردۆتەوە: "ئەم نامیلکەیە بە ڕوونیو وردیەکی بلیمەتانە چەمکی نوێ بۆ جیهان دەردەبڕێ و باسی مەتریالیزمی خۆگرتوو دەکات، کە پێکهاتووە لە: بواری ژیانی کۆمەڵایەتی، دیالەکتیك وەك فراوانترین و قوڵترین زانست بۆ گەشەکردن، تیۆری ململانێی چینایەتیو ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕیەی پرۆلیتاریا لە مێژووی جیهاندا وەك بنیاتنەری کۆمەڵگای نوێ: کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، دەی گێڕێ" (٤٥).

ئەوەی شایانی باسە لە کاتی بڵاوکردنەوەی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست و پەسەندکردنی وەك بەرنامەیەك لەلایەن کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانەوە، تیۆری کۆمۆنیزمی زانستی تێکەڵ بە پرۆسەی بابەتیو مێژوویی جیهانی: پرۆسەی گەشەکردنی هەمەلایەنی مرۆڤایەتی، بوو.

○ ○ ○

لە سەردەمی ژیانی مارکس و ئەنگلزدا چەندین پێشەکی بۆ چاپە جۆراوجۆرەکانی "مانیفێست" نووسراوە و هەتا کاتی مردنی ئەنگلزیش ژمارەی ئەو پێشەکیانە گەیشتۆتە حەوت دانە. خوێندنەوەی ئەو پێشەکیانە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە ئەو خوێندنەوەیە یارمەتیمان دەدات لە مێژوو و سەرچاوەی "مانیفێست" بگەین و لەگەڵ چاپە جۆراوجۆرەکانی ئاشنا بین و ئەو زمانانە بناسین کە هەتا ئەو کاتە پێی بڵاوکراوەتەوە. جگە لەوانە دەتوانین لەو بیروباوەڕو پرنسیپە بنچینەییانە تێبگەین کە لە "مانیفێست"دا هاتوون و ئەو گەشەکردن و گۆڕانکاریانە بەدی بکەین کە لە ڕێڕەوی جوڵانەوەی کرێکاری دا هێنراونەتە ئاراوە.

## مارکسیزم ڕێنیشاندەری کارە نەک دۆگما

لەو ئایدیا گرنگانەی مارکس و ئەنگلز لە پێشەکییەکان دا دووپاتیان کردۆتەوە ئەمانەن: کارپێکردنی داهێنەرانەی پرنسیپەکانی مارکسیزم، گرنگی پەیوەندی نێوان گشتی و تایبەتی و ڕەچاوکردنی هەلومەرجی مێژوویی دیاریکراودا، کارکردن بۆ پەرەپێدانی بەرنامەو تاکتیکی حیزب بەپێی گەشەکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پلەی پێگەیشتنی فاکتەری خۆیی، ڕەچاوکردنی ئەزمۆنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهان. ئەوەتا مارکس و ئەنگلز لە یەکەمین پێشەکی "مانیفێست"دا: پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی ١٨٧٢، کە پاش بیست و پێنج ساڵ لە بڵاوبوونەوەی "مانیفێست" نووسراوە، دەڵێن: "ئەگەرچی هەلومەرج لە ماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەو پرنسیپە گشتیانەی لە مانیفێستدا هاتوون، بەگشتی هەتا ئەمڕۆ ڕاستی و ڕەوانی خۆیان پاراستووە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەندێ گۆڕانکاری لە چەند برگەیەکدا بکرێت" دوای ئەوە دەڵێن: "مانیفێست خۆی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە جێبەجێکردنی ئەو پرنسیپانە هەمیشەو لە هەموو جێیەک گرێدراوە بە هەلومەرج و بارودۆخی مێژووییەوە لە یەک کاتدا"(٤٦).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو قسانەی سەرەوە، مارکس و ئەنگلز لە یەکەمین پێشەکی چاپی ئەڵمانی ناوبراودا پەنجەیان بۆ چەند مەسەلەو گۆڕانکارییەک ڕاکێشاوە. یەکێک لەوانە مەسەلەی ئەو تەگبیرە شۆڕشگێڕانانەیە کە لە کۆتایی بەشی دوەمدا هاتوون (بڕوانە لاپەڕە ٦٦ لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست / چاپی موسکو) و لەم بارەیەوە دانەرانی "مانیفێست" نووسیویانە: "ئەگەر ئێمە ئەم

کۆپلەیەمان داڕشتەوە ، ئەوا جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ تێکستە ئەسڵیەکەدا دەبێ . چونکە ئەو بەرنامەیە لە زۆر خاڵیدا کۆن بووە ، هۆی ئەوەش ئەو گەشەکردنە مەزنەی پیشەسازی گەورەیە کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی دواییدا بووە هۆی پێشکەوتنی چینی کرێکار لە رێکخستنی حیزبی خۆی دا ، هەروەها بەپێی ئەو تاقیکردنەوە واقیعیانەی شۆرشی شوبات ئینجا کۆمۆنەی پاریسە کە بۆ یەکەمین جار دەسەڵاتی سیاسی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەدەست پرۆلیتاریاوە بوو " . یەکێکی تر لەو مەسەلانەی لە پێشەکیەکەدا هاتووە ، مەسەلەی گرنگی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی چینی کریکارە ، واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . مارکس و ئەنگلز لەم بارەیەوە نووسیویانە : کۆمۆنەی پاریس بە شێوەیەکی تایبەتی ئەوەی سەلماند کە " چینی کرێکار نابێ تەنیا روبکاتە دەستگرتن بەسەر دام و دەزگاکانی دەوڵەتی دامەزراوەداو بەکاریبهێنێ لەپێناو ویستە تایبەتیەکانی خۆیدا "(٤٧) ، بەڵکو پێویستە وردو خاشی بکات و بیگۆرێ بە " دیکتاتۆریەتی شۆرشگێری پرۆلیتاریا "(٤٨) کە بە بنچینەی سیاسی دەوڵەتی قۆناغی گوێزانەوە دەژمێردرێ .

ئینجا دانەرانی " مانیفێست " لە هەمان پێشەکیدا باسی ئەوە دەکەن کە رەخنەگرتن لە ئەدەبی سۆسیالیستیش کامڵ نیەو پێویست بە تەواوکردن هەیە . لەپاش ئەوە دەچنە سەر بەشی چوارەمی " مانیفێست "و دەڵێن : " هەروەها ئەوەی راستی بێ دەربارەی هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر هەموو جۆشنەکانی حیزبە ئۆپۆزسیونەکان ، ئەگەرچی هەتا ئەمرۆ لە روی پرنسیپەکانیەوە راستن ، بەڵام لە وردەکاریەکانیدا کۆن بووە . ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە باروڕۆخی سیاسی بە تەواوی گۆرانی بەسەردا هاتووە و گەشەکردنی مێژوویی بۆتە هۆی لەناوچوونی زۆربەی هەرە زۆری ئەو حیزبانەی تیایدا باسکراون "(٤٩) .

جگە لەوانەی سەرەوە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست لە سەرەتای بلاوبوونەوەدا بە هیچ جۆرێك باسی هەبوونی کۆمەڵگای کۆمۆنەی سەرەتایی نەکردوەو تەنیا قۆناغەکانی : کۆیلایەتی ، دەرەبەگایەتی ، سەرمایەداری ، دەست نیشان کردوەو پەنجەنومای ئەوەی کردوە کە مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی بریتی بووە لە ململانێی چینایەتی . بەڵام مارکس و ئەنگلز لە پێشەکی دوەمین چاپی روسیدا (١٨٨٢) پەنجەیان بۆ خاوەندارێتی کۆمۆنەی سەرەتایی راکێشاوەو باسی ئەوەیان کردوە کە ئەو بە دوا یەکهاتنەی فۆرماسیۆنە ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی گەشەکردنی مێژوویی ئەوروپا ، چارەنووسێکی حەتمی

هەموو کۆمەڵگایەک نیە. لە پێشەکی چاپی ئینگلیزیدا (١٨٨٨) ئەنگلز هەندێ پەراوێزی بۆ "مانیفێست" داناوەو لە یەکێکیان دا پەنجەی بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنەی سەرەتایی ڕاکێشاوە، کە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی ئەوە، کۆمەڵگای چینایەتی و ململانێی چینایەتی داتۆتە ئاراوە.

لەوانەی سەرەوە ئەوە هەڵدەهێنجین کە مارکسیزم دۆگما نیە، بەڵکو ڕێنیشاندەری کارەو هەمیشە لە گەشەکردن و بەرەو پێشەوەچوون دایەو لە ئەنجامی پەرەسەندنی زانست و دۆزینەوەکانیش دەوڵەمەندتر دەبێ.

## شۆڕشی سۆسیالیستی

لە پێشەکی دوەمین چاپی ڕوسی "مانیفێست"دا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەکەوێتە بەرچاومان، ئەویش مەسەلەی جیاوازی کردنە لە نێوان شۆڕشی کرێکاری و شۆڕشی سۆسیالیستیدا. ئەوەی جێی داخە ئەو مەسەلەیە لە پێشەکیەکانی چاپی عەرەبیدا بەدی ناکرێت و هۆی ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی بابەتەکە، بەڵکو بۆ ئەو ڕوداوەی بەسەر پێشەکیەکە خۆی هاتووە. بە کورتی ئەو پێشەکیە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٨٨٢دا بە زمانی ئەڵمانی لە لایەن مارکس و ئەنگلزەوە نووسراوەو بەدەستنوسی ئەنگلز بووە، مارکس لە هەمان کاتدا کە بلیخانۆف خەریکی وەرگێڕانی دوەمین چاپی ڕوسی "مانیفێست" بووە، ناردویەتی بۆ جنێف، بێ ئەوەی وێنەیەک لەو پێشەکیە لەلای خۆی گل بداتەوە. دوای ئەوە ئەنگلز وێنەیەکی لە تێکستە ئەسڵیەکە دەستکەوتووە، بەلام وەک لە پێشەکی چاپی ئەڵمانی (١٨٩٠)دا باسی دەکات: "بێ بەختانە وێنەی ئەسڵی دەستنووسی ئەڵمانی ئەو پێشەکیەم بزرکردووەو پێویستە سەرلەنوێ لە زمانی ڕوسیەوە وەرگێڕمەوە سەر زمانی ئەڵمانی" (٥٠). بەوجۆرە ئەنگلز دوبارە ئەو پێشەکیەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئەڵمانی. لەو کاتەوە هەتا دۆزینەوەی تێکستە ئەسڵیەکە ساڵی ١٩٢٣، ئەو تێکستە دوبارە وەرگێڕدراوەی ئەنگلزووەرگێڕانەکەی بلیخانۆف تاقە سەرچاوە بوون، کە بۆ ئەو پێشەکیە پشتیان پێدەبەسترا. پاش دۆزینەوەی تێکستە ئەسڵیەکەو بەراوردکردنی لەگەڵ تێکستە دوبارە وەرگێڕدراوەکەی ئەنگلزدا هەندێ جیاوازی لە ووشەو دارشتن دا بەدی کران، بەلام بێ بایەخدان بەو جیاوازیانەو ڕەچاوکردنیان تێکستە وەرگێڕدراوەکەوە پشتگوێخراو تەنیا تێکستە ئەسڵیەکە لە چاپە جۆراوجۆرەکانی تری "مانیفێست"دا بلاوکرایەوە.

بێگومان ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازیانەی نێوان دوو تێکستەکە شتێکی گرنگە ، بۆیە باسێک لەو مەسەلەیەش دەکەین .

یەکێک لەو جیاوازیە گرنگانەی نێوان دوو تێکستەکە بریتیە لەوەی لە کاتێکدا پێشەکی ساڵی ١٨٨٢ باسی هەڵگیرسانی شۆڕشی پرۆلیتاریای ڕۆژئاوا دەکات ، لە دوبارەوەرگێڕدراوەکەی ساڵی ١٨٩٠دا باسی شۆڕشی کرێکاری دەکات و لە کۆتایی وتەیەک دەربارەی " پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ڕوسیا "دا دوپاتی دەکاتەوە . زانایان ئەو دوپات دەکەنەوە کە زاراوەی شۆڕشی کرێکاری بەلای مارکس و ئەنگلزەوە بریتیبووە لە شۆڕشی دیموکراتی کە چینی کرێکار ڕۆڵی بنچینەیی تیایدا دەگێڕێ و بەشێلگیرانە خەبات دەکات لەپێناو فرمانەکانی خۆی و گەیاندنی ئەو شۆڕشە بە شۆڕشی پرۆلیتاری : سۆسیالیستی ، لە ڕێگەی کۆمەڵێک پرۆسەی شۆڕشگێڕیەوە . بەو جۆرە شۆڕشی کرێکاری ئەو چەمکە دەگەیەنی کە لینین ناوی نابوو دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیارانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : قۆناغی گوێزانەوە بەرەو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا .

ئەنگلز لە پێشەکی چاپی ئیتاڵی ساڵی ١٨٩٣ دا پەنجە بۆ هەلومەرجە بابەتی و خۆییەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی رادەکێشی ( بڕوانە لاپەڕە ٣٢ـ ٣٣ هەمان سەرچاوەی پێشو ) و ئەوە ڕون دەکاتەوە کە شۆڕشی ١٨٤٨ ی فەرەنسا ئەگەرچی دەستکردی چینی کرێکار بوو ، بەلاّم شۆڕشێکی سۆسیالیستی نەبوو . چونکە ڕاستە کرێکارانی پاریس سووربوون لەسەر ڕماندنی ڕژێمی بۆرجوازی ، " هەرچەند درکیان بە ناکۆکی دوژمنکارانەی نێوان چینەکەی خۆیان بە تایبەتی و چینی بۆرجوازی کردبوو ، بەلاّم هێشتا نە گەشەکردنی ئابوری وڵات و نە پەرەسەندنی فیکری جەماوەری کرێکاری فەرەنساش گەیشتبوونە ئەو پلەیەی زەمینە خۆشکەربێت بۆ گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ".
هەر ئەو دوو فاکتەرە دیاریکەرەی سروشتی شۆڕشی سۆسیالیستیشە لینین لە کاتی باسکردنی شۆڕشی ١٩٠٥ دا لێیان دەدوێ : " پلەی گەشەکردنی ئابوری ڕوسیا ( مەرجی بابەتی ) و ئاستی هوشیاری چینایەتی و ڕێکخراوەیی جەماوەری فراوانی کرێکاران ( مەرجی خۆیی بە توندگرێدراو لەگەڵ مەرجی بابەتیدا ) بوونەتە هۆی ئەوەی ڕزگاری تەواوەتی و یەکسەری چینی کرێکار شتێک بێت هێنانەدی مەحاڵ بێت " .

## دیالەکتیکی ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم

لە پێشەکی چاپی بۆلۆنی ١٨٩٢ و چاپی ئیتاڵی ١٨٩٣ دا سەرنجێکی

ڕون دەربارەی هەڵوێستی مارکسیزم بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی نیشتمانی و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی بەدی دەکرێت و، تیایدا هەموو ئەو بوختان و قسە هەڵبەستراوانە بەدرۆدەخرێتەوە کە لە سەردەمی مارکسەوە هەتا ئەمڕۆش بەسەر کۆمۆنیستەکاندا دەسەپێنرێن ؛ واتە بەدرۆخستنەوەی ئەو تاوانەی دەخرێتە ئەستۆی کۆمۆنیستەکان و دەڵێ گوایە کۆمۆنیستەکان گوێ بە مەسەلەی نیشتمان و نەتەوە نادەن و مرۆڤی کۆسمۆپۆلیتین .

کاتی ئەنگلز پێشەکی چاپی پۆلۆنی " مانیفێست "ی نووسیبوو، پۆلۆنیا لە نێوان ڕوسیای قەیسەری و فەرەنسا و بروسیادا دابەشکرابوو ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە : " بە خێرایی گەشەکردنی ئابوری پۆلۆنیا ... مەرجی ژیاندنەوەی نیشتمانی پۆلۆنیایە " ، وە ئەوەی دەرخستووە کە " ژیاندنەوەی پۆلۆنیای سەربەخۆ وبەهێز تەنیا جێی بایەخ پێدانی پۆلۆنیەکان نیە ، بەڵکو جێی بایەخ پێدانی هەمووماننە " . لێرەدا ئەوە ڕەچاودەکەین ئەنگلز هەمیشە ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە دەبێ مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی چینایەتی و ئینتەرناسیۆنالیزمەوە : ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریای جیهانیەوە ، چارەسەربکرێ . " چونکە سەربەخۆیی پۆلۆنیا بەرادەی گرنگی بۆ کرێکارانی پۆلۆنیا خۆیان ، گرنگە بۆ کرێکارانی گشت وڵاتە ئەوروپاییەکان " .

هەروەها ئەنگلز لەو بڕوایەدا بوو کە هێنانەدی یەکگرتن و سەربەخۆیی نیشتمانی ، مەرجە بۆ یەکێتی پرۆلیتاریای گشت وڵاتەکان و هێنانەدی هاوکاری نێوان نەتەوەکان . لەم بارەیەوە لە چاپی پۆلۆنی‌دا نووسیویەتی : " ناکرێ هاوکاری ئینتەرناسیۆنالیستیی دڵسۆزانە لە نێوان نەتەوەکاندا بێتەکایەوە ... ئەگەر هەموو یەکێك لەو نەتەوانە لەسەر زەوی خۆی بە تەواوەتی سەربەخۆ نەبێ "(٥١) . لە پێشەکی چاپی ئیتاڵیشدا، پاش یەك ساڵ، هەمان ئایدیا و بنچینە چینایەتیەکەی دووپات دەکاتەوە و دەڵێ : " بێ یەکگرتنەوە و سەربەخۆبوونی هەموو نەتەوەیەك ، مەحاڵە یەکێتی پرۆلیتاریای نەتەوە جۆراوجۆرەکان ، یان هاوکاری ئاشتیخوازانە و هوشیارانەی نێوان نەتەوەکان لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکاندا بێتەدی " (٥٢) .

ئەنگلز لەو دوو پێشەکیەدا هەڵوێستی ڕاپایی و دوو دڵیی و تەنانەت خیانەتکارانەی بۆرجوازیەتی بەرامبەر مەسەلەی سەربەخۆیی ئاشکرا کردوە . هەروەها ئەوەی دەرخستووە کە بەرژەوەندی هاوبەش بۆرجوازیەتی ناوخۆ و بۆرجوازیەتی داگیرکەر لێك نزیك دەکاتەوە و ناکۆکیەکانی نێوانیان وەلاوە دەنێ ، بەتایبەتی لەکاتی ترسی

بۆرجوازیەتی ناوخۆ لە پرۆلیتاریاو جولانەوەی کرێکاری. لەم حالەتەشدا ئەنگلز ووتەنی ئیتر ئەو بۆرجوازیەتە بایەخ بە سەربەخۆیی نیشتمان و مەسەلەی نەتەوایەتی نادات. جگەلەوە ئەنگلز لەو دوپێشەکیەدا ئەوە رون دەکاتەوە کە ئەگەرچی سەربەخۆیی ئیتالیاو ئەلمانیا بورجوازیەت هێنایەدی، بەلاّم ئەنجامی ئەو شۆرشەبوو کە چینی کرێکار هەلّگیرساندبوو و بۆرجوازیەت بەرەکەی چنیبوورەوە. دوای شۆرشی ١٨٤٨ و لە ئەنجامی ئەو پەرەسەندنەی ببووە هۆی دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری پرۆلیتاریای چەق بەستووی بەهێز، پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی پێش مۆنۆپۆلی و نزیکبوونەوەی سەردەمێکی مێژوویی نوێ: سەردەمی پرۆلیتاریا، ئیتر سەربەخۆیی نیشتمانی راستەقینەو یەکگرتنی نەتەوەیی کەوتە ئەستۆی چینی کرێکار. چونکە سەربەخۆیی پۆلۆنیا " هیچ کەسێ بەدەستی ناهێنێ پرۆلیتاریای تازەپێگەیشتووی پۆلۆنیا نەبێ، ئەو سەربەخۆییەش لە دەستی ئەودا مسۆگەرە "(٥٣).

بەو جۆرە بۆمان روندەبێتەوە چۆن ئەنگلز چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی ( سەربەخۆیی‌و یەکگرتنی نیشتمانی ) گرێداوەتەوە بە مەسەلەی کۆمەلاّیەتیەوەو چۆن رۆلّی پێشرەوایەتی پرۆلیتاریای لەو چارەسەرکردنەدا دوپات کردۆتەوە. ئەمرۆش لە کوردستاندا راستی و دروستی ئەو تێزانەی ئەنگلز دەردەکەوێ،کەبەر لە نزیکەی سەدەیەك دەری بریوون. چونکە بۆرجوازیەتی گەورەو بچووکی کوردستان مایەپوچ بوون و لە توانایاندا نیە چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بکەن و مەسەلەی کورد هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. بێگومان تەنیا چینی کرێکارو رەنجدەرانی کوردستان دەتوانن مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستان دا، لە روانگەی مارکسیزمەوە،چارەسەربکەن و سەربەخۆیی نیشتمانی‌و یەکگرتنەوەی کوردستان مسۆگەر بکەن.

## توانای بازدان بەسەر قۆناغی سەرمایەداریدا

یەکێك لەو بیروڕایانەی لەناو دوژمنان و نەیارانی مارکسیزمدا باوە ئەوەیە، گوایە مارکسیزم کلّێشەیەك بۆ گەشەکردنی مێژووی دەدات بەدەستەوە. لەبەر رۆشنایی ئەوەش دەیانەوێ ئەوە دەربڕن کە مارکسیزم " ئەگەر بۆ کۆمەلّگای رۆژئاواش راست بێ، ئەوا بە کەلّکی کۆمەلّگاکانیتر نایەت ". بەلاّم مارکس‌و ئەنگلز لە پێشەکی دوەمین چاپی روسی " مانیفێست "دا ١٨٨٢ ئەو بیروباوەرە بە درۆ دەخەنەوەو ئەوە دەردەخەن،کە ئەوان کلّێشەیەکیان بۆ گەشەکردنی مێژوویی دانەناوەو نەیان ووتوە مەسەلەی رەتبوون بە گشت

قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژوویی‌دا حەتمیە لە هەموو کۆمەڵگاکان‌دا،وە ئەوەیان ڕوونکردوتەوە کە دەشێ قۆناغەکانی گەشەکردن لە کۆمەڵگاکان‌دا جیاوازبن ، یان چەند قۆناغێك هاوشان پێکەوە ڕێ بکەن ، یاخود بۆ گوێزانەوە بۆ سۆسیالیزم باز بەسەر قۆناغی سەرمایەداری‌دا بدرێ و هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ لە کۆمۆنەوە بەرەو شێوەی بەرز: کۆمۆنیزم، هەنگاو هەڵ بگیردرێ. لەم بارەیەوە لە پێشەکی نابراودا نووسیویانە : "..لە ڕوسیا ، شان بەشانی ڕژێمی سەرمایەداری کە بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر گەشە دەکات ، شان بەشانی خاوەندارێتی بورجوازی کە تازە سەری هەڵداوە ، ئەوە بەدی دەکەین کە نیوەی زەویەکان موڵکی کۆمۆنەی جوتیارانە . لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە بزانین ئەشێ کۆمۆنەی جوتیاری ڕوسیا : شێوەی زۆر لێك ترازاوی خاوەندارێتی زەوی کۆمۆنەی سەرەتایی ، ڕاستەوخۆ بگۆردرێت بۆ شێوەیەکی بەرزتری کۆمۆنیستانەی خاوەندارێتی زەوی ، یان پێویستە بە ڕێڕەوی شیبونەوەی مێژوویی ڕۆژئاوادا بڕوات . " لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دانەرانی "مانیفێست" دەڵێن : " ئەگەر شۆڕشی ڕوسیا بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی پرۆلیتاری ڕۆژئاوا و هەر یەکەیان بووە تەواوکەری ئەوی تریان ، ئەوا لەو کاتەدا ئەشێ خاوەندارێتی زەوی ڕوسی ببێتە یەکەمین هەنگاو بۆ گەشەکردنی کۆمۆنیستانە " (٥٤) .

ئەوەی شایانی باسە پێشبینیەکەی دانەرانی مارکسیزم نەهاتەدی و گەشەکردنی سەرمایەداری باڵی کێشا بەسەر ڕوسیای قەیسەری‌داە بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن لینین ئەو تیزەی بەکارهێنا بۆ گوێزانەوەی قۆناغی گەشەکردنی هەندێ شوێنی وەك مەنگۆلیا بۆ سۆسیالیزم، بێ ئەوەی بە قۆناغی سەرمایەداری‌دا بڕوات . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە تیزی " گەشەکردنی ناسەرمایەداری» ڕیڤیژنستیەکان هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئەو تیزەی مارکس و ئەنگلزو جێبەجێکردنە داهێنەرانەکەی لینین‌دا نیەو نامۆیە بە گیانی مارکسیزم - لینینزم .

## پەراوێزەکان

١/ مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست/ مارکس و ئەنگلز - چاپی عەرەبی ، دار التقدم مۆسکۆ ل ٣٥ .
٢/ هەمان سەرچاوە ل ٣٦ .
٣/ هەمان سەرچاوە ل ٣٧ .

٤/ مارکس و ئەنگلز ـ بەرگی ٢٨ ل ٤٢٤ ـ ٤٢٧ ، مارکس: نامەیەك بۆ فیدیمار ٥ی ئازاری ١٨٧٢ .

٥/ هەمان سەرچاوەی پێشو .

٦/ مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست / مارکس و ئەنگلز ـ چاپی عەرەبی ، دار التقدم مۆسکۆ ل ٣٧ .

٧/ هەمان سەرچاوە ل ٣٨ .

٨/ مارکس و ئەنگلز ـ بەرگی ٣ ل ٣٨ ئایدیۆلۆجیەتی ئەڵمانی .

٩/ مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست / مارکس و ئەنگلز ـ چاپی عەرەبی ، دار التقدم مۆسکۆ ل ٣٩ .

١٠ و ١١ / هەمان سەرچاوە ل ٤١ .

١٢ و ١٣ / هەمان سەرچاوە ل ٤٢ .

١٤/ هەمان سەرچاوە ل ٤٠ .

١٥/ هەمان سەرچاوە ل ٤٤ .

١٦ و ١٧ و ١٨ / هەمان سەرچاوە ل ٤٥ .

١٩ / هەمان سەرچاوە ل ٥٠ .

٢٠ و ٢١ / هەمان سەرچاوە ل ٤٦ .

٢٢ / هەمان سەرچاوە ل ٤٩ .

٢٣ و ٢٤ / هەمان سەرچاوە ل ٤٩ .

٢٥ / هەمان سەرچاوە ل ٥٥ .

٢٦ و ٢٧ و ٢٨ و ٢٩ / هەمان سەرچاوە ل ٥٦ .

٣٠ / هەمان سەرچاوە ل ٥٨ .

٣١ / هەمان سەرچاوە ل ٥٢ .

٣٢ / هەمان سەرچاوە ل ٦٥ .

٣٣ و ٣٤ و ٣٥ / هەمان سەرچاوە ل ٦٦

٣٦ و ٣٧ / هەمان سەرچاوە ل ٦٥ .

٣٨ / هەمان سەرچاوە ل ٦٧ .

٣٩ / هەمان سەرچاوە ل ٦٩ .

٤٠ / هەمان سەرچاوە ل ٧٠ .

٤١ / هەمان سەرچاوە ل ٧٤ .

٤٢ / هەمان سەرچاوە ل ٨٣ .

٤٣ / هەمان سەرچاوە ل ٨٤ .

٤٤ / هەمان سەرچاوە ل ٨٦ .

٤٥ / لینین ـ بەرگی (٢) ل ١٠ فریدریك ئەنگلز .

هەواڵنامەی کتێب

٤٦ و ٤٧ / مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست / چاپی عەرەبی ، دارالتقدم، مۆسکۆ ل ٦ .
٤٨ / مارکس و ئەنگلز / بەرگی ١٩ ل ٢٧ / مارکس: رەخنە لە بەرنامەی گۆتە .
٤٩ / مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست/ مارکس و ئەنگلز - چاپی عەرەبی، دار التقدم مۆسکۆ ل ٧ .
٥٠ / هەمان سەرچاوە ل ٢١ .
٥١ / هەمان سەرچاوە ل ٣٠ .
٥٢ / هەمان سەرچاوە ل ٣٢ .
٥٣ / هەمان سەرچاوە ل ٣١ .
٥٤ / هەمان سەرچاوە ل ١٠ .

## سەرچاوەکان


١/ مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست/ مارکس و ئەنگلز - چاپی عەرەبی ، دار التقدم - مۆسکۆ .
٢/ دەربارەی دانراوی " مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست " مارکس و ئەنگلز - سازۆنۆف - دار التقدم - مۆسکۆ .
٣/ جولانەوەی کرێکاری جیهان / کۆمەڵێک زانای سۆڤێتی دار الجماهیر - دمشق .
٤/ باسکردنی مەتریالیزمی مێژوو - لیژنەی رۆشنبیری جەماوەری حیزبی کۆمۆنیستی کوبا / دار ئیبن خەلدون - لوبنان .
٥/ گۆڤاری " الثقافة الجدیدة " ی حیزبی شیوعی عیراقی ، ژمارە ١٩٨٢/١٣٨ .


## یەکگرتن

بخوێننەوە و بڵاوی بکەنەوە ، تێبینی و رەخنەی خۆتانی لەسەر دەربڕن ، پێشنیار و بابەتی سودبەخشی بۆ بنێرن ، کۆمەکی بکەن .

هەولێرنامەی کتێب

**لێکۆڵینەوە**

# ئایا شێوەی پێکهاتنی لەشی ئافرەت چارەنوسی ئافرەت دیاری دەکات؟

نووسینی: ئێڤلین رید
وەرگێڕانی: ڕێبوار

گەلێك لەو ئافرەتانەی کە بەشداری لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی ئافرەتاندا دەکەن و لە نزیکەوە ئاشنایی‌یان لەگەڵ ئەو نوسینەی ئەنگلس‌دا: "بنچینەی خێزان و ، خاوەنداریتی تایبەتی و دەوڵەت" هەیە[1]، بێگومان باوەڕیان بەو مەسەلەیەش هەیە کە بنچینەی ئەو زۆر و ستەمەی ڕوبەڕوی ئافرەتان بووەتەوە خۆی لە کۆمەڵگای چینایەتی دا حەشاردا وە . ئەوانە بەڕێك و ڕۆشنی مەسەلەی بالادەستی جۆری لەش[2]( التفوق الجنسي ) یان لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا: دواقۆناغی کۆمەڵگای چینایەتی، هەڵهێنجاوە . چونکە بەرهەڵدانی ئەو ڕژێمە ئافرەت لە تەواوی بوارەکانی ژیان بێ بەش کرا .

بەلام ئەو شتەی کە تاکو ئێستا ئافرەت لێی بێ ئاگا و دودڵن ئەوەیە: ئایا شێوەی پێکهاتنی لەشی ئافرەتە ڕۆڵی گرنگ و گەورە دەبینێ لە نزم کردنەوەی پلەو پایەی ئافرەت و دەیکاتە "ڕەگەزی دوهەم"؟ هەستکردن و پەیبردن بەم دوودڵی و لەنێوان مانەوەیەدا لەو کۆمەڵگایەی لە ژێر دەسەلاتی پیاواندایە، بە تەواوی قابیلی دەرك و هەستپێکردنن . چونکە مێژوو نەك تەنها بەدەستی کەسانێك نوسراون کە باری ژیان و ڕژێمی ئەمڕۆی سەرمایەداریان لاپەسەندە ، بەڵکو تەواوی یاسا و زانیاری‌یەکانیش لە چوارچێوەی هێز و دەسەلاتی ئەواندا بەند کراون . لەم نێوەدا زانستەکانی ژیناسی و مرۆڤناسی ڕۆڵێکی گرنگ و پێشڕەویان لە ناسین و مێژووی ئافرەتاندا هەیە .

ئەم دوو زانستە بە جۆرێکی ئەوتۆ پشتیوانی و لایەنگیری پیاوانیان کردووە، کە لە بری ئاشکراکردنی ڕاستی، هەوڵیان داوە هەورێکی ڕەش بەسەر ڕاستیەکاندا بکێشن. لەوانەیە دڕ و دژوارترین و زیان بەخشترین پڕۆپاگەندەی پڕ لە درۆ و دەلەسەی نازانستی، کە دەربارەی بەکەم سەیرکردنی لەشی مێینە کرابێ، لە لایەن زانستەکانی ژیان ناسیەوە ئەنجام درابێ. بەباوەڕ و بۆچونی ئەم ئەفسانەگەرانە، ئافرەت لەبەر شێوەی پێکهاتنی پەیکەری لەشی و ئەنجامدانی کاروباری دایکایەتیەوە، لە ڕوی فیزیکیەوە ناکاملترە لە پیاو. ئەم ئەفسانەگەرانە بەجۆرێك لەم بابەتانە دەکۆڵنەوە، کە گوایە بێ هێزی و بێ دەسەلاتی ئافرەت، میراتی قۆناغەکانی ڕابردوی ژیانی ئاژەلیە کە ئافرەتی بەبێ دەسەلاتی و پاشکۆی جۆری لەش و بالادەستی پیاوان هێشتۆتەوە. یان بەجۆرێکی تر بلێین ئەوانە سروشت بە بەرپرسیار و تاوانبار دەزانن بەرامبەر چەوساندنەوەی هەمیشەیی و بەکەم سەیرکردنی ئافرەت.

ڕون و ئاشکرایە کە نێر و مێ لە ڕوی فیزیکیەوە لە یەکتری جیاوازن، بەلام کاتێ مێ خاوەنی کۆئەندامی مێینەو هۆی زاوزێ و دایکایەتی دەبێ، مانای ئەوە نیە کە سروشت بەرپرسیارە لە گشت ئەو زولم و ستەمانە، کە ڕوبەڕوی ئافرەت بووەتەوە. ئەم زۆر و ستەمانە ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی دروست بوونی ئەو بنچینە کۆمەلایەتی و یاسایانەوە دروست بووە، کە لەلایەن پیاوەوە داڕێژراوە و لە کۆمەڵگای باوك سالاریەوە* سەریان هەڵداوە و بە هیچ شێوەیەك لە کۆمەڵگای سەرەتایی و ناچینایەتی دا یان لەجیهانی ئاژەلیدا بەدی نەکراون.

ئەم لادان و پێ هەلخلیسکانە لە مێژووی کۆمەلایەتی و سروشت تەنها بۆ داکۆکی کردنە لەو کۆمەڵگایەی لەسەر بنچینەی جوێخوازی جۆری لەش ( التفريق الجنسي ) دامەزراوە، وە چەوسانەوەی ئافرەتیش هەر لەسەر ئەو بنچینەیە ڕاوەستاوە. ئاشکراترین و بەربلاوترین مانای ئەو بیرو بۆچون و تیۆرانە ئەوەیە کە دەیەوێ بلێ: بۆچی دەبێ ئافرەت هەمیشە لە کەلکەڵەی یەکسانی و دژایەتی کردنی ناعەدالەتی دا بێ، لە کاتێکدا، تەواوی قۆرت و تەنگوچەڵەمەکان لە دروستبونی جۆری لەشیەوە پەیکەیان بەستووە؟ یان بۆچی بێ سوود و هودە دوای گۆڕانی باری کۆمەلایەتی خۆیان دەکەون، لە کاتێکدا هەرگیز ناتوانن شێوەی پێکهاتنی لەشی خۆیان بگۆڕن؟ خاوەنی ئەم چەشنە

* Patriarchy بالادەستی باوك و نیرینە، بەسەر ژیانی کومەلایەتی وخیزان( و ).

تیۆر و بیر و بۆچونانە بۆ ماوەی چەند سالێکی دور و درێژبەهەر جۆرە ئامراز و شێوازێك بۆیان مەبەسەر و لەبار بوبێ و هەر لەلانکەوە تا دەمی گۆڕ ئەوەیان بەگوێی گەلێ کەسدا چپاندووە، کەگوایە چارەنوسی ئافرەت لە ناو ئەلقەبەکدا گەمارۆ دراوە کەهیچ دەرفەت و ئاسۆیەکی تیادا بەدی ناکرێ بۆ ڕزگاربوون لە دەست بەندی رکۆیلایەتی . لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئەبنە قوربانی چاکتر وایە چۆك دابدەن .

لەراستیدا چارەنوسی ئافرەت بە ئەندازەی پیاو گرێ دراوە بە جۆری لەشەوە . چونکە ئەگەر ئێمە بڵێین ئافرەت جگە لە زاوزێ و منداڵ بوون هیچی تری لەباردا نیە ، ئەوا پیاویش وەك ئەسپێك لە تور بەخشین زیاتر هیچی تری لەباردا نیە . ئەم جۆشنە باس و لێکۆڵینەوانە ، مرۆڤ دەگەیێنێتە دوا پلەی ئاستی ژیانی ئاژەڵی. مرۆڤ گەلێك کاملتر و باڵادەستترن وەك لەگشت بونەوەرەکانی تری سەر ڕوی زەوی ، چونکە مرۆڤ دەمێکە خۆی لەبەندو داوی ژیانی ئاژەڵی و هەلومەرجی سەباوی سروشت ڕزگارکردووە . بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە جیاوازیەکانی نێوان لەشی ئافرەت و پیاو ، سەرەتا پێویستە دەست بە لێکۆڵینەوەی جیاوازیەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ بکەین ، چونکە ئەم بابەتە مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرەکانی تر جیادەکاتەوە .

## بونەوەرێکی تایبەت بەناوی مرۆڤ

لەو کاتەوە کە داروین دەریخستووە مرۆڤ لەئەوەی مەیمون کاملترو پێگەیشتوترن ، لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی زۆر سەبارەت بە لێکچونی مرۆڤ و گیانلەبەران کراوە . بەڵام بەداخەوە لێکدانەوەیەکی کەمتر سەبارەت بە مەسەلەیەکی گرنگتر ئەنجام داوە ، ئەویش بریتیە لە جیاوازی نێوان مرۆڤ ( ئەو بونەوەرە کامڵ و پێگەیشتووە ) و گیانلەبەرانی تر .

مارکسیستەکان بەرێك و ڕۆشنی سەرچاوەی سەرەکی ئەم بوندەوەرە تایبەتەیان بەستۆتەوە بەتوانایی ئەنجامدانی کار و بەرهەمهێنانی پێویستیەکانی ژیانەوە . تیۆری کار(٩) کە دەربارەی سەرهەڵدان و پەیدابونی مرۆڤ دەدوێ ، بۆ یەکەمین جار لە نوسینێکدا بەناوی " ڕۆڵی گرنگی کار لە گۆڕانی مەیمون بۆ مرۆڤ " بلاوکرابەوە، کە لەلایەن ئەنگلسەوە نوسرابوو .

---

* هەڵبەتە نەك بەمانا موتلەقەکانی کاملبوون ، بەڵکو کاملبوون لەڕوی پێگەیشتنی ئەندامەکانی لەشو مێشکەوە ( و ).

ئەمڕۆ پێشڕەوان و مامۆستایانی کۆنناسی و مرۆڤناسی وەك "شروود واشبۆرن"[5] ولیام هاوز[6]، کانت ئۆکلی[7]، گۆردن چایلد[8] و ... هتد ، دروستکردنی ئامرازی کار بە نیشانەیەکی گرنگی لێك جیاکردنەوەی مرۆڤ و گیانلەبەران دەزانن ، واشبۆرن ئەم بابەتە بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "بەسەرکەوتن لە بواری دروستکردنی یەکەمین ئامرازی سادەی کاردا ، ڕەوتی گەشەکردنی مرۆڤ دەستی پێکرد هەتا گەیشتە ئەم شارستانییەتییەی ئەمڕۆ"[9] . گۆردن چایلدیش بەم شێوەیە داکۆکی لە تیۆرییەکەی ئەنگلز دەکات: "کۆنناسانی پێش مێژوو ئەوە دەردەخەن کە چۆن مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی کارەوە گەشەیان کردووە و ئەم جۆرە بونەوەرە گەورە و پێگەیشتووەی ئەمڕۆی: مرۆڤی ، پێك هێنا"[10].

ئەو کەسانەی کە کار بە بێوانەیەکی گرنگی گەشەکردن ناژمێرن ، باوەڕیان وایە کە مەیمونە کامڵ و پێگەیشتووەکان بۆ بەکارهێنانی ئامراز سوودیان لەو کەرەستە و شتانە وەردەگرت کە لە سروشتدا هەبوون ، بۆیە ناکرێ ئەو کارە بەهۆیەکی گرنگ و بنچینەیی گۆڕینی مرۆڤی سەرەتایی دابنرێ . مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە ، هەرچەند بەهێزترین گیانلەبەرە شیردەرەکان دەست و بازوویان بەکار دەهێنن ، (وە لەکاتی کەوی و دەستەمۆکردنیاندا دەتوانرێ فێری گەلێك کاری دەستی بکرێن) بەڵام هیچ یەکێك لەو بونەوەرانە جگە لە مرۆڤ توانای دروستکردنی هیچ ئامرازێکیان نییە . هەرگیز دابەشکردنی کار لەنێو گیانلەبەرە شیردەرەکاندا بەدی ناکرێ و ، پاشماوەی هیچ یەکێك لە بونەوەرەکانی پێش مرۆڤ پەیوەندی بەکاری سیستماتیکەوە نەبووە . ئەدمیسۆن هۆبڵ[11] دەڵێ: "ئەو دەست و بازووانەی کە میوەیان پێ چنیوە و خۆراك و خواردەمەنی وەگیرهاتویان پێ خواردووە ، تەنها هۆیەك بوون بۆ ئامادەکردنی پێویستییەکانی ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی مرۆڤ: مەیمونە مرۆڤئاساکان*"[12] ، بە پێچەوانەوە چارەنووسی مرۆڤ گرێدراوە بە جۆشی کارەوە ، ئەگەر ئەو توانا و قابلییەتە بەرهەمهێنانە لەنێو بچێ ، تیرە و ڕەگەزی مرۆڤ لە پانتایی سەرتاسەری جیهاندا لەنێو دەچێ . کار کۆشەر شێوازێکی نوێی بۆ مانەوە و بەردەوام پێش چوونی جۆرێکی تایبەتی بونەوەرەکان: مرۆڤ ، بەدەست هێنا . لەبەر ئەوە بەراشکاوی دەڵێین: ئێمە نەك تەنها خستنەوەی نەوەمان لەدەستدایە ، بەڵکو بەرهەمهێنەری پێویستییەکانی ژیانیشین .

گرنگی بەرهەمهێنان لەو گۆڕانکاریانەدا هەستی پێ دەکرێ کە کار

---

* واتە ئەو مەیمونانەی کە شێوەیان دەچێتەوە سەر مرۆڤ "Anthropoids" . لێرەدا پێویستە جیاوازی بکات لەگەڵ مرۆڤی مەیمون ئاسا "Hominid" (و)

لە پێوەندی نێوان سروشت و مرۆڤدا دێنێتە ئاراوە .بەڵام گیانلەبەران لە بنچینەدا ملکەچ و دەستەمۆی سروشتن وە لەبەرامبەر هێزەکانی سروشت دەستەوەستاون و، توانایان نیە بەسەر ئەو کێشە و ڕووداوانەدا زاڵ بن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە . بەڵام مرۆڤ ئەم دیاریدەیەیان بە پێچەوانەو جۆرێکی تر تۆستۆتەوە ، چونکە مرۆڤ توانی بەهۆی کارەوە ، دەست لە سروشت وەردا و لەڕێگەی زاڵبوونی ڕاستەوخۆ بەسەر سروشتدا ، تەنها خۆیان نەپاراست ، بەڵکو بوونە خاوەن و ڕێکخەری ئەو دەسەلاتدارە گەورەیەی پێشوو ، واتە سروشت . دەتوانین بڵێین بۆ گیانلەبەران ،مێژووی گیانلەبەران لەپێشتر نوسراوە ، بەڵام مرۆڤ خۆی مێژوو بە دەستی خۆی دروست دەکات .

مرۆڤ بەراهێنان و دەست بەسەراگرتنی سروشت، توانی پێویستی نوێتر بۆ خۆی بخوڵقێنێ ،وە ئەمەش تایبەتیەکە لە جیهانی ئاژەڵدا بەدی ناکرێ . لە کاتێکدا پێویستیەکانی ئاژەڵ لە سنوری پێویستییە سروشتیەکانی وەک خواردن و کرداری زاوزێکردن بەدەر نییە ، بەڵام مرۆڤ پێویستیەکانی خۆی لە ڕادەبەر ئاڵۆزتر و پەر ئەزمۆنتر و توڵتر کردوە . بۆ وێنە لە ئەنجامی داهێنانی تەوری بێ دەسک ، پێویستی داهێنانی تەوری دەسکدار پەیدابوو . لە دروستکردنی ئامرازی سادەی گێلانەوە ، پێویستی داهێنانی گاسن هاتە مەیدان . کاری ڕستن بەهۆی ئامرازی سادەی وەک تەشیەوە گۆڕا بەپیشەسازیە گەورە و ئاڵۆزەکانی ڕستن و چنین . پێویستیەکانی مرۆڤ سنوری زنج و خانووە گڵینەکانی بڕی و هەنگاوی نا بۆ کارگە گەورە و باڵخانە بەرزەکان ،وە لە ئەنجامدا مرۆڤ گۆڕانێکی بێ وێنەی لە هۆکانی گواستنەوەی وەک عەرەبانە ئەسپیەکاندا هێنایە ئاراوەو گۆڕینی بۆ هۆکانی گواستنەوەی خێراوی وەک "شەمەندەفەر،ئۆتۆمبیل، فرۆکە ، کەشتیە ئاسمانیەکان" کە لەمێژینی گەورەی پیشەسازیدا داهێنران . جۆرەها خواست و مەبەست ڕۆشنبیری و کەلتوریەکانی تری وەک بەنە جوێ جوێکانی پەروەردە ، فێرکردن ، هونەر و زانست کە بەهۆی چالاکی و جموجۆڵە نوێکان و پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی نێو مرۆڤەوە هاتنە کایەوە. تەنانەت پێداویستە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ، وەک خواردەمەنی و شمەکە پێداویستیە گرنگەکانیش دەستیان بەسەردا گیرا و شێوە و ڕواڵەتەکانیان گۆڕدران .

جیاوازیەکی زۆر لە نێوان بەکارهێنانی خواردەمەنی،وە هەڵبژاردنی جووت و زاوزێکردنی مرۆڤ و ئاژەڵدا هەیە ، مارکس لەم بارەیەوە وتویەتی : "برسێتی ، برسێتیە ، بەڵام ئەو برسێتیەی بە پارچە گۆشتێکی ئامادەکراو و لێنراو کە بەچەقۆو چنگاڵ ئامادە دەکرێ و

دەخورێ، گەلێك جیاوازە لەو برسێتیەی کە گۆشتێکی کاڵ و ئامادە نەکراو بە هۆی ددان و چنگە تیژەکانیەوە ونجڕ دەکات و پاشان بۆ خواردن بەکاری دێنێ"[13].

سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی مرۆڤ لە دەور و بەرەکەی خۆیدا (سروشتی دەرەوە) هێنایە ئاراوە، سروشتی ناوەوەی خۆیشی گۆڕیوە. لە نێوان چەندین سەدەی لە پچڕان نەهاتودا لاش و قەڵافەی مرۆڤ کە کوڵکن و پڕ موو و خاوەنی چەندین دیاردە و تایبەتێتی مەیموتی بوو، گۆڕدرا و شان بە شانی ئەوەش داب و نەریتی کۆمەڵایەتی جێی کار و هەڵسوکەوتی ئاژەڵی گرتەوە. مرۆڤ ئەمڕۆ بە لایەنی کەمەوە غەریزە ئاژەڵیەکانی خۆی لەدەست داوە و ڕەفتاری شارستانی و کۆمەڵایەتی، کردۆتە بنچینەی سروشتی خۆی[14].

ئەم چەند تێبینی و چاوخشاندنە کورت و سەرپێیەی بەسەر دەرخستنی جیاوازیە سەرەکیەکانی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر کردمان، ئەواوی ئەو تیۆریانەی مرۆڤ بە ئاژەڵێکی زۆرزان ئازانن بەدرۆ دەخاتەوە. یان ڕاستر وایە بڵێین سەرەڕای لێکچونی هەندێ دیاردەی نێوان مرۆڤ و گیان لەبەران، بەڵام مرۆڤ خۆی لە ئاستی ژیانی گەندەڵی و ئاژەڵی ڕزگار کردوە و گەیشتۆتە دوایلەی کامڵ بوون. بەم جۆرە توانیمان بەهۆی کرداری بەرهەمهێنان و پێکهێنانی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانی شێوە و ڕواڵەتی مرۆڤەوە ئەوە بسەلمێنین کە چیتر نابینە کۆیلەی دەستی دیاردە "بایۆلۆژی" یەکانی خۆمان.

هەر وەك مارشاڵ سالیبز[15] پەنجە بۆ ئەو مەسەلەیە ڕادەکێشێ و دەڵێ: "ڕزگاربوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەژێر باری هۆکارە بایۆلۆژیەکان گۆڕانێکی گرنگ و مەزن بوو ...... ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەهۆی شارستانێتی و کەلتوری مرۆڤ خۆیەوە، پێوانە دەکرێ نەك لەڕێگەی هۆکارە بایۆلۆژیەکانیەوە"[16]. ئەم مەسەلەیە دەروازەیەکە بۆ ئەوەی ئەفسانەی "بێتوەی پێکهاتنی لەشی ئافرەت چارەنوسی ئەو دیاری دەکات" لە بێژنگ بدا و بیدات بەدەم بای ئەرامۆشیەوە. ئێستا با هەندێ سەرنجی خۆمان دەربارەی "تیۆری منداڵان" بدەین و لەو ڕێگەیەوە ئافرەت بخەینە ژێر باری لێکۆڵینەوە[17].

## "تیۆری منداڵدان" هۆی سەرەکی بێ بایەخی لەشی ئافرەت

ژینناسی وەك مرۆڤناسی زانستێکی تازە و نوێیە، لە ڕێگەی لێکدانەوە و بیر و بۆچونە کرچ و کاڵەکانیەوە، بۆتە خاوەنی گەلێك



هەواڵنامەی کتێب

بەرهەمی پڕ لە ڕواڵەت و بیروبۆچوونی ناکامڵ و هەڵەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسین . دڕو دژوارترین لەمپەرێك کە لە ڕووی ژنناسیدا هەڵتۆقیوە ، بوونی زانستەکانی ژینناسی و مرۆڤناسییە کە بوونەتە دیل و پابەندی ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی . ئەوانە باوەڕیان وایە کە لەبەر ئەوەی ئافرەت خاوەنی ئامرازی زاوزێن ، بۆیە هەرگیز ناتوانن خۆیان لەژێر باری ڕاستەوخۆی بایۆلۆژیکی ڕزگار بکەن ، لەبەر ئەوە دەبێ بەناچاری و هەتا هەتایە دیل و زیندانی ئەو بن .

ئەم تیۆرە ، وەك تیۆرییەکەی ( ئالت پڕۆلیت )[18] بێ سوود و کەم بایەخە . چونکە لەو باوەڕەدایە کە هەڵکەوتنی جۆری ئەندامەکانی لەشی نێر و مێ دیاریکەری توانایی هەر یەکەیانن . هەر بەو پێیەش ئافرەت بە ناتەواو و گێل و نەفام لە قەڵەم دەدرێ ، چونکە باری هەڵکەوتنی لەشی ڕێگەی لە گەشەکردنی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و چالاکییەکانی ڕۆژانەی دەگرێ . لایەنێکی دیکەی ئەو تیۆرە ئەوەیە گوایە پیاو بەهۆی بوونی کۆئەندامی نێرینەیەوە توانای بیر و زیرەکی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆی بپارێزێ . ئەم دوو تیۆرە نەك هەر نازانستین بەڵکو ئەفسانە و هەڵبەستیشن .

لەڕاستیدا هەر نێرینەکان لەسەر ئامۆی جیهانی ئاژەڵییە ، نەك مێ . بەشایەت و بەڵگەی مێژوو ، پیاوان بۆ گەیشتن بە ئافرەت هەمیشە لە ناکۆکی و دژایەتی کردنی یەکتری دان ، هەرچەندە زۆرە " ئەم دیاردەیە " بە " حەسوودی " ناو دەبەن ، بەڵام ناشتوانین بڵێین کە ئەم دژایەتییە ئامانجێکە بۆ گەیشتن بەئافرەتێکی دیاریکراو . بەڵکو زیاتر غەریزەیەکی سەرەتاییزانەیە و هیچ پەیوەندی یەکسانی بەهەستی کەسێتی و نواندنی خۆشەویستارییەوە نییە و بۆ مەبەستی هەڵبژاردن و بەدەست هێنانی ژنێکی دیاریکراو نییە ، لەبەر ئەوە نێر ڕاستەوخۆ لەپێناو دامرکانەوەی ئالۆزی لەشی خۆی ، ئارەزووی ئەوەی هەیە بە ئافرەتێك یان گشت ئافرەتێك بگات . لە هەندی گیانلەبەراندا نێرینەکان لە پێناو بەدەستهێنانی مێینەکان دەجەنگن و لە هەندێ گیانلەبەری تریشدا بەبێ ئەم بەهانەیەش دژی یەکتری دەوەستن .

(سالی زۆکەرمان)[19] دەڵێ : "ڕۆحیەتی شەڕەنێزی گیانلەبەران لە وەرزی کەڵبووندا بۆ مەبەستی نیشاندانی بالادەستی لەشیانە ، نەك بۆ بەدەستهێنانی یەك گیانلەبەری مێ"[20] .

بەهۆی هەبوونی تایبەتێتی شەڕەنێزییە ، گیانلەبەرانی نێر هەمیشە گۆشەگیر و دوورەپەرێزن و دوور لە گرووپە بەکۆمەڵەکان ( الجماعیة ) ژیان دەگوزەرێنن . هەروەها نێرینەی بەهێزی تر ، لەکاتی بەکارهێنانی خواردەمەنی و کاتی پەرینندا ، بەناچار بەرامبەر یەکتری

ئارامی و تەحەمول دەکەنە پێبینە . ئەم لایەنە لاوازەی نێرینەکان ، لەمیانەی هاوکاری کردن لەگەڵ هاولاکەکانیاندا ، مەسەلەیەکی نوێی بۆ خوڵقاندنی پەیوەندی بەکۆمەڵی لەنێو گیانلەبەران هێناوەتە کایەوە .

لەلایەکی ترەوە بەهۆی مەوهیبەی دایکایەتییەوە ، ئەم لایەنە لاوازە لە مێبینەکاندا بەدی ناکرێ . دایك لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا کۆمەڵێك پێك دێنن ، نێرەیش دا پەیوەندی دایك ـ منداڵی توانای گەشەکردنی هەیە . لە هەندێ لە گیانلەبەرە درندەکانی وەك شێر ، دایك و بێچوڵەکانیان لە شێوەی کۆمەڵێکدا پێکەوە ژیان دەبەنە سەر . گیانلەبەری نێرینە لەکاتی بەشداریکردن لەململانێی بەردەوامی ژیاندا ، تەنها بیر لە پاراستنی ژیانی خۆیان دەکەنەوە ، بەڵام گیانلەبەری مێ بەهۆی هەستی دایکایەتییەوە دەبێ هەمیشە لەبیری پاراستنی خۆی و منداڵەکانیدا بێت . ئەمانەو چەندین نموونەی دی دەیسەلمێنن کە بەگشتی گیانلەبەری مێ هەمیشە لەنێر زیتەڵە ، زیرەك ، زۆرزان ، بەتواناترن . راوکەرانیش ئەو راستییەیان نەشاردۆتەوە و گووتویانە کە گیانلەبەرانی مێ بەتایبەتی کاتێ کە لەگەڵ بێچولەکانیدا دەبێت هەمیشە وردبینترن و راوکردنیان دژوارترە لە نێر . ئەم رادەی زیرەکی و هوشیاریەی نێوان هەندێ گیانلەبەری شیرەدەرە ، لە هەندێکیاندا زیاتر دەردەکەون ، چونکە قۆناغی ئاوسبون و پاراستنی منداڵەکانی درێژ خایانترن . تەنانەت " رۆبەرت ئاردەری[21] " کە بەلایەنگرێکی سەرسەختی بالادەستی پیاوان دەژمێری ، دانی بەو راستییەدا ناوە و دەڵێ " پێ بەپێی بەرزبوونەوەی رادەی بالادەستی لەنێو گیانلەبەراندا ، توانایی مێینەك زیاد دەبێ .... ئالۆزکی و بێ توانایی بیرکردنەوە لە گیانلەبەرانی نێردا دەبێتە هۆی دروستبونی هێز و توانایی لە مێینەدا[22] " ، هەروەها رابەرت لیرفالت بەراشکاوی دەڵێ : " گیانلەبەرانی نێرینە گەوج و نەفامترن وەك لە مێینە " .

ئەم چەشنە تیۆریانە ئەوە دەردەخەن کە " تیۆری منداڵان " پایەو بنچینەیەکی پتەویان نیە بۆ سەلماندنی نزمی پلەو پایەی ئافرەت لە کۆمەڵدا . هەرچی چۆنێك بێ سروشت ئاوڕی لەمێ مێینە دەداتەوەو دەیان هێنێتەوە ، چونکە هەرمێیە درێژە بە بوونەوەرەکان دەدات ..

لە باسای ململانێ کردن بۆ ماندوەدا " توانین المراء من اجل البقاء " کرداری زاوزێ لە ئافرەتدا مانێکی تایبەتی بە ئافرەت بەخشیوە وە هەر بەو هۆیەوە توانایەکی ئەوتۆی بە مەبەستی مرۆڤناساکان بەخشیوە ، کە بتوانن لە رێگای کار و تینەوە شێوەی ژیانی سروشتی خۆیان بگۆرن بۆ شێوەی ژیانی مرۆڤایەتی . هەر

گیانلەبەری مێ بوون نەك نێر ، سەركردەی ئەو قۆناغە مەزنەیان كرد كە تیایدا مەیمون گەشەی كرد بۆ مرۆڤ ، چونكە توانای زاوزێكردن و توانای شارەزایی ئافرەت لە هاوكاری كردنی یەكدی دا بووە هۆیەكی بنچینەیی بۆ خستنەوەی بونەوەرێكی تایبەتی بەناوی مرۆڤ (29).

بەم جۆرە مرۆڤ بەهۆی زاوزێكردن و منداڵبونەوە لە جیهانی ئاژەڵیەوە پێی نایە كۆمەڵگای دایك سالاریەوە و ، تەنها لەقۆناغی چینایەتی باوكسالاری دا بوو ، ئافرەت لە ئاست ژیانی مرۆڤایەتی گلۆر بووەوە و لە پاداشتی لەدەستچونی نرخ و بایەخی مرۆڤایەتی؛ واتە بەشدار نەبوون لە ئەنجامدانی چالاكیە كۆمەڵایەتیەكان، ناچار بوو راستەوخۆ كاروباری دایكایەتی لە ئەستۆی خۆی بگرێ. كۆمەڵگایەك لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی تایبەتی و سروشتی خیزانیی بالادەستی پیاوان دارێژرابێت ، ئافرەتەكانی بە بیانوی ئەنجامدانی كاروباری دایكایەتیەوە گرفتاری ئەو كۆت و زنجیرەن كەئەمڕۆ لە ملیان ئالاوە . بەلام دەبێ ئەوەشمان لەیادبێ كە خولقاندنی ئەم دیاردەیە و هێنانەدی ئەو هەلومەرجانە لە ئەستۆی مرۆڤ خۆیدایە ، نەك سروشت .

ئەوانەی باوەڕیان بە " تیۆری منداڵان " هەیە ، دەیانەوێ بە داگرتنی پلەو پایەی ئافرەت ئەوە بسەلمێنن ، كە بالادەستی پیاوان هەمیشەیی و بەدرێژایی مێژوو بووە . ئەم پێناسەش تەنها لەلایەن زانستیكی وەك ژینناسیەوە نووسراوە ، كە دیل و پابەندی دەستی چینە دەسەلاتدارەكانە . ئەوانەی كە پێڕەو و لایەنگیری " تیۆری منداڵان " ن ، سەرەتای سەرهەلدانی كۆمەلی باوك سالاری دەگەرێننەوە بۆ سەردەمی جیهانی ئاژەلی . بەلای ئەوانەوە ، خێزانی ئاژەلی وەك خێزانی مرۆڤایەتی وایە و ، نێرینە بەرێوەبەر و بەرپرسیاری ئامادەكردنی خۆراك و پاراستنی ژن و منداڵەكانیەتی ، بۆیە نێرینە بە ( ڵكی بالادەست ) لە قەلەم دەدەن . بەگشتی بەم گیانلەبەرە قارەمانە دەڵێن " ڵكی نێرینەی بالادەست " هەر وەك لەداستان و ئەفسانەكاندا هاتووە : لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا نێر راستەوخۆ رۆلی مێردو باوك دەبینێ .

## " لاكی نێرینەی بالادەست " و راستی و خەیاڵ پلاویەكانی

لە سروشتدا دیاردەیەك هەیە بەناوی " لاكی نێرینەی بالادەست ". هەروەك لەوە ر پێش دیمان ، دوژمنایەتی و ململانێیەكی سەخت ،

دژوار لە نێوان گیانلەبەرە نێرینەکاندا بەدی دەکرێ. نێرینە بە توندی تێدەکۆشێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی لەش و دەرپەڕاندنی دوژمنەکانەوە، بایەو دەسەلاتی خوی بسەپێنێ. ئەو گیانلەبەرەی کە بەم شێوەیە پایەو مەوقیعیەتی خۆی دەپارێزی بە تەواوی بەسەر هاونێرینەکانی خۆیدا پەل وپۆ دەهاوێ یان بەلانی کەمەوە تاماوەیەك، پایەو مەقامی خۆی دەپارێزی: تا کاتی نێرینەیەکی بەهێزتر دێت و لە کورەیان دەری دەهاوی. بەلام تێکرا ئەو حالە سەرەکیانەی لە پێشچاو ناگیرێن یان چەواشەو ئاوەژوو دەکرێنەوە، ئەوانەن کە ئەم ململانێ و دوژمنایەتییەی ڕاستەوخۆ لەنێوان نێرینەکاندا بەرپا دەبێ، تەنانەت لەو کاتەشدا کە نێر دۆست و هاورێکانی خۆی لەودیو دەهاوی، مانای هۆیەك نین بۆ سەپاندنی دەسەلاتی نێر بەسەر مێیەك یان چەند مێیەکی تردا. گیانلەبەری مێ لەوانەیە ڕاستەوخۆ بۆ مەبەستی تۆوکێشان، نێری بەهێز هەلبژێرێ. ئەم هەلبژاردنەش کاتێ کە مێ دەگاتە قۆناغی ئاوسبون کۆتایی پێ دێت. چونکە مێ لەو قۆناغەدا بەکاروباری ئاوسبون و منداڵبونەوە خەریك دەبێ. گیانلەبەری مێیە، بێ گرێدانەوەی کام نێر بەهێزە یان نا، پشت ئەستور بەخۆی و بێ یارمەتی نێر، ئامادەکردنی خۆراك و چاودێری کردنی منداڵەکانی ئەنجام دەدات.

ئەو چیرۆکە منداڵانانەی بەزمانی گیانلەبەران و بەدەستی ئەو نوسەرە پیاوانە نووسراوە کە خۆیان بەزانا دەزانن، بەجۆرێك مانا و مەبەست دەدەن بەدەستەوە، گوایە لە جیهانی ئاژەڵدا شتێکی تر بێ ناوی باوك بوونی نییە. لەوانەیە لەنێو هەندێ لە باڵندە و ماسییەکاندا، نێرینەکان هاوکاری مێیەکانیان بکەن لە چاودێری - کردنی هێلکەو تۆوەکانیاندا، بەلام لەم حالەتەدا نێرەکان ناتوانن خیزان پێك بهێنن، بەلکو دیاردەیەکی تایبەتە بۆ مانەوەی نێرینەکان کە بەهۆی سروشتەوە ئەرکیان بۆ کێشراوە. لەنێو زۆربەی زیندەوەرەکاندا؛ بە تایبەت ئەو جۆرە شیردەرانەی کە مرۆڤیان لێ پێکهاتووە، تەنها دایکەکان قۆناغی ئاوسبون و منداڵبوون لە ئەستۆ دەگرن. هەر وەك بریفالت دەڵێ: "هەر گیانلەبەرێکی باڵغ، چ نێر یان مێ، خۆی لێپرسراوە بەرامبەر پاراستن و ئامادەکردنی پێویستییەکانی ڕۆژانەی خوی" و تەنها دایکەکان نەبێ کە شایەنی ئەوە لەبەرامبەر ئامادەکردنی ئازوقەو خۆراکی منداڵ وردیلەکانیشەوە بەرپرسیارن.

بەواتایەکی تر، لە جیهانی ئاژەڵدا نێرەکان ئەرکی باوکایەتی ئەنجام نادەن، چونکە ڕوحیەتی شەڕەنێرە ئەو لە ئەنجامدانی ئەرکی

باوکایەتی دووری دەخاتەوە. هاریکاری کردنی باوکان بەرامبەر بە نایکان تەنها دیاردەیەکی تایبەتە بە مرۆڤ، ئەمەش ئەو کاتە هاتە کایەوە کە پیاو خۆی لە غەریزەی ئاژەڵی ڕزگار کردبوو و وردە وردە سیفەتی مرۆڤایەتی بەخۆوە گرتبوو. تەنها لە میانەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوو پیاوان توانیان ڕەفتار و ئاقارێکی تازە بگرنە بەر بۆ نواندنی ڕۆڵی باوکایەتی خۆیان.

هەندێ جار دەگوترێ: لەبەر ئەوەی نێر خاسیەتێکی شەڕەنێزانەی هەیە، بۆیە بەباشترین "پارێزەر"ی خێزانی ئاژەڵی خۆیان دەژمێردرێن. بێ گومان ئەم مەبەستە بۆچوونانە جگە لەوەی ئەفسانەو خەیاڵێن هیچی تر نین. لە هەندێ گیانلەبەردا هەندێ لە نێرینەکان، بە تایبەت لەو دەوروبەرەی مێینە و بێچولەکانی لێ دەژین، هەمیشە بەشێوەی گرۆیەکی پاسەوانی لە گەشت و ڕەوتدان بۆ ئەوەی کاتێ هێرش و نائاسایی لە مێیەو بێچولەکانی بە ئاگابن، بەلام هەرگیز بۆ پارێزگاری کردنیان نەجەنگاون و، لە کاتی شەڕ و پەلاماریشدا ڕاستەوخۆ بەرگریان لەخۆیان کردووە.

لەجیهانی ئاژەڵیدا هەر بونەوەرێك بۆ بەرگری کردن لە خۆی، یان دەجەنگێ یان هەڵدێ، تەنها مێیەکان نەبێ بەدەر لەم یاسایەن و لە پێناو بێچولەکانیدا دەجەنگن. لەبەر ئەوە ئەو دیاردەیە بە "خێزانی ئاژەڵی" ناسراوە، هیچ ئەرك و فەرمانێکی تری تیادا بەدی ناکرێ جگە لە ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانی دایکایەتی و، ئەمەش هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ خێزانی ئەمڕۆی باوك سالاریدا نیە، کە باوك لێپرسراوی ئامادەکردنی خۆراك و پاراستنی ژن و منداڵەکانێتی.

بارو لێکۆڵینەوەیەکی تر کە لەسەر بنچینەی بالادەستی پیاو بەسەر ئافرەتدا دامەزراوە، پشتیان بە تیۆرێك ئەستوورە دەڵێ: لە هەندێ بونەوەردا (هەڵبەتە نەك هەموو) نێرەکان لە مێیەکان گەورەترن یان توانای ماسولکەییان زیاترە. بەلام ئێمە دەتوانین بێ هیچ سڵەمینەوە، زوو دڵنیاییەك بڵێین، توانایی و بەهێزی ماسولکەیی نێرەکان ئەنجامی ئەو پێکدادانەیە کە نێرەکان بەرامبەر یەکتری دەینوێنن. هەر وەك هێنری ینس[25] دەربارەی گیانلەبەرانی نێر دەڵێ: "گیانلەبەران هەرچەندە گەورەتربن، خواردنی زیاتریان پێویستە، وە هەرچەندە بەهێزتربن، مێینەی زیاتر لە خۆیان خڕ دەکەنەوە".

بەلام ئەو تیۆرە بە تەواوی هەڵەیە کە هێز و توانای ماسولکەیی بە نیشانەی بالادەستی نێر بەسەر مێدا دەزانن، چونکە بالادەستی نێر تەنها لە کاتێکدا بوونی هەیە، کە نێری بێ هێزو لاواز بوونی هەبێ. هەڵبژاردنی جووت لە سروشتدا لەسەر بنەمای میکانی،

گیانلەبەری مێ کاتێک نێرێک پەسەند دەکات، کە ڕەفتاروڕەوشتی وکەوتی بەرامبەری باش بێت و لەکاتی نزیکبوونەوە لێی مایەی ئارام بەخش و پشوودەری بێت بۆی. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە کاتێک مێ لەکاری عەشق و هەوەسبازی دوردەکەوێتەوە و تۆناغی ئاوسبوون و زاوزێ دەست پێدەکات، نێر لە نێر دوور دەخاتەوە.

لەبەر ئەوە ئەگەر گیانلەبەری مێ بەردگەزێکی لاواز و بێ دەسەلات پێناسبکەین، ڕوبەڕوی هەڵەیەکی گەورە و ئاشکرا دەبینەوە سەبارەت بە گیانلەبەران و شێوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان. بالادەستی نێر لە خێزاندا سروشتێکی کۆمەلایەتی مرۆڤایەتییە، کە چەندین ساڵ دوای دەستپێکردنی مێژووی مرۆڤ سەری هەڵداوە. ئێستاکێ دەبینین کە زانستی زینناسی چەند ڕۆلێکی گرنگ و لادەرانی بینیوە لەبەتنهاکردنی هۆکارە کۆمەلایەتییەکانی چەوسانەوەی ئافرەتدا.

## "تیۆری ڕاو" و "هۆکارێکی تری بەکەمگرتنی پلەوپایەی ئافرەت

تیۆری ڕاو، دابەشکردنی کار لەنێوان نێرومی لە کۆمەلگا سەرەتاییەکاندا بەم شێوەی خوارەوە پێناس دەکات:

پیاوان بە ڕاوچی و شەڕکەر، ژنانیش بە کۆکەرەوەی خواردەمەنی و ئەنجامدەری کاری ئاسایی ڕۆژانە لەنێو بەسیوگەو حەشارگەکاندا ناسراون. ئەم تیۆرە وای نیشان دەدا کە پیاوان ڕۆلی گرنگترین ئەرک و فەرمان دەگێڕن، بەلام ئافرەت ڕۆلی کەم بایەخ و نزمترین، چونکە ژنان بەهۆی باری تایبەتی هەڵگەوتنی لەشیانەوە، ناچارن کە لە شوێنێکدا جێگیر بن و چاودێری منداڵەکانیان بکەن.

ئەم گوتە و بڕۆپاگەندانە، پێچەوانەی دەرخستنی واقیعن، چونکە هەرچی کار و ئەرکێکی گرنگ هەبووە هەر بەهۆی ژنانەوە ئەنجامدراون، نەک بەهۆی پیاوانێکەوە کە ڕاو پیشەیان بووە. باسەرەتا لە کۆکردنەوەی ئازوقەوە دەست پێبکەین، کە گرنگترین و سەرەکی ترین پێداویستی مرۆڤە. بەلێ تەنها ژنان بوون، پتەوترین و توندوتۆلترین ڕۆلی کۆمەلایەتیان: کۆکردنەوەی ئازوقە و خۆراک، لە ئەستۆدا بووە. لە تۆناغێکدا کە هێشتا ڕاو جار جارە و بەگوێرەی ڕێکەوت ئەنجام دەدرا و وە زۆربەی کات پیاوان بەدەستی خاڵی دەگەڕانەوە، تیرە و هۆزەکان بەهۆی ئەو خۆراک و ئازوقانەوە بەڕێوەدەچوون کە لەلایەن ئافرەتەوە کۆدەکرانەوە. ئافرەت سەرباری ئامادەکردنی خۆراکی ڕۆژانە، چاودێری و ئاگاداری کردنی ئازوقەی دوارۆژیشی لە ئەستۆدا بوو

لەبەر ئەوەشە ، ئافرەت بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگای سەرەتایی دەژمێردرێن .

ئەوانەی باسمان کردن ، سەرەتایەکی کاری ژنان بوون. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بەدوای ڕۆڵی ژنان لەم کۆمەڵگایانەدا بگەڕێین . کاتێ پیاوان سەرقاڵ بوون بە گەڕان بەدوای گیانلەبەراندا ، ژنان بەکاروباری بەرهەمهێنانی وەك : دروستکردنی چەرم ، قاپ و قاچاخ ، پیشەسازییە دەستییەکان ، بەنایی ، پزیشکی و گەشەپێدانی زانستە سەرەتاییەکانەوە خەریك بوون . لەکاتێکدا کە بەهۆی کار و هەوڵدانی ئافرەتەوە ، کێڵانی زەوی بەهۆی ئامرازە سەرەتاییەکانەوە گۆڕدرا بە کشتوکاڵ ، ژنان لەلایەکی دیەوە توانیان بەهۆی کەوی کردنی گیانلەبەرانی دڕندەوە ، بەرەو پێش بچن و هەنگاو بەرەو سەرەتای قۆناغی ئاژەڵداری هەڵبگرن . ئەم بەرەوو پێشچوونە بنچینەیی یانە نەك تەنها کۆڵەکەی شارستانێتی ئایندەیان بنیاتنا ، بەڵکو پیاوانیشی لەکۆت و بەندی ڕاوچێتی ڕزگار کرد و توانایەکی ئەوتۆیان پێبەخشین ، کە وردە وردە لە بەشێکی جیاجیاکانی بەرهەمهێناندا بەشداربن و پاشانیش دەسەڵات بگرنە دەست*. کەواتە هەر ئافرەتان بوون نەك پیاوان ، بەتاونیشانی یەکەمین زانا ، نەخۆشەوان ، مامۆستا ، پارێزەرانی میراتە کەلتوری و پیشوییەکان و گرنگترین ئەرك و فەرمانی ئابەشکردنی کاری کۆمەلایەتیان لەسەرشان بوو .

گەورەترین هەڵەی ئەو کەسانەی کوێرانە لایەنگیری خۆیان بەرامبەر پیاوان ڕادەگەیێنن ئەوەیە ، هەرچی کار و ئەرکی سەخت و تاقەت پڕوکێنانەی ژنانی کۆمەڵگای سەرەتایی هەیە ، بە ئەنجامدەری کار و فەرمانی وردە و ماڵەکی دەچوێنن . لەم کۆمەڵگایانەدا دیاردەیەکی تایبەت بەناوی خێزان ، چ خێزانی تاك یان کۆمەڵی ، بوونی نەبووە . هەروەها چینی خاوەندار و دەسەڵاتدار نەبووە ، هەتا ڕۆڵی ژن تا ئاستی بەند و کۆیلەتی و کارەکەری بنەماڵە و خێزان ، دابەزێنێ . کەیبانووەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی بەشێوەیەکی بە کۆمەڵ ژیانیان بردۆتە سەر و بنیاتنەری یەکەمین کارگە ، تاقیگە ، مەڵبەندی پزیشکی ، نوتابخانە و مەڵبەندە کۆمەلایەتییەکان بوون . ژنان لە قۆناغەکانی نابێك سالاریدا کاری بە کۆمەڵیان ئەنجام دەدا ، نەك وەك دەستە خوشکانی ئەمڕۆیان کە لە ماڵە گچکە و جوێکانیدا زیندان و دەستەپاچە ماونەتەوە .

ئەو لێکدانەوە بەرکولەی خستمانە ڕوو بۆ مەبەستی کەمدا گرتن و

* واتە ئامراز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەدەستەوە بگرن ( و ) .

هەواڵنامەی کتێب

لەبەرچاو نەگرتنی هونەر و شارەزایی پیاوان نییە . بەڵکو راستەوخۆ بۆ سەرژمێری کردن و دیاریکردنی گرنگی و بەسەرکردنەوەی واقیعیانەی کارو تێکۆشانی پیاوانە لە قۆناغەکانی پێشوودا . لە راستیدا ئەم تیۆرە بیر هەڵانە نەك تەنها کاری ئافرەتانی لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکو تەنانەت کاری پیاوانیشی سەبارەت بەراوکردن بەتەواوی و وەك خۆی نەنرخاندووە . گرنگترین دیاردەی کاری پیاوان و شارەزایی و قابلییەت لە راوکردندا ، نیشاندەری هێز و دەسەڵتی ئازەلی نەر نەبووە، بەڵکو رادەی پێشکەوتنی چۆنایەتی پیاوان لەبەرامبەر ئاژەڵدا دەردەخات و روون دەکاتەوە چلۆن توانیویانە لەکاتی راوکردندا هاوکاری یەکتر بکەن .

زۆربە ئەوە دەسەلمێنن کە راوکردنی گیانلەبەرانی گەورە وترسناك هەبوونی توانا و زیرەکی پیاوان دەردەخات ، ئەمە راستییەکە و بێتکوێ ناخرێ . بەلام یەکێك لەو مەسەلانەی زۆر گرنگە و کەمتر دەستی بۆ راکێشراوە ئەوەیە پیاوان بۆ پێکهێنان و دروستکردنی کۆمەڵی راوچیان ، دەبوایە پێکەوە و بەهاریکاری کردنی یەکتری بەسەر سروشتی ئاژەڵی و دوبەرەکایەتی ، تەنهایی ، جودایی ، خۆیاندا زاڵبونایە . دەسترۆشتنی پیاوانی راوچی بەسەر گیانلەبەراندا کاتێ جێی راستی و متمانەی ئێمەیە،کە راوچیان لەکاتی راوناوە لە هیچ بوار و هەلومەرجێکدا هەرگیز یەکتری نەکوژن ... ئەم پەیوەندییە مرۆڤایەتییە هەرگیز لە جیهانی ئاژەڵدا هیستی پێناکرێ . لەبەر ئەوە پیاوان بۆ ئابین کردنی خۆراك و ئازوقە لەسەرەتادا ئەوە فێربون چلۆن هاریکاری یەکدی بکەن، پاشان توانای راوکردن لە نێوانیاندا دروستبوو .

ئەم گۆرانە مەزن و بێ بایەخانە چلۆن هاتنە کایەوە ؟ تەواوی زانا و ئانتڕۆپۆلۆگە سۆسیالیستییەکان دەستنیشانی ئەو راستییەیان کردووە، کە کۆمەڵی دایکان هۆکاری بنچینەیی ئەو گۆرانانە بوون ، وە پیاوانیان بەناوی برایانی ئەو کۆمەڵە لەیەکدی کۆکردووە . هەر وەك بریفاڵت دەڵێ : " لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، هەمیشە شێوازو رێگەیەك بۆ نێك نێگەیشتن و دابینکردنی مافی بەرابەری و برایەتی بوونی هەیە، کە لە جیهانی ئاژەڵدا بەدی ناکرێ . لە ئەنجامدا مرۆڤی سەرەتایی گەیشتە ئەو باوەرەی کە پێویستی ئاسایش و ئارامکاندوەی ئالۆزی لەش،لەرێگەی شەر و شۆر و داونانەوە بۆ یەکتری ئایەتدی، گیانلەبەران ، لەپێناو بەدەستهێنانی خواردەمەنی داهاتوو دەن نزیکترین و تەنانەت هاولاکانی خۆیان لەنێو بەرن ، بەلام دەستەکی تریش و سەرەتایی ترین ئەندامە کۆمەلایەتییەکان ئامادە بون کە باری بڕلە

مێینەتی و برسێتی بکێشن، هەتا بتوانن خواردەمەنی و ئازوقەی خۆیان لەنێو هاوکۆمەڵانی خۆیان بەشبکەن. ئەم جەشنە تایبەتێتییە ئاشکراترین دیاردەیە، کە کۆمەڵی گیانلەبەران لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی جوێ دەکاتەوە. لە گشت کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا (هەرچەند سەرەتایی بێت) ئەم جەنگ و شەڕ و شۆڕانە لە پێناو بەدەستهێنانی ژندا بەدی ناکرێن.[27]

تەنها کۆمەڵگایەکی سۆسیالستی و بێ چینایەتی دەیتوانی پێداویستییەکانی گشت ئەندامانی کۆمەڵ لەسەر بنچینەی ماڤی یەکسانی دابین بکات و، ڕۆحی هەرەوەزی لەنێو کەسانێکدا دروست بکات، کە جاران وەک ئاژەڵ و بەشێوەی دوورە پەرێز و دوژمنایەتی کردنی یەکدی دەژیان. ژنان و پیاوان، هەر یەکەیان کار و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەپێی یاسای دابەشکردنی کارێک ئەنجام ئەدا، کە ئەو کۆمەڵگایە خۆی بەپێی هەلومەرجێکی شیاو بۆ ئەو سەردەمە بۆ پێشبردنی باری ئابووریان دیاریان کردبوو. زۆربەی هەرە زۆری نووسەران، دانیان بە ڕۆڵی ئافرەت لەم کۆمەڵگا بچوکانەدا ناوە و ڕۆڵی کاری پیاوانیان بەگرنگتر زانیوە. بۆ نموونە گراهام کلارک[28] کۆتناس، ئافرەت بەبوونەوەرێکی بودەڵەو بێ دەسەڵات لە قەڵەم دەدا و دەڵێت گوایە وەک باوانی پێشینی خۆیان (مەیموون "و") کاریان ڕێسنەوەخۆ بریتی بووە لە کۆکردنەوەی خۆراک و تێکسراوی و قەیاقە و بازوانی بەهێزی پیاوانی ڕاوچی بەیەکەمین نموونەی پیاوی جەنگاوەر و بالادەستتر نیشاندراوە.[29] بەڵام ئەم تیۆرە جگە لەبوونی سروشتێکی دەمارگیرانە، هیچ ناوەڕۆکێکی تری نییە.

ئەڵمان سەرڤیبی[30] مرۆڤناس، تیۆری یەکەی سەرەوە بە جەشنێکی تر ڕادەگەیێنێ و دەڵێ: پیاوان بەهۆی توندوتۆڵی و هێز و توانای لەشیانەوە، کار و پیشەی ڕاویان هەڵبژاردوە، بەڵام بەشداری نەکردنی ئافرەتان لە کاری ڕاووشکاریدا بەهۆی لاوازی و بێ توانایی لەش و قۆناغی دەستپێکردنی ئاوسبوونەوە بووە.[31]

بەڵام ئێمە دەتوانین بەجۆرێکی تر بڵێین، کە تایبەتێتی شەرکەرانە و شەڕخوازانە لە پیاواندا، هانی پیاوانی داوە لە پیشەی ڕاووشکاری نزیکببنەوە، وە ئەو باوەڕە ڕەت دەکەینەوە کە لاوازی لەشی ئافرەت دەکاتە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی هۆی دوورکەوتنەوەی ئافرەت لە پیشەی ڕاووشکار. هەر کەسێک بە تێڕامان لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گیانلەبەری ڕاوی وردەبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم بۆرە باوەڕ و بۆچوونە تا چ ئەندازەیەک هەڵگری ئالای ڕاستین.

هەواڵنامەی کتێب

چونکە ئافرەت هەر وەك نێر و مێی شێر و پڵنگ کە هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لەڕووی لاوازی و بێتوانایی‌یەوە نییە ، ئاوهاش ئافرەت و پیاو لەڕووی گورج و گۆڵی و زیرەکی و شتی ترەوە جیاوازییان نییە . لەلایەکی ترەوە ئەوەبەڵگانەی رادەی توانایی ئەو کارانە دەسەلمێنێ کە ئافرەت ئەنجامیان دەدا ، گەلێك زیاترە لەو کارە سەرەکییەی پیاوان: ڕاوشکار . بەم جۆرە ئافرەت بەهۆی کاری بەربلاو و ئاقەت پڕوکێنانەی ڕۆژانەی خۆیەوە بوو ، نەیدەتوانی بەکاری ڕاوشکاری بگات .

بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە ( تیۆری ڕاو ) لقێکی جیاوەبووی تیۆری منداڵدانە و ، ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تاچ ئەندازەیەك هەگبەی زانستەکانی مرۆڤناسی و زیندناسییان پڕ لە بەڵگەی پڕوپوچ و لادەرانە کردووە،بە مەبەستێکی دیاریکراوە کە بریتییە لەنزایەتی کردنی ئافرەت و، ناساندنی وەك " ڕەگەزی دووەم " بەکار هاتووە .

## ئایا ئافرەت هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو چەوساوەبووە ؟

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا تا بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ئافرەتان تەوە هەتا ئەمڕۆ هەندێ لە نوسەران و کۆمەڵناسانی ئافرەت لەژێر کاریگەری ئەم بیروبۆچون و تیۆرییە نازانستیانە ماونەتەوە و گرفتاری دەردی نامۆیی و ڕەشبینی بوون . ئەو تیۆرە لێکدانە نازانستیانە وای دەردەخەن ئافرەت نەك تەنها لە کۆمەڵگاکانی باوك سالاریەوە ، بەڵکو بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو چەوساوە بووە . بەپێی ئەم بیر و بۆچونەش ، ئافرەت تەنها لەقۆناغی باوك سالاری‌وە ملکەچ و دەست لەسەر سنگ نەبوون بۆ باوك و مێردەکانی خۆیان ، بەڵکو لە قۆناغەکانی سەرەتاییشدا لەژێر زۆر و ستەمی براو خاڵانیاندا ناڵاندویانە .

تاکو ئێستاش لەسەرتاسەری جیهاندا ژمارەیەك لەو کۆمەڵگا سەرەتاییانە ماونەتەوە،کە کەم یان زۆر لەڕێگەی دایك سالاریەوە بەڕێوە دەچن . بەگشتی بەو کۆمەڵگایانە دەوترێن " کۆمەڵگای دایکانە "*، چونکە سروشت و لایەنی خزمایەتی لەڕێگەی دایکەکانەوە

---

* Matrilineale جیاوازی هەیە لەگەڵ دایك سالاری دا ، لەم کۆمەڵگایەدا هەرچی ڕەچەڵەك و نەوەو تەسل و نەسەبی خەڵکی دەچێتەوە سەر دایك نەك باوك . بۆ نمونە ئێستا کەسێك کە لەدایك دەبێ بەناوی باوك و باپیرەوە دەناسرێ بەڵام لە کۆمەڵگای دایك سالاری دا بەناوی دایکەوە دەناسرا ( و ) .



هەواڵنامەی کتێب

دەستنیشان دەکرێ، جگە لەوە مەسەلەیەکی لەوە گرنگتریش ئەوەیە کە لەم کۆمەڵگایانەدا، پەیوەندی خێزان بە باوکانەوە، بەشێوەیەکی سست و کەم بایەخ گەشەیان کردووە، وە پیاو بەهۆی پەیوەندی ژن (دایک) و مێردایەتیەوە ناسراوە، نەک لەرێگەی پەیوەندی باوک ـ منداڵەوە. واتە لە راستیدا منداڵ، سەربەدایک و نزیکانی دایکی بوون. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە منداڵ نەک تەنها لە دایکیانەوە نزیک بونەو سەر بەوون، بەڵکو بەرامبەر خاڵوانیشیان بەهەمان شێوە بوون. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، خاڵوان ئەرک و فەرمانی "باوکایەتی" بەرامبەر خوشکەزاکانیان دەنوێنن. هەروەها هەندێ جار بەم کۆمەڵگایانە، کە نیشاندەری پەیوەندی خاڵ ـ خوشکەزاییەن دەوترێ "کۆمەڵگای خاڵۆسالاری"[32].

کۆمەڵگا دایکانەکان، کە پاشماوەی قۆناغەکانی دایک سالارین وە بەهۆی زەبروزەنگی کۆمەڵگاکانی باوک سالاریەوە بێ ئاسەوار ماونەتەوە، بەڵگەی نیشاندانی بالادەستی رژێمی کۆمەڵایەتی دایک سالارین، کاتێ زانستی کۆمەڵناسی، وەک زانستێک، لەسەدەی رابردودا سەری هەڵدا، زۆربەی زۆری ئەو تیرە و هۆزە سەرەتاییانەی لەسەر زەوی مابونەوە و، تا رادەیەک شێوە و فۆرمیان گۆرانیان بەسەردا هاتبوو، ببونە خێزانی (دوو کەس)، واتە ئەوەی کە "مۆرگان"[33] ناوی "خێزانە دوو کەسیەکان"ی لێ نابوو، لەم کۆمەڵگایانەدا بەدیکرا.

بەڵام ئەم خێزانانە کە بەشێکی بەکۆمەڵ ژیانی کۆمەڵی دایکانە بوون، جیاوازیەکی بێ پایانیان لەگەڵ ئەو خێزانانەدا هەبوو، کە لە رژێمی باوکسالاری و کۆمەڵگای چینایەتی دا هاتبونە ئاراوە. کاتێک پیاوێکی بێگانە پەیوەست و تێکەڵی ئەم کۆمەڵە دەبوو، بە ناوی مێردی ژنەوە بانگ دەکرا. پیاوان (مێرد) هەرچەند هەمیشە لە رەنج و تێکۆشاندا بوون بۆ بەدەستخستنی پێداویستیەکانی ژن و منداڵەکانیان، بەڵام هەر بە پاشکۆی خاڵوان ناسرا بوون، پلەو بایەخێکی کەمتریان پێ بەخشرابوو، خاڵوان بەشدریکە بەشی بنچینەیی ئابوری و پارێزەری منداڵانی خوشک ناسرا بوون.

کاتێ مرۆڤناسە تجریبیەکان چارەسەری مەسەلەکان لە روانگەی مێژووەوە رەت دەکەنەوە، دوچاری جۆرە روبەروبونەوەیەکی دژواری ئەم تیرە و هۆزانە دەبنەوە، بۆ نمونە "مالینۆسکی"[34] لە لێکۆلینەوەکانیدا دەربارەی دانیشتوانی دورگەنیشینەکانی "ترۆبریند"[35]، بنچینەی ئەرک و مافی دایکایەتی بەم جۆرە پێناس دەکات: "ئێمەی پیاوانی ترۆبریند لە شێوەی هۆزێک پێکهاتووین، کە لەسەر بنچینەی دایکانە بنیات نرابوو. لەم یاسا و رژێمەدا، هەموو جۆرە

پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی تەنها لەرێگەی پەیوەندی دایکایەتی یەوە دیاری دەکرێ. ژنانی ترۆبریەند رۆڵێکی گرنگ و لەبەرچاو گیراویان گێڕاوە لەبەرە و پێشبردنی باری ژیانی ئابوری، پێشوازی میوان، جادوگەریەتی و تەنانەت پێشەوایەتی کردنی هۆزدا*.

بەلام لەبەر ئەوەی لێنیزدواجی جوتی لەنێو ئەم هۆزانەدا سروشتێکی کۆمەلایەتی پتەویان هەبوو، مالانوسکی بۆ دۆزینەوەی دیاردەی (باوك) لەم تیرە و هۆزانەدا کەوتۆتە گێژاو و سەرەخولکەوە. بەپێی سەرچاوەو تەی ئەم هۆزانە خۆیان ووشەی "تاما" کە مالانوسکی هەوڵ دەدات ناوی "باوك"ی لێ بنێ، جگە لەوەی کتومت مانای "مێردی دایك" دەبەخشێ، بەلگەی هیچ مانایەکی تر نادات بەدەستەوە. لەهەندێ جاریشدا تەنانەت "پیاوی غەریبە" یان راستترە بلێین "بێگانە" بەو ناوە بانگ دەکرێت. بەجۆرێکی تر بیژێن، ئەو پیاوە بێگانەیەی تێکەڵ و پەیوەستی ئەو تیرە و هۆزانە دەبێت و بەناونیشانی مێردی ژن دەناسرێ، هێشتا ناتوانرێ نازناوی باوکی پێ لێبچوێنرێ. لەراستیدا تەنجامدانی کارو فەرمانی "باوکایەتی" لە ئەستۆی خالواندا بووە، مالانوسکی دەڵێ: "جێگەو مەقامی کۆمەلایەتی لە رێگەی دایکەوە بەهۆی خالواندوە دەدرێ بەخوشکەزاکانی. ئەم چەشنە هاتنەی تیرە و هۆزەکان کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لایەنێکی دایکانەیان پێوە دیارە، گرنگیەکی فراوانی هەیە. چونکە ئەو پێکهاتنە، پەیوەندی نێو ئەندامانی هەلێك نزیك و خاوەن هەستی وەك یەك و بەرژەوەندی هاوبەش و گۆشت و خوێن، لەم تیرەو گروپانەدا تەنانەت ئەوانەی کە بەهۆی ئیزدراجەوە پەیوەندی باوك - منداڵیان پێك هێناوە - بەتوندی وەلاوە دەدرێن"[38].

لەم پەیوەندییەدا ئەو شتەی کە مالانوسکی پێی دەڵێ تەئسیری دولایەنە یان "دوجارە"[39] هەمان تەئسیری ئیزدواجی بۆ سەر کۆمەڵی دایکانە. لەم کۆمەڵگایانەدا منداڵ چاویان ئاراستەی دوو پێوەند دەکرێت، کە وابەستن بە دایکەوە: یەکێکیان ئاراستەی خاڵ دەکرێت کە پەیوەندییەکی ئاسایی و سروشتیانەیە، ئەوی تریان ئاراستەی کەسێکی بێگانە دەکرێ بەناوی مێردی دایك. ئەو بەلگەیەی کە هێشتا مالانوسکی بۆی یەکالا نەکراوەتەوە، ئەوەیە کە هۆزی ترۆبریەندا نوێنەر و نیشاندەری کۆمەڵی دایکانەن و، پاشان گۆڕدراوە بۆ کۆمەلگای "باوکانە"[45].

پێشرەوانی کۆمەڵناسی لەسەدەی رابردوودا، رووبەرووی چەند

* لە کتێبی "ژیانی سێکسی درندان"، لاپەرە ۳.

نموونەیەکی کۆمەڵگاکانی دایکانە بوونەتەوە، کە گۆڕدراون بۆ کۆمەڵگەی باوکانە و پاشان بوونەتە باوکسالاری. "سیدنی هارتلێند"[41] لەدیتنی ئەم کۆمەڵگایانە گەیشتۆتە ئەنجام و دەڵێ: "کۆمەڵگای بـاوکسالاری، کە بەشێتەیی و لەسەر خۆیی بووە هۆی ڕەتاندنـەوە و لەناوبردنی مافی ئافرەت، لەگشت شوێن و کەلەبەرێکی جیهاندا بـە لەنێوچوونی کۆمەڵگای دایکانە هاتە کایەوە"[42].

بایەو مەکانەتی ئافرەت لەسەرەتای گۆڕانی ئەم کۆمەڵگایانـەدا (دایک پاشایی - و -) وەک خۆی مایەوە و لەهەمان کاتدا سەربەخۆیی ئابووری و ڕێز و پایەی کۆمەڵایەتییشیان لەدەست نەدا. بەڵام لـە هەندێ ناوچەی تردا، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەبونـیادی جیناییەتی کۆمەڵگای باوکسالاری، بەسەر ئابووری پاشەکەوتـەدا زاڵ بوو، ئافرەتەکانیان هەر وەک دەستە خوشکانی ئەمڕۆیان، مافـ پێشێل کراوبوون و لەژێر زۆر و ستەمی باوک، مێرد، براکانیاندا ژیانیان بەسـەر بردووە.

کیشوەری ئوسترالیا شاهیدی نموونە خەروارێکی لەیەکەم گرتنـی پلەو پایە و بووەلەژماردنی ئافرەت لە قۆناغی سەرەتابیـیدا. "سپنسەر"[43] و "گیلن"[44] کە بەناوبانگترین لێکۆڵەرەوانی هۆزەکانـی ناوەندی ئوسترالیان، جیاوازیەکی هۆزیان لەنێوان ڕۆژگارانی کۆن و باری ژیانی ئەمڕۆی ئەو هۆزانەدا بینیوە. لێکۆڵەرانی ناوبراو ئەوە دەردەخەن، کە لەڕابردوودا ئافرەت لەم ناوچانەدا پایەیەکی زیاتریـان هەبووە وەک لە ڕۆژگارانی پێشوو[45].

رابەرت بریفالت بەسەرنجدان لەم بێنار و بارو لێکۆڵینەوانـە دەگاتە ئەنجام و دەڵێ: "سەرهەڵدانی کۆمەڵگای باوکسالاری، کە لەسەر بنچینەی باڵادەستی پیاو و ژێر پێگرتنی پلەو پایەی ئافرەت بنیات نراوە، مێژوو تەمەنێکی هێند درێژی هەیە کە ئەمڕۆ جـێی پێشوی دەسەڵاتی ئافرەتی گرتۆتەوە". پاشان دەڵێ "دانیشتوانـە ڕەسەنەکانی ناوچەکانی ئوسترالیا تەنها نەژادێکی سەرەتایی نین، بەڵکو لە گەلێک نەتەوە بەخوارتر دەژمێردرێن. بەم شێوەیە کاتـێ دەسەڵاتی پیاو هێزی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست دێنێ، بەتـرند و تیژترین شێوە دەینوێنێ[46]. کاتێ کە سپی پێستەکان کۆچیان کـرد بۆ ئوسترالیا، جێی سەرسوڕمان نییە لەماوەی سەدەیەکدا لەبـەر نەخۆشی و گەلێک تەنگوچەڵەمەی تری دانیشتوانی ئەوێ لە ٥٠٠ هـەزار کەمەوە تەنها ٥٠ هەزار کەسیان مابێتەوە.

لەهەندێ ناوچەیدا کە سیستەمی دایکسالاری تیایاندا پارێزراوە، تیاردەیەک بەدی ناکرێ ڕێز و پایەی ئافرەت یان پیاو بەکەم بگرێ.



هەواڵنامەی کتێب

ئەم چەشنە نموونانە لەناو سووربێستەکانی ئەمەریکای باکووردا بەدی دەکرێن کە بالادەستی پیاو و چەوساندنەوەی ئافرەت لەئارادا نەبوو. هەتا ئەو کاتەی خەڵکی بێشکەوتووی ئەوروپا ، بەوپیسکی وتۆپ و تفەنگا هێرشیان بۆ ئەکردبوون ، بریتانات لەزمانی پەیامبەرێکی تایبەتی بەناوی "لافی تو"[47] وە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە : " هیچ شتێك بەئەندازەی بالادەستی ئافرەتان راستی دەرناخات ، هەر ژنانن کە بنچینەی تیرە و هۆزەکانیان پتەو کردووەوە ئەسالەتی خوێن ، منداڵبوون ، پاراستنی ئەوە و حزم و وەچەیان پاراستووە . لە ئافرەتدا هێزێکی واقیعی شاراوە هەیە ، هەڵبژاردنی شوێنی زیندەگی تیرە و کێڵگە و خرکردنەوەی بەرهەم بە ئافرەتەوە بەیوەستن ، ئافرەت پیک هێنەری شورا و حاکمی موتلەقی جەنگ و ئاشتین"[48].

بەپێی قسەی " ئەلیکساندەر گۆڵد"[49] دەڵێ ئافرەت لە هەڵبژاردنی سەرەك هۆزەکاندا ، بێ چەند و چون ڕۆڵی گرنگ و بێشەوەیان گێڕاوە، چالاکی و جموجۆڵی سەرەك هۆزەکان، بەتایبەت لەباری جەنگیەوە، بەهۆی بەرێوبەران و زیری ژنانەوە خراوەتە ژێر باری چاوەدێری یەکی وردەوە و سەرۆکەکان رێنوێنیان کردووە و ، ئەگەر پیاو و ئەخشەکانیان سەرنەکەوتوو و بێ ئەنجام بونایە ، بەرێوەبەرانی بۆ داماڵین و بەرکەنارکردنی سەرۆکەکان دەنگیان دەدا . لە قۆناغەکانی کۆنفدراسیۆنی " ئیراکیوس"[50]دا ژنان چ لە هەڵبژاردن و چ لەبەر وەلاکردنی سەرۆك و زۆربەی کاربەدەستەکانی تر ، دەنگ و دەسەڵاتێکی بالاتریان بووە وەك لە پیاوان" . بیرو باوەڕی گشتی زیاتر لەژێر کاریگەری ژنانی تیرە و هۆزەکاندا بوو نەك پیاوان . وە بڕیاردان لەسەر بەرپاکردنی جەنگ دەبوایە لەپێشاندا بەڕەزامەندی شورای ژیری ژنان بگەیشتایە"[51] . هێزی راستەقینەی ئافرەت لەمەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەو سەنەدو بەڵگەنامانەی داوای بەگژاچوونی ئیمپریالیزم دەکەن بەدەستی ژنان ئیمزا کراون .

یەکێك لەسەرنج ڕاکێشترین ملمڵانێکانی نێوان پیاوانی ئیراکیوس و سپی پێستەکان لەسەر شێوەی بیرکردنەوەیان دەربارەی ئافرەت ، لە کتێبەکەی بریفالتدا نوسراوەتەوە . ئەم وتارەی خوارەوە وتارێکە کە لەلایەن " پیتەر گود " و لەبەردەمی " کلینتن"[52]ی فەرماندەدا خوێندراوەتەوە و ڕێزگرتنی بێپایانی سوربێستەکان بۆ ئافرەت دەردەخات ، ئەمەش بەشێکی وتارەکەیە :

" برایان و باپیران و پێشینانمان دژایەتی کردنی شورا و ئافرەتان ، بەتایبەت دژایەتیکردنی ژنانی سەرکردەیان بە گەورەترین

دەستدرێژی بۆ سەر مانی خۆیان دەزانی. باپیرانمان ژنانیان بەسەرکردەو لێبڕاوانی گەورەی جیهان ناسیبوو، لەرادەبەدەر رێز و میهرەبانیان بۆ دەخستبون. باپیرانمان گوتویانە: چ کەسێک، جگە لە ئافرەت دەشت و دەرو زەوی یەکانمانیان کێڵاوە و چاندووە و ئاگریان بۆ ئەمان پاراستووە و بێشتیان بۆ ئامادەکردووە بۆمان...؟ برایان ژنانی ئێمە خوازیاری ئەوەن، رێز و پایەیەک کە باپیرانمان پێیان بەخشیبون، بەدەستی فەرامۆشی نەسپێرن و بەچاوی سوک و کەم بایەخ تەماشا نەکرێن، ژنانی سەرکردە بەو ئومێدەن کە لە ئاسمانی ساف و بێگەردی ئازادیدا کە باپیرانمان بۆیان رەوا بینیبون، دەنگیان دڵێر و بونی خۆیان لەنێو کۆمەڵگادا بسەلمێنن... چونکە ئافرەت رەگی ژیان و بنچینەی هۆزن"[53].

هەروەها بریغالت لەزمانی "راک هێل"ەوە دەگێڕێتەوە: "ژنان بە چ هۆیەک توانیان ئەوە بەسەر ئەوەیەکی درندەی وەهادا، کە ئەنانەت بەبێ ئارەز و گوێڕایەڵی سەرکردەی هۆزەکانیان دەکرد، بەبێنن گوێڕایەڵی دەسەڵاتی ئافرەت بکەن؟ ئەمە بابەتێکە بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی نرخ و بایەخی بەتەواوی دەردەکەوێ"[54].

ئەم بەڵگەیە زۆر بەزەحمەت تیۆری (ئافرەت بەدرێژایی مێژوو چەوساوە بووە) مان بۆ رون دەکاتەوە. چەوسانەوەی ئافرەتی هەندێ لەناوچە سەرتاییەکان وەک دەستخۆشکانی ئەمڕۆیان، مانای ئەوە نیە ئافرەت هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو چەوساوە بووە. بەڵکو ئەوە نیشان دەدات کە لە هەندێ ناوچە نەک لە هەموو شوێنێک، بەڵەناوچوونی پایەو مەکانەتی دایک و خوشکان، پایە و مەقامی خاڵوانیش هەڵوەشاوەتەوە. بەم جۆرە هەندێ لەو خاڵویانە، بە چەشنێکی ئەوتۆ رەفتاری درندەیان بەرامبەر ئافرەت دەنواند. کە ئەکرێ بەنموونەی رەفتاری پیاوانی ئەمڕۆ بەرامبەر ژنان بژمێردرێت.

بەڵام لە روانگەی مێژووییەوە ز، پێش سەرهەڵدانی تۆناغی باوک سالاری، دیاردەیەک بەناوی باڵادەستی پیاو بەسەر ئافرەت بە پێچەوانەوە لە ئارادا نەبووە. لە کۆمەڵگای هۆزایەتی دا (القبلي) ئافرەت لەناویەکدا وەک خوشک و پیاوانیش وەک برا دەژیان. بنچینەی سەرەکی ئەم کۆمەڵگایانە لەسەر بنچینەی مافی یەکسانی لەگشت بوارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سێکسیەکان پێک هاتبوو. کە واتە ئافرەت هەمیشە و بەدرێژایی رۆژگار لەژێر باری چەوسانەوە نەڕەناوەتەوە. بەڵکو سەرهەڵدانی چەوسانەوەی ئافرەت پەیوەندی یەکی بە توند و تۆڵی لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی

دڵ ڕەق و بێبەزەیی دا هەیە کە هێز و دەسەڵاتی خۆی لە دەست گرت و خۆی کردە جێنشینی کۆمەڵگای دایک ساڵاری . لە ڕاستیدا "تیۆری خاڵۆساڵاری" شێوەیەکی نوێی "تیۆری منداڵدان"ە، کە پێویستە لە بزوتنەوەی ئافرەتاندا پەردە لەسەر پڕوپوچی و بێبایەخی هەردوکیان هەڵماڵدرێ .

ئەگەرچی نووسەر بەناوبانگەکانی ئافرەتان، وەک "کیت میلێت"[56] تیۆری "شێوەی پێکهاتنی لەشی ئافرەت چارەنوسی ئافرەت دیاری دەکات"ی خستۆتە ژێرباری ئانە و ڕەخنەوە، بەڵام هەرگیز دەرکیان بە هەمیشە نەبونی چەوسانەوەی ئافرەت نەکردووە . ئەو کەسە ناسراو و بەناوبانگەی ناو بزوتنەوەی ئافرەتان، کەوتۆتە ژێر کاریگەری،ئەو کۆمەڵناسانەوە،کەدژی قوتابخانەی ژیان و قوتابخانەی مێژوون . هەر وەک لە کتێبەکەیدا "سیاسەتی سێکر"[57] دەڵێ : "جیهانی تۆناغەکانی سەرەتایی و شارستانێتی ئەمڕۆ، هەر دوو سەرتاسەر و بەدرێژایی مێژوو بەدەست پیاوانەوە بون".[58] هەروەها لەو باوەڕەدایە کە ئافرەت هەمیشە بەهۆی باوکساڵاری و پێش ئەویش، لەڕێگەی خاڵۆساڵاریەوە چەوساوەتەوە . ئەوەی جێی سەرسوڕمانە خوێندنی دانی بەو ڕاستییەدا ناوە.کە هێشتا بۆی دەرنەکەوتووە و دڵنیا نیە لەوەی سەردەمانێک بەناوی کۆمەڵگای دایک ساڵاریەوە هەبووە یان نا .

"فایرستۆن"[59] لە کتێبەکەی خۆی دا بەناوی "دیالەکتیکی سێکس"[60] بەشێوەیەکی قوڵتر ڕۆچوە و هاوباوەڕی خۆی لەم هەڵەو لادانانە ڕادەگەیێنێ و پاڵپشتی پیاوان دەکات و دەڵێ : چەوسانەوەی ئافرەت گەلێک مێژینەیە و لەپێش دروستبونی مێژووەوە سەری هەڵداوە، تەنانەت دەیگەڕێنێتەوە بۆ پێشتریش،واتە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی . هەروەها لەو بڕوایەدایە کە ئافرەت بەهۆی شێوەی پێکهاتنی لەشییەوە، توانای بەشداربونی لەبەرهەمهێنان دا کەمبۆتەوە. بەم شێوەیە ئەنامی و خەباڵینۆی خۆی دەربارەی پێشینە و ئەو بەڵگانە دەسەلمێنێ، کە تیشاندەری کار و هەوڵدانی ژنانن لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا . هەروەها دەڵێ "ئافرەت بەهۆی شێوەی پێکهاتنی لەشییەوە، هەمیشە و بەردەوام کۆیلە و دیلی ڕوداوە نهێنییەکانی ژیان بووە"[61] وە هەمان ئەو باسانە دوبارە ئەکاتەوە کە پیاوان دەربارەی ئافرەت و منداڵبون و منداڵداری ووتویانە . باشان گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئافرەت بەهۆی لاوازی و بودەڵەیی لەشییەوە، هەمیشە پەناو پشتیوانیان بە پیاوان بووە، بێگوێدانە ئەوەی ئەو پیاوە، برابێ، مێردبێ یا باوک .

ئالیرستۆن بێچەند و چون ئەنگەتاوی "تیۆری منداڵدان" داتەپوە و لە گێژاوێکدا خول دەخوات، کە هەرگیز لەبەری ناکاتەوە . هەروەها تیۆرییەکانی مارکس و ئەنگلس بەربەرچ دەداتەوە و دەڵێ کە ئەمانە "کەمتر" و "هیچ شتێکیان" دەربارەی ئافرەت بەناونیشانی چینێکی چەوساوە زانیبێ . پاشان دەڵێ : "تایبەتییتی زاوزێکردنی ئافرەت سەرچاوەی گشت زۆر و ستەم و سزایەتییەکن، کە دەستو بەخەبە لە گەردنی ئافرەتان ئالاون، نەک سەرهەڵدانی کۆمەڵی باوکسالاری"(62). پاشان خاتوو ئەڤابرستۆن، کە خۆی بەلایەنگیری ئازادی ئافرەتـان دەناسێ، تێیدا پشتیوانی خۆی لەو تیۆریانە دەکات کە ئازادی ئافرەتانن و دەڵێن: باری هەڵکەوتنی لەشی ئافرەت چارەنووسی ئافرەت دیاری دەکات، بەبێ ئەوەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەیان ئەنجام دابێ .

بەداخەوە هەندێ لە ئافرەتانە مرۆڤناسەکان هەرچەند هەوڵی بێ وچانیان داوە بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم بار و بابەتە، بەڵام دوچاری ئەم جۆرە هەڵە و سەر لێشیواویانە بوون . ئەمانە زیاتر لە ژێر کاریگەری لایەنگرانی تیۆری بالادەستی پیـاو و ئایدیۆلۆژی بۆرژوازیان، کە کتێبیان لەنێو گشت خەڵکە مرۆڤناسەکاندا کردووە و پشتیوانی لە ئەفسانەی هەمیشە لاوازی و بودەڵ بوونی ئافرەتان دەکەن . مرۆڤناسی ئینگلیزی "لۆر میر"(63) دەڵێ: "ئافرەت لەگشت کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و تەنانەت لەهەندێ کۆمەڵگا پیشەسازییەکانیشدا هەرگیز بەتەواوی سەربەخۆ نەبوون .... بەڵکو هەمیشە و (بۆ ویستی خۆیان) وابەستە و پشتیوانیان بە پیاوانێکی وەک باوک و برا و مێردەوە هەبووە"(64). ئەم تێڕوانینە زێدەڕۆییە نەک تەنها بۆ قۆناغە دواکەوتووەکانی کۆمەڵی دایکانە ناگونجێ کە ئافرەت سەربەخۆیی ئابووری و پایە و رێزی کۆمەڵایەتی خۆی تێدا دەپاراست، بەڵکو بۆ کۆمەڵگای دایکسالاریش تەواو نییە .

بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر ماقی دیکدا، "کۆتلین ئابریل"(65) باشترین نووسینێکی رەخنەگرانەی لەسەر کتێبی "خزمایەتی دایکانە"(66) لە ساڵی ١٩٦١ نووسی و پاشان چاپ و بڵاوی کردەوە . بەڵام ئەویش لەو بڕوایەدایە، کە ئافرەت هەمیشە چەوساوە بووە . هەروەها لە نووسینێکی تریدا کە لەم دواییانەدا بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازی ئافرەتانی نووسیووە، دەڵێ : "هێز و دەسەڵاتی پیاو کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی ئافرەتی چەوساندۆتەوە، لە خڕکردنەوە و دروست بوونی سەرمایەوە سەری هەڵداوە، کە هۆیەکی سەرەکی پشتیوان و پارێزەری رژێم و دەوڵەتن". ئەم بۆچوونە خۆی لەخۆیدا بۆچوونێکی

مارکسیستانەیە ، بەڵام بەشێنەیی و لەسەرخۆ لە شێوازی ماتریالیزمی مێژوییانە دورکەوتوتەوە هەر، وەك دەڵێ " تەنانەت لەکۆمەڵگای ڕاووشکاریشدا ئافرەتان هەمیشە ڕۆڵی (ڕەگەزی دوەم) یان گێڕاوە و زۆریان کەم پاشکۆی پیاوان بوون "[67].

ئەم بۆچونە لەوانەیە بۆ هەندێ لەو کۆمەڵگایانە ڕاست بێ کە پێویستیان بە ڕاوکردن هەبووە ولە قۆناغەکانی دوایی دا شێوەو ڕوخساریان گۆڕدراوە ، بەڵام بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان : قۆناغی دایك سالاری ،کە پێویستی سەرەکیان لەڕێگەی ڕاوەوە دابین کراوە ، ڕاست نیە . بۆ سەلماندنی ئەم باسە ، دیسانەوە دوبارەی دەکەمەوە و دەڵێم : پیشەی ڕاووشکار هۆیەك نین بۆ خولقاندنی زاڵبون و باڵادەستی پیاو بەسەر ئافرەتدا ، بەڵکو چەوسانەوەی ئافرەت ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی سەرهەڵدانی خاوەنداریتی تایبەتی و جیاوازی چینایەتی و خێزانی باوك سالاریەوە هاتۆتەکایەوە.

## دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر دابەشکردنی کاری خێزان دا

ئەم بابەتە کە پەیوەندی بەجیاوازی دابەشکردنی کاری نێوان پیاو و ئافرەتەوە هەیە لە کۆمەڵگای سەرەتایی و کۆمەڵگای شارستانیتی ئەمرودا ، دەمانگەیەنێتە دراساسی ئەو ئەفسانە ئاڵۆز و پڕ فەمیچەیەی کە ئافرەت بە"ڕەگەزی دوەم" دەداتە قەڵەم . بەپێی ئەو لێکدان و لێکۆڵینەوە بڵاوانەی ئەمڕۆ ، دابەشکردنی کار لە نێوان ژن و پیاواندا هەر لە سەرەتاوە بەهەمان شێوەی ئەمڕۆ بورە ، واتە ڕۆڵی کاری ئافرەت لە سنوری ماڵ و خێزان دەرباز نەبووە . لە دەلاقەی ئەم تیڕوانینەوە ، دابەشکردنی کار لە نێوان پیاو و ئافرەتدا ، هەر لەیەکەمین ڕۆژەکانی مێژوی مرۆڤایەتیەوە ، بەهەمان شێوەی ئەو دابەشکردنی کاردبووە کە لە نێوان ئافرەت و پیاوی خێزانی ئەمرودا بەدی دەکرێت . پیاوان بۆ ئەنجامدانی کار دەچنە دەرەوەی ماڵ ، بەڵام ئافرەت بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری نێوماڵ و خزمەتکردنی بنەماڵە لەسنوری ماڵ ناچنە دەرەوە. هەندێ لەو ئافرەتانەی لایەنگری ئازادی ژیانن ، دیاردەی کارکردنی پیاوان و وەرگرتنی هەق دەست و بێ بەشی ئافرەت لەو کار و ماڤە بەسوکایەتیەك دەزانن دەرهەق بەماف و کەسایەتی خۆیان ، بەڵام سنوری بێ عەدالەتیەکە لەوە فراوانترە . چونکە وابەستەیی و هۆگربوونی ماڵەوە ، ئافرەت لە جیهانی زانست و ڕۆشنبیری دور دەخاتەوە ،



هەواڵنامەی کتێب

هەروەها ئافرەت لەم بەندی و ئابلۆقەدانەدا بە ئەنجامدانی کاری پڕو پوچ و بێ بایەخی هەموو ڕۆژە سەرگەرم و سەرکوێر دەبێ.

ئافرەت لە ئەنجامدانی ئەو کارە کۆمەڵایەتیانە بێ بەشن، کە سەربەخۆیی ئابووریان دەپارێزێ و ئەو مافە تەنها بە پیاوان بەخشراوە. لەبەرامبەر ئەمە پێکهاتنی خێزان و شووکردنی ئافرەت بە باشترین و سەرەکی ترین کار و پیشە بۆ ئافرەتان دەژمێردرێن. ئەو یاسا کۆنەپەرستانەیەی کەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەزامەندی ئافرەت و بۆ لەبارپێ بردنی منداڵ و بەربەستی کردنی منداڵبون تەرخان کراوە، ئافرەت ناچار دەکات خەریکی بەخێوکردنی منداڵانی تر بێ. وە لەبەر نەبوونی باخچەی ساوایان و (حضانة)، ژنان ناچار دەبن باری گرانی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە ئەستۆی خۆیان بگرن.

بەپێی ئەو یاسایانەی کلێسا و پارێزەرانی ڕژێمی سەرمایەداری دایان ڕشتووە، ئافرەت دەبێ هەمیشەو وەک جاران لەنێو خێزانەکەیدا بمێنێتەوە و خزمەتی مێردو منداڵەکانی بکات. بەڵام هەرگیز ئەوە ڕاست نییە، ئێمە وەک یەک و بێ جیاوازی بڕوانینە غەریزەی منداڵبون، کە دیاردەیەکی سروشتی بە لەگەڵ پێکهێنانی خێزان، کە دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە. کاتێک ژنان ئەرکی هەمیشەیی بارستنی نەوە ( زاوزێکردن - و - ) دەگرنە ئەستۆی خۆیان، مانای ئەوە نیە ئیتر دەبێ بۆ هەمیشەو تاکو سەر دیلی ژیانی نێوماڵ و خزمەتکردنی مێرد و بنەماڵە بێت. بەجۆرێکی ئاسانتر، "خێزانی ئەمڕۆ" دواترین هەوڵ و تێکۆشانێکە بۆ سەلماندنی "تیۆری منداڵدان" و بەکەم گرتنی پلەو پایەی ئافرەت.

یەکەمین دابەشکردنی کار لەنێوان ژن و پیاودا، بەهەمان ئەو شێوەیەی ئەمڕۆ: کاری ژنان لەماڵ و کاری پیاوان لەدەرەوە، نەبووە، بەڵکو هەریەک لە ژن و پیاو لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، کاری کۆمەڵایەتیان ئەنجام داوە. ئەم چەشنە دابەشکردنی کارە کۆمەڵایەتییەش پراکتیکی بووە، چونکە سیستەمی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی، لەگەڵ پەروەردەکردن و چاوەدێری کردنی منداڵ بەشێوەی گەلکاری، گونجاو و تەبا بوون. کچان لەسەر دەستی ژنان پەروەردە دەکران بۆ ئەوەی فێری ئەو کار و بارانەیان بکەن کە پێویست بوو لە پاشەڕۆژدا ئەنجامی بدەن، کوڕانیش لە تەمەنێکی دیاریکراودا بە دەستی پیاوان دەسپێردران تاکو فێری کاروباری پێویستیان بکەن. کرداری زاوزێ و گەورەکردنی منداڵان کارێکی کۆمەڵایەتی بوو، دەبوایە ژن و پیاو بەشێوەیەکی یەکسان بەشداری تێدا بکەن. تەنها بە لە نێوچوونی کۆمەڵگای دایکسالاری و نەمانی مافی یەکسانی لە

نێوان پیاو و ئافرەتدا ، ئافرەت لەکاری کۆمەڵایەتی دوور خرانەوە و لەماڵ هێڵرانەوە ، بە مانەوەشیان لەماڵ بوونە کۆیلە و ژێر دەستە، تا لەئەنجامدا پیاوان توانیان لەم شێوازی دابەشکردنی کارەدا ، هێز و دەسەڵاتی خۆیان بنیات بنێن .

مێژوونوسان دەستنیشانی ئەو ڕاستیەیان کردووە کە بە هاتنەکایە و سەرهەڵدانی ئابورییەکی نوێ کە لەسەر بنچینەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پێکهاتبوو ، دابەشکردنێکی نوێی کار هاتە ئاراوە و جێگەی دابەشکردنی کاری پێشوی گرتەوە . بۆ نمونە کشتوکاڵ لە ئاژەڵداری جوێ بوەوە ، دەرهێنانی کانزا ( معدن ) و هەر یەك لە کارەکانی خانوسازی ، کەشتی سازی ، ڕستن و چنین سواڵەتسازی*، .... هتد بوونە کار و پیشەی تایبەت و جودا لە یەکتری . شان بەشانی ئەم دابەشکردنی کارە لە بەشە جیاوازەکانی کاردا ، تایبەتمەندی نوێ لەبوارە ڕۆشنبیرییەکاندا دامەزرا ، ئیتر لە کەشیشێکەوە بگرە تا شاعیرێك، وە لە زانایەکەوە تا هونەرمەندێك هاتنە مەیدانی کاری نوێوە .

لەم بازدان و گۆڕانەدا ڕۆڵی ژن و پیاو بەشێوەیەکی سەرەکی گۆڕانیان بەسەردا هات و بە بڵاوکردنەوە و گەشە پێدانی ئەم جۆرە دابەشکردنی کارە ، مەڵبەندەکانی کار و ئیتر لەجاران زیاتر کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پیاوانەوە ، ئافرەت بەهۆی فشار و زۆرداریەکی بێ وێنەوە ، لەئەنجامدانی کارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەستی کێشابەوە و سنوری ژیانی لە چوارچێوەی خانوبەرە و ماڵداری کرا . وە بەپەرەسەندنی دەسەڵاتی دەوڵەت و کلێسا ، ئافرەت فێرکرا لە سنوری ماڵەوە زیاتر پێنەکێشێ و ، باشترین ئافرەتێکیش ئەو ئافرەتەیە کە بێ سکاڵاو دەردی سەری خزمەتی مێرد و منداڵەکانی دەکات . لە بواری دابەزینی پلەوپایەی ئافرەت و بەرزبونەوەی پلە و پایەی پیاودا ، ئافرەت تەنها تاوانبار نەکرا و لە ئەنجامدانی کارە کۆمەڵایەتییەکان بێ بەش نەکرا ، بەڵکو باسی چاودێری کردنی منداڵیش کە بەهۆی کاری هەردووەرزیەوە لەلایەن ژن و پیاوەوە ئەنجام دەدرا ، هەڵوەشایەوە .

هەروەك ئاشکرایە ئافرەتانی چینە زەحمەتکێشەکان ، هەمیشە و بەدرێژایی ڕۆژگار ، لەکار و ڕەنج و تێکۆشاندا بوون بۆ بەردەوامبوونی ژیان . لە مێژووی دوور و درێژی قۆناغی کشتوکاڵدا ئافرەت هەمیشە خەریکی کاری چاندن و کێڵانی زەوی بوون، وە لە ڕنین و ماڵۆکەکانیشدا

---

* ئەو کەسەیە گۆزە و دیزە و ...هتد دروست دەکات ( و ) .



هەواڵنامەی کتێب

سەرگەرمی پەروەردەکردنی منداڵ و ئەنجامدانی کاری نێوماڵ بوون. بەلام هەرگیز ڕەنج و تێکۆشانیان بۆ خۆیان نەبووە، بەڵکو لە خزمەت مێرد و منداڵەکانی دا بەکار براون، هەروەها بەهیچ جۆرێک ئەنجامدانی کارەکانیان وەك کۆمەڵگاکانی سەرەتایی کاری بەکۆمەڵ و هاوبەش نەبوون. بەگشتی، ئەنجامدانی کارە کۆمەلایەتی یەکان بوونە هۆی گەشەکردن و کاملبونی ئەندامەکانی لەش و مێشك، وە دورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی کارە کۆمەلایەتیەکان و بەجێهێنانی کاری نێوماڵ، بوونە هۆی ئەوەی کە ئافرەت توانای بیرکردنەوەی کەمتر بێت.

یان دەتوانین بڵێین، دابەشکردنی کار لەنێوان ئەم دورەگەزەدا هەر لەسەرەتاوە بەم شێوەیە نەبووە. تالآن و بڕۆکردنی مافی ئافرەت، لە ئەنجامی ئەو جۆری دابەشکردنی کارە هاتە ئاراوە، کە لە کۆمەڵگای چینایەتی و خاوەندارێتی تایبەتی و باوك سالاری دا سەری هەلداوە.

بەرپەرچ دانەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو ئەفسانانەی بەهۆی تیۆرییەکانی (منداڵدان) و (خێزانی نەوی) و .... هتد کە ئافرەت دەکەنە ژێر باری پلار و توانجی نا زانستیەوە، تەنها ئامانج نیە و بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونی چەند زانا و مێژوونوسێك نیە، بەڵکو ڕاستەوخۆ کارێکی مەزن و بێ پایان دەکاتە سەر بزوتنەوەی ئازادیخوازی ئافرەتان. ئەو تیۆریانەی کە باری هەلکەوتنی لەشی ئافرەت دەکەنە بەلگەیەك بۆ سەلماندنی نزمی پایەو مەکانەتی ئافرەت لە کۆمەڵدا، تەنها بۆ مەبەستی درێژە پێدانی بالادەستی پیاوانە بەسەر ئافرەتدا. ئەگەر پەردە لە ڕووی مایەپوچی و بێ بناغەیی ئەم تیۆر و پڕوپاگەندە نازانستیانە هەلمالدرێ و درۆ و ڕاستیەکانی شیتەڵ بکرێنەوە، زەمینەی بالادەستی پیاوان کە لەسەر بنچینەی ئەم تیۆریانە بنیات نراوە، بەتەواوی لەبەین دەچێ.

لە سروشتدا هیچ مێینەیەك نا تەواوی و کەم و کوڕی لە لەشیدا بەدی ناکرێ لە بەرامبەر نێرینەدا، وە لەکۆمەڵگای بێ چینایەتی دا ئافرەت هەرگیز بەهۆی دیاردەی منداڵبونەوە پایە و مەقامی کەسایەتیان لەدەست نەداوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەهۆی نواندنی ڕۆڵی دوو لایەنەیان لەکاری بەرهەمهێنان و پاراستنی نەوە و منداڵدا، خاوەنی ڕێز و قەدرێکی بێ پایان بوون. لەبەر ئەوە شوێنەواری کۆمەلایەتی ئافرەت لە کۆمەڵگادا، بەپێی هەلومەرجی مێژوویی دەرکەوتوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەو ئالوگۆڕە مەزنەی کە بووە هۆی لەناو بردنی کۆمەڵی دایك سالاری، بەداگرتن و هاتنە خوارەوەی پلە و پایەی ئافرەت کۆتایی هات. بێ بە پێی سەرهەلدانی کۆمەڵی چینایەتی،

باری هەڵکەوتنی لەشی ئافرەتیش بووە هۆی بنچینەیەکی پتەوی ئایدیۆلۆژیکی ، بۆ درێژەپێدانی بێ بەشی ئافرەت لەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ، هێشتنەوەیان بەشێوەی کۆیلە و ژێر دەستە .

ئێمەی ئافرەتان تەنها لەڕوانگەی ناسین و هوشیاریمان بەرامبەر سەرمایەداری ، دەتوانین هەست بەگشت ئەو زوڵم و زۆر و سوکایەتی یانە بکەین کە ڕوبەڕومان بۆتەوە . هەتا ئافرەت باوەڕی بەو تیۆرە هەبێ ، کە سروشت ( نەك کۆمەڵ ) بەسەرچاوەی گشت دواکەوتن و چەوسانەوەیەکی ئافرەت دادەنێ ، هەرگیز سەرکەوتن لە گۆڕەپانی تێکۆشانی ئازادی ئافرەتان دا بەدەست ناهێنین . لەیەکێك لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئافرەتان لە ئەمریکا ، دروشمی " پەیکەری لەشی ئافرەت چارەنوسی ئافرەت دیاری ناکات " بەرزکرایەوە .

ئەو دروشمە دەبێ دروشمی گشت بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی ئافرەتان بێت لەگشت جیهاندا .

## پەراوێزەکان

١) Engels
٢) sexist
٣) patriarchal
٤) Lobour Theory
٥) Seherwood washburn
٦) Willim Howells
٧) Kenneth Oakley
٨) V.goldon childe
٩) لەگۆڤاری ساینتیفیك ئەمریکەن ، سەپتەمبەری ١٩٦٠ .
١٠) لە کتێبی " چ ڕوداوێك لە مێژوو کەوتەوە " ، لاپەڕە ٢٧ .
١١) Adamson Hobel
١٢) لەکتێبی " مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرەتایی دا " ل ٩٢ .
١٣) لە کتێبی " کورتە ڕەخنەیەك لەسەر ئابوری سیاسی " ل ٢٧٩ .
١٤) لە کتێبی " وەڵامێك بۆ مەیمونی ڕوت " نوسینی ئێڤلین ڕید .
١٥) Marshall Sahlins
١٦) لە گۆڤاری ساینتیفیك ئەمریکەن ، سەپتەمبەری ١٩٦٠/ل ٧٧ .
١٧) Uterus theory
١٨) Penis theory
١٩) Sir Sally Zucherman

هەواڵنامەی کتێب

٢٠) لە کتێبی " ژیانی کۆمەڵایەتی مەیمون و مەیمونە بێ کلکەکان " ل ٦٩ .
٢١) Robert Ardrey
٢٢) لە کتێبی " نەوەی ئەفەریقـا " ل ١٢٥ .
٢٣) Robert Briffault
٢٤) لە کتێبی " ئەفسانەی یەکەم گرتنی ئافرەت " ، نوسینی ئێڤلین رید .
٢٥) Henry Y.nissen
٢٦) لە گۆڤاری ساینتیفیك ئەمەریکەن ، سەپتەمبەر ١٩٦٠ .
٢٧) لە کتێبی " دایکان " ، ل ١١٨ .
٢٨) Graham Clark
٢٩) لە کتێبی " لە کۆبلایەتیەوە تا شارستانێتی " ل ٨ .
٣٠) Elman R service
٣١) لە کتێبی " پەیکەری کۆمەڵی سەرەتایی " ، ل ٣٩ .
٣٢) Avuculate
٣٣) Morgan
٣٤) Fairing Families
٣٥) Malinow ski
٣٦) Trobriand
٣٧) Tama
٣٨) لە کتێبی " ژیانی سێکسی دڕندان " ، ل ٤ .
٣٩) Duality
٤٠) Patrilineal
٤١) Sidney HartLaNd
٤٢) لە کتێبی " کۆمەڵی سەرەتایی " ، ل ٣٤ .
٤٣) Spancer
٤٤) GiLLen
٤٥) لە کتێبی " هۆزە راستەقینەکانی ئوستورالیای ناوەند " ل ١٩٦ـ ١٩٥ .
٤٦) لە کتێبی " دایکان " ، ل ٣٣٨ـ٣٣٩ .
٤٧) J.F.Lafitau
٤٨) لە کتێبی " دایکان " ، ل ٣١٦ .
٤٩) ALexander GoLd
٥٠) IreQuois
٥١) لە کتێبی " مرۆڤناسی " ، ل ٣٦٥ .
٥٢) CLinton
٥٣) لە کتێبی " دایکان " ، ل ٣١٦ ـ ٣١٧ .
٥٤) Rock Hill



هەواڵنامەی کتێب

٥٥) لە کتێبی " دایکان " ل ٣٢٧ .
٥٦) Kate Millet
٥٧) Sexual Polities
٥٨) لە کتێبی " سیاسەتی سێکسی " ، ل ٤٦ .
٥٩) Shulamith Firesten
٦٠) The Dialectic
٦١) لە کتێبی " دیالەکتیکی سێکسی " ، ل ٨٤ .
٦٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٣ .
٦٣) Lucy Mair
٦٤) لە کتێبی " پێشەکیەك بۆ مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی " ، ل ٨٣ .
٦٥) Kathleen Aberle
٦٦) Matrilinal Kinship
٦٧) لە وتاری " لە خوارەوە بۆ سەرەوە " کانونی دوەمی ١٩٧١ .
٦٨) Eternal Family

**نووسەری ئەم بابەتە:** Evelyn Reed

لێکۆڵەرێکی بەناوبانگی بوارەکانی مرۆڤناسییە ، یەکێکە لە ناسراوترین ژنانی ئەمریکا لە لێکۆڵینەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا ، بە تایبەتی ئافرەتانی پێش مێژوو . لە ڕۆژگارەکانی ژیانیدا ، بەیەکێك لەو تێکۆشەرانە ناسراوە کە دژی جەنگە بەرامبەر ڤێتنام کاری دەکرد ،وە دوژمنی سەرسەختی سیاسەتەکانی ئەمریکا بوو لە دەست درێژی کردن بۆ سەر وولاتانی " جیهانی سێ " . ئەو ئافرەتە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکانی خۆیەوە ئەوەی دەرخستووە کە بەبێ ناسینی تەواو و ڕاست و دروستی مرۆڤی قۆناغە سەرەتاییەکان ، هەرگیز ناتوانین ناسنامەی واقیعی مرۆڤی ئەم سەردەمە بەدەست بهێنین و ڕێگەیەك بۆ ژیانێکی شەرافەتمەندانەی داهاتوو بدۆزینەوە . ئەوەی شایانی باسە ئەو ئافرەتە لە ساڵی ١٩٧٩ داکۆچی دوایی کردووە .

## سەرچاوەکان

ئەم بابەتەی ( ئێڤلین ڕید ) لە ئینگلیزیەوە و لەلایەن ( ڕەمز دنش )ەوە کراوەتە فارسی و ( ڕێبوار ) یش لە فارسیەوە کردویەتی بەکوردی .

مێژوو

# مێژووی جولانەوەی کرێکاری

٤

کۆمەڵێک زانا

## جولانەوەی کرێکاری لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەمدا : ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم و سەرهەڵدانی لینینیزم

لە کۆمۆنەی پاریسەوە هەتا شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن ، جولانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دنیا شارەزاییەکی نوێ و گرنگی بەدەستهێنا کە پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجی مێژوویی نوێ و ئەرکەکانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریادا هەبوو ، ئەویش بریتی بوو لە شارەزایی چالاکی حیزبە کرێکارییەکان و ئینترناسیۆنالیزمی دوەم کە لەسەردەمی گۆڕانی سەرمایەداری لەقۆناغی پێش مۆنۆپۆلیەوە بۆ قۆناغی مۆنۆپۆلی : ئیمپریالیزم ، سەریان هەڵدابوو ( واتە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ) . ئەوەی شایانی باسە سەردەمەکە شوێن پەنجەی سروشتی خۆی لەسەر تێکڕای جولانەوەی کرێکاری ئەو کاتە بەجێ هێشت و ئاقاری جۆراو جۆر و هەندێجار ناکۆکی لەرێڕەوی پەرەسەندنی گشتی خۆی و گەشەکردنی رێکخراوە نیشتمانی و جیهانیەکاندا دروستکرد .

### سەرمایەداری و جولانەوەی کرێکاری لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا

دوا ساڵەکانی سەدەی نوزدەهەم ، سەردەمی گەشەکردنی

ئاشتیخوازانەی ڕێژەیی سەرمایەداری بوو ، چونکە نەجەنگی گەورە لەنێوان وڵاتە سەرمایەدارییە بنچینەییەکاندا لەئارادا بوو ، نە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەورەش بەرپا کرابوو . هەتا ئەم ڕۆژانەش ئەو ساڵانە بەسەردەمی گەشەکردنی خێرای سەرمایەداری و پێگەیشتنی بێ شوماری بەرهەمی پیشەسازی دەژمێردرێت . چونکە قەبارەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی جیهانی لەو کاتەداو هەر دە ساڵ جارێك بەرێژەی ٤٠-٥٠٪ زیادی ئەکرد و سەرمایە لەسەر بنچینەی فراواکردنی ڕادەی بەرهەمهێنان کۆبووەوە و چەقی بەست و پرۆسەی پێکهاتنی یەکێتییە مۆنۆپۆلیەکان لەسەر ئاستێکی فراوان دەستی پێکرد . لە هەمان کاتیشدا ڕەوتی فراوانخوازی کۆلۆنیالیستیانە لەلای وڵاتە ئیمپریالیستیە سەرەکیەکان تاوی سەند .

گەشەکردنی خێرای پیشەسازی بووە هۆی پەرەسەندنی خێرای چینی کرێکار ، ئەوە بوو لە کاتێکدا ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی جیهان بەگشتی و لە حەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم دا دوو ملیۆن کرێکار دەبوو ، ساڵی ١٩٠٠ گەیشتە ٣٠ ملیۆن کرێکار . هەروەها جوڵانەوەی کرێکاری وەك سەردەمی ڕابردوو تەنیا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گیری نەخوارد ، بەڵکو وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیا و ئەمریکای لاتین و یابان و ئوستورالیاشی گرتەوە و سنوری جوگرافی جوڵانەوەی کرێکاری فراوانتر بووەوە . شان بەشانی ئەوانە ئەو ماوەیە بەوە ناسراوەکە چینی کرێکار و چالاکیەکانی لەگەشەکردن دا بوون و چەندین حیزبی کرێکاری و سەندیکالی جۆراو جۆر دامەزران .

گەشەکردنی هەتا ڕادەیەك "ئاشتیخوازانەی" سەرمایەداری و نەبوونی دۆخی شۆڕشگێڕی لە وڵاتە سەرمایەدارییە بنچینەییەکاندا ڕوخسار و نیشانە بنچینەییەکانی گەشەکردنی جوڵانەوەی کرێکاری دوا سێ یەکی سەدەی نۆزدەهەمیان دیاری کرد .

شۆڕشی پرۆلیتاری ئامانجی نزیك و ڕاستەوخۆی جوڵانەوەی کرێکاری نەبوو ، ئامانجە سەرەکیەکانی جوڵانەوەکە لەو ساتەدا بریتی بوو لە خەباتکردن لە پێناو دامەزراندن و پتەوکردنی حیزبە کرێکاریەکان و ڕێکخراوە سەندیکالی و هەرەوەرزیەکان و ئەوانی تر . هەروەها بریتی بوو لە خەباتکردن لە پێناو ماف و سەربەستیە دیموکراتیەکان و سوود وەرگرتن لە هەلمەتی هەڵبژاردن و پەرلەمان و ڕیفۆرمەکان و سازکردنی هەلومەرج بۆ پێگەیشتنی نوێی جوڵانەوەی کرێکاری .

لەکۆتایی هەشتەکاندا لە چەندین وڵات حیزبی سیاسی

سەربەخۆی چینی کرێکار دامەزرا (ئەو حیزبانە بەحیزبی سۆسیالیستی یان سۆسیال دیموکراسی ناونران) و مارکسیزم کرایە بنچینەی ئایدیۆلۆجی و چالاکی ئەوان.

یەکەمین حیزبی سۆسیالیستی لەئەڵمانیا ساڵی ١٨٦٩دا مەزرا. دوابەدوای ئەوە حیزبە سۆسیالیستەکانی هۆڵەند(١٨٧٠)، دانیمارك (١٨٧١)، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (١٨٧٦)، فەرەنسا و ئیسپانیا (١٨٧٩)، نەرویج (١٨٨٧)، نەمسا و سویسرا و سوید (١٨٨٩) دامەزرانەوە کۆمەلە سۆسیالیستیەکان لە ئینگلستان (١٨٨٠) و ڕوسیا (١٨٨٣) هاتنە ئاراوە و زەمینەی لە باربو بۆ سەرهەڵدانی حیزبە کرێکاریەکان لە ژمارەیەك وولاتی تردا ڕەخسا. دوابەدوای پێکهاتنی ئینتەرناسیونالیزمی دوەم حیزبە سۆسیالیستیەکان لە ئیتلەندە و ئوستراڵیا (١٨٩٠) و پۆلۆنیا و ئیتاڵیا (١٨٩٢) و بولگارستان و مەجەرستان و شیلی (١٨٩٤) سەریان هەڵدا. ئەوەی ڕاستی بێ دامەزراندنی حیزبە سۆسیالیستیەکان دەستکەوتێکی یەکجار مەزن بوو بۆ چینی کرێکار.

یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانی ئەو سەردەمە ئەوەبوو کە زۆربەی حیزبە کرێکاریەکان بیروباوەری مارکس و ئەنگلز: کۆمۆنیزمی زانستیان کردە بنچینەی ئایدیۆلۆجی و سیاسی خۆیان. ئەمەش مانای سەرکەوتنی مێژووی مارکسیزم بوو لە ناو جولانەوەی کرێکاری جیهانیدا، مانای داتەپینی بیرڕا و تەیارە وردە بۆرجوازیەکانی دژ بە مارکسیزم بوو، سەرەتای قۆناغێکی نوێی گەشەکردنی جولانەوەی کرێکاری جیهان بوو.

ڕۆڵی مەزنی بلاوبونەوە و سەرکەوتنی بیروڕای سۆسیالیزمی زانستی لە جولانەوەی کرێکاریدا، ئەگەڕێتەوە بۆ مارکس و ئەنگلز. چونکە ئەو دوو تێکۆشەرە هەمیشە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ چینی کرێکاردا هەبووە و کاری کاریگەریان کردبووە سەرپێکهاتن و گەشەکردنی جولانەوەی کرێکاری ولاتە جۆرا و جۆرەکانی جیهان. ئامۆژگاری و پێشنیارو تێبینیە ڕەخنەگرانەکانی ئەوان، خەباتی مەبدەئیانەی نەگۆڕیان دژی هەموو جۆرە بیروڕا و بۆچونێکی ئەنارشیستی و ڕێفۆرمیستی، بوونە یاریدەدەرێکی پڕ شانازی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەم یان ئەو ولات و جولانەوەی کۆمۆنیستی جیهان بەگشتی.

مارکس و ئەنگلز بە پەرۆشەوە سەیری هەلومەرجی مێژوویان ئەکرد و هەموو مەسەلە نوێکان و گەشەکردنی سەرمایەداری و جولانەوەی کرێکاریان شیئەکردەوە. یەکەمین کەس بوون سەرنجیان بۆ دیاردەی گەشەکردنی مۆنۆپۆڵەکان راکێشاوە و مەسەلەکانی شۆڕش و ئاسۆی

گەشەکردنیان چارەسەرکرد . لەم کاتەدا بایەخێکی تایبەتیان بە ڕوسیادا کەتیایدا سەرەتاکانی شۆڕشێکی گەلی قوڵ لە خەملین دا بوون. ئەنگلز ساڵی ١٨٩٠ پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە خەریکە "گۆڕانکاری ئابوری گەورە و مەزن" لە ڕوسیادا ڕوبدات. ساڵی ١٨٩١ یش نووسیویەتی :" ئەگەر جنۆکەی شۆڕش قورقوڕاگەی یەکێکی گرتبێ ، ئەوا ئەو کەسە نیقۆلای دووەمە " .

یەکێکی تر لەو مەسەلە گرنگانەی هەتا ڕادەیەکی زۆر سەرنجی دامەزرێنەرانی مارکسیزمیان ڕاکێشا بوو بریتی بوو لە پەرەسەندنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و گرنگی هاوپەیمانی لەگەڵ خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریادا . ئەوەبوو کاتێ مارکس و ئەنگلز جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی ئایرلەندا و هیندستان و چینیان شی کردەوە ، چینی کرێکاری جیهانیشیان بۆ خەباتی هاوبەش لەگەڵ گەلانی ستەمدیدەدا ئاراستە ئەکرد .

لە کۆتاییشدا ، مارکس و ئەنگلز بایەخێکی زۆریان دا بە مەسەلەی ڕێگە و شێوەکانی شۆڕشی پرۆلیتاری لە هەلومەرجی نوێدا ، بۆ نمونە : ئەنگلز لە ساڵی ١٨٩٥ دا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە نابێ شارەزایی شەڕی شەقامەکانی ١٨٤٨ بەشێوەیەکی دۆگماتیستیانە بگوێزرێتەوە بۆ هەلومەرجی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم.

هەروەها مارکس و ئەنگلز یارمەتیێکی زۆری جوڵانەوەی کرێکاری ئەڵمانیا و دامەزراندنی حیزبی سیاسی پرۆلیتاریای ئەڵمانیایان دا ، ڕەخنەیەکی کاریگەریان ئاراستەی هەڵەو کەم وکوڕیەکانی هەڵپەرستەکان کرد ، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانەی قوڵ بەرنامەی حیزبە سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیایان شی کردەوە کە لەکۆنگرەی یەکگرتنی دوو حیزبی کرێکاریدا لە کۆتای(١٨٧٥) پەسەندکرابووەوە پەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئەو بەرنامەیە سەر شۆڕی جیدی بۆ پرنسیپە وردە بۆرجوازی و دژ بەزانستیەکانی لاسالی تێدا بەدی ئەکرێ ، سەر شۆڕیەك کە زیانێکی گەورە بەجوڵانەوەی کرێکاری ئەڵمانیا ئەگەیێنێ . شان بەشانی ئەوانە بەردەوام بوون لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵێك دەستوری تیۆری و بەرنامەیی حیزبی کرێکاری مارکسی .

مارکس لە نامیلکەی "ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتە" دا ڕەخنە لەو بیروبۆچونەی لاسالیەکان ئەگرێ کە پێی ئەوترێ "دەوڵەتی گەلی" و ئەوە دوپات ئەکاتەوە کە قۆناغی گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم "ناتوانێ لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری شۆڕشگێڕ زیاتر شتێکی تر بێت" . مارکس زۆر بەتوندی چوو بەگژ ئەو بیروبۆچونە دژ بەزانستیەی "یاسای نوێی کرێ"داکە خەباتی لەپێناو زیادکرنی

هەواڵنامەی کتێب

کرێی کرێکاران دا بەشتێکی بێ مانا دائەنا . هەروەها مارکس گاڵتەی بەو داواکاریە ئەهات کە ئەی ویست دەوڵەت کۆمەکی ماڵی کرێکاران بکات بۆ گەشەپێدانی ئەو کۆمەڵە بەرهەمهێنەرانەی ئەتوانن وردە وردە و بێ شۆرش بەرپاکردن سەرمایەداری لەناوبەرن و چەسپاندنی سۆسیالیزم مسۆگەر بکەن،وە بە داواکاریەکی زۆر چەوتی ناو ئەبرد . جگە لەوانە مارکس دژی ئەو بیربۆچونە چەوت و زیان بەخشەی بەرنامەکە بوو کە گشت چینەکانی تری بەجەماوەرێکی کۆنەپەرست لەقەڵەم ئەدا . دانراوی " رەخنە لە بەرنامەی گۆتا " بەڵگەنامەیەکی مارکسی زۆر گرنگە و پێویستە حیزبە کۆمۆنیستیەکان لە چالاکی و کاتی داڕشتنی بەڵگەنامە بەرنامەییەکانی خۆیاندا پێڕەوی بکەن .

دوای ئەوەی مارکس لەساڵی ١٨٨٣ دا کۆچی دوایی کرد ، ئەنگلز ڕۆڵێکی دیاریکراوی بینی لەگەشەپیدانی تیۆر و تاکتیکی جولانەوەی کرێکاری، خەبات دژی بیروڕا چەوتەکانی ناو ڕیزەکانی جولانەوەکە ، بڵاوکردنەوەی مارکسیزم و گەشەپێدانی جولانەوەی پرۆلیتاری دا،وە خەباتێکی سەرسەختانەی بێ وچانی دژی رواڵەتی جۆرە جیاوازەکانی هەلپەرستی و دۆگماتیزم و گۆشەگیری لەناو حیزبە کرێکاریەکان و سەندیکا و کۆمەڵی هەرەوەرزی و ڕێکخراوەکانی تردا بەرپاکرد .

## دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم :
## خەباتی مارکسیەکان دژی ئەنارشیستەکان

هەلومەرجی بابەتی جولانەوەی کرێکاری و پێداویستیەکانی، فراوانکردنی پەیوەندی نێوان حیزبە کرێکاریەکان و سەندیکاکانی ئەخواست ، بۆیە داواکاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی جیهانی نوێ بۆ چینی کرێکار جارێکی‌تر هاتە ئاراوە . ئەوەی شایانی باسە دوای چەندین ساڵ پاش هەڵوەشانەوەی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم هێشتا هەلومەرج و پێداویستیەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی لەو جۆرە لەئارادا نەبوو ، بەلاّم پاش گەشەکردنی خەباتی چینایەتی و پەرەسەندنی ڕێکخراوە کرێکاریەکان و دامەزراندنی حیزبە پرۆلیتاریەکان ئەو هەلومەرجە خەملی . شان بەشانی ئەوەش بۆ بەرەنگاربونەوەی گەشەکردنی سەرمایەی مۆنۆپۆلی ،کە دەسەلاتی خۆی لە دەرەوەی نیشتمان بڵاوکردبووەوە ، نزیکبوونەوەی

ئینتەرناسیونالیستانە و ڕێکخستنی کاری نێوان ڕێکخراوە کرێکارییەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان پێداویستییەکی گرنگ بوو .

ئەنگلز کارێکی تراوانی ڕاستەوخۆی بەرپاکرد بۆ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە و سەرکردنی ڕۆڵی سەرکردایەتی مارکسییەکان لە کۆنگرەی یەکەم دا . ئەوەبوو ئەنجامی چالاکی کاریگەری کەسێتی ئەوو کۆششی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان و لەسەر بنچینەی پرنسیپەکانی مارکسیزم، ئەو ڕێکخراوە نوێیە دامەزرا کە ناو نرا ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم،وە هەوڵدانی هەلپەرستەکانی ئینگلستان و فەرەنسا و هەندێ وڵاتی تر بۆ دەستگرتن بەسەر سەرکردایەتی جوڵانەوەی کرێکاری جیهانیدا بێ سەمەرە بوو .

یەکەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم لە ١٤ ی تەموزی ١٨٨٩ دا لەپاریس دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و ( ٣٩١ ) نوێنەری (٢٠) وڵات تیایدا بەشداربوون . ئەوەی ڕاستی بێ ئەو کۆنگرەیە، کۆنگرەیەکی جیهانی بوو و یەکێك بوو لەواتەی توانی لە جوڵانەوەی کرێکاری جیهانی ئەو سەردەمەدا زۆرترین نوێنەر بەشداری تێدا بکەن . ئینتەرناسیۆنالیزم لەڕوی سروشتەکەیەوە پێکهاتبوو لە چەندین ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکالی کرێکاری جۆراوجۆر و ئەندامەکانی پێڕەوی بیروڕای مارکسیزمیان ئەکرد ، بەلاّم لەمەمانکاتدا هەندێکیش هەبوون کەلایەنگیری بیروڕای ڕیفۆرمیستی و ئەنارشیستی سەندیکالی بوون . ئەوەی شایانی باسە لەیەکەمین ساڵەکانی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەدا ، توخمە ئەنارشیستەکان دوژمنی سەرەکی مارکسیەکان بوون . هوی ئەوەش بەگشتی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەشەکردنی خێرای سەرمایەداری وردە بورجوازی مایە پوچی بەرە و بەرهەمهێنانی کالاّیی ڕاکێشاو زۆربەیان هاتنە ناو ڕیزەکانی چینی کرێکار و ڕێکخراوە سیاسی و سەندیکالیەکانەوە و لەگەڵ خویاندا چەندین نەخۆشی وەك : ڕاڕای ، توندڕەوی شۆڕشگێڕی ، خۆبەخۆی ،ڕق بوونەوە لە هەموو جۆرەکانی ڕێکخستن و ڕژێمی دەوڵەت ، یان هێنا . بەو جۆرە توخمە ئەنارشیستە وردە بورجوازییەکان شوێنی خۆیان لەناو ڕێکخراوەکاندا کردەوە، بەتایبەتی لەناو سەندیکاکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم دا ، بێگومان ناوی "سەندیکالی ئەنارشیست" یش هەر لێرەوە سەرچاوەی گرتووە .

سەندیکالیە ئەنارشیستیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، هەندێ بیروڕایان لە ئەنارشیستەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ مابووەوە ، لەوانە ڕەتکردنەوەی دەوڵەت بەگشتی و

خەباتی سیاسی و حیزبی پرۆلیتاری ... هتد ، بەڵام باوەڕیان بەوە هێنابوو کە چینی کرێکار هێزی بڕیاردەرە لە خەباتی دژی سەرمایەداری دا و هەوڵیان ئەدا لە چالاکیەکانی خۆیاندا پشت بە سەندیکاکان ببەستن . سەندیکالیە ئەنارشیستەکان خوازیاری "کاری راستەوخۆ" بوون ، واتە کاری تیرۆریستی و تێکدەرانە و بایکوت ... هتد،وە لەو بڕوایەدا بوون کە مانگرتنی ئابوری گشتی ئەنارشیستانە بالاترین شێوەی خەباتی بڕیاردەری چینی کرێکارە و ئەتوانێ رژێمی سەرمایەداری وردوخاش بکات . هەروەها ئەوەیان قاشکرا ئەکرد کە ئامانجی ئەوان ڕزگارکردنی رەنجدەرانە ، بەڵام دەرکیان بەوە نەکردبوو کە لەناوبردنی سەرمایەداری و سەرفرازی رەنجدەران ، لەرێگەی بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریا و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە مەیسەر ئەبێ . شان بەشانی ئەوانە لەو باوەڕەدا بوون کە کۆمەڵی داهاتوو لەلایەن سەندیکاکانەوە ئەچێتە ڕێوەو سەندیکاکانیان بەرێکخستنی سەرەکی چینی کرێکار دائەنا .

ئەوەی شایانی باسە تاکتیکی سەندیکالیە ئەنارشیتیەکان ، کرێکارانی لە ئەرکەکانی گەشەپێدانی جولانەوەی شۆرشگێری جەماوەر دورئەخستەوە ، جگە لەوە کۆنەپەرستەکانیش وەك بەهانە بەکاریان ئەهێنا بۆ لێدانی کرێکاران و رێکخراوەکانیان . لێنین لەکاتی رەخنەگرتنی لە چەوتی هەلوێستی ئەنارشیتەکان و سەندیکالیە ئەنارشیتیەکاندا پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئەوان "کاری بچووك" یان رەت ئەکردەوە و تەکتیکی خۆیان لەسەر بنچینەی چاوەڕوانکردنی "رۆژگاری مەزن" دائەڕشت ، بۆیە نەیانئەتوانی "ئەو هێزە کۆبکەنەوە کە ڕوداوە مەزنەکان ئەهێننە ئاراوە" . هەروەها ئەنارشتیەکان هەمیشە دروشمی چەپڕەوی توندڕەوانەیان بەرز ئەکردەوە و زۆر جار رێگەی کاری سەرچڵانەیان ئەگرتە بەر ، بەڵام کارەکانیان لە هەموو شوێنێك تێکشکاو زیانی زۆریان بەجولانەوەی کرێکاری گەیاند . لەم بوارەشدا تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووەکانی ئەوان وانە و پەندی پڕ مانا دەربارەی لایەنگیرانی ئەنارشیزم و چەپە هاوچەرخەکان ئەدەن بەدەستەوە .

مارکسیەکان بەسەرکردایەتی ئەنگلز بۆ داکۆکی کردن لە سیاسەتی راست و دروستی حیزبە پرۆلیتاریەکان ، خەباتێکی سەرسەختانەیان لەدژی ئەنارشیزم و سەندیکالیە ئەنارشتیەکان بەرپا کرد .

ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەمیش وەك یەکەم بەردەوام بوو لەسەر

چارەسەرکردنی بنچینە مەبدەئیەکانی ستراتیج و تاکتیکی خەباتی پرۆلیتاریا. لەیەکەمین کۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەمدا مشت و مڕ لەسەر مەسەلەکانی خەباتی ئابوری و سیاسی چینی کرێکار و مەسەلەی یاساکانی کارکردن گەرم بوو . بڕیارەکانی ئەو کۆنگرانە پەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە خەباتی ئابوری و رێکخراوی سەندیکالی بەتەنیا بەس نین بۆ ڕزگارکردنی چینی کرێکار ، بەڵکو پێویستە خەباتی سیاسی بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی بۆرجوازی و دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاران گەشەی پێ بدرێ . ئەم جۆرە خەباتەش پێویستی بە حیزبێکی سیاسی پرۆلیتاری هەبە . هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کۆنگرەی پرۆلیتارەکان داوای ئەوەی لە کریکاران ئەکرد بچنە ناو ڕیزەکانی حیزبە سۆسیالیستیەکانەوەو خەباتی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی بەرپا بکەن .

لەو بڕیارەدا کە یەکەمین کۆنگرە دەربارەی یاساکانی کارکردن دای ڕشتبوو ئەوە هاتووە کە " ڕزگارکردنی کارو مرۆڤایەتی بەدەولڵدانی هاوبەشی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریای رێکخراوە وەك چینێك نەبێت و دوای بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە وەندنەوەی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە چینی سەرمایەداری و گوێزانەوەی بۆ خاوەندارێتی گشتی نەبێت، مەحالە مەیسەر بکرێت " .

دووەمین کۆنگرە ( برۆکسل ١٨٩١ ) ئەوەی دوپاتکردەوە کە خەباتی چینایەتی پرنسیپی بنچینەیی جولانەوەی کرێکاریە و لەناوبردنی دەسەلاتی بۆرجوازیش وەك چینێك مەرجی بنەڕەتی ڕزگارکردنی چینی کرێکارە .

بڕیاری سێیەمین کۆنگرەش ( زوریخ ١٨٩٣ ) ، کە تایبەت بوو بەتەکتیکی سیاسی سۆسیال دیموکراتەکانەوە ، پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە چالاکی سیاسی ئامرازی ڕزگارکردنی پرۆلیتاریایە . کۆنگرەکە ئامۆژگاری هەموو کرێکارانی ئەکرد تێ بکۆشن بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسیەکان،وە دەسەلات بگرنە دەست بۆ گۆڕینی لە ئامرازی سەرکوتکردنەوە بۆ ئامرازی ڕزگارکردنی پرۆلیتاریا .

شان بە شانی ئەوانە کۆنگرەکان گرنگی خەباتکردنیان لە پێناو داواکاریە ئابوریەکانی کریکاران و یاساکانی کارکردن دا دوپاتکردۆتەوە و بەپێچەوانەی تەی ئەنارشیتەکانەوە، کە ئەڵێن یاساکانی پاراستنی کار فروفێڵی بۆرجوازیانەیە ، پەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکیشاوە ئەو یاسایانە پێویستن بۆ پاراستنی

بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی کرێکاران و چاککردنی هەلومەرجی کار و کەم کردنەوەی ڕۆژی کار و زیادکردنی کری و شتەکانی تر . هەروەها مارکسیەکان لەو بڕوایەدا بوون کە خەباتکردن لەپێناو یاساکانی کارکردن و هەندێ ڕیفۆرم لە سێبەری سەرمایەداریدا تەنیا ئامرازێکی گرنگ نیە بۆ چاککردنی هەلومەرجی مادی ژیانی ڕەنجدەران، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ پێگەیاندنی هوشیاری سیاسی و چالاکی کرێکاران و دەوڵەمەندکردنیان بە شارەزایی خەباتی چینایەتی و بەشداری پێکردنی فراوانترین توێژی ڕەنجدەران لە جولانەوەی کرێکاری دا .

بڕیاری یەکەمین کۆنگرە دەربارەی سازکردنی مانگرتنی یەکی ئایاری ١٨٩٠ لەهەموو وڵاتەکاندا بۆ بەدەستهێنانی ڕۆژی کاری هەشت سەعاتی و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی تری کۆنگرەکە لەسەر چاککردنی بارودۆخی کرێکاران، ڕۆڵێکی گەورەی لەو ڕووەوە بینی. چونکە بڕیاری یەکی ئایار خزمەتێکی زۆری یەکگرتنی چالاکی پرۆلیتاریای وڵاتە جۆراوجۆرەکانی کردو پەرەی بەخەباتی ئەوان دا بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان و یارمەتی پەرەسەندنی هوشیاری و ڕێکخستنی پرۆلیتاریاو پتەوکردنی پەیوەندی ئینتەرناسیۆنالیستانەی نێوان کرێکارانی هەموو جیهانیدا . ئەوەی شایانی باسە لەو ساتەوە یەکی ئایار بۆتە جەژنێکی جیهانی بۆ هاوکاری کرێکارانی هەموو دنیا و دەرخستنی هێزی لەبن نەهاتویان لەخەباتی دژی دەسەڵاتی بۆرجوازیەت و سەرمایەداریدا .

یەکەمین کۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم بایەخێکی گەورەیان دا بە مەسەلەی خەبات لەدژی ڕەوتی سەربازانە و جەنگ. ئەوەبوو لە بڕیاری " دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی سوپای نیزامی و چەکدارکردنی گشتی گەل " دا، کە لەکۆنگرەی پاریسدا (١٨٨٩) پەسەند کرا، پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشراوە کە سەرمایەداری سەرچاوەی هەموو جەنگێکە و جەنگیش بەبێ لەناوبردنی سەرمایەداری و سەرکەوتنی سۆسیالیزم لەسەر ئاستی جیهان، لەناو ناچێ. هەروەها بڕیارەکە ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە سوپانیزامیەکان ئامرازی دەست درێژکردن و هۆی جەنگی دەستدرێژکەرانەن، بۆیە پێویستە کرێکاران خەبات لەپێناو نەهێشتنی ئەو سوپایانە دا بکەن و بیگۆڕن بە چەکدارکردنی گشتی گەل. چونکە ئەوە یارمەتی لەناوبردنی جەنگی دەستدرێژکەرانە ئەدات و ئاشتی مسۆگەر ئەکات، " ئەمەش یەکەمین مەرجی گرنگە بۆ هەموو ڕزگاریەکی کرێکاران " . بەو پێیە کۆنگرەکە، خەباتکردن لەپێناو ئاشتی

لەگەڵ خەبات لەبێناو سۆسیالیزم دا گری‌دا و بەردەوام بوو لەسەر ئەو نەریتەی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم چەسپاندبووی .

لەهەندێ کۆنگرەش دا مەسەلەی کۆلۆنیالیزم کرا . ئەگەرچی ئەو مشت و مڕانە هەتا ڕادەیەکی پێویست سروشتی قوڵ و فراوانیان نەبوو ، بەلام یارمەتی ئەوەیان دا ئینتەرناسیۆنالیزم چەند دەستورێکی گرنگ دابڕێژێ . کۆنگرەکان بەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکیشاوە کە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم لە گەشەکردنی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتووە . کۆنگرەی لەندەن (١٨٩٦) سیاسەتی کۆلۆنیالیستانەی وڵاتە سەرمایەدارییەکانی تاوانبارکرد و باوەڕی خۆی بە " مافی دیاریکردنی چارەنووسی تەواوەتی گەلان " ئاشکرا کرد . کۆنگرەی (١٩٠٠) یش بانگی کرێکارانی گشت وڵاتەکانی کرد بۆ خەبات کردن لە دژی سیاسەتی کۆلۆنیالیستانە و بۆ ئەم مەبەستەش پەنابەرنە بەر هەموو ئەو ئامرازانەی لەبەردەستیاندایە .

بەو جۆرە یەکەمین کۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم چەندین بڕیاری وەرگرت کە لەبنچینەدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەرکەکانی چینی کرێکاریان دیاری ئەکرد و هەڵوێستی تیۆری و سیاسی ئەنارشیستەکان و سەندیکالیە ئەنارشیستیەکانیان بەتوندی ڕەت ئەکردەوە ، وەلەدوا ئەنجامیشدا ئەوانە لە کۆنگرەی لەندەن دا (١٨٩٦) لە ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دەرکران . دەرکردنی ئەنارشیستەکان لە ئینتەرناسیۆنالیزم یاریدەدەری پەرەسەندنی ئاشکرای ڕێکخراوە کرێکارییەکان و گەشەپێدانی خەباتیان بوو لەپێناو بەرژەوەندیەکانی ڕەنجدەران داوە ڕێ‌خۆشکەر بوو بۆ بڵاوبونەوەی مارکسیزم لەناو جولانەوەی کرێکاری دا .

## سەرهەڵدانی مەترسی ریفۆرمیزم لە حیزبەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا

لە نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا ریفۆرمیزم مەترسیەکی زۆری بۆ حیزبەکانی ناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دروست ئەکرد . ریفۆرمیزم وەك تاودانەوەی کاریگەریتی بۆرجوازیەت لەسەر جولانەوەی کرێکاران سەری‌هەڵدا . لەسەردەمی گۆڕانی سەرمایەداریدا بۆ ئیمپریالیزم، یان لەگەڵ گەشەکردنی مۆنۆپۆلەکان و پەرەسەندنی فراوانبوونی کۆلۆنیالیستی دا ، بنچینە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی هەلپەرستی ریفۆرمیستی فراوان بوو ( واتە ئەریستۆکراتی کرێکاری

لەسەر حیسابی بەشێك لە قازانجە بێ سنورەکانی مۆنۆپۆلەکان سەری هەڵدا ) . ئەمەش زەمینەی توندو تیژبونی کاریگەریێتی ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازی لەسەر بەشی سەرەوەی چینی کرێکار خۆشکرد .

ڕیفۆرمیزم لەسیاسەتدا مانای گونجاندنی جولانەوەی کرێکاری بوو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری دا . ئەمەش لە واقیعدا مانای وازهێنان بوو لە ئامانجە شۆڕشگێڕیەکان و شۆڕشی پرۆلیتاری ، مانای گۆڕینی خەبات بوو لەپێناو سۆسیالیزم دا بە خەبات لەپێناو ڕیفۆرم و چاککردنی نیوە چڵی بارودۆخی کرێکاران لەگەل هێشتنەوەی دەسەلاتی سیاسی بورجوازی و لە چوارچێوەی ڕژێمی کۆمەلایەتی سەرمایەداری دا .

کاتێك مارکسیزم بووە ئایدیۆلۆجیەتێکی باو و بالادەست لەناو جولانەوەی کرێکاری دا ، ڕیفۆرمیزم ناچاربوو خۆی بەجل و بەرگی مارکسیزم بپۆشێ . چونکە لایەنگیرانی ڕیفۆرمیزم لەڕواڵەتدا داوای ئەوەیان نەئەکرد واز لە مارکسیزم بهێنرێ ، بەلکو داوای " گەشەپێدان " ، " ڕاستکردنەوە " ، " گۆڕینی بەو جۆرەی لەگەل هەلومەرجی دیاریکراودا بگونجێ " یان ئەکرد ، بەلام لە واقیعدا ئەیان ویست دەستکاری مارکسیزم بکەن و ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕیەکەی بگۆڕن بە ناوەڕۆکێکی ڕیفۆرمیستانە . هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو ڕیفۆرمیزمی ئەو سەردەمە بە ئۆپۆرتونیزم ئەژمێردرا . لەو ماوەیەدا نیشانەیەکی ئاشکرای ڕیفۆرمیزم و ئۆپۆرتۆنیزم سەری هەڵدا ، ئەویش بریتی بوو لەکارکردن لە جولانەوەی کرێکاری دا بەشێوەی "نوێ کەرەوە".

هەروەها ئۆپۆرتونیستەکانی ئەم چەرخەش لەژێر پەردەی " نوێکردنەوە " دا دژایەتی مارکسیزم ـ لینینیزم ئەکەن . چونکە ئۆپۆرتۆنیستەکان چ لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا یان لەڕابردوودا خۆیان بە قسەی وەك " گەشەپێدانی داهێنەرانەی مارکسیزم " دەڕازێننەوە ، بەلام لەواقیعدا پرنسیپە بنەڕەتیەکان و بنچینە تیۆری و تاکتیکە شۆڕشگێڕیەکانی مارکسیزم ڕەت ئەکەنەوە . هێرشی ئۆپۆرتۆنیستەکان لەناوەڕۆکدا مانای مەنگیە لە جولانەوەی کرێکاری دا، وەنیشانەی تەنگنەزەری و هەلوێستی یەك لایەنی چارەسەرکردنی ئەو فرمانانەیە کە ڕووبەڕوی جولانەوەکە ئەبنەوە .

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا ، چالاکی لایەنگیرانی بیروباوەڕی ئۆپۆرتۆنیستی ـ ڕیفۆرمیستی بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا لەناو بەهێزترین و پایەدارترین حیزبی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمدا : حیزبی سۆسیال دیموکراسی ئەلمانیا ، دەستی پێکرد . ئەنگلس

هەواڵنامەی کتێب

لەکاتی خۆیدا هەستی بەو مەترسیە کرد و بەسەرسەختانە دژی وەستا ، بەڵام ڕەخنەکانی ئەنگلز لە ئەندامەکانی حیزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا و گشت حیزبەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم شاردرایەوە .

لە بارودۆخی پەرەسەندنی هەلپەرستی ناو حیزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیادا ، سەرکردەکانی ئەو حیزبە گرنگترین فێرکاریەکانی ئەنگلزیان شێواند کە دەربارەی شێوەکانی خەباتی شۆڕشگێری ئاشتیخوازانە و نائاشتیخوازانە نووسرابوو . ئەو فێرکاریانەی ئەنگلز لە دوا دانراوی بەناوبانگی خۆیدا : " دەروازەیەك " بۆ نامیلکەی " ململانێی چینایەتی لە فەرەنسا ١٨٤٨ ـ ١٨٥٠ ی مارکس " ، باسی کردوون . ئەنگلز ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە لەئەنجامی گەشەکردنی تەکنیکی جەنگ ، گیروگرفتی گەورە ڕووبەڕووی جەنگی شەقامەکانی شار بووەوە کە شێوەیەکی تەقلیدی بەجێ هێنانی شۆرشی بوو ، وە داوای ئەوەی ئەکرد ڕەچاوی ئەو گیروگرفتانە بکەن و بە وردی زەمینە بۆ جەنگ چاوەڕوانکراوەکان خۆش بکەن . هەندێك لەو فێرکاریە گرنگانە لەکاتی چاپکردنی " دەروازەیەك " دا پشتگوێ خران ، ئەوەش ئیمپرێشنێکی ( انطبـاع ) وەهای دروست کرد کە ئەنگلز لە هەلومەرجی نوێدا ، بەکارهێنانی خەباتی چەکداری ڕەت ئەکاتەوە . بەو جۆرە هاوسەنگی ڕاست و دروستی نێوان خەباتی ئاشتییانە و نائاشتییانە ناڕاستەکرا .

دەقی ساختەکراوی " دەروازەیەك " لە ساڵەکانی دواییتردا و هەتا ساڵی ١٩٢٨ وەك " وەسیەتی سیاسی ئەنگلز " بڵاوئەکرایەوە و هەلپەرستەکان لەسەر ئاستێکی فراوان بەکاریان ئەهێنا بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ پرنسیپە ڕیفۆرمیستیەکانی خۆیان و خەباتکردن لە دژی مارکسیە شۆڕشگێڕەکان .

یەکێك لەو مەسەلە پڕ مەترسیانەی کاریان کردە سەر ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم و جوڵانەوەی کرێکاری جیهانی بەگشتی ، بیروڕاکانی یەکێك لە سەرکردە بەناوبانگەکانی حیزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا : ئەدوارد برنشتاین بوو کە دامەزرێنەر و تیۆریستی تەیاری هەلپەرستی و ڕیڤیزیۆنزمی ڕاستڕەو بوو لە جوڵانەوەی کرێکاریدا . برنشتاین لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە پڕۆپاگەندەی بۆ بیروڕای ڕیفۆرمیستانە ئەکرد . پاش کۆچی دوایی ئەنگلزیش ( ١٨٩٥ ) زۆر بە چالاکانە دەستی کردە پڕۆپاگەندەکردن بۆ بیروباوەڕە دژ بە مارکسیزمەکانی خۆی . لەکۆتایی ساڵی ١٨٩٦ بەدواوە ، برنشتاین دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك ووتار

لەژێر ناونیشانی "مەسەلەکانی سۆسیالیزم" دا، وەبەفێرکاریبە بنچینەییەکانی سۆسیالیزمی زانستی و ململانێی چینایەتیی و شۆڕشی پرۆلیتاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و شتەکانی تردا چووەوە. ئەو بیروڕایانەشی بە دوورودرێژی لە نامیلکەی "ڕێخۆشکەرەکانی سۆسیال دیموکراسی" و لە ساڵی ١٨٩٩ دا باسکردووە.

برنشتاین بەشێوەیەکی چەوت و یەک لابینانە سروشت و ناوەڕۆکی ئەو پرۆسانەی شیکردۆتەوە کە لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا ڕوو ئەدەن و تەنیا ئاوڕی لە: گەشەکردنی هەتا ڕادەیەک خێرا و ئاشتیانەی سەرمایەداری کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، چەسپاندنی دیموکراتیەتی پەرلەمانی هەندێ وڵات، پەرەسەندنی خێرای ڕێکخراوە کرێکارییەکان و سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکان دا، هەندێ چارەسەری بارودۆخی ماڵی کرێکاران بەتایبەتی کرێکارە بەهرەوەرەکان، هەندێ سەرکەوتنی کرێکاران لە داکۆکی کردن لە مافەکانیان بەهۆی یاسای بۆرجوازیانەوە ... هتد دایەوە و ڕەچاوی هیچی تری نەکرد. لە ئەنجامی ئەوەش برنشتاین گەیشتە ئەو باوەڕەی کە گەشەکردنی سەرمایەداری بەشێنەیی بەرەو سۆسیالیزم ئەچێت. جا ئەگەر مەسەلەکان بەو جۆرە بێت، ئەوا ململانێی چینایەتی و شۆڕش و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پێویست نیە و پێویستە لە ڕێگەی هەندێ ریفۆرم و چاککردنەوە و لەسەر بناغەی هاوکاری چینایەتی لەگەڵ بۆرجوازیەت دا بەرە و سۆسیالیزم بڕۆین. هەروەها برنشتاین ئەوەی دەرئەبڕی کە ئامانجی کۆتایی هیچ نیە و جوڵانەوەکە هەموو شتێکە. بەواتایەکی تر برنشتاین داوا لە چینی کرێکار ئەکات واز لە خەبات بهێنێ لە پێناو ئامانجی کۆتایی دا: سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی، وە بەدەستکەوتە ڕاستەوخۆکانی ئەمڕۆ قایل بێت.

مارکسیە شۆڕشگێڕەکان دژی بیروڕاکانی برنشتاین ڕاوەستان، بەڵام توخمە وەستیەکانی بالادەستی ناو حیزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا ڕازی نەبوون پەیوەندی لەگەڵ برنشتایندا بپچڕێنن و قایل نەبوون لە حیزب دەربکرێ. بۆیە لە کۆنگرەی هانۆڤەردا - ساڵی ١٨٩٩ ئەگەرچی بیروڕاکانی برنشتاین و لایەنگیرانی ڕەتکرانەوە، بەڵام لە حیزب دەرنەکران. بەو جۆرەش هەلومەرجی لە بار بۆ بڵاوبونەوەی بیروڕاکانی برنشتاین لەناو سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا و جیهاندا مەیسەر بوو.

بەو جۆرە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا خاڵی لاواز و ترسناک لەگەشەکردنی جوڵانەوەی کرێکاری و چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزمی

دوەم دا سەری هەڵدا ، ترسناکترین مەسەلەش بریتی بوو لە لاوازی قەلاچۆکردنی بیروڕای ڕیڤیژیۆنیستیەکان لە ژمارەیەك حیزب و ناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم دا . بڕیارەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم سەرشورکردنی تەواو بۆ ڕیفۆرمیزمی تیادا بەدی ئەکرا ، چونکە باسی شۆڕشی پرۆلیتاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای تێدا نەهاتبوو ، مەسەلەی پێویستی وردوخاشکردنی دەزگای دەوڵەتی بورجوازی بەشێوەیەکی ورد دەرنەبڕا بوو . ژمارەیەك لە سەرکردەکانی حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکان خەباتی پەرلەمانیان بەگەورە لە قەڵەم ئەدا و شێوازەکانی تری خەباتیان بەچاوی سووك سەیرئەکرد و بە وردیەکی پێویست مەسەلەی هاوسەنگی دروستی نێوان ئەو شێوازانەیان دەرنەبڕیبوو . بۆ نمونە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست باسی مەسەلەی مانگرتنی گشتی، کە شێوەیەکی خەبات بوو ، نەکرابوو . چونکە کۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم ئەو پرنسیپانەی سەندیکالیە ئەنارشیستەکانی ڕەت ئەکردەوە کە ئەوەی ووت : مانگرتنی گشتی تاکە ئامرازی سەرەکیە بۆ لەناوبردنی سەرمایەداری ، بەلاّم لەهەمان کاتدا دیاریکردنێکی مارکسیانەی ڕوونی دەربارەی ڕۆڵی مانگرتنی سیاسی جەماوەریی، وەك یەکێك لە ئامرازە کاریگەرەکانی خەباتی ناپەرلەمانی ڕەنجدەران ، نەدابوو بە دەستەوە .

هەروەها لە ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەمدا بایەخێکی زۆر درابوو بە مەسەلە گەورەکانی وەك: مەسەلەی زەوی ( کشتوکاڵ ) ، هەڵوێستی چینی کرێکار بەرامبەر توێژە جۆراوجۆرەکانی جوتیاران ، هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران وەك پاریدەدەرێکی سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا .

هەموو ئەو خاڵە لاوازانە و مەسەلە چارەسەرنەکراوەکا لە چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم و ڕێکخراوە کرێکاریەکان دا ، زەمینەیان خۆشکرد بۆ گەشەکردنی ڕیفۆرمیزم لە جولانەوەی کرێکاریدا. ئەوەش یەکێك بوو لەو هۆیانەی لە دوابیدا زەمینەی بۆ سەرکەوتنی هەلپەرستی لە حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکان دا خۆشکردو بووە هۆی مایەپوچی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم .

## ئیمپریالیزم و توندوتیژبوونی ململانێی نێوان دوو تەیاری، ناو جولانەوەی کرێکاری

سەرەتای سەدەی بیستەم سەرمایەداری پێی نایە قۆناغێکی نوێی گەشەکردنیەوە ئەویش قۆناغی ئیمپریالیزم بوو ، گوێزانەوە...

بۆ قۆناغی ئیمپریالیزم بووە هۆی هێنانە دی گۆڕانکاری گەورە لە ئابوری و سیاسەت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بواری پەیوەندی نێونەتەوەیی لەوڵاتە سەرمایەداریەکاندا . لینین ئەم قۆناغە نوێیەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە ژمارەیەک دانراو دار بە شێوەیەکی هەمەلایەنی شیکردۆتەوە ، بە تایبەتی لە نامیلکەی " ئیمپریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەداریە " ( ۱۹۱۹ ) . لینین پەنجەی بۆ سێ خاسیەتی سەرەکی ئیمپریالیزم : ۱) سەرمایەداریەکی مۆنۆپۆلیە ، ۲) سەرمایەداریەکی مشەخۆر یان بۆگەنە ، ۳) سەرمایەداریەکە لە سەرەمەرگدایە ، ڕاکێشاوە و هەر یەکێکیانی شیکردۆتەوە . هەروەها لینین ئەو پێنج نیشانە سەرەکیەی دەرخستووە کە پەیوەندیان لەگەڵ قۆناغی مۆنۆپۆلی دا : بالاترین قۆناغی سەرمایەداری ، هەیە ، ئەوانەش بریتین لە : یەکەم / کۆبونەوە و چڕ بەستنی بەرهەمهێنان و سەرمایە کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی مۆنۆپۆلی گەورە و بالادەست لە کۆمەڵ دا . دوەم / تێکەڵبوونی سەرمایەداری ماڵی و پیشەسازی و پێکهێنانی ئۆلیگارشی ماڵی ( سەرمایەی ماڵی ) . سێ هەم / ناردنە دەرەوەی سەرمایە بە پێچەوانەی ناردنە دەرەوەی شمەک . چوارەم / پێکهێنانی یەکێتیە سەرمایەداریە مۆنۆپۆلیە دەوڵەتیەکانی جیهان دابەش ئەکەن . پێنجەم / تەواوکردنی دابەشکردنی لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەداریەکاندا . بەپێی شیکردنەوەی لێنین ، مشەخۆری یان بۆگەنی سەرمایەداری لەمانەی خوارەوەدا دەرئەکەوێت : یەکەم/ چوون بەرەو بۆگەنی نیشانەی هەموو مۆنۆپۆلێکە لەسێبەری خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دا . دوەم/سەرهەڵدانی توێژی خاوەن بەشە گەورەکان . سێیەم / ناردنە دەرەوەی سەرمایە بە مشەخۆریەکی دوجارەکی دەژمێردرێ . چوارەم / سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئیمپریالیزم بەدرێژایی کارکردن و تەمەنی . پێنجەم / کۆمەڵێک " دەوڵەتی گەورە " مشەخۆر ئەبن و لەسەر گیانی هەزارەها ملیۆن نەوەی گەلانی چەوساوە ئەژین و توێژێکی پرۆلیتاریا دروست ئەکەن ، کە خاوەنی دەستکەوتی تایبەتیە و هەتا ڕادەیەکی زۆر لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی گەلانی رابەستە ئەژین .

هەروەها لینین ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە ئیمپریالیزم سەرمایەداریەکە لە سەرەمەرگ دا ، یاخود سەرمایەداریە لە شەوی شۆڕشی پرۆلیتاری دا . چونکە واقیعی گەشەکردنی مۆنۆپۆلەکان گیانەلای سەرمایەداری و سەرەتای گوێزانەوەیە بۆ سوسیالیزم . ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیمپریالیزم هەتا ڕادەیەکی بێ وێنە ناکۆکیە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری ئالۆز ئەکات و تەکان ئەدات بەئاقاری

شۆڕشگێڕی لەناو جوڵانەوەی کرێکاریدا . بۆ نموونە : توندوتیژبوونی هێرشی مۆنۆپۆڵەکان بۆ سەر مافە دیموکراتیەکانی ڕەنجدەران وژیانیان بووە هۆی قوڵبوونەوەی هەموو ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگای بۆرجوازیو زەمینەی بابەتیانەی بۆ گەشەکردنی خەبات لەپێناو سۆسیالیزم دا خۆشکرد . چەوساندنەوەی مۆنۆپۆڵەکان بۆ جەماوەری کرێکار بەشێوەیەکی بێ وێنە پەرەی سەند ، سەرمایەداری مۆنۆپۆلی هەر نەبووە دوژمنی چینی کرێکار ، بەڵکو بووە دوژمنی گشت توێژە ڕەنجدەرەکانی دانیشتوان : جوتیاران ، پیشەگەر ،بازرگانی بچووك ، کرێگرتە ، ڕۆشنبیرەکان . ئەوەش بواری فراوانبوونی سنوری بەرەی دژی مۆنۆپۆڵەکان و یەکگرتنی ئەو توێژانەی لەژێر ڕابەرایەتی چینی کرێکار دا سازکرد .

پەرەسەندنی چەوساندنەوە و کۆیلایەتی وڵاتە وابەستە و ژێر دەستەکان لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستی یەکانەوە ،بەپێویست بووە هۆی پەرەسەندنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلانی چەوساوە و تەنیا پرۆلیتاریای وڵاتە سەرمایەدارەکان خەباتیان لە دژی ئیمپریالیزم بەرپا نەکرد ، بەڵکو گەلانی ژێردەستی ئیمپریالیزمیش بۆ هەمان خەبات هاتنە مەیدانەوە . بەو جۆرە بنچینەی بابەتی هاوپەیمانی چینی کرێکاری جیهانی لەگەڵ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلان هاتە ئاراوە . ئەمەش مانای فراوانبوونێکی نوێو گەورەی بەرەی خەباتی دژی ئیمپریالیزم بوو .

شادبوونی جیهانی سەرمایەداری بە قۆناغی ئیمپریالیزم مانای توند و تیژبونێکی گەورەی ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە بنچینەییەکانی سەرمایەداری بوو . ئەمەش بێگومان بووە هۆی بێ دەرەتانیو گێروگرفتێکی زۆر بۆ ڕەنجدەران و مانگرتنیان لە دژی سیاسەتی ئاوانکارانەی حکومەتە بۆرجوازیەکانیان و ئامادە بوونیان بۆ خەبات لە دژی سەرمایەداریو جەنگی ئیمپرلیستانە . شان بەشانی ئەوە جەنگی ئیمپریالیستانە بووە هۆی لاوازکردنی شوێنەواری هەندێ دەوڵەتی سەرمایەداریو ناکۆکیەکانی سەرمایەداریش هەمیشە یاریدەدەری سەرهەڵدانی ئەڵقەی لاوازبوون لە زنجیرەی وڵاتە ئیمپریالیستیەکاندا و ئەم دیاردەیەش لەکاتی جەنگدا توندو تیژتر بووە .

لە هەلومەرجی ئیمپریالیزم دا ، کە هەموو ناکۆکیەکانی سەرمایەداری توندوتیژتر کردبووەوە ، جوڵانەوەی کرێکاری ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئەرك و بەجێ هێنانی گرنگترین ئەرکی ڕاستەوخۆ : شۆڕشی پرۆلیتاری ، بووەوە و قۆناغی گەشەکردنی ڕێژەی " ئاشتیخوازانە "ی

سەرمایەداری و جوڵانەوەی کرێکاری کۆتایی پێ هات و سەردەمی شۆڕشی پرۆلیتاری نزیکبووەوە .

وەك بەرپەرچدانەوەی توندوتیژبوونی چەوساندنەوەی مۆنۆپۆڵەکان ، کرێکاران لە چەندین وڵاتدا : ئینگلستان ، فەرەنسا ئەڵمانیا ، ڕوسیا ، بەلجیکا و شوێنەکانی تر ، جوڵانەوەی مانگرتنی جەماوەریان دەست پێکرد . لە بۆتەی مانگرتنەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دا ، شێوەیەکی نوێی خەباتی چینایەتی کرێکاران دەستی پێکرد ، ئەویش مانگرتنی سیاسی جەماوەری بوو . ئەوەش نیشانەی پەرەسەندنی ئاقاری شۆڕشگێڕی ناو جوڵانەوەی کرێکاری جیهانی و گەشەکردنی چالاکی هێزە چەپەکانی ناو ڕێکخراوە کرێکاریەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بولگارستان و وڵاتەکانی تر بوو . لێرەش جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی بەتایبەتی و خێرایی لە ڕوسیا گەشەی ئەکرد و بووە پێشڕەوی هێزە شۆڕشگێڕەکانی دنیا . بەو جۆرەش ناوەندی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی دنیا گوێزرایەوە بۆ ڕوسیا کە ببووە ناوەندی هەموو ناکۆکیەکانی سەرمایەداری و لاوازترین ئەڵقەی زنجیرەی ئیمپریالیزم .

دامەزراندنی حیزبی بۆلشەفیکی ڕوسیا ، حیزبی کرێکارانی شێوە نوێ ، حیزبی خەباتی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی پرۆلیتاریا ، گرنگیەکی مێژوویی جیهانی هەبوو بۆ گەشەکردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی لە ڕوسیا .

ئەوەی شایانی باسە ، سەردەمی ئیمپریالیزم تەنیا توندوتیژبوونی ئاقاری شۆڕشگێڕی بەخۆوە نەگرت ، بەڵکو پەرەسەندنی ئاقاری هەلپەرستی ناو حیزبەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەمیش لە توند وتیژبوون دا بوو . لینین لە کاتی شیکردنەوەی هۆکانی بڵاوبونەوەی هەلپەرستی لەناو جوڵانەوەی کرێکاری دا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەلپەرستی " دیاردەیەکی ڕێکەوت نیە ، هەڵەو تاوان نیە ، خیانەتی چەند کەسێکی دیاریکراو نیە ، بەڵکو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی سەردەمێکی مێژوویی تەواوە " ، ئەویش سەردەمی ئیمپریالیزمە .

یەکێك لە سەرچاوە کۆمەڵایەتیە گرنگەکانی هەلپەرستی بریتیە لە هاتنی بەردەوامی وردە بۆرجوازی بۆ ناو ڕیزەکانی پرۆلیتاریا . ئەوەی شایانی باسە لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا و لە ئەنجامی توند و تیژبوون و گرتبوونەوە و گەشەکردنی مۆنۆپۆلەکان ، پرۆسەی مایەپوچی هەمەلایەن و زۆر خێرایی ئەو خاوەن مولکانە دەست پێ ئەکات کە لە توانایاندا نیە بۆرپێرین لەگەڵ یەکێتیە مۆنۆپۆلیە گەورەکاندا بکەن ، لە ئەنجامدا ئەو خاوەن مولکە

بچووکانە مایەپووچ ئەبن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەست ئەدەن و ناچار ئەبن ببنە کرێکاری کرێگرتە. ئەمانە لەکاتی هاتنە ناو ریزەکانی چینی کرێکارەوە ئایدیۆلۆجیا و باری دەروونی خۆیان ئەهێننە ناوەوە. لینین پەنجەی بۆ ئەم مەسەلەیە راکێشاوە و ئەڵێ: "شتێکی سروشتییە تێروانینی وردە بۆرجوازی بۆ جیهان لەناو ریزەکانی حیزبە کرێکاریە فراوانەکاندا تەشەنە بکات و شتێکی زۆر ئاساییشە ئەو مەسەلەیە هەر بەو جۆرە بەردەوام بێت هەتا سەردەمی شۆڕشی پرۆلیتاری".

دووەمین بنچینەی کۆمەڵایەتی بۆ بڵاوبوونەوەی هەلپەرستی لە جوڵانەوەی کرێکاری دا بریتی بوو لە توێژی سەرەوەی چینی کرێکاری خاوەن مافی تایبەتی. چونکە لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا بۆرجوازیەت لە پێشکەوتووترین وڵاتەکاندا تا رادەیەکی زۆر لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی رەنجدەرانی وڵات و گەلانی ژێردەست بە دەستی ئەهێنا و بەشێکی ئەو قازانجەی بۆ کڕینی توێژی سەرەوەی چینی کرێکار و دروستکردنی ئەریستۆکراتی کرێکاری بەکارئەهێنا کە ببوە کۆڵەکەی کۆمەڵایەتی ئاستۆری هەلپەرستی. بۆرجوازیەت هەموو توانای خۆی خستەکار بۆ کڕینی "فەرمانبەرانی جوڵانەوەی کرێکاری" بەرامبەر "پلەو پایەی ئاسودە" و بەکارهێنانیان وەک بەکرێگیراوی خۆی لەناو چینی کرێکاردا. لینین نووسیویەتی لە وڵاتە سەرمایەداریەکاندا "توێژێکی کۆمەڵایەتی تەواو لە پەرلەمانتاریستەکان و رۆژنامەگەر و فەرمانبەرانی جوڵانەوەی کرێکاری" پێ گەیشت.

ئەمانە گرنگترین هۆی بڵاوبوونەوەی هەلپەرستی بوو لەناو حیزبە سۆسیالیستیەکان و سەندیکاکاندا و لە ئەنجامی ئەمانەش ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بەرە و مایەپووچی رۆیشت.

شیکردنەوەی لینینیزم بۆ هۆکانی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی هەلپەرستی ڕاسترەوانە لەناو حیزبەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا هەتا ئەمڕۆ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. چونکە یارمەتی تێگەیشتنی هۆکانی بڵاوبوونەوەی فراوانی هەلپەرستی ڕاسترەوانە لە جوڵانەوەی کرێکاری چەندین وڵاتی سەرمایەداری هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئەدات.

جگە لەوە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا گۆڕانکاری جیدی لە ململانێی نێوان دوو ئاقارەکەی ناو جوڵانەوەی کرێکاری دا ڕووی داوە. چونکە ئەگەرچی ئاقاری هەلپەرستی لەماوەی پێش یەکەمین جەنگی جیهانی دا بەشێوەیەکی کاتی لەزۆربەی حیزبەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر

بارودۆخی ناو جولانەوەی کرێکاری جیهانی گۆڕی و ئاقاری شۆڕشگێڕی گەشەیەکی بێ سنوری کرد ، ئەوەش زیاتر لە دامەزراندنی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا دەرکەوت . ئەمڕۆش ئاقاری شۆڕشگێڕی سەرکەوتنی زۆری بەسەر ئاقاری هەلپەرستی دا بەدەست هێناوە ، ئەوەش مانای گەشەکردنی بێ سنوری هێزە سۆسیالیستیەکان و جولانەوەی کرێکاری شۆڕشگێڕ و خەباتی ڕزگاری نیشتمانیە ، مانای گۆڕانی جولانەوەی کۆمۆنیستیە بۆ گەورەترین هێزی سیاسی سەردەمی ئێستا .

## لینینیـــزم
## مارکسیزمی سەردەمی مێژوویی نوێیە

سەردەمی نوێ داڕشتنی ستراتیج و تاکتیکی نوێ و جیاواز لەوەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم، لەچینی کرێکار و حیزبەکانی ئەخواست . چونکە لە سەردەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا شۆڕشی پرۆلیتاری ڕاستەوخۆ لە ئەجندەی کاری جولانەوەی کرێکـــاری دا دەرنەبردرابوو ، بەلام سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم نەیان توانی لە نیشانەی سەردەمی نوێ و ئەرکە نوێکان بگەن و کەوتنە دوای بیروڕای ریفۆرمیستانەوە . بەو جۆرەش دەستە وەستاو بوون لە ئاستی سەرکردایەتی کردنی خەباتی چینی کرێکار لـــە دژی بۆرجوازیەت و لەپێناو سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاری دا .

لینین ئەرکی مێژوویی گەشەپێدانی تیۆری شۆڕشگێری و ستراتیج و تاکتیکی جولانەوەی کرێکاری جیهانی گرتە ئەستۆی خۆی و بەشداریکردنی مەزنی ئەو لەو مەسەلەیەدا سەپاندی بەسەر هەموو یەکێك دا کە ئەو فێرکاریانە بە مارکسیزم ـ لینینزم ناوبەرێ .

جا ئاخۆ نیشانەکانی لینینزم چی بن و بۆچی بەشداریکردنی لینین لە تیۆری شۆڕشگێڕی دا وای کرد ناوی لینین لەدوای نـــاوی مارکسەوە دابنرێت؟ لەوەلامی ئەوانەدا ئەلێین :

یەکەم/ لینین تەنیا داکۆکی لێکەرێکی مارکسیزم نەبوو لەدژی هەلپەرستی کەئەیویست ناوەڕۆك و جەوهەری مارکسیزم بشێوێنێ ، بەلکو شوێن پەنجەی گەورەی لە گەشەپێدانی فێرکاریەکانی مارکسیزم دا بوو ، بەدەستهێنانی سەر ئەنجامی نوێ بوو لەسەر بنچینەی ئەو گەشە پێدانە . واتە لینین تیۆری شۆڕشگێڕی دەولەمەندتر کرد و بەرزی کردەوە بۆ ئاستێکی بە چۆنایەتی نوێ . هەروەها لینین بـــە گەشەپێدانی فێرکاریە تیۆریەکانی مارکسیزم و هەلومەرجی مێژوویـــی نوێ وە نەوەستا ، بەلکو چەندین مەسەلەی تیۆری شۆڕشگێڕینـــی

دارشت کە دامەزرێنەرانی مەزنی مارکسیزم بۆیان تەلوابوو لە هێلە سەرەکی و گشتی یەکانی زیاتر هیچی تر دیاری بکەن، لەوانە ئیرکاریەکانی لە مەڕ حیزبی کۆمۆنیست .

دووەم/ لینین نوێکەرەوەیەکی ڕاستەقینەبوو لەبواری تیۆر و پراکتیکی شۆڕشگێڕی دا و بەوە ناسراوە کە بەقوڵی لەو ڕاستیە گەیشتبوو تیۆری شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریا بیروباوەڕێکی وشک و نەلاتو ( دۆگما ) نیە ، بەڵکو هەمیشە لە گەشەکردن دایە و لەئەنجامی شارەزایی خەباتی چینایەتی کەڵەکەبوو دەوڵەمەندتر ئەبێت و ڕەچاوی هەلومەرجی مێژوویی نوێی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئەکات . ئەوەی شایانی باسە لەو کاتەدا کە هەلپەرستەکان مارکسیزمیان بە بیانوی هەلومەرجی نوێوە ئەگۆڕی و ناوەڕۆك و جەوهەری شۆڕشگێڕیان ڕەت ئەکردەوە ، لینین گەشەی بەتیۆری پڕۆلیتاریا ئەدا و بەردەوام بوو لەسەر پێڕەوی کردنی تەواوەتی مارکسیزم و پرنسیپە شۆڕشگێڕیەکەی و بەپێی ڕێبازی شۆڕشگێڕی ئەو هەنگاوەکانی خۆی هەڵئەنا . سەر ئەنجامە نوێکانی لێنینزم پێشی بەستبوو بە میراتی ڕاستەقینەو دەستکەوتەکانی ڕابردووی تیۆری شۆڕشگێڕی . شان بەشانی ئەوەش لینین بەقوڵی لەو هەلومەرجە مێژووییە نوێیە گەیشتبوو کەتیایدا بارودۆخی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی هاتبووە ئاراوە . بۆیە بایەخێکی پلەیەکی ئەدا بە گەشەپێدانی ئەو مەسەلە تیۆریانەی زیان هێنابوونیە ڕیزی پێشەوە . ئەوەبوو لەکاتێکدا مارکس و ئەنگلز بایەخێکی گەورەیان بەوە ئەدا بەڵگە بۆ حەتمیەتی یابەتیانەی گوێزانەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم بهێننەوە ، لێنین وزەی خۆی تەرخانکرد بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ ڕێ و شوێن و شێوەی دیاریکراوی هێنانەدی شۆڕشی سۆسیالیستی ، ڕۆڵی فاکتەری خۆیی شۆڕش ، دانان و کارپێکردنی ئیرکاریەکانی لەمەڕ حیزب وەك هێزی ڕابەرایەتی ڕێکخراوی شۆڕشی سۆسیالیستی بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵ لەسەر بنچینەی سۆسیالیزم .

سێیەم/ لێنینزم وەك ئیرکاری شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریای جیهانی، پشت ئەستور بە شارەزایی کەڵەکەبووی خەباتی چینایەتی کرێکارانی گشت وڵاتانی جیهان سەری هەڵدا . لینین وەك مارکس و ئەنگلز پشت ئەستور بە پراکتیکی مێژوویی هەست پێکرار سەرئەنجامی نوێی هەڵهێنجاو لە پراکتیك دا سەلماندی و بە سەرهەڵدانی شارەزایی پراکتیکی نوێش کاملتری کرد . لینین لە گەشەپێدانی تیۆری شۆڕشگێڕی دا تەنیا لە هەلومەرج و پێداویستیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ڕوسیاوە هەنگاوی هەڵنەئەگرت ، بەڵکو لە هەلومەرجی

جیهانی و ئەو ئەرکە مێژووییانەوە دەستی پێ ئەکرد کە لە ڕێڕەوی گۆڕانی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم دا ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی ئەبوونەوە . لینینیزم فێرکاری ئینتەرناسیۆنالیزمی چینی کرێکاری جیهانییە ، فێرکارییەکی هەمەلایەنە بۆ شۆڕشگێڕەکانی گشت وڵاتان و تاقیکردنەوەی زیاتر لە نیو سەدەش ڕاستی و دروستیی دوپات کردۆتەوە .

چوارەم / مەزنی لینینیزم لەوەدایە کە تەنیا یەك مەسەلە یان بەشێکی ئایدیۆلۆجیای شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریای دەوڵەمەند نەکردوە ، بەڵکو هەموو بەشە پێکهاتووەکانی ئایدیۆلۆجیای: فەلسەفە، ئابووری سیاسی ، سۆسیالیزمی زانستی ، دەوڵەمەند کردوە . لینین ڕۆڵێکی گەورەی لە بواری فەلسەفەدا بینی ، بەتایبەتی، وەبەڵگەی یەکەم لەڕێگەی دانراوی " مەتریالیزم و ڕاڕەوی ڕەخنەی تجروبەگەرانە" وە ( ١٩٠٨ ) . چونکە لینین لەو دانراوەدا بە قوولی دەستکەوتە نوێکانی زانستی سروشتی شیکردۆتەوە و گەشەی بە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی مارکسیزم داوە ، بەتایبەتی تیۆری تاودانە ، فێرکارییەکانی لەسەر ڕاستی بابەتیانە ، پێناسی واناکانی مەتریال و کات و هۆ ... هتد . هەروەها لینین لە " بەرتوکە فەلسەفییەکان " و هەندێ دانراوی تردا ، بەردەوام بوو لەسەر گەشەپێدانی فێرکارییەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیك . چارەسەرکردنی لینینیش بۆ تیۆری مەتریالیزمی مێژوو و فێرکارییەکانی دەربارەی چین و ململانێی چینایەتی و دەوڵەت و شۆڕش جێی ڕێز لێ نانە .

بەشداریکردنی لینین لەبواری ئابووری سیاسی لەمانەی خوارەوەدا پوختە ئەکرێتەوە : گەشەپێدانی تیۆری مارکس دەربارەی سەرمایەداری بەگشتی و کارپێکردنی لە هەلومەرجی تایبەتی ڕوسیا دا ( نامیلکەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕوسیا ) ، چارەسەرکردنی مەسەلەی کشتوکاڵی ( زەوی ) . بەڵام گەورەترین دەستکەوتی لینین لەم بوارەدا بریتییە لە داڕشتنی تیۆرێکی زانستی دەربارەی ئیمپریالیزم ( نامیلکەی ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەدارییە ). هەروەها لینین بەشداری کرد لە گەشەپێدانی ئابووری سیاسی سۆسیالیزم و کۆمونیزم و داڕشتنی گرنگترین یاسا و چۆنیەتی بیناکردنی سۆسیالیزم و کۆمونیزم .

لینین بەشدارییەکی دەرکەوتووی کرد لە داڕشتنی تیۆری سۆسیالیزمی زانستی دا . ئەوەبوو تیۆری شۆڕشی سۆسیالیستی بەپێی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و خاسیەتەکانی سەردەمی نوێی ئیمپریالیستی داڕشت و ئەو سەرئەنجامە دیارەی هەڵهێنجا کە

ئەڵێ ناکرێ شۆڕشی سۆسیالیستی لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا لە هەموو وڵاتەکاندا و لە یەک کاتدا سەربکەون، بەڵکو لەسەرەتادا لە چەندێ وڵات و تەنانەت یەک وڵاتیشدا سەر ئەکەوێت. هەڵهێنجانی ئەم سەر ئەنجامەش لەسەر بنچینەی دۆزینەوەی کاریگەری یاسای گەشەکردنی ناشێلگیری سەرمایەداری بوو لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا.

بەپێچەوانەی سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم کە رایان وابوو شۆڕشی سۆسیالیستی تەنیا لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا روو ئەدات کە چینی کرێکار زۆربەی دانیشتووان پێک ئەهێنێ، لینین ئەوەی سەلماند لە هەلومەرجی خەملینی شۆڕش لە سیستەمی ئیمپریالیستیدا بەگشتی، شۆڕشی سۆسیالیستی لەو شوێنەدا هەڵئەگیرسێ تیایدا ناکۆکییەکان زۆر توند بووبێتنەوە و دەسەڵاتی بۆرجوازی لاواز بووبێ و چینی کرێکار پشتگیری جەماوەری رەنجدەری تری: جوتیاران، بەدەستهێنابێ. بەوا تایەکی تر ئەشێ شۆڕش لەو وڵاتە سەرمایەدارییانەشدا رووبدات کە لە قۆناغی گەشەکردنی نزم و مام ناوەندیدان. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو لینین بایەخێکی تایبەتی ئەدا بە هاوپەیمانێتی نێوان چینی کرێکار و جوتیاران. جا لەبەر ئەوەی جوتیاران لەو ساتەدا بەشێکی گەورەی دانیشتوانی وڵاتە سەرمایەدارییەکانیان پێک ئەهێنا، بۆیە لینین هاوپەیمانێتی بەهێزی بزوێنەری سەرەکی شۆڕشی سۆسیالیستی دائەنا.

هەروەها لینین بەردەوام بوو لەسەر گەشەپێدانی بیروراکانی مارکس دەربارەی شۆڕشی هەمیشەیی؛ ئەو بیروڕایانەی سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم پەردەی بیرچوونەوەیان بەسەردا کێشابوو. لێرەشدا لینین لە بەرامبەر ئەو بیروڕایەی هەلپەرستەکانەوە کە ئەڵێ: پێویستە ماوەیەکی درێژی گەشەکردنی سەرمایەداری لەنێوان شۆڕشی بۆرجوازی و شۆڕشی پرۆلیتاریدا هەبێ، تیۆری گۆڕانی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی داڕشت و ئەوەی دەرخست کە ئەکرێ و پێویستە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی لەسەردەمی ئیمپریالیزم و لە وڵاتانی وەک روسیادا بگۆڕدرێ بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، وە لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "ئێمە بە پێی توانای خۆمان، توانای پرۆلیتاریای هۆشیار و رێکخراوە دەست بە گۆڕینی شۆڕشی دیموکراتی ئەکەین. ئێمە لایەنگیری شۆڕشی هەمیشەیین و لە نیوەی رێگە راناوەستین".

لینین ئەوەی روونکردۆتەوە کە توانای گۆڕینی شۆڕشی سۆسیالیستی بە پلەی یەکەم پشت بەوە ئەبەستێ کە پرۆلیتاریا



هەواڵنامەی کتێب

ئەتوانێ سەرکردایەتی شۆڕش بکات و فراوانترین بەشی جەماوەری ڕەنجدەر ( بەپلەی یەکەم جوتیاران ) لە چوار دەوری خۆی کۆبکاتەوە و سروشتێکی فراوان و قوڵ بدات بە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی یاخود نە • چونکە سەرکردایەتی کردنی پرۆلیتاریا یەکێکە لە گرنگترین مەسەلەکانی شۆڕش •

جگە لەوانە لینین بایەخێکی زۆری دا بوو بە جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلانی ولاتە وابەستە و داگیرکراوەکان و ئەوەی دویات کردبووەوە کە خەباتی ئەو گەلانە لەدژی ئیمپریالیزم و کولۆنیالیزم گرنگیەکی شۆرشگێری مەزنی هەیە و لەگەڵ خەباتی پرۆلیتاریای جیهاندا لەیەک جۆگەی دژی ئیمپریالیزم دا ڕێ ئەکەن • ئەرکی چینی کرێکار ئەوەیە یارمەتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ژێر دەست بدات و گەشەی پێ بدات، شان بەشانی ئەوەش هاوپەیمانێتی نێوان چینی کرێکار و جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی پتەو بکات و هەموو هێزو توانای بێ سنوری ناو جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی بۆ تەهێشتنی دەسەلاتی ئیمپریالیزم بەکاربهێنێ •

هەروەها لینین بەشداریەکی زۆری کرد لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان خەبات لە پێناو دیموکراتیەت و خەبات لە پێناو سۆسیالیزم دا،وە ئەوەی دەرخست کە تەنانەت ئەو دیموکراتیەتەی لە پێشکەوتووترین ولاتی سەرمایەداری دیموکراتخوازدا هەیە دیموکراتیەتێکی بۆرجوازیانەیە و خزمەتی بەرژەوەندیەکانی بۆرجوازیەت ئەکات و ئەبێتە کۆسپی سەر ڕێگەی هێنانە دی مافەکانی ڕەنجدەران و دژیان بەکار ئەهێنرێت • بەلام لێنین وتەنی ، ئەبێ پرۆلیتاریا لەم بوارەشدا داکۆکی لەو دیموکراتیەتە بکات چونکە لە هەلومەرجی پاراستنی ئەو دیموکراتیەتەدا نەبێ ، ناتوانێ بەشێوەیەکی سەربەستانە گەشە بەخەباتی چینایەتی خۆی بدات •

یەکێك لەو کارە شاکارانەی لینین بۆی جێ هێشتوین گەشەپێدانی ئەو فێرکاریانەیە کە پەیوەندیان بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە : شێوەیەکی نوێی دیموکراتیەت کە لە خزمەتی ڕەنجدەراندایە ، هەیە • لینین ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە بەبێ چەسپاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، تەهێشتنی دەسەلاتی بۆرجوازیەتو هێنانەدی شۆڕشی سۆسیالیستی و بیناکردنی کۆمەلگای سۆسیالیستی شتێکی مەحالە •

بیرورا تیۆریەکانی لینین دەربارەی حیزب و دامەزراندنی حیزبی پرۆلیتاری شێوە نوێ :ئەو حیزبەی بۆ دامەزراندنی شۆڕشی پرۆلیتاری و بیناکردنی سۆسیالیزم سەر ناکەوێ ، گرنگیەکی بێ

هەواڵنامەی کتێب

وێنەی هەبوو . بە پێچەوانەی ئەو هەلپەرستانەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم ،کە حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکانیان بەشێنەیی گۆڕی بوو بۆ ڕێکخراوی شل و شێواز و بێ ناسنامەی پرۆلیتاری و بەرنامەی شۆڕشگێڕی ڕون و ئاشکرا و پێکهاتوو لەو توخمە هەلپەرستانەی پێڕەوی دیسپلینی حیزبی ناکەن ، لینین حیزبی لەسەر بنچینەی پرنسیپی بەراستی شۆڕشگێڕی دامەزراند . لینین لەم بوارەدا ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە حیزبی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بە هەبوونی یەکێتی ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراویی و دیسپلینی ڕێکخراوەیی توندو تۆڵ و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ جەماوەردا ، بەداڕشتن و جێبەجێ کردنی بەکۆمەڵی هێڵی سیاسی و سازش نەکردن لەگەڵ هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی هەلپەرستی دا ، بە هەڵوێستی داهێنەرانەی بەرامبەر مەسەلە تیۆریەکانی جولانەوەی کرێکاری و ستراتیج و تاکتیك... بەهێز ئەبێ .

چارەسەرکردنی لینین بۆ تیۆری ستراتیج و تاکتیکی جولانەوەی شۆڕشگێڕی بەپێی هەلومەرجی مێژوویی نوێ ، گرنگیەکی مێژوویی جیهانی هەبوو بۆ جولانەوەی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕی جیهانی و جێبەجێ کردنی بە کردەوەی ئەرکە مێژووییەکان : ئەرکی گواستنەوەی کۆمەڵ لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم .

## شۆڕشی ١٩٠٥ لە ڕۆسیا

شۆڕشی ١٩٠٥ لە ڕوسیا گرنگیەکی یەکجار گەورەی هەبوو بۆ جولانەوەی کرێکاری جیهانی و بەرهەمی حەتمی توندو تیژبوونی ناکۆکیە کۆمەلایەتیەکانی ڕوسیای قەیسەری و پەرەسەندی خەباتی چینایەتی ڕەنجدەران بوو .

گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕۆسیا خاسیەتی دیاریکراوی خۆی هەبوو . سەرهەڵدانی یەکێتیە مۆنۆپۆلیە گەورەکان لە پیشەسازی دا تێکەڵبوو لەگەڵ پاشماوەی زۆری دەرەبەگایەتی لە کشتوکاڵدا . چەوساندنەوەی ڕەنجدەران لەلایەن سەرمایەدار و دەرەبەگەکانەوە گرێ دراوبوو لەگەڵ ستەمی سیاسی جەماوەری گەل و چەوساندنەوەی حوکمی ڕەهادا . پێداویستیەکانی گەشەکردنی پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵ و بەرژەوەندیەکانی ڕەنجدەران بەپلەی یەکەم پێویستیان بە نەهێشتنی ڕژێمی قەیسەری و دەسەلاتی دەرەبەگەکان و پاشماوەی دەرەبەگایەتی و بەدەستهێنانی ماف و

سەربەستیە دیموکراتیەکانی گەل : هێنانەدی ئەرکە دیموکراتیەکانە هەبوو . ئەوەی ڕاستی بۆ شۆڕشی ١٩٠٥ یەکەمین شۆڕشی گەلی بوو لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا .

بەپێچەوانەی شۆڕشە بۆرجوازی و بۆرجوازیە دیموکراتیەکانی ڕۆژئاوا لەسەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم دا کە بۆرجوازیەت سەرکردایەتی ئەکردن ، شۆڕشی ١٩٠٥ ی ڕوسیا لەسەر دەستی جەماوەری ڕەنجدەر و بەسەرکردایەتی چینی کرێکار هاتەدی . چونکە بۆرجوازیەتی ڕوسیا لە جولانەوەی جەماوەری گەل و شۆڕش سڵئەکردەوە و بەلای سازشکردن لەگەڵ حوکمی ڕەها و دەرەبەگەکاندا لای ئەدا .

شۆڕشەکە لە ڕۆژی ٩ی کانونی دوەمی ١٩٠٥ دا و دوای دەست درێژکردنی هێزەکانی قەیسەر بۆ سەر مانگرتنە ئاشتیخوازەکەی کرێکارانی پترسبۆرگ ( پایتەختی ڕوسیا ) ، کە داوای چاککردنی بار و دۆخی مادی و کۆمەڵایەتی ناهەمواری خۆیان ئەکرد ، دەستی پێکرد . بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو کارە خوێناویەی حوکمی ڕەهابێژی دەڵما بووە مانگرتن و خۆپیشاندانی نارەزایی هەموو وڵاتی تەنیەوە و لەچەندین شاردا شەڕی چەکداری لە نێوان کرێکاران و پۆلیسدا ڕویدا . دوای شارەکان مانگرتن و خۆپیشاندانەکان تەشەنەیان کرد و لق و پۆپیان بۆ لادێکان و توێژەکانی تری دانیشتوان : خوێندکاران ، سەربازەکانی سوپا ، هاویشت . لەم بوارەش دا ڕاپەڕینی کەشتیوانەکانی زرێپۆشی بۆتمکین شوێنێکی دیاریکراوی هەیە .

بۆ کوسپ خستنە سەر ڕێگەی بەردەوامی گەشەکردنی شۆڕش ، حوکمی ڕەها بەیاننامەیەکی دەربارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی دومای دەوڵەت ( پەرلەمان ) بڵاوکردەوە کە مافی ڕاوێژکاری تایبەتی هەبوو ، بەڵام کرێکاران لەسەر داواکاری بۆلشەفیکەکان بەشداری ئەو ئەنجومەنەیان نەکرد و لەسەر خەباتی خۆیان بەردەوام بوون .

جولانەوەی شۆڕشگێڕی ئاستێکی فراوانی بەخۆوە گرت ، بەتایبەتی لە تشرینی یەکەمی ١٩٠٥ دا کە بەدەست پێشکەری کرێکارانی مۆسکۆ مانگرتنێکی سیاسی گشتی هەموو وڵاتی گرتەوە . مانگرتنەکە لەژێر دروشمی : ڕوخاندنی حوکمی ڕەها ، بایکۆتی ئەنجومەنی دۆمای ڕاوێژکار و بەستنی ئەنجومەنی دامەزراندن ، دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی ، دەستی پێ کرد . لەو ڕۆژگارەدا دروستبوونی سۆڤێتەکانی نوێنەری کرێکاران دەستی پێکرد ، ئەو سۆڤێتانەی لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی مانگرتنەوە گۆڕدرا بۆ دەزگای سازکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانەو ئاوکی دەسەڵاتی نوێ . سۆڤێتەکان بێ گوێدانە

هەواڵنامەی کتێب

بەرێوەبەرایەتیەکانی حکومەتی قەیسەر ، فرمان و رێنوێنیەکانی خۆی دەرئەکرد و بە زۆرە ملێ رۆژی هەشت سەعاتی کاری جێبەجێ ئەکرد و سەربەستیە دیموکراتیەکانی دیاری ئەکرد · ئەوەی راستی بێ سەرهەڵدانی سۆڤیێتەکان گرنگیەکی مێژوویی جیهانی هەبوو ، لە دوایشدا بووە بەکەمین شێوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای سەرفراز · شۆرشی ئۆکتۆبەری روسیا و سەرجەمی شارەزایی یەکێتی سۆڤیەت بەتەواوی هێزی زیندوی ئەو فێرکاریانەی مارکسیزمیان دوپاتکردۆتەوە کە دەربارەی سۆڤیەتەکان : فراوانترین دەزگای دەسەلاتی بەراستی گەلی و بەراستی دیموکراتی ، نووسرابوون ·

لەهەلومەرجی پەرەسەندنی شۆرشدا ، قەیسەر ناچار بوو دەست بەرداری هەندێ مەسەلە بێ و بەیاننامەیەکی دەربارەی سەربەستیە دیموکراتیەکان و بەستنی دۆمای دەولەتی خاوەن ئەرکی یاسادان بلاوکردەوە · ئەوەش سەرکەوتنێکی مەزنی خەباتی شۆرشگێرانەی گەل بوو ، بەلام ئەرکە سەرەکیەکانی شۆرش بەچارەنەکراوی مانەوە ·

کرێکاران بەسەرکردایەتی بۆلشەفیکەکان وردە وردە گەیشتنە ئەو باوەرەی ئیتر ئامرازە ئاشتیخوازەکان بەتەنیا بەس نین بۆ روخاندنی قەیسەریەت · چونکە ئەو روخاندنە تەنیا لە رێگەی خەباتی چەکداریەوە نابێ ئەکرێت · بۆیە لەسەرتاسەری ولاتدا خۆئامادەکردن بۆ راپەرینی چەکدارانە دەستی پێکرد و لە کانونی یەکەمی ۱۹۰٥ دا ئەو مانگرتنە سیاسیانەی چەندین شاری تەنیبووەوە ، گۆردران بۆ خەباتی چەکداری کرێکارانە و لەم بوارەش بەناوبانگترین راپەرینی چەکدارانە ئەوەی کرێکارانی مۆسکۆ بوو ·

نەبوونی شارەزایی خەباتی چەکداری وکەمی چەك ، پەرش و بلاوی خەباتە شۆرشگێریەکان ، لاوازی پەیوەندی نێوان کرێکاران و سەربازەکان و گەلێك شتی تر ئەو هۆیانەبوون کە شکستەیان بە راپەرینی دلێرانەی کرێکاران هێنا · بەلام دوابەدوای ئەوەش راپەرینەکان لەسالی ۱۹۰٦ یشدا بەردەوام بوو بێ ئەوەی بتوانێ سەرکەوتنی شۆرش مسۆگەر بکات · ئەوەی شایانی باسە تێکۆشان و خۆبەختکردن و فیداکاریەکانی کرێکاران و جوتیاران بە فیرۆ نەرۆشتن · چونکە خەباتی بێ وچانیان تەك هەر هێزی رژێمی قەیسەری و دەرەبەگایەتی لێك ترازاند ، بەلکو جولانەوەی کرێکاری روسیا و جیهانیشی بەشارەزایی نوێی خەباتی چینایەتی دەولەمەندکرد · لینین لەم بارەیەوە ووتویەتی شۆرشی ۱۹۰٥ پرۆڤەیەکی گشتی بوو بۆ شۆرشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی مەزن (۱۹۱۷) ·

شۆرشی ۱۹۰٥ تەکانێکی توندی بە جولانەوەی کرێکاری

جیهانی دا و گەشەی بەخەباتی چینایەتی دا . چونکە لە چەندین وولاتی ئەورپایی دا خەباتی جەماوەری ڕەنجدەر بۆ پشتگیری کردنی کرێکاران و جوتیارانی ڕوسیا دەستی پێ کرد ، لە چەندین وولاتیشدا کرێکاران دەستیانکرد بە بەکارهێنانی مانگرتنی سیاسی جەماوەری وەك یەکێك لە ئامرازەکانی خەبات . شان بەشانی ئەوانە کرێکارە پێشکەوتنخوازەکان و ئەندامە هەرە هوشیارەکانی حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکان بە بایەخ پێدانەوە دەستیان کرد بە دیراسەکردنی شارەزایی شۆڕشی ١٩٠٥ .

شیکردنەوەی بابەتیانەی ئەو شارەزاییە ئەوەی دەرخست کە شۆڕشەکە ڕاستی و دروستی هەڵوێستە بنچینەییەکانی لینین و بۆلشەفیکەکان و چەوتی تاکتیك و ستراتیجی هەلپەرستەکانی دوپات کردەوە . شۆڕشەکە ڕاستی و دروستی ئەو ئایدیایەی لینینزمی دوپات کردەوە کە دەربارەی سەرکردایەتی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی‌دا نووسرابوو . چونکە شۆڕشی ١٩٠٥ ئەگەر چی لەڕوی ئامانجەکانیەوە بۆرجوازی دیموکراتی بوو ، بەلام لە ڕوی سەرکردایەتی شۆڕشەکە و شێوازەکانی خەباتەوە : مانگرتن و ڕاپەڕینی چەکدارانە ، پرۆلیتاریانە بوو . لەسالەکانی یەکەمی شۆڕشی ڕوسیادا بەئاشکراییەکی تایبەتی ڕۆڵی لینین، وەك تیۆریستێك و سەرکردەیەکی بلیمەتی جەماوەر ، دەرکەوت . تیۆری لێنین دەربارەی سەرکردایەتی کردنی پرۆلیتاریا بۆ شۆڕشی گەلی و گۆڕانی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی هەڵقوڵاوی پراکتیکی جولانەوەی شۆڕشگێڕی بوو ، لە کارپێکردنی پراکتیکیشدا دوپات کرانەوە و لە دوائەنجامیشدا زەمینەیان بۆ ئامادەبوونی چینی کریکار بە ئامانجە وبتراوەکانی خۆی سازکرد .

ئەوەی شایانی باسە چینی کرێکار توانی لەڕێبەرەوی شۆڕشدا مانگرتنی سیاسی جەماوەری وەك شێوەیەکی خەباتی چینایەتی بەکاربهێنێ ، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە گۆشکردنەو هوشیارکردنەوەی سیاسی جەماوەر و دابین کردنی یەکێتی خەباتیان دا. هەروەها شۆڕشەکە ئەوەی دەرخست کە چینی کرێکار لە توانای دا نیە تەنیا خۆی بە ئامرازی ئاشتیخوازانەوە ببەستێتەوە و پێویستە لە هەلومەرجی دیاریکراودا پەنا بەرێتە بەر ئامرازی خەباتی چەکدارانە . خەباتی کرێکارانی ڕوسیاش چەوتی ئەو بیروڕایانەی هەلپەرستی دەرخست کە خەباتی چەکدارانەی کرێکارانیان دژی بۆرجوازیەت و کۆنەپەرستی بەشتێکی نەگونجاو لە قەڵەم ئەدا . جگە لەوانە لەڕێبەرەوی شۆڕشدا بەرونی گرنگی پێکەوە گرێدانی هەموو

شێوە جۆرا و جۆرەکانی خەباتی ئاشتیانەو نا ئاشتیانە، پەرلەمانتاری و ناپەرلەمانتاری بەدەرکەوت. ئەوەش ئاشکرا بوو کە دابین کردنی سەرکەوتنی خەباتی کرێکاران بەبێ ئامرازی جەماوەری کاریگەر و ناپەرلەمانتاری مەحاڵە سەرگەر بکرێت.

هەروەها شۆڕشی ۱۹۰۵ توانای شۆڕشگێڕانەی شاراوەی جوتیارانی دەرخست و ئەو بیروباوەڕانەی لینینزمی دوپات کردەوە کە دەربارەی گرنگی بەشداری پێکردنی جوتیاران لە خەباتی شۆڕشگێڕی و پێویستی هاوپەیمانێتی توندو تۆڵی نێوان کرێکاران و جوتیاران بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، دەربڕا بوون. بەو جۆرەش ئەو تیۆرەی سەرکردە هەلپەرستەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم بە درۆخرایەوە کە ئەڵێ: "جوتیاران جەماوەرێکی بەتەواوی کۆنەپەرست پێک ئەهێنن". لەبەر ئەوەی جوتیاران بەشێکی زۆری دانیشتوانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و وڵاتە ئیمپریالیستیەکانی پێک ئەهینا، بۆیە شارەزایی شۆڕشی ۱۹۰۵ی ڕوسیا دەربارەی هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران گرنگیەکی گەورەی هەبوو. ئەمڕۆش لەو وڵاتانەدا کە جوتیاران ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان پێک ئەهێنن ئەو شارەزاییە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

هەروەها شارەزایی شۆڕشی ۱۹۰۵ ی ڕوسیا ئەوەی سەلماند کە پاڵدانی بەشێک لە سوپا بەلای بەرەی شۆڕشدا و هاوپەیمانێتی کرێکاران و سەربازەکان مەسەلەیەکی گونجاو گرنگە. ئەوەش پێویستی بەوە هەیە ئەندامانی حیزبی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا کارێکی دلێرانەی چالاک لەناو سەرباز و کەشتیوانەکاندا بکەن و ئامانج و فرمانەکانی خەباتی شۆڕشگێڕیان بۆ ڕون بکەنەوە و لە کاریگەرێتی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتی چینە دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکان ڕزگاریان بکەن.

شۆڕشەکە بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگی یەکگرتنی چینی کرێکار و کۆبونەوەی لە چواردەوری حیزبی چەکدار بەتیۆری مارکسیزی دەرخست. لەڕێڕەوی شۆڕشیشدا بەڕونی زیانی دابەشبوونی جولانەوەی کرێکاری و مەترسی چالاکی جۆرە جیاجیاکانی هەلپەرستی: ڕیفۆرمیستەکان و ئەنارشیستەکان و ئەوانی تر، لە جولانەوەی شۆڕشگێڕیدا بەدەرکەوت.

شۆڕشەکە ئەو فێرکاریانەی لینینزمی دوپاتکردەوە کە دەربارەی حیزبی شۆڕشگێڕ: ئامرازی سەرەکی چینی کرێکار لە خەباتدا بۆ شادبوون بەئامانجە ڕاستەوخۆ و کۆتاییەکان، دەری بڕیبوون. چونکە تەنیا ڕێکخراوە حیزبییەکان بوون جەماوەریان بۆ

هەواڵنامەی کتێب

خەبات لەدژی حوکمی ڕەها و پاشماوەی دەرەبەگایەتی گۆش ئەکرد، دروشمی خەباتیان بەرزئەکردەوە و پەنجەیان بۆ ئاقارەکەی ڕائەکێشا، ئەم یان ئەو شێوازی خەباتیان بۆ هەڵئەبژاردو ئەیان گۆڕی بەشێوازی تر .

شۆڕشی ١٩٠٥ کارێکی گەورەی کردە سەر جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی وڵاتە وابەستەکانی ئیمپریالیزم ، لەچەندین ناوچەی دنیا خەباتی ڕزگاری نیشتمانی گەیشتە ئاستێکی فراوانتر و بە خێرایی پەرەی سەند . ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو کە شۆڕشەکەی ڕوسیا تەنیا دیاردەیەکی ناوچەیی ڕوسی نەبوو ، بەڵکو دیاردەیەکی خاوەن گرنگی جیهانی بوو ، کارێکی گەورەی کردە سەرلایەنە جۆرا و جۆرەکانی خەباتی چینایەتی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی وڵاتە جیا جیاکانی دنیا .

نوێنەری ئەبیارە جۆراوجۆرەکان لە ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم دا بەشێوەی جۆراوجۆر گرنگی شۆڕشی ڕوسیایان هەڵئەسەنگاند. سۆسیال دیموکراسە چەپەکان : ڕۆزا لۆکسمبورگ و کارل لیبکنخت ، ئەوانی تر ، پێشوازیەکی گەرمیان لە شۆڕشەکە کرد و هەوڵیان دا دەنگ و باسەکانی لە وڵاتەکانی تر بڵاوبکەنەوە و گرنگی مانگرتنی سیاسی جەماوەری و ڕاپەڕینی چەکدارانە بۆ سەرکەوتنی پرۆلیتاریایان ڕون کردەوە . بەڵام هەلپەرستە ڕاستڕەوەکان بە پێچەوانەی ئەوە وە هەوڵیان دا لەگرنگی پەندو وانەکانی شۆڕشی ١٩٠٥ کەم بکەنەوە و بەو شێوەیە مەسەلەکەیان دەرئەخست ئەو شێواز و ڕێگایانەی خەبات کە لە ڕوسیا بەکارهێنران ، بەتایبەتی ڕاپەڕینی چەکدارانە ، لەگەڵ هەلومەرجی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەی ئەوروپادا ناگۆنجێ کە تیایاندا کرێکاران بەشێوەیەکی ئاسایی مافی دەنگدان و کارپێکردنی سەربەستیە دیموکراتیەکانی تریان هەیە. هەروەها زۆربە سەرسەختانە داکۆکیان لە پرنسیپی ڕیفۆرمیستەکان ئەکرد و برۆپاگەندەیان تەنیا بۆ شێوەی خەباتی ئاشتیخوازانەو ئاشکراو پەرلەمانتاری ئەکرد .

گرنگی مێژوویی شۆڕشی ١٩٠٥ هەمیشە چەسپیوەو دەبێ چونکە کارێکی گەورەی کردە سەر هەڵچوونی خەباتی شۆڕشگێری جەماوەر لە وڵاتە سەرمایەداری و داگیرکراوەکاندا و لە ئەنجامی ئەوەش ڕژێمی سەرمایەداری جیهانی هێنایە لەرزە و تەنگوچەڵەمەی گشتی نزیکتر کردەوە . شارەزایی شۆڕشی ١٩٠٥ مەسەلەیەکە بەردەوام ئەوە نوێکانی خەباتی شۆڕشگێری چەکدار ئەکات .

## سێ تەیار
## لە جوڵانەوەی کرێکاری جیهانیدا

گۆڕانی سەرمایەداری بۆ ئیمپریالیزم و هەڵگیرساتی شۆڕشی ١٩٠٥ ی ڕوسیا بوونە هۆی توندوتیژبوونی ململانێی ناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم و حیزبەکانی . ئەوەبوو جیاوازی لەناو ڕیزەکانیان دا قوڵبوورەوە و وردە وردە بەشێوەیەکی ڕونتر خۆی لە سێ تەیاردا نواند : هەلپەرستی ڕاستڕەوانە ، وەسەتیەت ، شۆڕشگێڕی چەپ .

هەلپەرستە ڕاستڕەوەکان وەك ڕابردوو بەردەوام بوون لەسەر پڕوپاگەندە کردن بۆ ئایدیۆلۆجیای ڕیفۆرمیستانەو هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی جوڵانەوەی کرێکاری بۆ سەر ڕێگەی وازهێنان لە خەباتی چینایەتی و شۆڕشی پرۆلیتاری . لێرەشدا "ڕوداوی میلیران" نیشانەی پەرەسەندنی ئاقاری هەلپەرستە ڕاستڕەوەکان بوو لەناو ڕیزەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا . پوختەی ئەو ڕوداوەش ئەوەیە کە ( میلیران ) ی سۆسیالیستی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٩٠ دا بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ حیزبەکەی خۆیدا ، پلەی وەزیری لە حکومەتی بۆرجوازیدا وەرگرت . ئەوەی زیاتر تورەکەشی خست کردبووەوە ئەوە بوو کە ئەو حکومەتە خوێن ڕێژەکانی کۆمونەی پاریس ، وەك جەنەراڵ گالیفە ، بەشداریان تێدا کردبوو .

مەسەلەکەی ( میلیران ) جێی بایەخ پێدانی پلەیەکی کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم بوو کە ساڵی ١٩٠٠ لە پاریس سازکرابوو . کۆنگرەکە بڕیارێکی " ڕونکردنەوە " ی بڵاوکردەوە کە کاوتسکی پێشنیاری کردبوو . ئەو بڕیارە لەلایەکەوە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشابوو کە بەشداریکردنی سۆسیالیستەکان لەحکومەتی بۆرجوازیدا ( ناکرێ بەسەرەتای سروشتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دابنرێ " ، بەڵام لەلایەکی ترەوە دانی بەوەدا نابوو کە ئەکرێ ئەو بەشداریکردنە " وەك هەنگاوێکی کتوپڕی کاتی " بەکاربهێنرێ . بڕیارەکە بەروونی ئەوەی دیاری نەکرد لە چ هەلومەرجێکدا ئەشێ سۆسیالیستەکان لەناو حکومەتی بۆرجوازیدا بەشداری بکەن . بەو جۆرەش کۆنگرەکە بڕیارێکی نادیارو تەماوی و " لاستیکی " وەرگرت و ڕێگەی بۆ هەلپەرستەکان خۆشکرد بەهانە بۆ کارەکانی میلیران و هاوشێوەکانی بهێننەوە .

ئەوەی شایانی باسە لە کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزمی

دووەم لە ئەمستردام (١٩٠٤) خەبات دژی ریڤیژنیزم لە تیۆر و پراکتیک دا پەرەی سەند و لەژێر کاریگەری باڵی چەپی مارکسی دا کۆنگرەکە بە زۆربەی دەنگ بڕیاری تاوانبارکردنی ریڤیژینیزمی دا. بەلام دەسەلات لەناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا بەدەست وەستیەکانی وەک کارل کاوتسکی و جوڵ گید و ئۆتۆباوەو و کەسانی ترەوە بوو. ئەمانە خۆیان بە "ڕاستی" نیشان ئەدا و بەووتە بەردەوام بوون لەسەر مارکسی بوون و هەندێ جاریش ئەچوون بەگژ ڕیڤیژنیزمەدا، بەلام خەباتێکی کاریگەریان دژی تیۆرو پراکتیکی ریفۆرمیستانە نەئەکرد و تا مادەم نەبوون پەیوەندی ڕێکخراوەیی خۆیان لەگەڵ هەلپەرستە ڕاسترەوەکاندا بپچڕێنن. بەو جۆرەش بوونە یاریدەدەری پتەوبوونی پایەگاکانی هەلپەرستەکان لەناو حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکاندا.

هەڵوێستی سازشکارانەی وەستیەکان بەرامبەر ڕاسترەوەکان لەدوانجامدا بووە هۆی سەرکەوتنی هەلپەرستی لە حیزب و سەندیکاکاندا و ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمی مایەپوچ کرد. لێرەشدا ئەگەر چی توخمە ڕاسترەوەکانی لە کۆنگرەی ئەمستردامدا دوچاری گلان هاتبوون و ئینتەرناسیۆنالیزم بەرەسمی ڕێبازی ریڤیژنیستانەی تاوانبارکرد بوو، بەلام باڵی ڕاسترەو بەهێزتر و پایەدارتر بوو و بیروراکانی بەشێوەیەکی زیاتر کاری لە حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکان و سەندیکاکان کرد.

بەو جۆرە لەو ماوەیەدا مەترسیەکی جیدی باڵی خۆی کێشا بەسەر ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا، ئەویش مەسەلەی سازشکردن بوو لەگەڵ هەلپەرستی دا. مارکس و ئەنگلز و لینین هەمیشە خەباتی کاریگەریان دژی سازشکاری ئەکرد، بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەش پاراستنی گیانی شۆڕشگێری تێکۆشەرانە لە ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا یاریدەدەریان بوو. بەلام لەبەر ئەوەی هێشتا حیزبی بۆلشەفیک بەسەرکردایەتی لینین نەی توانیبوو پلەو پایەیەکی بڕیاردەر بۆ بیرورای شۆڕشگێری لەناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم دا مسۆگەر بکات؛ بۆیە بیروبۆچونی سازشکارانە سەرکەوتنی بەدەستهێناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەمی بەرەو مەرگ و مایەپوچی خرابیرد. ئەمرۆش ئەو لایەنەی شارەزایی مێژوویی جوڵانەوەی کرێکاری جیهان مەسەلەیەکی زۆر پێویستە. چونکە هەموو سازشکاریەک یان بێ لایەنیەک بەرامبەر هەلپەرستی ڕاسترەوانە و چەپڕەوانە لە ڕیزەکانی جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دا، ئەنجامی خراپی بۆ جوڵانەوەی شۆڕشگێری ئەبێت.

ئەو ناقارە چەپەی لە ئینتەرناسیۆنالیزم دا لینین و لۆکسمبۆرگ و لیبکنێت سەرکردایەتیان ئەکرد ، خەباتێکی سەرسەختی دژی ڕیفۆرمیستەکان و سازشکاری وەسەتییەکان بەرپاکرد ، بەڵام چەپەکان زۆر بەهێز نەبوون و هەتا پلەیەکی چاکیش پلەو پایەیان پەیدا نەکردبوو . بەلام بەشانی ئەوەش هەندێ نوێنەری ناسراوی چەپ لەناو حیزبەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا ، لەوانە ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ، هەڵەیان لە هەندێ مەسەلەی تیۆری و پراکتیکی جوڵانەوەی کرێکاری دا کردبوو . ئەوانە هێشتا دەرکیان بەگرنگی دامەزراندنی حیزبی شێوە نوێی بەراستی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار و پێویستی جیابوونەوەی بڕیاردەر لە ڕاستڕەوەکان ، لەڕووی ئایدیۆلۆجییەت و ڕێکخراوەییەوە ، نەکردبوو . بەلای ئەوانەوە پرنسیپی پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکان لەگەڵ بوونی هەڵپەرستیشدا شتێکی پێویست بوو . هەر لەبەر ئەوەش بوو چەپەکان بەدرێژایی ساڵەکانی تەمەنی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم لەیەک حیزبدا لەگەڵ توخمە ڕاستڕەو و وەسەتییەکاندا کاریان ئەکرد ، ئەمەش کۆتی خستە دەستیان و لەسەربەخۆیی پێویست بێبەشی کردن و کردنیە دیلی ئەو وەسەتیانەی لەناو ئەو حیزبانەدا بالادەست بوون . تەنیا بۆلشەفیکەکان بەسەرکردایەتی لینین خەباتێکی خۆڕاگرانەیان دژی هەلپەرستەکانی ناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بەرپاکرد . بە پێچەوانەی حیزبەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم ، بۆلشەفیکەکان تەنیا ڕیفۆرمیستەکانیان لەڕووی تیۆرییەوە تاوانبار نەکرد ، بەڵکو جیابوونەوەی ڕێکخراوەییشیان لە ڕیفۆرمیستەکانی ڕووسیا فاشکراکرد و چونە ڕیزی چەپەکانی ناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمەوە . هەروەها حیزبی سۆسیال دیموکراسی سربی و حیزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراسی بولگارستان شوێن پێی بۆلشەفیکەکانیان هەڵگرت .

## گرنگترین بڕیارەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دەربارەی مەسەلەی تەکتیک

خەباتی هێزە چەپەکان لەناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمدا یارمەتی ئەوەیدا لەیەکەمین کۆنگرەکانی سەدەی بیستەمدا و ، بەپێچەوانەی ڕیفۆرمیستەکانەوە ، هەندێ بڕیاری ڕاست و دروست وەربگیردرێ کە گرنگیەکی ئیجابیان بۆ جوڵانەوەی کرێکاری جیهانی هەبوو .

گرنگترین هەنگاوی کۆنگرەی ئەمستردام ، وەرگرتنی بڕیارێکی

تایبەتی بوو دەربارەی مانگرتنی گشتی . بەڵام ئەو مەسەلەیە لە یەکەمین ساڵەکانی چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزم دا چارەسەرێکی دەمەلایەنی نەکرا . هەلپەرستە راستڕەوەکانیش ڕەخنەی "مانگرتنی ئابوریانەی گشتی "ی ئەنارشیستانەیان بەکار ئەهێنا بۆ کەم کردنەوە لە ئایدیای مانگرتنی چینایەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا و بەکەم گرتنی شارەزایی مانگرتنەکانی چینی کرێکار لە ڕوسیا ، کە هەمیشە مەسەلەی بەکارهێنانی مانگرتنی گشتی لەلایەن پرۆلیتاریاوە شان بە شانی شێوەکانی تری خەبات دەرئەبڕا . بە کاریگەری ئەوە کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزم ( ۱۹۰٤ ) بڕیاری پشتگیری کردنی مانگرتنی جەماوەری دەرکرد ، ئەمەش دەستکەوتێکی جیدی بوو بۆ هێزە چەپەکان . چونکە ئەوان تەنیا گرنگی شێوەکانی خەباتی پەرلەمانیان دوپات نەئەکردوە ، وەك سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم ، بەڵکو گرنگی کاری جەماوەری ناپەرلەمانتاریشیان بۆ چینی کرێکار دوپات ئەکردەوە.

یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی لە کۆنگرەی شتۆتگارت دا ( ۱۹۰۷ ) مشت و مڕی لەسەرکرا ، مەسەلەی پەیوەندی نێوان حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکان و سەندیکاکان بوو . چونکە پێگەیشتنی جولانەوەی کرێکاری ؛ گەشەکردنی ڕێکخراوە سیاسی و سەندیکالیەکانی چینی کرێکار ، ئاڵۆزبوونی ئەرکەکانی جولانەوەی کرێکاری ، توند و تیژبوونی ململانێی چینایەتی.. پێویستیان بە ڕێکخستن و پتەوکردنی ریزەکانی چینی کرێکار و چەسپاندنی یەکێتی کاری ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانی وەك حیزب و سەندیکاکانی هەبوو ، بەڵام چالاکی ئەو هەلپەرستانەی پڕۆپاگەندەیان بۆ ( بێ لایەنی ) سەندیکاکان ئەکرد و ڕێگەیان لە نزیکبوونەوەی حیزبە کرێکاریەکان و سەندیکاکان و هاوکاری و هاوخەباتی نێوانیان ئەگرت ، بوونە کۆسپی سەر ڕێگەی ئەو یەکێتی کارە .

بۆلشەفیکەکان بەسەرۆکایەتی لێنین ، دژی بێ لایەنی سەندیکاکان ڕاوەستان و داوای پتەوترین پەیوەندی و یەکگرتنی کاری نێوان حیزبە کرێکاریەکان و سەندیکاکان و ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی حیزبی پرۆلیتاریایان بۆ سەندیکاکان ئەکرد . لێرەش دا بانگەوازی شۆڕشگێڕەکان بۆ سەرکردایەتی کردنی پرۆلیتاریا مانای ئەوەبوو ئەوان خوازیاری یەکخستنی گشت هێزی چینی کرێکار و هەموو ڕێکخراوەکانین .

ئەنجامی ئەو مشت و مڕە زۆرەی کە لە کۆنگرەکەدا ڕوی دا ، ئەو ئایدیایە سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە داوای پەیوەندی پتەوی نێوان حیزبە سۆسیالیستیەکان و سەندیکاکانی ئەکرد . بڕیاری

کۆنگرەکەش پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە خەباتی پرۆلیتاریا کاتێک سەرفراز ئەبێت کە پەیوەندی نێوان سەندیکاکان و ڕێکخراوە حیزبیەکان پتەوتر بێت . بۆیە پێویستە چینی کرێکار هەمیشە تێ بکۆشێ بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی لەپچڕان نەهاتووی نێوان حیزب و سەندیکاکان . لێرەش پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە سەندیکاکان ئەبێ گۆشکردنی چالاکیەکانیان بەگیانی سۆسیالیزم ، لەتوانایاندا نیە ئەرکی خۆیان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی پرۆلیتاریادا جێ بەجێ بکەن .

کۆنگرەی کۆبنهاگن (١٩١٠) شوێنێکی تایبەتی تەرخان کرد بۆ ڕۆڵی هەرەوەزەکان و پایەیان لەخەباتی چینایەتی پرۆلیتاریادا . ئەوەی شایانی باسە لە ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکانی ناو کۆنگرەکەدا ئەوە دەرکەوت کە ژمارەیەك لە ڕۆڵی هەرەوەزەکان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا نەگەیشتبوون ، هەڵەی تێ نەگەیشتنەکەشیان لەو تایدیایەوە سەرچاوەی گرتبوو کە مارکس و ئەنگلز لەکاتی خۆیدا ڕەخنەیان لێ گرتبوو و ئەڵێ : ئەگەر هەرەوەرزەکان تاقە ئامرازی سەرەکی ڕزگارکردنی پرۆلیتاریا نەبێ ، ئەوا یەکێکە لەو ئامرازە سەرەکیانە . هەروەها هەندێ نوێنەر دژی پەیوەندی پتەوی نێوان حیزبەکان و هەرەوەزەکان وەستان و داکۆکیان لە " بێ لایەنی " هەرەوەزەکان ئەکرد . ئەو بیروڕایانە و نموونەکانیان تاودانەوەی ئەو تیۆرە وردە بۆرجوازیانەیە بوو کە پێی ئەوترا " سۆسیالیزمی هەرەوەزی " . نوێنەرانی ڕوسیا بەسەرۆکایەتی لێنین و نوێنەرانی هەندێ حیزبی تریش ، کە پێڕەوی بیروبۆچونەکانی مارکسیزمیان ئەکرد ، دژی ئەو بیروڕا چەوتانە وەستان . لەئاکامدا لینین ووتەنی ، بڕیارێك درا کە لە بنچینەدا " بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەرکی هەرەوەزەکانی پرۆلیتاریای دیاری ئەکرد " .

بڕیارەکە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئامانجی سەرەکی هەرەوەزەکان یارمەتیدانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا و چاککردنی هەلومەرجی ژیانیەتی . کۆنگرەکە پرۆلیتاریای بەرامبەر قەبەکردنی ڕۆڵی هەرەوەزەکان وریا کردۆتەوە و لەهەمان کاتدا داوای ئەوەی کردوە کە سۆسیالیستەکان بەچالاکانە لە جولانەوەی هەرەوەرزیدا بەشداری بکەن ، وە ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە بەرژەوەندی چینی کریکار لە خەباتی خۆیدا دژی سەرمایەداری ، پێویستی بە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەرەوەزەکان و حیزبە سۆسیالیستیەکان هەیە .

هەروەها ئینتەرناسیۆنالیزم منت و مڕی لەسەر مەسەلەی

نەتەوەکان و کۆلۆنیالیزم کرد ، ئەمەش یەکێك بوو لە مەسەلە سەرەکییەکانی کۆنگرەی شتوتگارت (١٩٠٧) .

لەو کۆنگرەیەدا ملمڵانێ یەکی توندوتیژ لەنێوان مارکسییەکان و ریڤیژنیستەکاندا ڕوویدا . چونکە ( ڤان کول ) ی هۆڵەندی و هەندێ نوێنەری هەلپەرستی تر لەبری ئەوەی بەبێ هیچ قەیدو شەرتێك دژی کۆلۆنیالیزم بووەستن ، کەچی کەوتبوونە هێنانەوەی بەهانە بۆ کۆلۆنیالیزم . لە پڕۆژەی ئەو بڕیارەدا کە زۆربەی ئەندامانی لیژنەی مەسەلەی کۆلۆنیالیزم دەریان بڕیبوو ، تیێزێك دەربارەی شیاوی " سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی سۆسیالیستی " هاتبوو . لەو تیزەدا ئەوە هاتبوو : " کۆنگرەکە لەڕووی مەبدەئییەوە و لە هەموو سەردەمێك دا سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ڕەت ناکاتەوە و ئەمیش ئەو سیاسەتە لەسێبەری ڕژێمی سۆسیالیستی دا خزمەتی مەسەلەی شارستانییەت بکات " . ڤان کول لەکاتی بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەو ئایدیایەدا ئەیویست ئەو بیروڕایە بسەلمێنێ کە کۆلۆنەکان شتێکی گرنگن بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی پیشەسازی و چاککردنی ژیان لە دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکاندا ، وە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی لەگەڵ بەرژەوەندییە چینایەتی و نیشتمانییەکانی پڕۆلیتاریادا جوت و تەبایە .

سۆسیالیستە چەپەکان بەتوندی دژی ئەو هەڵوێستەی هەلپەرستەکان وەستان و کۆنگرەکە بەزۆربەی دەنگ ئەو بڕیارەی پەسەند کرد کە ئەڵێ : " کۆنگرەکە وەهای ئەبینێ کە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ئیمپریالیستانە لە واقیعدا ئەبێتە هۆی کۆیلایەتی و کاری زۆرەملێ و تەفروتوناکردنی دانیشتوانی بنەڕەتی کۆلۆنەکان . ئەو پەیامە شارستانییەش کە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئاشکرای کردوە ، پەردەیەکە بۆ داپۆشینی تەماحکاریە چڵێسییەکانی دەست درێژی و چەوساندنەوە . تەنیا کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە دەستی دێ توانای هەموو گەلان بۆ خواردنەوە لە جۆگەلەی شارستانییەت مسۆگەر بکات " . ئەوەی شایانی باسە ئەم بڕیارە سەرکەوتنێکی چاك بوو بۆ هێزە چەپەکان .

یەکێك لەو مەسەلە سەرەکیانەی کۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم لەیەکەمین ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا مشت و مڕیان لەسەر کرد ، مەسەلەی ڕەوتی سەربازانە و مەترسی جەنگی جیهانی بوو . ئەمەش شتێکی ئاسایی و سروشتی بوو ، چونکە مەترسی جەنگ لە نێوان وڵاتە سەرمایەدارییە بنچینەییەکاندا نزیکبووەوە و هەڕەشەی لەو کۆمەڵگایانە ئەکرد . ئەوەی شایانی باسە لەنێو ڕیزەکانی

سۆسیال دیموکراسیەکانی دنیادا ململانێ لە نێوان تەییاری شۆڕشگێڕ و تەییاری هەلپەرستدا دەربارەی مەسەلەی هەڵوێست بەرامبەر ڕەوتی سەربازانە و جەنگ توندو تیژ ببووەوە. ئەوەش بە ڕونی یەکێ تایبەتی لە کۆنگرەی شتوتگارتدا دەرکەوت کە تیایدا چوار پڕۆژە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو مەسەلەیە دەربڕدرابوو.

سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بەسەرکردایەتی لینین و لۆکسمبۆرگ، ناکۆکیان لە هەڵوێستی مارکسی شۆڕشگێڕی چەسپیو دەربارەی مەسەلەی جەنگ ئەکرد و خەباتێکی سەرسەختانەیان لە بێنا و داڕشتنی بڕیارێکدا ئەکرد، کە شیکردنەوەیەکی ڕاست و دروستی تێدا بێت بۆ ڕەوتی سەربازانە و مەترسی جەنگ لە سێبەری ئیمپریالیزم دا، وە چینی کرێکاری گشت وڵاتەکان بەتەکتیکی شۆڕشگێڕانەی هەستپێکراو بۆ خەبات دژی ڕەوتی سەربازانە و جەنگ چەکدار بکات. ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی لینین و لۆکسمبۆرگ لە پڕۆژەی بڕیارەکەدا کردیان و بیبل پێشنیاری کردبوو ئەو ئامانجە بەدەستهات، لەو بارەیەشەوە ئەم وتانە هاتووە: "ئەگەر مەترسی جەنگ زیاتر بوو، ئەوا پێویستە لەسەر شانی کرێکارانی وڵاتی دیاریکراو و نوێنەرەکانیان لە پەرلەماندا بەهەموو توانایەک تێ بکۆشن بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵگیرسانی جەنگەکە و هەنگاوی پێویستی وەهاش بۆ ئەو مەبەستە بنێن کە بێگومان بەپێی توند و تیژبوونی بارودۆخی چینایەتی و سیاسی گشتی ئەگۆڕێ و توندوتیژ ئەبێت.

ئەگەر جەنگەکە هەڵگیرسا ئەوا پێویستە لەسەریان کار بۆ کۆتایی پێ هێنانی خێرای بکەن و بە هەموو ڕێگەو شێوازێک تێ بکۆشن بۆ سوود وەرگرتن لە تەنگوچەڵەمەی ئابوری و سیاسی و ئەنجامی جەنگەکە، وە بەکاریان بهێنن بۆ وریاکردنەوەی هوشیاری سیاسی جەماوەری گەل و خێراکردنی ڕوخاندنی دەسەلاتی چینی سەرمایەدارەکان".

ئەم بڕیارە بە دەنگی هەموان و بە حەماسەتێکی زۆرەوە پەسەندکرا، ئەوەش سەرکەوتنێکی گرنگ بوو بۆ هێزە چەپەکانی ناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم. ئەوەی شایانی باسە ئەو بڕیارەی کۆنگرەی شتۆتگارت دەربارەی هەڵوێستی سۆسیالیستەکان بەرامبەر ڕەوتی سەربازانە و جەنگ، لەلایەن کۆنگرەی کۆپنهاگن (١٩١٠) و بازلەوە (١٩١٢) دوپات کرایەوە.

کۆنگرەی بازل بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر ئەو بەیاننامەیە دا کە دژی جەنگ ئاراستەکرابوو. ئەو بەیاننامەیە

داوای لە کرێکارانی گشت وڵاتەکان ئەکرد بە هاوکاری لەگەڵ پرۆلیتاریای جیهان بەرەنگاری ئیمپریالیزم و سەرمایەداری ببنەوە. هەروەها بەیاننامەکە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە " کرێکاران باوەڕیان وایە کە تیرباران کردنی یەکتری و لەبەرژەوەندی سەرمایەدارەکاندا و لەپێناو خانەدانی و بڵندی دیبلۆماسیەتی نهێنی دا تاوانە ". گرنگترین بەشی بەیاننامەکەش ئەو دەستورانە بوو کە لەبڕیاری کۆنگرەی شتۆتگارت دا لەسەر پێشنیاری لینین و لۆکسمبۆرگ تۆمار کرابوو. بەگشتی بەیاننامەکە توانی ببێتە بەرنامەیەکی چاك بۆ کارەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم و چینی کرێکاری گشت وڵاتان لە دژی جەنگ.

ئەوەی ڕاستی بێ توندوتیژبوونی ئاقاری هەلپەرستی لەناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم دا و ناتەبایی کارەکانی سەرکردەی زۆربەی حیزبەکان لەگەڵ ووتەکانیان دا ، بوونە هۆی ئەوەی ئەو بڕیار و بانگەوازانەی ئینتەرناسیۆنالیزم دەربارەی جەنگ وەك نووسینی سەر لاپەڕە بمێننەوە.

## گرنگی مێژوویی و مایەپوچی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم

لە ئابی ١٩١٤ دا ئاگری یەکەمین جەنگی جیهانی هەڵگیرسا. ئەگەرچی ڕژێمی دەوڵەتە شەڕخوازەکان بەشێوەیەکی سەرزارەکی داکۆکی کردن لە نیشتمان و بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانیان دەرئەبڕی ، بەلام لەواقیعدا جەنگەکە جەنگێکی ئیمپریالیستانە بوو بۆ دابەشکردنی جیهان و ناوچەکانی دەسەڵات و سەرچاوەی کانی کەرەسەی خاو و بازاڕی فرۆشتن و شوێنی خستنەگەڕی سەرمایەی سەرمایەدارەکان بوو.

سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم لەگەڵ هەموو ئەوانەدا و لەبری خەباتکردن لەدژی جەنگ و ئەو دەسەڵاتدارانەی جەنگیان هەڵگیرساندبوو ، کەوتنە پشتگیری کردنی ئەو جەنگە و حکومەتەکانی خۆیان. بەو جۆرەش خیانەتیان کرد لە نەریتە مەزنەکانی وەك جولانەوەی کرێکاری ، شۆڕشی پرۆلیتاری ، بیروباوەڕی برایەتی و هاوکاری ئینتەرناسیۆنالیستانەی نێوان ڕەنجدەرانی هەموو وڵاتەکان. بۆیە ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم ، کە ڕێکخراوێکی جیهانی حیزبە کرێکاریەکان و سەندیکاکان بوو ، مایەپوچ بوو. لێنین بە قولی



هەواڵنامەی کتێب

ئەو هۆیانەی شی کردۆتەوە کە ڕێگەیان بۆ ئەو مایەپوچیەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم خۆشکردە ئەوەتا ئەڵێ : " مایەپوچی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم ، مایەپوچی ئەو هەلپەرستیەیە کە لەناو زەمینەی خاسیەتەکانی سەردەمی مێژوویی ڕابردوودا ، کەپێی ئەوترا " ئاشتی " ، پێگەیشت و لەم ساڵانەی دواییدا بەکردەوە دەستی بەسەر ئینتەرناسیۆنالیزم دا گرتبوو " . لیرەشداوەك لێنین دوپاتی کردۆتەوە ، هەلپەرستەکان هەر لەکۆنەوە زەمینەی ئەو مایەپوچیەیان خۆشکردوە .

لەدوا ئەنجامدا ناسەبدەئیەتی زۆربەی سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم لەبواری قەلاچۆکردنی هەلپەرستەکاندا بووە هۆی ئەوەی زۆربەیان ، کە لە یەکەمین ساڵەکانی چالاکیەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم دا لەگەڵ هەڵوێستی ڕاست و دروستدا بوون ، تووشی نەخۆشی هەلپەرستی ببن ، وە لەو ساتە مێژوویە بڕیاردەرانەی پێویست بوو سەرکردایەتی خەباتی چینی کرێکار دژی بۆرجوازیەت ڕابەرێنن ، خیانەتیان لە مەسەلەی کرێکاران ئەکرد . خیانەتەکەشیان دوای زاڵ بوون و سەرکەوتنی هەلپەرستی بووە هۆی لەناوچونی ئینتەرناسیۆنالیزم .

لینین دەربارەی هەڵسەنگاندنی گرنگی مێژوویی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم نووسیویەتی : " کاتێك ئەوترێ ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم مردوە و دوچاری مایەپوچی خراپ بووە ، پێویستە ئەوە بەشێوەیەکی ڕاست تێ بگەین " . ئەوە مانای ئەوەیە کە هەلپەرستی و ریفۆرمیزم و سۆسیالیزمی وردە بورجوازی مایەپوچ بوون و مردون . چونکە ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دەستکەوت و شوێنەواری مێژوویی خۆی هەیەو کرێکارانی هوشیار هیچ کاتێك ناتوانن پشت گوێیبخەن و نکۆڵی لێ بکەن ، لەوانە : دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەریە هەرەوەزیەکانی کرێکاران ، ڕێکخراوە سیاسی و سەندیکالیەکان ، بەکارهێنانی سیستەمی پەرلەمانتاری بۆرجوازیەت و هەموو دامەزراوە دیموکراتیەکانی بۆرجوازیەت و ئەوانی تر " .

ئەوەی ڕاستی بێ ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بەکردەوە لەبەرە بەیانی یەکەمین جەنگی جیهانی دا پێکهاتبوو لە ( ٢٧ ) حیزبی کرێکاری سۆسیالیستی ( ٢٢ ) وڵات کە ( ١٢ ) ملیۆن کەس دەنگی بۆ دابوون . هەروەها ڕابەرایەتی چەندین سەندیکای ئەکرد کە (١٩) ناوەندی سەندیکایی نیشتمانیان ئەبرد بە ڕێوە و سەرجەمی ئەندامەکانیان (٢٤ ) ملیۆن مرۆڤ بوو . جولانەوەی کرێکاری هەرەوەزی ئەوروپا ، کە لە بنچینەدا سۆسیال دیموکراسیەکان ڕابەرایەتیان

ئەکرد، ساڵی ١٩١٤ پێکهاتبوو لە (٣٠) هەزار هەرەوەزی بەرخۆرو نزیکەی (٩) ملیۆن ئەندامی هەبوو. هەروەها ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی کرێکاریش لەژێر ڕابەرایەتی حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکاندا گەشەیان ئەکرد.

ئەنجامی چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزم و حیزبەکانی لە زمارەیەك وڵات، ڕۆژنامەگەری جەماوەریی سۆسیالیستی سەری هەڵدا و کەلەپووری مارکسیزم بڵاوکرایەوە و بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستی چووە ناو توێژێکی فراوانی ڕەنجدەرانەوە.

ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم کاری زۆری کرد بۆ گەشەپێدانی ستراتیج و تاکتیکی خەباتی پرۆلیتاری و لە بڕیاری کۆنگرەکانی خۆی و کۆنگرەی حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکانی ناویدا، چەندین بیروڕا دەربڕا لە دژی ئەنارشیستەکان لەلایەك و ڕیڤیژیستەکان لە لایەکی ترەوە. چونکە ئەوانە خاوەنی بیروڕای چەوت و زیان بەخشبوون بۆ جوڵانەوەی کرێکاری.

چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم یارمەتی کرێکارانی دا سەر بە چەوسێنەران شۆڕبکەن و هەندێ دەستکەوتیان لێ بستێنن، وەك: سەربەستیە دیموکراتیەکان، چاککردنی هەلومەرجی کار و بارودۆخی ماڵی کرێکاران، پەسەندکردنی بڕیاری کارو شتی تر. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو سەرشۆڕیە نەی ئەتوانی چەوساندنەوەی کرێکاران بنبڕ بکات، بەڵام یارمەتی ئەوەی ئەدا پایەگا و شوێنەواری چینی کرێکار پتەوبێ و جوڵانەوەی کرێکاری گەشە بکات. هەروەها ئینتەرناسیۆنالیزم ڕۆڵێکی گرنگی بینێ لە یەکخستنی ڕێکخراوە نیشتمانیەکانی چینی کرێکار لە یەك ڕێکخراوی یەکگرتوی جیهانیدا، وە بەهۆی کۆنگرە و بڕیارەکانیەوە زەمینەی بڵاوبوونەوەی بیروڕای ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری خۆش بوو.

ئەمڕۆ بیروڕاکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بابەتێکە بۆ ململانێی فیکری توندوتیژ. چونکە کاتێ سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان باسی بەرهەمی چالاکیەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم ئەکەن، تەنیا و هەمیشە سەرنج بۆ خەبات دژی ئەنارشیستەکان و سەندیکالیە ئەنارشیستەکان ڕائەکێشن و لە ئاستی ناوەڕۆکی خەباتی مارکسیەکان دژی ڕیڤیژینیزمەکان یان بێ دەنگ ئەبن یان ناوەڕۆکەکەی ئەشێوێنن. ئەوانە لەناو بڕیارەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمدا ئەو لایەنانە دوپات ئەکەنەوە، کە باسی گرنگی بەکارهێنانی دیموکراتیەتی بۆرجوازی و چالاکی پەرلەمانتاری و ڕێکخراوە سەندیکالی و هەرەوەزیەکان ئەکەن لەلایەن چینی کرێکارەوە ئەکەن. واتەباسی لەوانە

ئەکەن کە لەگەڵ چوارچێوەی یاسای بۆرجوازیەتدا گونجاو و تەبایە.

هەروەها ئایدیۆلۆگەکانی سۆسیال دیموکراسیە ڕاستڕەوە داوچەرخەکان بێ دەنگ ئەبن لەبەرامبەر گرنگی ئەزموونی یەکەمین شۆڕشی ڕوسی (١٩٠٥) بۆ جولانەوەی کرێکاری جیهان، وە ڕۆڵی لینین و بۆلشەفیکەکان لەخەباتی دژی هەلپەرستی ناو حیزبەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمدا فەرامۆش ئەکەن.

سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان وزەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەوە ئەخەنە گەڕ بەرپرسیاری مایەپوچی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم و خیانەتکردن لە مەسەلەی چینی کرێکار لە ئەستۆی سەرکردەی حیزبە سۆسیال دیموکراسیەکان هەڵگرن. سۆسیال دیموکراسیە داوچەرخەکانیش تێزەکانی کاوتسکی و سەرکردەکانی تری ئینتەرناسیۆنالیزم دووەم دوپات ئەکەنەوە و هەوڵ ئەدەن وەهای دەربخەن کە ئینتەرناسیۆنالیزم لە ساڵەکانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا لەتوانایدا نەبوو هیچ شتێك بکات. چونکە ئەوان ووتەنی، جەماوەری کرێکار کەوتبوونە داوی ڕەوتی ناسیۆنالیزم و شۆڤێنیزمەوە. ئەوانە هۆکان و ناوەڕۆکی مایەپوچی ئینتەرناسیۆنالیزم ناگێڕنەوە بۆ خیانەتی سەرکردەکانی لەمەسەلەی شۆڕشی پرۆلیتاری و دەست خستنە ناو دەستی بۆرجوازیەوە، بەڵکو ئەی گێڕنەوە بۆ پچڕانی پەیوەندی نێوان حیزبەکان و نالەباری سازکردنی کۆبونەوە و کۆنگرەکان بەرێکوپێکی.

شان بەشانی بیروڕای هەلپەرستی ڕاستڕەوانە لەنێو ریزی جولانەوەی کرێکاریدا، هەڵسەنگاندنی چەپڕەوی توندڕەوانە و گۆشەگیری ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم و ئەنجامی چالاکیەکانیان بەدی ئەکرا. ئەوانە بەشێوەیەکی یەك لابینانە چالاکیەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمیان هەڵئەسەنگاند و تەنیا لایەنە سەلبیەکانیان ئەبینی و ڕەچاوی ئەو لایەنە ئیجابیانەیان نەئەکرد کە لەپێناو گەشەپێدانی جولانەوەی کرێکاری و لەناوبردنی هەلپەرستی ڕاسترەو و "چەپرە" وانە خرابوونە گەڕ.

کۆمۆنیستەکان زۆر بەتوندی شێواندنە ڕیفۆرمیستی وگۆشەگیریەکانی شارەزایی و چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم ڕەت ئەکەنەوە و شان بەشانی ئەوە ڕێزی گرنگی مێژوویی ئینتەرناسیونالیزم ئەگرن و ڕەچاوی لایەنە ئیجابی و سەلبیەکانیشی ئەکەن. تەنیا ئەم شێوازەیە کە یارمەتی جولانەوەی کرێکاری داوچەرخ ئەدات خەبات لەپێناو بەرژەوەندیەکانی ڕەنجدەراندا بکات و ە ئەویە یارمەتی بولاندەکەکە



هەواڵنامەی کتێب

ئەدات لەو هەڵە و کەموکورپیانە دورکەوێتەوە کە بوونە هۆی سەرکەوتنی ئاقاری هەلپەرستی لە ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا و مایەی مایەپوچی ئینتەرناسیۆنالیزم .

بەو جۆرە جولانەوەی کرێکاری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دا ململانێیەکی توندوتیژ لە نێوان دوو تەییاری بەخۆوە گرت ، ئەو ململانێیەش لەسەر ئاستی نیشتمانی و جیهانیش بارببوو . لێرەشدا ئەگەر چی پێگەیشتنی هەلپەرستی بووە هۆی مایەپوچی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم ، بەلام جولانەوەی کرێکاری بەگشتی پێی نایە پلەیەکی بالاترەوە . گرنگترین هەنگاویش بۆ پێشەوە لە جولانەوەی کرێکاری دا بریتی بوو لە دامەزراندنی حیزبە سیاسیە سەربەخۆکانی چینی کریکار و سەرهەڵدانی یەکەمین حیزبی پرۆلیتاری شێوە نوی : حیزبی بۆلشەفیك . هەروەها سەرهەڵدانی لینینزمیش گرنگیەکی بێ وێنەی هەبوو . جگە لەوانە پرۆلیتاریا شارەزاییەکی زۆر گرنگی بۆ خەباتی چینایەتی شۆڕشگێڕانە کەڵەکە کرد ، بەتایبەتی لە ئەنجامی شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕوسیا . پرۆسە بابەتیەکانی لەجیهاندا ڕوبان ئەدا و گۆڕانی سەرمایەداری بۆ ئیمپریالیزم بوونە هۆی پێگەیشتنی پێداویستیە گرنگەکانی بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشی سۆسیالیستی . یەکەمین جەنگی جیهانیش بەدەوری خۆی توانی تەواوی ناکۆکیە دوژمنکاریەکانی هەناوی ئیمپریالیزم دەربخات و ئیمپریالیستەکان ، بە پێچەوانەی ویستەکانی خۆیان ، نەیان توانی لەرێگەی هەڵگیرساندنی جەنگەوە کۆسپ بخەنە بەردەمی تەقینەوەی شۆڕشگێڕانە . ئەوەبوو لە ناوەندی جەنگ دا بارودۆخی شۆڕشگێڕی لە ژمارەیەك وڵاتی ئەوروپادا سەری هەڵدا و بووە هۆی بەرپاکردنی چەندین شۆڕش ، گرنگترینیان شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن بوو .

## سەرچاوەکان

■ ئەم بابەتە کە لەلایەن کۆمەڵێك زانای سۆڤیتیەوە نوسراوە ، بە دوو نامیلکەی بچوك ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن ( دار ابن خلدون ) ەوە بلاوکراوەتەوە و ( ب . نوری ) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ، ئێمەش لەبەر گرنگی بابەتەکە بەچاکمان زانی بیکەینە کوردی .

ماویەتی

# یەکگرتن

## پاشکۆی ئەدەب و هونەر

ژمارە ٥    نیسان    ١٩٨٨


| | | |
|---|---|---|
| سینەما | | ١٥٥ |
| دیالەکتیک و هونەر | | ١٥٧ |
| چۆلەکەیەکی پەڕشکاوی لاڵ | هۆنراوە | ١٦٥ |
| سلێمانی ، لە پێشوازی ماتەمێکی گەورەدا | هۆنراوە | ١٧١ |
| نۆبەداری مەهـ و ساڵێ | هۆنراوە | ١٧٨ |
| بەردەوامی | هۆنراوە | ١٨٠ |
| گەڕان | هۆنراوە | ١٨٢ |
| هیوا | کورتە چیرۆك | ١٨٥ |
| زێراب | کورتە چیرۆك | ١٩٣ |
| لەبەردەم یاسادا | کورتە چیرۆك | ٢٠١ |
| گلەیی | کورتە چیرۆك | ٢٠٤ |
| پەنجەرەیەك | دوا لاپەڕە | ٢٠٧ |


هەواڵنامەی کتێب

# هاوارێک

ڕەزا حەمەفەرەج

بۆن - ١٩٨٨

ئەی ئەوانەی بەدیلی لەدایک بوون

مەهێڵن بە دیلی بمرن!!

ئەی ئەوانەی

چ برینتان، چ ئازارتان،

چ هەتوانتان هاوبەشە

یەک دەنگ، یەک چەک،

یەک ڕێ بگرن.

ئەی ئەوانەی ویستەکانتان

ئەنجامی یەک هاوکێشەیە

بیشەتان گەر جیاواریش بێ

کێشەتان هەر یەک کێشەیە.

هەواڵنامەی کتێب

## هونەر

# سینەما

دەشێ لەڕوومان نەیەت ـ چ لەناو خۆمان دا و چ لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا ـ باس لەو هونەرە شارستانییە ناوێزەیە بکەین. هەڵبەتا! چونکە ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی ئەم هونەرە ـ لەبواری کەلتووری کوردی دا ـ بدەینەوە ، لە چەند هەوڵدانێکی سادە ، ساکار ، لە چەند هەوڵدانێکی هەناسەکورت و بێ برشت زیاتر ، هیچی دیکەمان لەبەر دەست دا نیە کە بیکەینە نموونەی خەروارەکەمان...

( یەڵماز گۆنای ) کورد بوو . بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی دیکە و حەکایەتێکی دیکەیە : جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی مەیدانی سینەمای کوردی و داهێنانی سینەمایی ـ بەزمانی کوردی !

هونەری سینەما ، تاقە هونەرێك نیە ـ کە لە بواری بزووتنەوەی کەلچەری کوردی دا ، سەردەق نەشکێنرا و ، بێناز ، هەتیو مابێتەوە.. بەڵام بێگومان ؛ تاقە هونەرێکە : کە لەدایکبوونی ، خولقانی ، گەڵاڵەبوونی ، گەشەکردنی ؛ ببەسترێتەوە بە ئەورووپاوە !

خولقاندن و لەدایکبوونی سینەمای کوردی ( بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانیکی و گرنگی بە نەوەی تازەی هونەرمەندانی ئاوارەی کوردی ئەمڕۆوە هەیە ـ لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەورووپادا !

ئێمە ئەگەر ، ڕەگ و ریشەی شیعر ، چیرۆك ، باوەڕ ، ئەخلاق ، ئاین ، شێوازی خەبات و سیاسەتمان.. ئەگەر هەموو شتێك ، هەموو شتێکمان لەسەر زەمینی خۆمان و لەناوجەرگەی وڵاتی خۆمان ، یا لە وڵاتانی دەوروبەرمانەوە هەڵهێنجابێ ؛ ئەوا پێویستە ؛ پێویستە

ڕەگ و ڕیشەی ئەم هونەرە دیاریکراو و تازەیە ، لە ئەوڕووپاوە ، لە بزووتنەوەی سینەمایی ئەوڕوپاوە هەڵبهێنجین : چ لە خوێندنی ئەکادیمیانە ، چ لە ئەزموونە پراکتیکییەکان ؛ چ لە ئەزموونە ڕاستەوخۆ پیشەوەرییەکانی بواری سینەمای ئەوڕووپی !

وە ئێمە ئەگەر لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا ، لەم دەبەی ئەمڕۆدا ـ کە لەناو دڵی ئەوڕووپا و لەناو دڵی ئەزموونەکان دا دەژین ـ نەتوانین " هەندی شت " فێرببین و ، شتێك بە شتێك بکەین ، ئەوا هەرگیز ، هەرگیز ، هیچ نەوەیەکی دیکە ناتوانێ پێشەکی و دیباجە بۆ ئەو کتێبە فەرامۆشکراوە لاپەڕە سپییە بنووسێتەوە • خۆ ئاشکرایشە : توانا پیر و پەککەوتە و درۆزنەکان ، لەناو قۆزاغەی نابووتی خۆیان دا ، وەکو بلێی " بەیەکجارەکی " خامۆش بوونەتەوە !

خولقانی سینەمای کوردی ، واتە هەوڵدان و گەڕان و سووتان و شەونخوونی و عیشقی پیرۆز و پەراسیمەی " چەند هونەرمەندێکی گەنجی ئاوارەی کورد ـ لە ئەوڕووپا " !

( داماتوو ) ، چاوەڕێی کار و ئاکام و بەرهەمیانە !

## ئاگاداریەك

بە نووسەران و خوێنەرانی خۆشەویستی ڕادەگەیەنین ، کە " یەکگرتن " لە ژمارە حەوتی خۆی دا ، بە مەبەستی برەوپێدانی هونەری سینەمای کوردی ، فایلێکی تایبەت بە هونەری سینەما و سینەمای کوردی ئامادە دەکات • ئاواتە خوازین لەم بوارەدا بەناردنی ووتار و بابەت و کەرەستەی سوود بەخش هاوکاریمان بکەن •

**هونەر**

# دیالەکتیك و هونەر

وەرگێڕانی : **کەمال ڕەشید**

## چەمکی هونەر :

شێوە و ناوەڕۆك لە هەمان کاتدا کە خاوەنی سیما و تایبەتمەندی خۆیانن ، پەیوەندییەکی دیالەکتیکیانەی بەهێزیشیان لەگەڵ یەکدی دا هەیە و کار لەیەکتری دەکەن . قەوارە و چوارچێوەی تەسك یان فراوانی شێوە ، کە ئەمیش بۆ خۆی دەست نیشانکەر و بەدیارخەری ناوەڕۆکە ؛ ئەوا پلەی بەپێزی و لاوازی ، چالاك یان ناچالاکی ئەویش دەردەخات . بەم شێوەیە نێوەڕۆکیش دەست نیشانکەری " شێوە "یە ، هەرچەندە لەم ڕێڕەوەدا کە شێوەش بەدوورە پەرێزی نامێنێتەوە ، مارکس وتەنی " شێوە بەهایەکی نییە ئەوە نەبێت کە لەخزمەتی ناوەڕۆکدایە " .

دەتوانین بوونی ئەم مەفهومانە لە ڕووبەرێکی پان و بەریندا و لەپەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا ، شێوەی دیاردەکان و ، دەرکەوتنیشیان بە شێوەی بوونی کۆمەڵایەتی لە خودی " بوونی کۆمەڵایەتی " و " هوشیاری کۆمەڵایەتی " دا وەدەست بهێنین . لەهەمان کاتیش دا ئەم واژەیە : " بوونی کۆمەڵایەتی "، " هوشیاری کۆمەڵایەتی " لایەنەکانی دیکە و باڵە مادی و مەعنەویەکانی ژیانی کۆمەڵگاش پیشان دەدەن . تەمانەش لە پەیوەندی تەواویان دا بە چەمکە گشتی و مادیەکان و هۆشیشەوە دەردەکەون و ڕۆشن دەبنەوە و بەرقەرار دەبن . خورد کردنەوەی ئەم مەسەلانەش خۆی بە شێکە لە کۆمەڵێك مەسەلە کە

هەواڵنامەی کتێب

لەبەیانی فەلسەفی دا بەنێوی جیهانبینی ئایدیالیستی یان ماتریالیستییەوە ، بەرخوردیان لەگەڵ دا دەکەین .

هەر بەو مانایەش ئایدیالیستییەکان باوەڕیان وایە هۆش لەپێشترە . لە کاتێک دا ماتریالیستییەکان باوەڕی تەواویان بەوەیە کە مادە پێش هوشیاری کۆمەلایەتی دەکەویت ، کاملبوونی ئەم بیرەش لە ماتریالیزمی دیالەکتیک دا پێدەگات و پەرەش دەبێتەوە . بۆ یەکەمین جار لەمێژووی مرۆڤایەتی دا ، مارکس و ئەنگلز بەشێوەیەکی فراوان ئەم لایەنەیان " سیستەماتیکا " واتە : شێوە بەندی کرد ، لە پاشانیشدا لینین پرنسیبە دیالەکتیکییەکانی مارکسیزم ـ لینینیزمی داڕشت و دەولەمەندتری کرد ، ئەمەش خوی لەسی بەش و بنچینەی سەرەکی دا دەبینێتەوە : "فەلسەفەی دیالەکتیکی " ، " ئابوری سیاسی " ، " کۆمۆنیزمی زانستی" . ئەمەش وایکرد مارکسیزم وەك زانستێك هاتە سەر زەمینەی واقیع ، بە بۆچونێکی زانستیانەشەوە هەڵسا بە شیکردنەوەی ڕووداوەکان و پەیوەندییەکانی ژیان ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش کامڵ و فراوانتر بوو . دیارە ئەوەش شتێکی بەدیهی و گومان لێ نەکراوە ، کە تەواوی دیاردە و شتەکانیش خۆیان لەم پەیوەندییانەدا دەبیننەوە ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەوەی کە لەژیانی کۆمەڵگادا بوونی هەیە ، خۆی لەخۆی دا مایەی شیکردنەوەیە ، واتە ناتوانرێت مەسەلەیەك لەدەرەوەی ئەم پەیوەندییانە وەچنگ بهێنرێت . مارکس دەڵێت : " ئەوە هوشیاری مرۆڤەکان نییە کە دەبێتە دەستنیشانکەری بوونی کۆمەلایەتی ؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی کۆمەلایەتییانەی مرۆڤەکانە ڕادەی هوشیارییان دەست نیشان دەکات " . واتە لەژیانی کۆمەلایەتیدا دوو جۆر دیاردە بوونیان هەیە ، یەکێکیان بەندە بە ڕەوتە مادیەکانەوە و سەربەخۆیە لە زەین و ئیرادە و هەستی مرۆڤ ، ئەوی دیکەشیان بەندە بە ڕەوت و ڕێچکە مەعنەوییەکانەوە : لایەنی فکر و ئەندێشە و هوشیاری مرۆڤ . ڕەوتی مادیی ژیانی مرۆڤیش بەدیارخەرو بنچینەیە و لەپێشەوە دێ . ئەم ڕەوتە مادییەش بریتییە لە " بوونی مادییانەی کۆمەلایەتی " .

بوونی کۆمەلایەتیش واتە کۆمەڵێ ڕەگەز و توخمی ژیانی مادییانەی کۆمەڵگا ، کە بریتین لە : جیهان ، جوگرافیا ، کۆمەڵ خۆی ، هێز کارەکانی دەوروبەری ژیان ، تەواوی شت و کەرەسەکان کە خودی مرۆڤ دروستی کردون و خولقاندونی و سروشتێکی مادییانەیان هەیە . هەروەها تەواوی بونە و پەیوەندییە مادییە سەربەخۆکانی زەینی مرۆڤیش ، کە لەنێوان مرۆڤ و دەروبەر و ڕەوت و پرۆسەی کاردا دێتە

ئەنجام و لەدایك دەبن ، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەدیاری کردن و دەست نیشانکردنی کامڵبوونی هوشیاری کۆمەڵایەتی دا .

هوشیاری کۆمەڵایەتیش بریتییە لە کۆمەڵێ ڕەنگدانەوەی ژیانی مادی لە زەینی ئەو کەسانەدا کە ژیانێکی کۆمەڵایەتی و پێکەوەیی دەگوزەرێن ، ئەویش هەر لەئاستی ناسینی خۆبەخۆیی و دەروونی یەوە بیگرن تا ئاستە ئایدیۆلۆجی و تیۆرییەکان بەردەوام دەبن و درێژ دەبنەوە . چونکە بەپێی تیۆری ئاودانەوەی لێنین کە ڕوونکردنەوەی زیاتریشی لە ئەزموونە زۆرەکانی " باڤلۆڤ " دا بەرجەستە کراوە ، بە شێوەیەکی هەمیشەیی ڕەنگ دەدەنەوە و دووبارە دەبنەوە و کاردەکەن . مێشکی مرۆڤیش بۆ خۆی شێوەیەکە لە مادەی کامڵبووی پێگەیشتوو ، کە ڕەنگدانەوەکانی و کارکردنی ئاڵۆزتر و قوڵتره لە ڕەنگدانەوە و پرۆسێسی هەرمادەیەکی دیکە . ئەم ڕەنگدانەوەیەش نێوی " هوش " بەخۆیەوە دەگرێت . لە بەرامبەر ئەمانەشدا بە هەمان شێوە کە هۆشی تاك ڕەنگدانەوەی واقیعە لە زەین دا ، ئەوا هوشیاری کۆمەڵایەتیش دیسانەوە ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانتر و گشتی ترە ، خاوەنی خەسڵەت و سروشتێکی زۆر ئاڵۆزە و دەتوانین لەسەر چەند ڕووبەری جیاوازیش دەست نیشانی بکەین و جودای بکەینەوە . هەروەها لە ڕووبەرێکی گشتی و باوی وەکو داب و نەریتەکان ، بیروباوەڕەکان ، زەوق و سەلیقە ، ڕێز و پایە کۆمەڵایەتییەکان ، کە ئەمیش لایەنێکی خۆبەخۆیی هەیە ، لە ڕەوت و کاروانی ژیانی مرۆڤایەتی دا زار بە زار ، سنگ بە سنگ ، وەچە دوای وەچە گوێزراونەتەوە ، دەتوانین ئەمەش نێو بنێین " گیان و دەروونی کۆمەڵایەتی " .

دەروونی کۆمەڵایەتی لە ڕووبەرێکی دیاریکراو و سەلمێنراو بە شێوەیەکی سیستماتیك و ڕێك و پێك دا ، کە ئەمیش لە ئاستێکی بالاتردا خۆی دەبینێتەوە و لە شێوەی تێڕوانینی زانستی و تیۆری دا خۆی دەنوێنێ . لەم ئاست و قۆناغەشدایە کە کاری فیکری لە کاری دەستی جوێ دەبێتەوە و بەهۆی کەسانێکی تایبەتەوە بەئەنجام دەگەیەنرێ ، زانستیش پایە و بنچینەی خۆی دادەکوتێ و زانا و فەیلەسوف و مەزهەبییەکان وەك دەستە و توێژێکی هەڵبژێردراو دەردەکەون . لەم کاتەشدا ئایدیۆلۆجیا دەردەکەوێت و دێتە ئاراوە .

لەئاستی چلۆنایەتیشدا بەشێوەی سیاسی ـ ستاتیکا ـ فەلسەفی ـ مەزهەبی ـ ئەخلاقی ـ هونەری ...هتد ، وا ڕادەگەیەنرێ کە دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت ئەم دابەشکردنە ناتوانێت لەگەڵ بڕاری کۆمەڵایەتیدا جیاواز بێت ؛ واتە ناتوانێت جیابێت لە هوشیاری

کۆمەلایەتی . بەلکو ئەم ڕووبەرانە بەشێوەیەکی تۆکمە و پتەو ، لە پەیوەندی و هاوکاری یەکی هەمیشەیی‌دان لەگەڵ یەکتردا و بوونی خۆیان دەسەلمێنن ، ئەم دابەشکردنەش تەنها لە لایەنی دەربڕین و بەیان دایە .

هەرچەندە هوشیاری کۆمەلایەتی ناکەوێتە پێش بوونی کۆمەلایەتی‌یەوە ، بەلام ڕۆلێکی کاریگەری هەیە و لەهەمان کاتیش دا خاوەنی سەربەخۆیی نسبی ( ڕێژەیی ) خۆیەتی . لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانیین بلێین ، کە پێناسەکانی سەر بە ژێرخان و سەرخان و پەیوەندی هاوبەشیان ، هەروەها ڕۆلی کاریگەر و دیاری ژێرخان لەچاو سەرخان دا ، چالاکیەکانی ژێرخان لەسەر بنەرەتی یاساکانی تایبەت بەخۆی. لەبواری بوونی کۆمەلایەتی و هوشیاری کۆمەلایەتی دا ، شتێکی ڕاست و گومان لێ‌نەکراوە ، تەنیا هێندە هەیە پەیوەندی یەکانی نێوان بوونی کۆمەلایەتی و هوشیاری کۆمەلایەتی ، خۆیان لەئاستێکی فراوانتر و گشتی تردا دەبیننەوە . بەلام بۆ دوورکەوتنەوە لە هەندێ هەلە و کەم وکوڕی ، پێویستیمان بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی زیاتر هەیە :

١- بوونی کۆمەلایەتی لەئاستێکی فراوانتردا لەژێرخان دا دەردەکەوێت و ، سەرجەم پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەلگا وسروشتە . هەروەکو لەمەوبەریش گوتمان ئەم پەیوەندیانە لە جیهانەوە دەست پێ دەکەن و لەخودی مرۆڤ خۆی دا کۆتایی دێن ، ئەمەش لەکاتێکدا کە ژێرخان ناوکی بنچینەیی بینا و قەوارەی کۆمەلایەتی‌یە ، بەلام پرۆسێس و کاریگەری لە بۆنە و پەیوەندی یەکانی بەرهەمهێنان دا زیاتر دەردەکەوێت .

٢- بەم شێوەیەش هوشیاری کۆمەلایەتی کەوتۆتە ئاستێکی فراوانتری ژێرخانەوە. لەبەر ئەوە سەرخانیش لەژێر کاریگەری ژێرخان دایە ، لەکاتێك دا هوشیاری کۆمەلایەتی لە پەیوەندی یەکی هەمیشەیی‌دایە لەگەڵ بوونی کۆمەلایەتی دا . تێبینی ئەم خالەش گرنگە کە هیچ یەکێك لەم واژانە جودا و دوورە پەرێز نی‌یە لەوی دیکەیان ، بەلکو وابەستەیە بەو لایەنەوە کە لەچ ڕوو و ڕێچکەیەکی فیکریەوە بە کۆمەلگای مرۆڤایەتی‌یەوە پەیوەست دەبن . تەواوی ئەم واژانەش بەدیارخەر و دەست نیشان کەری خالی گرێ باوی و ئالۆزن کە مەفهومەکان ڕوشن دەکەنەوە .

## هونەر وەك بەشێك لە هوشیاری کۆمەلایەتی :

هونەر شێوەیەکی هوشیاری کۆمەلایەتی‌یە ، کە واقیعیەت تیایدا

بە ڕووخسارێکی هونەرییانە ( نەك لەشێوەی چەمکە ڕووتە زانستییەکان ) دا ڕەنگ دەداتەوە، تەنیا هۆیەك نییە بۆ تێگەیشتن لە واقیع بەهۆی ڕوخسارەوە، بەڵکە کاریگەرییەکی مەعنەویشی هەیە . ( ١ )

لێرەدا پێویستە زیاتر دەربارەی " ڕووەکان " و جیاوازییان لەتەك مەفهوم دا ڕوون بکەینەوە . چەمکەکان لە قۆناغێکی بالاتردا دەردەکەون لەچاو ناسینە حسی " هەستی " یەکان دا، واتە بەشێوەی ناسینێکی لۆجیکی دەردەکەون و لە تایبەتمەندییەکانی هوشیاری مرۆڤایەتیشن . ئەم قۆناغەش خۆی خاوەنی پرۆسێسێکی دیاریکراوە و هەتا لە بوونەوەرەکانی دیکەشدا بالانییە، هەر لەم لایەنەوە ئەبستراکت ـ ڕوت ـ کردن لە خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی مێشکی ئادەمیزادە . لەبەرامبەر ئەم چەمکەدا بە مانای ڕووت ـ تجرید ـ کردنی ڕەگەزە دیار و بەرچاوەکانە لە زەین دا، بۆ وێنە / درەخت ـ مرۆڤ ـ باشی و لەم بابەتانەی کە لە واقیع دا درەخت خۆی لەزەینی ئادەمیزددا هەیە، بەلام بەهۆی بوونی ژمارەیەکی بێ شومار لە درەختەوە، ئەوەیە لەدەرەوەی زەین دا ئەوا بنیاد و وابەستەییەکی بابەتی هەیە . هەر ئەوەشە کە لەبەرامبەر ئەم چەمکەدا پێناسە و خاسیەتێکی گشتییەتی دیاردەکان ڕەنگ دەداتەوە و ڕۆشن دەبنەوە .

بەلام ڕووخسارەکان یان بە واتایەکی دیکە " وێنە هونەرییەکان " شێوەیەکی تایبەتین لە ڕەنگدانەوە و وەرگرتن و پەی بردنی واقیعەت کە لەگەل بوونی لەیەك چوونیشی دا لەتەك چەمك دا، ئەوا دیسان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی ئەگەر چەمکی بەسەك گشتی ڕووت ڕۆشن و بەیان بکات .. وێنە " هەمان درەخت " ، ئەوەیە کە ڕووخساری یەك گشتی دیاریکراو ڕەنگ پێ دەداتەوە و دەسازێنێ .. " پالەوانی داستان " کە ڕەنگدانەوەی واقیعیەتی دەرەوەیە، بەشێوەی وێنەی هونەری یان ـ ڕووخسار ـ کە لەزەینی هونەرمەندا شێوە دەگرێت و بەرجەستە دەبێت و، لەڕێگای پرۆسێس و چالاکی هوشیارانەشیەوە بەرجەستە دەبێت . هەر لەبەرامبەر ئەم " وێنە هونەری " یەشدا دەرکێکی بێ هاوتایی تایبەت و گشتی و بابەتی و خۆیی، مادی و واتایی ـ مەعنەوی ـ دیاردە و شتەکانە . کەواتە هونەرمەند لەڕێگای ڕەنگدانەوەی واقیعیەتی بابەتییەوە، لەزەینی خۆی دا بە شێوەی ڕوخسار و وێنە هونەرییەکان، چەمکە گشتی و یاسا گشتییەکان لەشێوەی تایبەت و دیاریکراو لەزەینی خۆی دا ئەبستراکت ـ تجرید ـ دەکات و دواییش بە شێوەیەکی بەرجەستە زیندوویان دەکاتەوە . هەر بەم پێوانەیەش " هونەر بۆ هونەر " *چەمکێکی

نادروست و بێ ناوەڕۆکە و ناتوانین لەلایەنی زانستی و سەلماندنەوە پەسەندی بکەین. ئەمەش هەر وەك ئەوە وایە کە بڵێین " چەمك بۆ چەمك "، یان لە فیزیادا بڵێین " کێش و کێش ". کەواتە هونەر دووبارە پێشاندەرەوەی واقیعەت و ململانێی کۆمەڵایەتی و دژێوی و جوانییە، کە لە شێوە و بۆتەی جیاجیادا دەردەبڕێت.

گوتمان هونەر جۆرێکە لە هوشیاری کۆمەڵایەتی و لەلایەن هونەرمەندەوە بەیان و بەرجەستە دەکرێت، لەبەر ئەوە هەر وەك شێوە و جۆرەکانی دیکەی هوشیاری کۆمەڵایەتی، جێگای خۆی لەڕەوتی کامڵبوونی کۆمەڵگادا هەیە و هاوکارانێکی ئەو ڕەوتەشە، هەربۆیە یەکەم: کاریگەری دیاری خۆی هەیە و وەك سەرجەم کردارە کۆمەڵایەتییەکانی تریش لەبواری پراکتیکی دا بۆتە خاوەنی ناسینێکی قوڵ و هەمیشەش لە جوڵەدایە و لەڕووبەڕەوە بەرەو ناواخن دەکشێ. دووەم: " لەم ڕەوتەیان دا ڕۆڵێکی بلاوکردنەوە و ڕووبەڕووبونەوەی لە ئەستۆدایە. بەم پێیەش بۆ دەرخستن و بەیانی داواکراوە ئاڵۆز و پڕ گرێ و گۆڵەکان کردار و پرۆسێکی فێرکاری هەیە، کە ئەم ئەرکە لەڕێگای دەست بەسەراگرتنی کەرەسە و هۆکارەکانی تایبەت بە خۆیەوە ئەنجام دەدات. دەتوانرێت بە تێڕوانینێکی تایبەت وتۆکمە هەستێکی قوڵەوە، بەهرەی تەواو لەم کەرەسانە وەربگیرێت، کە ئەمیش سەرچاوەی لە مەسەلە ستاتیکییەکاندەوەیە و بەپێی دەستووری هونەرناسی، شێوەی جۆراوجۆری هونەری لە فۆرمی جیاجیادا بەیان دەکرێت " . (٢)

لە کۆنەوە زانیویانە کە جیاوازییەکی فرە گەورە لە مەسەلە زەوقییەکان دا هەیە، گەر بمانەوێت نموونەیەکی سادە بهێنینەوە لەجێی خۆیدایە. تەماشا دەکەین ژمارەیەکی زۆر لە گوڵی ڕەنگاورەنگ و جۆراوجۆر هەیە کە جوان و دڵگیرن، یان ژمارەیەکی بێ ئەژمار لەمرۆڤ کەسەرنج ڕاکێشن، یان ژمارەیەکی زۆر لەشتی دیکەی ڕەنگاوڕەنگ و بەتام لە نێو خۆراك و خواردنەوەکان دا. لەم حاڵەتەدا گەر یەکێك جەخت لەسەر ئەوە بکات تەنها گوڵەسوورە جوانە، یان نارنگی بابەم بەتام و چێژە؛ وەیان بڵێت تەنها جوانەکانی فلان وڵات جوانن، ئەوا تێڕوانینێکی تەسکی دەربڕیوە و تەنها داوەرییەکی تەنگەبەری زەینی خۆیەتی و ستەم کردنیشە لە واقیعەت. بۆیە لەداهێنان و کاری هونەری و ئەدەبیدا دەبێت ڕەچاوی جۆراوجۆری و ڕەنگاورەنگی فۆرم و شێواز بکەین و پەسەند بکەین. بەتایبەتی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەی بواری هونەری بۆی هەیە لە نێوان تاپۆرەی شێوازە زۆرەکان دا یەکێك یان زیاتر پەسەند

بکات و هەڵبژێری، بەلام بە هیچ جۆرێك مانی ئەوەی نییە ئەو پەسەندی و داوەرییەی خۆی بەشتێکی موتڵەق بسەپێنێت و ئەوانی دیکە ڕەت بکاتەوە. ئەوەی لەسەرشانی هونەرە بریتییە لەپەیمانی کۆمەلایەتی لایەنگیری مێژووییانەی هونەر، هەروەها بەشداری کاریگەری لە تەکامولی پێشکەوتنخوازانەی کۆمەلایەتی دا، نەك باشکۆ بوونێکی حەتمی بۆ ئەم شێواز یان ئەویان".

ئەوەی کە قوتابخانە بۆرجوازییەکان بۆی تێدەکۆشن بریتییە لەوەی کە هونەر لە واقعیەتی کۆمەلایەتی جیابکەنەوە و دوورە پەرێزی بگرن. هەروەها لە ئاست و چوارچێوە بۆکراوی شێوازی هونەری دا ڕایبگرن و چەمکە ستاتیکییەکان لە واقعیەت دابماڵن و تەنها بەرهەم و داهێنانی تاك لەبەرچاو بگرن و پێناسەی بکەن. بێ گومان ئەمە شتێکی نەشیاوە و مێژووی هونەر خۆی بەدیارخەر و سەنگی مەحەکی پەیوەندی هەمیشەیی هونەرە بە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەوە، ئەمیش سەرچاوەی خۆی لە پەیوەندییە بنچینەیی یەکانی بوونی کۆمەلایەتی و هوشیاری کۆمەلایەتی یەوە هەڵدەهێنجێ. لێرەدا دەبێت ئەوخاڵە لەبەرچاو بگرین کە هونەر بەلایەن سەرجەم شێوەکانی دیکەی هوشیاری کۆمەلایەتی یەوە، لەبۆنە و پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا دوورترە، وەلە گۆڕان و وەرچەرخانە هونەرییەکاندا هۆکار و ڕەگەزی دیکەش دەوری خۆیان هەیە، وەکو: داب و دەستووری باوەکان و ڕەوشت و مەسەلە ڕۆحیەکان، بەم کێشانەیەش هونەر دەبێتە خاوەنی سەربەخۆیی نیسبییانەی خۆی.

پەیوەندی هونەر بە پایە و بنچینەی ئابوورییەوە هەرگیز نابێت وا سەرنجی بدرێت کە ووشك و وەستاو و ئۆتۆماتیکییە. جۆرە ئەنجام و هەڵهێنجانێکی وا هەرگیز مارکسیانە نییە. بەلکە بە پێچەوانەوە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی باروداخ و گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا هەمیشە لەلایەن هونەرەوە بە "هێز"ەوە دەگەنە ئەنجام. هەربۆیەشە لە مێژوودا دەبینین هونەر هەمیشە لەگەڵ داخوازە کۆمەلایەتی و گۆڕانە ئابوورییەکان دا دەڕوات، بەلام تەماشا دەکەین نوجدان و پێشکەوتنی هونەری لەگەڵ نوچەدان و پێشکەوتنی ئابووری دا جووت نین. بە واتایەکی دیکە لە بواری گشتی وەرچەرخانی سەردەمێکی مێژوویی دیارەوە گۆڕانکاری و وەرچەرخانیش لە هونەردا بووە. بەلام بەشێوەیەکی دیار و لەسەر زەمینێکی دیاریدا دەتوانرێت گۆڕانکارییە هونەرییەکان خۆی لەژێر کاریگەری هۆکارێکی زۆری دیکەدا لەبوونی کۆمەلایەتی دا

ببینێتەوە." تێڕوانینێکی ئابوری یانەی ڕووت" یان "ئابوری گەرێتی" مامەڵەیەکی کامڵ نییە ، ئەمیش دوورە لە تێڕوانین و مەسەلە بنەوتی یەکانی مارکسیزمەوە .

دەتوانین لەبەرهەمە هونەری یەکان دا کاری گەری و ڕەگەز و توخمە نەتەوایەتی یەکان بدۆزینەوە ، بەلاّم ئەمە بەمانای ڕەتکردنەوەی کاریگەری چینایەتی نییە . بەشێوەیەکی گشتی خەسڵەتی گشتی میللی و چینایەتی لە بەرهەمێکی هونەری دا هەیە و ڕەنگ داوەتەوە . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە لەژێر کاری گەری ئەم لایەنەدایە کە خەسڵەتی گشتی مرۆڤایەتیش شێوەی خۆی وەردەگرێت و ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە بەگشتی لەتێکڕای بەرهەمێکی هونەری‌دا وبەشی و دۆستی لەنێوان شێواز و نوێخوازی نەتەوایەتی و جیهانیش هەست پێ‌دەکرێت ، هەر لەم ڕووەشەوەیە کە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەبڵێین لە بەرهەمە هونەری یەکان دا ، بەیان و گوزارشتێکی شاراوەی گشتی هەیە.

## پەراوێزەکان

١) احسان طبری ، بنیاد آموزش انقلابی ، ص ١٤٣ .

٢) احسان طبری ، درباره* نقد و تفسیر هنری ، ص٩٧و٩٨ .

* بلیخانۆف دەڵێت : "باوەڕبوون لای هونەرمەند .. بە هونەر بۆ هونەر ئەو کاتە دەردەکەوێت و سەر هەڵدەدات کە هونەرمەند بە دەروبەرە کۆمەلاّیەتیەکەی نامۆ و ناتەبابێت . ( وەرگێڕی کوردی )

## سەرچاوەکان


دیالکتیك و هنر .. نویسنده : ا. نوائی - چاپ اول دی ماه ١٣٦١- انتشارات روزبه - تهران / ص ٢٨-٣٠ .


هەواڵنامەی کتێب

# چۆلەکەیەکی پەرشکاوی لاڵ

فەرهاد پیربال

ئاه

دەشێ ئێستا:
ژنێکی دیکەش
چاوە برژانگ شەلاڵی خوێن سوورەکانی
لێک بنێت و ...

نەیبینمەوە!

دەشێ ئێستا:
چایخانەیەکی دیکەش
شەقامێکی دیکەش
باخچەیەکی دیکەش
لە گیانەلادا بن و ...

سەربنێنەوە!

ڕۆژنامە پەڕپووتە ئاوارەکان
بێ سۆنگە نیە دەناڵێن.
بێ سۆنگە نیە دووبارە و سێبارە و چواربارە و، هەمیشە
بەدیهیاتە ڕۆتینە ڕەتینەرەکان

هەواڵنامەی کتێب

دەڵێنەوە.

بۆ سۆنگە نیە
تەبای منداڵێک
لەناو بازاڕێکی گەورەدا ونبوو؛ دەزریکێنن:
«نیشتمان
نیشتمان
نیشتمانی داگیرکراومان»!

نوێنیٔ شەو بوو
بینیم: شینکاویێک
کەنارەکانی پێچایەوە و
خۆی نقوومی ژێرزەوی کرد.

نوێنیٔ شەو بوو
بینیم: شاعیرێک
هەرچی جوانیی شارەکەی هەبوو
پێچایەوە و
سەری خۆی هەڵگرت.

نوێنیٔ شەو بوو
بینیم کۆرپەیەک لە ناو بێشکەدا
– سەرەنێزەی عرووسان ئاسا لە دڵ چەقیو –



هەواڵنامەی کتێب

نەدەگەیشتە دایکی رەحم: ناڵە و زریکەی.

دوێنێ شەو بوو
بینیم: کچە
کەزی شۆڕ و
خەزێم شۆڕ و
بەژن شۆڕە
دەشتەکییەکانی «بانە» و «شارەزوور»
پاکی و رووتیی
دەوزێیانی خۆیان پێچاوە و
تاک تاک
جووت جووت
بە هەڵەداوان
لەسەر لووتکەی شاخانەوە
خۆیان هەڵداویشتە بەندەن و دۆڵ و خەرەندانەوە!

چ زریکە و زایەڵەیەک
چ گرمەگرم و تاق‌وتۆقێک
چ دووکەڵ و خۆڵ و تۆز و گەردەلوولێکی خویناوی
لە کلکەی ئەو بەندەنە دوورە دەست و ژێرتەم کەوتووەی
رۆژهەڵاتەوە هەڵدەستا!!

مەوالانەی کتێب

هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم، لە ژوورەکەی‌دا
لێی بۆتە خوو:
بەدیار
نەخشەی گەورەی کوردستانەوە
دادەنیشێت و
هەرجارەی سانتیمەترێک، ملیمەترێکی
لێ زیاد، وەیان کەم دەکاتەوە.
لە بارەگای کۆبوونەوەی ئەزموونە ڕەنگ زەرد، چەکدارەکانیش‌دا:
ئیمزا،
سەنەد،
ڕێککەوتنەکان...
دانیشتوون بەدیار
تاجی سەری مقەببایی‌ی خۆیانەوە دەگرین!

ئاه
من بیر لە گوڵدانی بانێژەکان دەکەمەوە
بیر لە زمانی لاڵی (جوانی)!

من بیر لە ڕۆحی ڕاچڵەکیوی سنەوبەری سەرڕێگاکان دەکەمەوە
بیر لە زریکەی نێزەدیوی دەستی «مەترسی»!

من بیر لە ساپساپانێی بەستەزمانی منداڵەکان دەکەمەوە



هەواڵنامەی کتێب

بیر لە تانۆک و قەفەپەڕژینی
دەوری شەتڵە ڕێحانە و مێخەک «نارەسیوەکان»

من بیر لە چپەچپی تامەزرۆی ژێردرەختی دڵدارەکان دەکەمەوە
بیر لەو تەنافە گڵۆپە سەوز، زەرد و سوور و وردیلانەی
کە بە تاسەوەن، لە شەوانی ئەگەنجەکانمان
بەسەر شانی
تاق و پەنجەرەی خۆشی ئەدیوی ماڵەکانماندا بدرەوشێنەوە!

من بیر لە گۆرانییە زەردەکانی ناو حەوشەی فێنکی ماڵە هەژارەکا
دەکەمەوە.
بیر لە چاخواردنەوەی ئاسوودەی دەوری یەکتر،
دەوری سەماوەر میواندۆستی ئێوارەکانی پشووی هەینی!
بیر لە سەیران،
سەما،
جارجار هەڵپەڕکێ –
لە هاوینەهەوارەکاندا!

بیر لە نەغمە
شیعر
گۆرانی ..

بیر لە کێڵگە



هەردانامەی کتێب

ساباتی
هێلانەکان ..

بەڵام ئاه، ئاه

چۆلەکەیەکی پەڕشکاوی لاڵ
ماوەیەکی زۆرە دەمەوئێواران
دێ لەسەر تاقی پەنجەرەی شیعرم هەڵدەکورمێ
نەجریوانی، زەردی و غەمگینیی
سیمای پێم دەڵێ:
هەموو شتێک
هەموو شتێک
لە وڵاتەکەت دا
ویران کراوە،
ویران کراوە ..

٨٧/٨
کۆپنهاگن

هەوالنامەی کتێب

# سلێمانی.. لە پێشوازی ماتەمینێکی گەورەدا!

شیعری ڕێبوار سیوەیلی

«ڕەببی مووی لێ بێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن، بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ»
— حەمدی —

هەرچەند دوورین ...
دووریش، جودای کردوینەوە
بەڵام هێشتا و هەتا ئەمرم .. هەرتۆ دڵمی
دوای هەزاران مردنی تر،
بە شەماڵ و ڕەشەبای تۆ ئەژێمەوە ...
* * *

ئەو دەروەمان لێ دامەخە
کە جار، جارە بۆنی قژ و
تەنیایی و
ئازارەکانتمان بۆ دەهێنێ ...
لە مەنفادا،
پرچی تاقە ئافرەتێکم بە شانەی یاد دانەهێنا
دەمگوت منی ڕۆژهەڵاتی،
تەنیا دەزگیرانێکم هەیە ...
دەمگوت دنیا لە چاوانتا و

لە رەوتی «٢٠٤» ساڵ ..،

عومری کورتتا، ئەبینمەوە!

*　　*　　*

ئەو دەروەمان لێ دامەخە،

کە بەرامەی شیعری «نالی» و

بانگ و سەڵای مزگەوتەکانمان بۆ دێنێ ...

هەموو شەوێ خەون ئەبینم:

بەیانیەک دەنگی سەڵا خەو لە چاوانم بزڕێنێ!

زۆر حەز ئەکەم لە میحرابی عەشقی تۆدا

سوجدە بۆ گەورەیت بەرم ...

لە داوێنتا بتوێمەوە ..

*　　*　　*

کە شەوانە لەگەڵ هاوڕێ و

غەریبەکانی مەنفادا، دائەنیشین،

هەرکەس جۆرێک باس لە گەڕانەوەی خۆی و

رۆژی پێک گەیشتنەوە دەکا:

- من بێ دایکم ..

لەوانەیە تەنیا باوک و خووشکەکانم،

لە پێشوازیمدا بوەستن!

- هاوڕێیانی قوتابخانەم

هەر هەموویان پۆشتە و پەرداخ ..

لە گەورەیانەوە تا بچووک بەڕیز دێن و
گوڵەباخی «سەرچنار» ئەدەنە دەستم ..

– دڵدارەکەم .. لە دوانامەی خۆیدا ئەڵێ:
«لە ڕۆژی گەڕانەوەتدا،
کراسێکی زەرد ئەپۆشم ..
جووتێ قونەرەی یاقووتی .. لەپێ ئەکەم!
گوڵێکی سوور بە سنگمدا هەڵئەواسم».

ئەوسا، گشتیان ڕووی پرسیاریان،
ڕووەو لای من وەرئەچەرخێ و
ئەڵێن: هاوڕێ
ئەی تۆ بۆچی وا بێدەنگی و پێمان ناڵێی
کێ بە پێشوازیتەوە دێ؟
..................
..................

– تەنیا تۆم هەی ..
ئەی هێلانەی بەفر و هەڵۆ
ئەی نیشتمانی ڕەشەبا و
گڕ و
پشکۆ ..
تەنیا تۆم هەی

بەتەنیا ... تۆ!»

*            *            *

ئەو گوڵەی لە ڕۆژهەڵاتی دڵتەوە
دابووت لە سنگی «سەیوان» و
ناوت نابوو «شاری عاشقان»،
لەگەڵ هاتنی نەورۆزی «٨٨» دا
گڕی گرت و
خوێن و خەڵووز و ئێسقانی
لە تابووتێکی لچ و لێو بە بزماری،
ژەنگی چەند ساڵ ڕق و کینە داکوتراوا
گوێزرایەوە بۆ ....
«شەهیدان»!!

*            *            *

وەکو خانوو .. و شەقام و درەختەکانت
گڕم گرتووە ...
وەکو ماسی و شەپۆلەکانی فورات و
بەلەمە ڕەشتاڵەکانی خواروت
مانم گرتووە ...
هەموو ڕۆژێک .. وەک دیلەکان،
لە شریخەی لێکدرانی خەنجەرەکەی
«عەلی» و «قەعقاع» بە ئاگادێنم!
ئەی شارەکەم: هەموو ڕۆژێک:

هەولێرنامەی کتێب

دەستمان .. سەرمان ...
رەگی پیاوەتی و شەرەفمان ئەبڕنەوە!
کەچی ئێمە بە لکی جامانەکانمان،
خەنجەرەکەیان بۆ ئەسڕین.
دادنیینەوە و خەنجەرەکە بەرزئەکەینەوە بۆ دەستیان!
دادنیینەوە و ئەڵێین فەرموون
ئالێرەدا ...
لە کانیەکانی قەرەداخ،
لە سەیرانگەی «سوبحان ئاغا»
لەهەر شوێنێ پێتان خۆشە!
لەسەر سەرمان ..
فەرموون .. فەرموون:
بە سابوون و لفکەی کوردی
دەستەکانتان بشۆنەوە
«چا»ش حازرە بۆ قاوەڵتی!

* * *

کە هاتمەوە ...
کوێ بکەینە شوێنی بەیەک گەیشتنەوە؟
زەلکاوەکانی «حویزە»
یاخود بەندیخانەی مووسڵ؟
کوێ بکەین بە سەرەتایەکی تر ..
بە شوێنی یەکەم هەنگاو و جێ ژوانگە؟

ئەی شارەکەم،
لەژێر لمی کام سەحرادا
لەبەردەمی مەرقەیی کامە ئیمامدا
بتدۆزمەوە ...؟

*　　*　　*

هەواڵنامەی کتێب




لەم ماوەیەدا ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (کۆچەر) ە کە گۆڤارێکی وەرزی منداڵان و لاوانی کوردە ە لەلایەن نووسینگەی تاراوە لە سوید بڵاوکرایەوە . ئەم ژمارەیە چەندین بابەتی زانستی و ئەدەبی ئەمەرۆیی سوود بەخشی تیدابوو ە لەگەڵ چەندین نیگار و نەخشەی جۆراوجۆر .

بێگومان دەرچوونی گۆڤارێکی وەك (کۆچەر) لەم بارودۆخەی ئێستای ئاوارەیی دا پێداویستی یەکی بابەتی سەپاندبووی، ە بەتایبەتی ئیمرۆ ژمارەیەکی زۆر منداڵ و لاوی کورد لە ئاوارەیی ژیان دەبەنە سەر و لە هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی کوردی بێ بەشن .

ئێمە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە نووسینگەی تاراو گشت منداڵ و لاوانی گەلەکەمان دەکەین و هیوادارین بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین بۆ بەردەوامی و گەشەکردنی ئەو گۆڕیە ساوایەی ئاوارەکانی کوردستان لەدورە وڵاتی .

**هۆنراوە**

# نۆبەداریێ مەهـ و سالێ

خەلیل دهۆکی

(بۆ راپەرینێن ملەتێ فلستینێ یێ خۆ راگر)

فلستینێ ...
ئای لێ و فێ ئاگرێ و
ئای لەو یێ کویر برینێ ..
پشتی ئەزیەت و لێدانا،
یا فەر ئەوە هەر بنازێ ...
ئالای ئەدانێ هەلگرێ.
باوریکە و شۆرشگێرێن تە دزانن
گەر نۆبەداریێ شەفێ بی،
یێ شەف و مەهـو سالێ مە!
گەر برینداریێ گوللێ بی،
ئەز هۆگرێ
ئیش و ئاخینک و کولێ مە!
گەر ئاسمانێ تە تاری بیت،
یێ من لتاریێ توپ دبارن!

هەواڵنامەی کتێب

گەر رووباریٚ شەنگە ژینا تە شیلی بیت،
بیٚ من پڕی درِوندە و نەهەنگ و مارن!
گەر لپاریێ کەدا تە هارن،
پاری و خڕ هیفی لن خارن!
زارۆکێن من دبی وارن.
گشت زوردار و کریٚ گرتیێن جیهانیٚ،
لن نەیارن.
لیٚ ئەڤ ملەتێن بن دەست و ئازادی خاز،
لن هەڤالن.
ئەڤجا هەڤالا دل برین
دبین چرا لە و لەژیٚ ڤەمرین
نەخێر ... نەخێر ... نە ڤەمرین
بهزارا مە شەهیدین
دڤیٚ ریٚدا گوری کرین
شورشگێر ئالا هلگرن،
کی نبیتن ئەم دیٚ رەڤین.
لهەمی ئەنگاڤیا دبێژین،
دیٚ سەرکەڤین و پیشکەڤین ...
دیٚ سەرکەڤین و پیشکەڤین ...

١٩٧٩

هۆنراوە

# بەردەوامی

«پێشکەش بە هەموو ئەو پێشمەرگانەی
کە لەکاتێکدا شەهیدی کرابوون»

لە کاتێکدا
کۆترە سپی بیرکردنەوەت
پاش دەستەمۆ نەکردنی
سەردەبڕڕێ
لە ئەلبوومی بیری تەسکا
لە پاڵ سەری دی ریز دەکرێ
لە کاتێکا
ووشەی تینووی ئاسمانی سوور
پێش ئەوەی کە پەڕ دەربکا
باڵی دەکرێ
وەکوو گەنم
لە دەستاڕی دەسەڵات دا
دەهاڕرێ
لە کاتێکا
لە کوردستان
رەگی بە خاکا رۆچووت
هەڵ دەکێشرێ

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ شەتڵ و نەمامی بەهار نەدیوی
هەڵ کێشراودا
هەر بە تەڕی دەسووتێنری
نەکەی دڵت خورپە بکا
نەکەی هەرگیز
پەنجەی نووەڵی بگەزی
چونکە کۆتری سپی بیرت
یاخی بوونێک بەرپا دەکا
ئەلبووم دەدڕێ
چونکە ئاردە ووشەی تینووی ئاسمانی سوور
بە ئارەقی شان و بازوو
هەویری لێ دروست دەکرێ
بۆ چەوساوان دەکرێتەوە و
بە تەنووری ڕقی پەنگ خواردووەوە دەدرێ و
منالانی پێ تێردەکرێ
چونکە خۆڵەمێشی ڕەگ و شەتڵ و نەمام
پەینە و بە زەوییەوە دەکرێ
لەبری هەر کەڵە دارێ
هەر نەمامێ
هەر شەتڵێ کە هەڵ دەکێشرێ
سەدان گۆپکەی پێ دەپشکوێ

پەنگر ١٩٨٧



هەوراگانامەی کتێب

هۆنراوە

# گەڕان

ئاسی رەباتی

بۆت دەگەڕێم
کاتێ هەتاو بەرەو دەشتی بەری ئاسمان
مل دەکوتێ و
فرمێسکی تۆ دەسووتێنێ

* * *

لە بن داری هەر ڕێیەکا
لەسەر لوتکەی کێوی هەر شار و دێیەکا
دەستم بۆ سێوێ بڕدەبێ
لە کەناری هەر چەمێکا
لە کونە و گۆزەی سەرشانی هەر دەشەمە یکا
قومێ ئاوم لێ بڕدەبێ
جامێ ئاوم وەرگرتبێ
چاوم هەر بۆ تۆ گێڕاوە و
بۆت دەگەڕێم

* * *

تۆ مۆسیقای فریشتەیت و
مەلی جوانی
لە هەناسەی ئاگرینی گەرووی تۆدا
لەناو فرمێسکی خۆشیندا
لە ئاهی ساردی بێ چارەی
لانەی دەربەدەری تۆدا
لەگەڵ پێکەنینی کۆرپەی
بە دەسرازە شەتەک دراوی مێلۆدا
چەواشەیە و بۆت دەگەڕێم

* * *

لەگەڵ تاریکایی شەوا
من لێرەم و
بیر لە جوانیت دەکەمەوە
لەناو تەمی دەشت و دەری شیرین خەوا
من لێرەم و
دووکەڵی رەشی کێوانی هەڵبزرکاوت دەبینم
کەچی تۆ هەر فریشتەیت و
بۆت دەگەڕێم

* * *

هەواڵنامەی کتێب

به خامەی هەر هونەرمەندێ گەیشتبم
هەر شەماڵێک
سروەی، تارای کیژە کوردی شەکاندبێ
هەر ئاگرێ
هەناوی داپیرەی ئیمەی سووتاندبێ
لێم پرسیوە ...
دەست بەرداری یەخەت نابم
بۆت دەگەڕێم

هەواڵنامەی کتێب

١٩٨٦
ستۆکهۆلم

کورتە چیرۆک

# هیوا

حەمە شوان

هەواڵنامەی کتێب

- باجی گەوهەر ئەنکم دەڵێ حازرە ·

( هیوا )ی شەش ساڵە ئەمەی ووت و چاوەڕێی وەڵامی نەکرد ، بە ڕاکردن خۆی هاویشتە دەرێ ··

باجی گەوهەر خۆی پێچابەوە ، چاوێکی خشاند بەناو ماڵەکەدا ، دوایی دەرگاکەی بە کلیلە گەورەکە داخست ·· جێبێکی کۆن لەسەرسوچی کۆڵانەکە وەستابوو · خۆی گەیاندێ ·

- دایکم ، پەلەم لێ مەکەن ·· جاری پێشوو ( ئاوات ) داوای یەک دوو دەفتەر و کتێبی لێ کردم ·· لە بەلە پەلەی ئێوە لەبیرم چوو···

شۆفێرەکە ڕوویەکی لەباجی گەوهەر کرد و ووتی : خۆ ئەم جارە هیچت لەبیر نەچووە ···

- نە ، بەساقەی بالاّت بم ، بابڕۆین ·

شۆفێرەکە جگەرەکەی نایە لایەکی دەمی و دەرگای دواوەی داخست ، پاشان سەرکەوت و جێبەی خستەگەڕ ·

جێبە شڕە ئەوەندە وەرگەڕان و لێدانی دیبوو لایەکی بە ساغی نەمابوو ·· سەیرت دەکرد نەتدەزانی چ ڕەنگە · سەرجەم لە دوورەوە خۆڵەمێشی دەبڕوانی ·

- بە ڕاست چیت حازر کردوە بۆ ئەمجارە ( باجی ئایشێ ئەمەی ووت و ڕووی کردە باجی گەوهەر ) ·

- ئاوات زۆر حەز لە شفتەیە ، دوێنێ چووم گۆشتی قیمەم کڕی

و ئەم بەیانیە بۆم کرد بە شفتە ‥ دوو کیلۆ پاقلاوەشم بـــۆ کـڕیٖ ⋯ ئـەی تـۆ ؟ ئەمەی بە دەنگێکی بەرز گوت ، چونکە دەنگـــی جێبەغرە لە دەنگی ئاشە کۆنە دەچوو ، ئەگەر نەتبڕیٖنی کەر گوێـــی لە دەنگت نابیٖ ٠

ـ بەخوا منیش ئەم بەیانیە زوو هەڵســام خەریکی پاپراخ بــووم ٠ جەمال جاری پێشوو پێی وتم : گەر ئەم جارە هاتیتەوە پاپراخت لە بیر نەچیٖ ٠ کەژاڵی خوشکی دوێنیٖ هەندیٖ کولیچە و کێکی بۆ کردوە ٠

لەگەڵ قسەکردن دا جارجار سەیرێکی دەرەوەیان دەکرد ٠ هیـــوا لووتی نابوو بە جامی جێبەکەوە و بەردەوام تەماشای ڕێگاکـــەی دەکرد ٠ ئەوەندەی نەبرد جێبەکە وەستا ، هەموو سەیری دەرەوەیـــان کـــرد ٠

ـ یا پێغـەمبەر ئەم جارەش پەڵپ و بیانومان پیٖ نەگرن ٠

باجی ئایشی قسەکەی خۆی تەواو نەکرد ، سەربازێکی کڵاوسووری پێست ڕەش دەرگای دواوەی جێبەکەی کردەوە و وتی :

ـ ها ‥ لوین ‥ ترحون ‥ ؟ ٠ ئەمەی بە ڕوودا تەقاندن و ڕوویەکی کردە شۆفێرەکە ⋯

ـ چوارتا ٠ ( شۆفێرەکە بەزەردەخەنەیەکەوە ئەمەی ووت )

هیوا سەری لەسەر سنگی نەنکی دانابوو ‥ دەمانچەیەکی نایلۆنی بە دەستەوە بوو ‥ بە چاوە وردیلەکانی دیڕوانیە سەربازەکە و نقەی لە خۆی بڕیبوو ٠

سەربازەکە بە پاشەوپاش کشایەوە و بە دەستی ڕاستی ئیشارەتی کرد کە بڕۆن ٠ هەتا گەیشتنە چوارتا جارێکی تریش دووچـــاری پشکنین و پرسیار بوون ، بەڵام باش بوو بە ئاسانی دەرباز بوون ٠

جێبە کە لە چوارتا دەرچوو لای دایە سەر جادەی خۆڵی بـــەردەڵان ، لە هەندیٖ شوێن دا تۆزێك بۆی لار دەبووەوە و لـەنگ دەبوو ، زۆری نەدەما وەربگەڕیٖ ٠ بەڵام وا دیاربوو کاکی شۆفێر زۆر شارەزا بووە ڕێگاکەش بەچاکی بەڵەد بوو ٠

باجی گەوهەر و ئایشیٖ لە قسە کەوتبوون و ئایەتەل کورسـی و دوعایان دەخوێند ‥ یا پێغـەمبەر ‥ شای نەقشبەند ⋯

کاکی شۆفێر حەسەن زیرەکی خستبووە سەر و لەژێر لێـــوەوە دەیووتەوە ٠ بە هەر حاڵ باش نیو سەعاتێك نزیکی دێیەك بوونەوە ، ئەوەندەی نەمابوو بگەنە ئاواییەکە دوو لاوی تازە پێگەیشـــتوو بە هەڵەداوان بەرەو جێبە هاتن ٠

جیبە هەناسە بڕکێی پیٖ کەوتبوو و وردە وردە خاوبووە و وەستا ٠

ـ پورە ئایشی ئەوا گەیشتینە مەنزلی خۆمان ٠



هەواڵنامەی کتێب

شۆفێرەکە ئەمەی ووت و بەرەو دەرگای دواوە ڕۆیشت و کردیەوە.. باجی ئایشێ و گەوهەر دابەزین و شۆفێرەکەش بارەشێکی کرد بە هیوا دا و دای بەزاند.

دوو لاوەکە گەیشتنە لای جیپەکە و تەوقەیان لەگەڵ کاکی شۆفێردا کرد و ووتیان:

- بەخێر بێن.. چۆنن.. وەزعتان باشە.

باجی ئایشێ و گەوهەر ڕوویان کردە کورەکان و ووتیان:

- بە ساقەتان بم.. بێ وەی بن.. ئەوە براکانتان لەکوێن..؟

- ئەوەتان لە دواوە وا دەگەن.. بابڕۆین ئەوان بەرەو خوار دێن.

- باشە ئێوە بڕۆن منیش ئێستا دێم. شۆفێرەکە ئەمەی ووت و سەری مەکینەی جیپەکەی هەڵدایەوە.

کەمێك بە پێ ڕۆیشتن تا گەیشتنە کۆمەڵێك پێشمەرگە.

یەکێك لە پێشمەرگەکان کەتازە خەتی ڕیش و سمێڵی دانابوو، خوێن گەرم و سەروسیمایەکی ڕوونی هەبوو.. زمانی پارتیزانی تەنها لە کتێبە سوورەکان دا خوێندبووە، بەڵام زمانی قوتابێتی پڕ بوو لە ئاشکرا کردنەوەی تاڵ. دووجار میوانی زیندان بووە، جارێك لەسەر بەشداربوونی لە مانگرتن دا و جاری دووەم لەسەر جوێن دان بە یەکێك لە ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی بەعس. لە هەردوو جارکەدا لێدان و ئەشکەنجە و ئازاری دەروونی کێشاوە، باش ئەوەش زۆر جار هەڕەشەی خراپی لێ کراوە. کاتێك خوێندنی لەبەشی پزیشکی پەیمانگاکەی شاری بابەگورگور تەواوکرد، یەکسەر ڕێی چیای گرتەبەر. وا ئێستا سێ مانگە پێشمەرگەیە، ماوەی دوو هەفتەیە هەواڵی خۆشەویستەکەی نازانێ، بۆیە کاتێك دایکی دێ باوەشی پێدا کرد و ماوەیەکی کەم بێ دەنگ بوو..

- دایە گیان چۆنی... یاخوا بەخێر بێی.. وەزعی باوکم لەگەڵ نەخۆشیەکەی دا چونە...؟ ئەی کوڕانی گەڕەك؟..

- بە ساقەت بم، خەمی ئێمەت نەبێ هەموو باشین.. کوڕانی گەڕەکیش سەلامت لێ دەکەن، یەك دوو نامەم بۆ هێناوی.

جەمال سێ ساڵ زیاتر بوو پێشمەرگەبووە، هەموو ئەو کێو و دەشتانەی بە پێ کوتا بوو، لەشێکی پتەو و تۆکمەی هەبوو، دەستەکانی پڕ لە دەماری بەرزونزم بوو، لە ڕوخساری دا چەند هێڵێکی تەمەن بەدی دەکرا، لێوی سەرەوەی خۆی لەژێر سمێڵێکی تەنك دا شاردبووەوە، هەمیشە زەردەخەنە میوانی لێوەکانی بوو. دووربینێك و چوار مەخزەنی فیشەك و دوو نارنجۆك سنگ و بەرۆکیان داپۆشیبوو.

- ئەوە هەمدیسان تۆی ، ئای بەخێر بێی (جەمال ئەمەی بە دایکی ووت و باوەشی بە هیوادا کرد) .

- لە دەوری سەرت گەڕێم .. باوکی باوکم جەمال گیان...ئەوە بۆ وا بێ دەنگی .

لەم تەسە و باسکردنەدا بوون یەکێك لە پێشمەرگەکان ، کەرپێشێکی مەیلەو خورمایی هێشتبووە و نەختێك چاوی چووبوو بە قولا و دەفتەرێکی سووری لەژێر بالا بوو ، ڕووی کردە برادەران و ووتی :

- دەڵێن چی با بچینە سەر کانیەکە . دەڵێن لەم نزیکانە کانیەك هەیە .

- تو شارەزای ، پێشمان کەوە .

- ئالێرەو، چارەکە ڕێیەکە .

شۆنێرەکە سەری مەکینەکەی دایاوە و جیێبەکەی لە دوورەوە بەجێ هێشت و بەرەو لای ئەوان هات .

باجی ئایشێ و جەمالی کوری بەجووتە دەڕۆیشتن و هیواش لە دوایانەوە ، باجی گەوهەر و ئاواتی کوڕیشی چەند هەنگاوێك لەوان دووربون .

- ئاگات لە خۆت بێ کوری شیرینم ، لە ئاگر و فیشەك ، لە سەرما و گەرما .

- وەختی ئەوە نیە ، پێم بلێ (دلسۆز) ت دی ..

- ئا .. پەلە مەکە نامەیەکم لە ویەوە بۆ هێناوی ( فەقیانەکەی دەکاتەوە و نامەکە دەردێنێ و دەیدات بە ئاوات ) .

- دوێنێ هات بۆ مالی خۆمان ، ئەی ووت بە ئاوات بلێ ... ئەگەر ... ئاوات گوێی لە قسەکانی دایکی نەما و بە پەلە نامەکەی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی .

کاتێك گەیشتنە سەرکانیەکە ، جەمال و دایکی نەختێك لەدوورەوە دانیشتن . پاش تۆزێك جەمال وەك منداڵێکی گیرۆدەی دایك سەری خستە سەر ڕانی دایکی ...

- تێ کوری خۆم ئەو ئاسن و فیشەك و مینەکانە لەخۆت بکەرەوە با تۆزێ لەشت ئیسراحەت بکات .

- گوێی مەدەری دایە گیان .

- لە بەر تۆمە ڕۆڵەی شیرینم ، تۆزێ ماندویی خۆت بشکێنە .

- ناتوانم دایە گیان ، ئەو فیشەك و مینەکانە بوون بە پارچەیەك لە لەش و گیانم .

- ئەم قسانە بۆ من مەکە ، لە سیاسەت و میاسەت تێناگەم ..

– مەسەلەکە سیاسەت نییە دایە گیان ، ڕادەتنە ، دە بزانم تۆ دەتوانیت ئەو سەرپۆشە لەسەرت بکەیتەوە ...؟

باجی ئایشی هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا .. هەردوو دەستی خستبووە ناو قژی ( جەمال ) ەوە ، وەك بڵێی بۆ ڕشك بگەڕێ .

– ئەزانی پێرێ ( ڕوناك ) ی ژنت سەیری ڕەسمەکەتی ئەکردە پاش نەختێك دەستی کرد بە گریان .. بە پەلە ڕەسمەکەم لێ وەرگرت و تۆزێ دڵم دایەوە . ئەو کچە زۆر بێ دەسەڵاتە .

– وازی لێ بێنە دایە گیان ، ئەمە دووەم جارێتی منداڵی ببێ ، تۆ وەك خۆت تەماشای مەکە .

– بەخوا جەمال گیان لەو بڕوایەدا نیم کەسیان بەقەدەر مـــن دڵیان لە لات بێ .

سەیرێکی دایکی کرد .. زەردەخەنەیەك لەسەر لێوی لەنگەری گرتبوو .

– بێ وەی بی دایە .

– تو خوا ئەگەر پێم نەڵێیت .. بەڕاستی تۆ زیاتر بیر لــــە کاممان دەکەیتەوە من ، ڕوناك یان کورە چکۆل ..؟

– ئەگەر پێت بڵێم ڕەنگە باوەڕم پێ نەکەیت ..!!!

ئەزانی دایە گیان من بیر لەکەس ناکەمەوە .. لەکەس تەنهــــا ئەو شاخانە نەبێت کە هەمیشە لەوانێزم دەگرن .

– توم .. شای نەقنیبەن ئاگای لێت بێ .

جەمال هەستایە سەرپێ و تۆزێك شەرواڵەکەی تەکاند

– ئەوە لەبیرم نەبوو ( باجی ئایشێ دەست دەکات بەگیرفانــی سەڵتەکەیدا و هەندێك پارە دەردێنێ و دەیدات بە جەمالی کوڕی ) ها ئەوە نەختێك پارەم بۆ هێناوی پێویستت دەبێ .

سیان لە پێشمەرگەکان لە سەرووی کانیەکەوە بە سێ قۆڵــــی دانیشتبوون و باسی گیروگرفتەکانی نێوان سەرکردایەتیان دەکرد . ئاکۆ بە خۆی و ڕادیۆ بچکۆلەکەیەوە لەگەڵ شۆفێرەکەدا لەپەنا گابەردێکدا هەڵتروشکابوون گوێیان لە گۆرانی و مۆسیقا دەگرت .

خورەی ئاوی کانیەکە کە بەرەو خوار دەبووەوە نەرمە هارمونیایەکی سروشتی ساز دەکرد . ئەم کانیە تا ماوەیەکی زۆر عــــا دەمــاری ژیانی سێ لادێ بوو .. کاروان چیەکانیش بە سەعات لەسەری پشویان دەدا .. جارجاریش ئەگەر ڕانە مەڕێك بەوێدا تێپەڕ بوایە ئاویــان لەسەر دەخواردەوە . بەڵام ئەوا بۆ دووساڵ دەچێ کە ئاوەکـــەی بە تەواوی کەم بۆتەوە و ئێستا کەس سەری لێ نادات .

سێ چوار دار توو لەگەڵ دار هەنجیرێکی کورتە بنە سەری ئەم کانیەیان داپۆشیووە .. کانیەکە و دارەکان کەوتوونەتە کۆشی دوو

پیادە و نیو سەعاتێك لەدێوە دوورە . بە هەر حاڵ شوێنەکە تابلێی ناڵەبارە بۆ پێشمەرگە .

دلشاد کۆلکە شاعیربوو تا ئێستا چەند پارچە شیعرێکی خنجیلانەی لە ( بەیان ) و ( هاوکاری ) و ( کاروان ) دا بڵاوکردۆتەوە و لە چەند کۆڕێکی ئەدەبیشدا بەشداری کردوە . دلشاد لەگەڵ حەمە جەزا و حەسەن دا دانیشتبوو باسی ئەدەب و زمانی کوردی بۆ دەکردن .

بەختیار و شوان بە جووتە باسی ڕۆژانی گەنجێتی خۆیان دەکرد .. ڕۆژانی خوێندن و دڵداری .

لەوناوەدا تەنیا هیوا وەك بەرخۆلەیەك هەڵبەزو دابەزی دەکرد و بەخۆی و دەمانچە نایلۆنەکەیەوە لە نێوان بەردەکان دا بە تەنیا شەڕی دەکرد ، تاوە نا تاوێکیش هاوارێکی بچووکی دەکرد ... ڕاکەن بەرەو پێشەوە .. بۆستە .. بیگرن ...

سالار کوڕێکی بالابەرزی سوورکەلە بوو ، ساڵێك بوو خوێندنی ئەندازیاری ـ بەشی میکانیکی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردبوو .. ئەم منداڵ کار بوو کاتێك باوکی شەهید کرا ، بۆیە دوای خوێندن هەمان ڕێگای باوکی گرتەبەر . لەگەڵ نەورۆز دا خەریکی دار کۆکردنەوەبوون بۆ ئاگرکردنەوە و گەرم کردنەوەی خواردنەکان .

سالار و نەورۆز دەنگە دەنگیان بوو لەسەر دار نەمامێکی بچووك کە سالار دەیویست هەڵی بکێشێ و نەورۆز لەبەر ئەوەی خوێندنی کشتوکاڵی لە زانکۆی موسڵ تەواو کردبوو ، نەی دەهێشت :

ـ داری وشك زۆرن .. تۆ زۆر سەیری بۆ لەو دارە سەوزە گیرت گرتوە ...

ـ باشە . بەسە بی بڕەوە ... دەنگە دەنگ مەکە ...

پاشان ئاگرێکیان کردەوە و دوو مەنجەڵیان خستە سەر . دوکەڵی چیلکەی سەوز دەچوو بە ئاسمان دا .. لە دوورەوە لە دوکەڵ کێشەکەی کارگەی چیمەنتۆکەی سەرچنار دەچوو .

عەباس لە دوورەوە لەسەر بەردێك وەستا بوو چاودێری دەکردن .. کاتێك برادەران کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە دروستکردنی زەلاتە و دابەشکردنی نان ، عەباس هیلاك ببوو و بیری لە خۆشەویستە نازدارەکەی دەکردەوە ، بۆیە لەسەر بەردەکە دانیشت و دەستی کرد بە باخەڵیدا .. دەفتەرێکی بچووکی دەرهێنا و وێنەی ( ناسك ) ی دەرهێنا و ئاگای لەخۆی نەما و کەوتە قسەکردن لەگەڵ ناسك دا . لە دەریای خەیاڵ دا مەلەی دەکرد ، سەری لەسەر وێنەکە بەرزکردەوە .

لە ناکاو سێ هەلیکۆپتەری ڕەش وەک داڵ لەپشت شاخەکانەوە دەرکەوتن و ڕێک بەرەو ڕووی دووکەڵەکە هورووژمیان هێنا .

عەباس بەڵەزا و دەفتەرەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە .. هەستایە سەرپێ و هاواری کرد :

ـ ئاگاتان لە خۆتان بێ ... هەلیکۆپتەر هات .

عەباس ئەمەی وت و بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان ڕای کرد و میلی ڕاکێشا .

ـ ئەکەی کورە .. خۆتان حەشار بدەن .

سالار دەیویست ئاگرەکە بکوژێنێتەوە . دەنگە دەنگی پێشمەرگەکان و تیژەی بابی ئایشێ و گەوهەر تێکەڵ بە یەک بوون .. بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو ، هەلیکۆپتەرەکان بەسەر سەریانەوە بوون دەستیان کرد بە ئاگر بارانی ئەو ناوە .

ـ ئای باوکەڕۆ کوژرام .

ـ تەقە مەکەن سوودی نییە .

ـ ئای فریام کەون بۆ خاتری خوا کوژرام .

عەباس هەستابووە سەرپێ و ڕێک تەقەی لە یەکێک لە هەلیکۆپتەرەکان دەکرد ، بەڵام ئەوی تریان لە دواوە پێکای و عەباس کەوتە سەر ئەرزێ .

گولە وەک تەرزە و باران بەسەر سەر و لەشی پێشمەرگەکان دا دەباری . دەقیقەیەک زیاتری نەخایاند تەنها دەنگی پەروانەی هەلیکۆپتەرەکان ئەو ناوەیان کاس دەکرد و تەپو تۆزیان لەوناوە هەڵدەستاند .

پاش ئەوەی دڵنیابوون کەس بە زیندوێتی نەماوە ، بەرزبوونەوە و لابەلا بە پشتی شاخەکانەوە وەرگەڕان .

ئاو و خوێن و خواردن و خۆڵ تێکەڵاو بوو بوون . جگە لە ترچەقرچی چیلکەی سوتاو و خوڕەی کانی تەپیو ، دەنگی هیچ شتێک نەدەهات .

هیوا کە توانی بووی خۆی لە پەنا بەردێکدا بشارێتەوە و نەنکی خۆی دابوو بەسەریدا ، بە هەر حاڵ بوو تۆزێک پاڵی بە نەنکیەوە نا کە لە لای شانیەوە پێکرابوو و هەستایە سەرپێ :

ـ نەنە .. نەنە ، دەهەستە .. ئەوەچییە بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ نەنە .. نەنە هیچ وەڵامی نەدایەوە .

ڕای کرد بەرەو ڕووی باوکی کە ئەویش لەناو خوێنی خۆیدا کەوتبوو . هیوا کاتێک سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد زۆر لەلای سەیربوو ، دەستی کرد بەگریان و هاوارکردن :

ـ بابە .. بابە تۆش هەڵناسی .. !!!

ڕووی کردە یەکێکی تر و ڕای وەشاند و بەگریانەوە هاواری کرد:
- کاکە .. کاکە . ئەمەستن . من چی بکەم لێرە بەتەنها ؟ ... گریان
... گریان .. گورگ دەم خرات .
یەکەم جاری بوو لە ژیانی دا بەو تەمەنە بچووکەی خۆی دیمەنی وەها ببینێ ، بۆیە بە چاوێکی وورد تەماشای دەکردن .. هەموو گیانی بوو بوو بە چاو .. وەك کەڕ و لاڵ و شێت بە ناویاندا دەڕۆیشت .. قسەی لەگەڵ دەکردن . تاوە نا تاوێکیش دەستێکی لێ دەدان و ڕای دەوەشاندن ، بەلاّم کەسیان وەلاّمی هیوایان نەدایەوە . دەستی ڕاستی هیوا خوێناوی بوو بوو دەیخشاند لە شەرواڵە بچووکەکەی بۆ ئەوەی بیسڕێ ، بەلاّم ڕەنگە سوورەکە نەدەڕۆیشت .. بەدەستی چەپی دەمانچە نایلۆنەکەی بەر نەدابوو .
لە نەکاوێکدا یەکێکیان دەنگی لێوە بەرز بووە :
- هیـ .. وا ... هـ .. یـ ...وا .. گیا ...ن ..
هیوا نەیدەزانی کامیانە ، چونکە هەموو لەسەر ئەو زەویـــــە کەوتبوون و لە تەنیشت یەکەوە بوون . تارەکو ئەوەی دەنگی لێوەدەهات کەمێك دەستی خۆی بەرزکردەوە .
هیوا ڕای کرد بۆ لای .
- هـ..یـ ... وا .. گـ .. یا .. ن ؟
- ئەلێی چی مامە گیان ؟ .. ( بەگریانەوە ) .. چی بکەم .. ؟
- ڕا ... کە ... بۆ ... ناو ... دێ .
- کام دێ . .. بۆ کوێ ؟ .. نازانم .
بریندارەکە بە پەنجە ئیشارەتی دەکرد بەرەو لای دێکە کـــە خانووەکانی دیاربوون .
- بۆ .... ئە ... وێ .
هیوا ، کە بە چیچکانەوە دانیشتبوو ، ووتی :
- نا .. چاوم لێیە .
هیوا دەستایە سەرپێ و بە غاردان ڕێگەی ناوایییەکەی گرتە بەر . بەراکردن ڕۆیشت ... تا لە چاو وون بوو چووە ناو دێکەوە ....

کورتە چیرۆک

# زێرابە

هەواڵنامەی کتێب

ئارام

ئەمە بۆ جاری سێیەمە بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە .. خەیاڵەکانم تێك شکاو و ئاڵۆزن .. ئەونێکی چڕوپڕی پێوەندێکی لاسارن .. وا حەز دەکەم .. یا وادێ بە خەیاڵمدا بۆ یەکجاری دەرگا و پەنجەرە لەسەر هەناسەم دابخەم و چاو لێك بنێم .. دەمەوێت ئەو پێوەندە بشکێنم کە منی بەم ژیانەوە بەستۆتەوە .. چاکتر وایە دیواری ناموێیەم بڕوخێنم و لەنێو گۆڕێکی تاریك و قووڵدا ئەم ژانە لە خۆم بکەمەوە و ئارام بگرم . ئای من چەند ترسنۆك و بوودەڵەم ، ئەو دووجارەی تر دەستم لەخۆم بەرنەدا و بە هەناسەم بەردەوامیم دا .. نازانم چۆن بوو ئەم تەنیاییەم نەدۆراند .. چ هێزێکی ئەفسووناوی بوو ؟ چ ڕەشەبایەکی شێت بوو بەلەمی بوونمی بەرەو ڕۆخی ئەم ژیانە بێ سەروشوێنە هێنایەوە ؟.

بەلام ئێستا ئەوسا نییە .. ئەمێستا دڵنیام دەبێت بمرم .. لەناو چاڵێکی ئەبەدیدا لێی ڕادەکشێم .. جاری دی زیندو نابمەوە .. کەواتە لە دونیای دەرەوە دەبڕێم .. تەنانەت دەنگی بارانێکی کپیش نایەتە بەر گوێم .

ماوەیەك بەر لە ئێستا حاڵەتێکی زۆر سەیر گەماروی دام .. بە تەواوی نازانم چ ڕۆژێك بوو .. مانگێك پێش ئێستا ؟ ساڵێك ؟ ساڵێك دوو هەفتە کەم ؟ لەیادم نەماوە .. دەنگی بارانێکی زۆر کپ دەکەوتە بەر گوێم .. منیش لەم ژوورەدا تەنیا بووم .. وام هەست

دەکرد یەکێك بانگم دەکات .. لە خۆشیاندا بەرەو پەنجەرەکە رامکرد.. کەسم نەدی .. تەنانەت سامالّ بوو .. نەك باران ، بەلّکو هەورێکی تەنکیش بە ئاسمانەوە نەبوو .. پەنجەرەکەم داخست .. دەستم خستە گیرفانەکانمەوە .. هەستم کرد چاکەتە شینەکەی بەرم هەمووی تەڕە.. گەڕامەوە و چوومە بەردەمی ئاوێنەکە .. وێنەی خۆمم تیا نەبینی .. بەلّکو وێنەی چیمەن بوو پێدەکەنی .. جارجارەش ڕای دەکرد و تەزی کورتی لەدواوە دوو بالّی بالّندەیەك بوون تەڕ .. کە پتر لێی ڕامام و دەستم بۆبرد .. سەیر دەکەم ئاوێنەکە هەمووی تەڕە .. بارانێکی زۆر هێواش بە سەریا دێتە خوارێ .

من دەزانم چیمەن زۆرجار دێتە ئێرە .. لەکونی دەرگاکەوە دێت .. جێگای کلیلەکە شوێنی ئەوە و تێیدا دەخەوێت .. بەلاّم هەرگیز نایەتە تەنیشتمەوە .. هەرچەند ناو جێگاکەمی بۆ چۆلّ دەکەم .. کەچی یەکسەر بەرەو ناو ئاوێنەکە دەچێت .. منیش ئەو ڕۆژە لەتووڕەیدا کتێبێکم گرتە ئاوێنەکە و دووکەرتم کرد .. ئێستا ئاوینەکان تێیدا دووکەرت خۆیان دەنوێنن .. بارانەکەش دوو دەنگیە .

ئای لە تەنیایی .. چەند خۆش و چەند بێمانایە .. وابزانم هەر ئەوەبوو وای لێکردم کە خوو بەم ئاوێنەیەوە بگرم .. ئاخر چی دیم بۆ دەکرا ؟ بۆ سالێك دەچێت لەوەتی لە زانکۆ دەرنەچووم و لە سەربازیش هەلّهاتووم هەر لەم ژوورەدام .. ئای چەند تەنیام .. چەند بێ هاوڕێم .. کە دەچوومە بەردەمی ئاوێنەکە وام هەست دەکرد تەنیاییم دەسڕمەوە .

دونیای من تەنها ئاوێنەیەك و پەنجەرەیەکی سەر بە حەوشەیە .. کە هەمیشە یەك دیمەنی هەتیوی هەیە .. لەپەنجەرەکەوە هەمیشە دارگوێزێك دەبینم کە لە حەوشەکەماندایە .. لە قژیدا بالّندەی جۆربەجۆرەکان دەگرێتە خۆ .. منیش دلّم پێیان دەکرێتەوە .. ئەوانیش هەمیشە لەگەلّ گەلاکانیدا یاری دەکەن .. دەنووکی لێ دەدەن.. دەنگێکی کپ دروست دەکەن .. هەروەك بلێی بەدەنووك یاری شروب شکێنە بکەن .. لە دوایدا لەبەر پێی دار گوێزەکە ختوکەی گەلاّ زەردە باریوەکان دەدەن .. خۆلّەپەتانێی پێدەکەن .

ئەمە هەمووی جیهانی دەرەوە و ناوەوەی من بوو .. هەندێك مشکی ڕەشی ناو زێرابەکەی حەوشەکە نەبێت .. جارجار دەهاتنە میوانیم .. دەهاتن و نانە تیریەکەیان دەقرتاندم .. ئەو نان و زەخیرەیەیان دەخواردم کە بە دوو سێ هەفتە جارێك خوشکەکەم بۆی دەهێنام .. کەمێك لەلام دادەنیشت .. لە دوابیدا دەچوەوە بەلای مالّ و منداڵی خۆیەوە .

ئەو دووجارەی تریش کە خۆم نەکوشت و پەرداخی پڕ لە ژەهرەکەم کردە زێرابەکەوە .. ئیتر بۆ لەوەودوا مشکەکانم نەبینییەوە .. نەدەهاتنە ژوورەکەم .. ئەوانیش جێیان هێشتم .. چەند خەفەتم بۆ خواردن .. چەند دڵیان دەدامەوە .. کە دەهاتن و نانە ڕەقەکەیان دەخوارد ، دەنگیان ختووکەی دەدام .. هەمیشە وام هەست دەکرد بارانێکی کپ دەبارێت .. ماوەیەکە زۆر غەریبیان دەکەم .. دەچمە بەر کونی زێرابەکە .. گوێم لە هەناسەو بۆڵەبۆڵیانە ، لەدەنگی باران دەچێت .. هەست دەکەم لێم دەترسێن .. وا دەزانن دەیانکوژم .. پەرداخی پڕ لە ژەهریان بۆ توڕدەدەم .. بەڵام ئەمجارەیان ئاگایان لەوە نییە ، کە پەرداخی پڕ لەژەهرەکە بە قومێك دەخۆمەوە.. دەبێت بیکەمە نێو زێرابی هەناوەمەوە .. ئیتر بۆ خۆم دەمرم.. ئای چەند سەیرە ! چەند خۆش و بەتامە ! تۆ بڵێی بمرم ؟ ئەمجارەیان ڕاستییە نەك خەو .. دەبێت دڵڕەقیم بەکاربهێنم .. ئیتر بەسە نەرم و نیانی .. شتێکی ساویلکانە و گێلێتییە .

خۆ من زۆرجار دەمویست وەك مرۆڤێك بژیم و بیربکەمەوە .. بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی .. نازانم بۆ ؟ شایەت هەر لە منداڵییەوە لەگەڵمدا گەورە بووبێت .. چونکی هەر لەمنداڵیمەوە باوکم نەبوو .. زوو بەجێی هێشتم .. نازانم بۆ سیمای باوکم وەك خەوێك دێتە بەرچاوم .. هەر زوو لە خەباڵمدا دەرم کرد .. دوور توڕم دا .. تۆ بڵێی هی ئەوە بێت کە زۆری لێ دەدام .. هەرگیز بەو منداڵییە هەستم نەدەکرد کە منداڵێکم .. هەرگیز نەمدەتوانی بووژانەوە و چاوشارکێ بکەم .. کە منداڵانی گەڕەك خڕدەبوونەوە و شێروخەت و شروب شکێنەیان دەکرد .. چاوی لێ سوور دەکردمەوە و برۆی دەهێنایەوە یەك نەك نزیکیان بکەومەوە . بیرمە زۆرجار پەلی دەگرتم لەگەڵ خۆیدا بۆ ئیش دەیبردم .. نازانم ئیشی چی دەکرد .. لەیادم نەماوە .. بەڵام تاقە یادگارێکی تاڵی هەمیشە وەك ئەستێرەیەکی کزۆڵە بە ئاسمانی ژیانمەوە قوت بۆتەوە .. ئەویش تەنها ئێوارەیەکی هاوین بوو ، هێلەکێکم لەماڵەوە بردبوو .. خۆڵە پەتانێم دەکرد .. ئەویش بەهیلاکی لەئیش کردن هاتبووەوە .. گوێچکەی گرتم و بردمیەوە .. بۆ دوو شەوی تەواو قاچی بەستمەوە .. ئەوەندەی لێدام .. ئەوەندەی زللە پێدا کێشام .. تازمانم وەك بۆینباخ شۆڕ بوەوە ، ئەو کاتەی کەمردیش زۆرم پێ خۆش بوو .. وام دەزانی مامۆستای دەرسی حیساب مردووە.

ئەو خۆشییەم دەمی نەکێشا .. تەمەنی کورت بوو .. زۆری نەبرد هەستم بە هەتیوی کرد .. زیاتر ئەو کاتەش خەست بوەوە کەبەیانیان کەس نەبوو بارەی ڕۆژانەم بداتێ .. ئیتر گریام .. زۆر زۆر گریام ..

ئێستاکەش وا هەست دەکەم فرمێسکی ئەو کاتەم لە چاواندا قەتیس ماوە .. کە بیرم دەکەوێتەوە تام دەمباتەوە .

ئەوە چییە ؟ من بۆ کوێ دوورکەوتمەوە ؟ چەند مرۆڤێکی سەیرم .. ئەم لاپەڕە کۆن و تۆز لێ نیشتووە چییە هەڵمدایەوە . خۆ من تازە هەر گەورە بووم .. خۆ هەر دەمویست وەك مرۆڤەکانی سەر ئەم زەمینە بژیم .. لەگەڵ خەون و خولیا و تاسە و ئارەزوودا دەست لەمل گوزەر بکەم .. وەلی ئەفسووس .. سەد ئەفسووس .. لەوەتی دایکم کۆچی کردوە و جێی هێشتووم .. تەنانەت خاوەنی خەونی خۆیشم نیم .. خەونەکانم پڕبوون لە پۆلیس ها ئێستا ، ها ساتێکی تر دەمگرن و دەمبەن .. بەتەواوی جلی دڵنیاییم لەبەردا دڕاوە .. زۆر جاریش هەر وەکو شێت دەردەپەڕمە دەرەوە .. ملی شەقامە تاریکەکان دەگرمە بەرە ، بۆ ئەوەی بگیرێم و ڕزگارم بێت .. بەڵام بۆ تەگبەتی کەس لێم ناپرسێتەوە .. منیش ناچار گەرنشەکەم چەشنی پەتێك دەقرتێنم و دێمەوە بۆ ژوورەکەم .. دەچمەوە بەردەمی ئاوێنەکەم .. دەگریم .. فرمێسکەکانم دەبینم دوولەتن .. لە دواییدا وێنەی دایکم دەبینم لە لایەکیان و وێنەی چیمەن لەلاکەی تر .

بەڵێ چاك لێم ڕوونە .. کۆچی دایکم زیاتر ئەم تەنیاییەی پێبەخشیم .. هەمووی دوو هەفتە نەبوو لەسەربازی هەڵهاتبووم .. شەوێك بوو هەر وەك ئێستا .. لەم دیو لەبەر دەمی پەنجەرەکەدا سەیری دارگوێزەکەم دەکرد .. بارانێکی کپ دەباری .. کە دایکم بە هێواشی بانگی کردم .. سەرەتا دەنگیم نەناسییەوە .. وام دەزانی هەرباران‌ەکەیە و بەر گەڵاکان دەکەوێت .. وام دەزانی هەر باڵندەکانن یاری دەکەن .. نازانم چی باڵی پێوەنام .. بەچاو تروکاندنێك چومە ئەودیو ، سەیردەکەم دایکم دەگری و بانگم دەکات .. ملم نا چوومە پێشی .. لەسەر سەرییەوە ڕاوەستام .. دیمەنێکی زۆر غەمگین باڵ کەوتبوو .. لەدواییدا لەبەردەمیدا هەڵتروشکام !

ـ شیرە گیان .. لەدەوری باڵت گەڕێم .. دوای من ئاگاداری خۆت بە .

زۆر گریام .. وەك بارانەکەی دەرەوە فرمێسکم هەڵدەڕشت .. ئەویش چاوی داخستبوو نازانم بیری لەچی دەکردەوە ؟ بیری چی ؟ ئاگام لێ بوو گیانی دەدا .. هەناسەـ پچڕپچڕەکانیم دەکەوتە بەرگوێ .. هەر لە دەنگی بارانێکی کپ دەچوو .. لەو ساتەدا سیمایەکی دەروێنانەم وەرگرت .. هەروەك بلێی لێوی تینوم بە تراویلکەوە نابێت .. لە تاودا چوومە تەنیشتییەوە و هەڵاڕیام .. وابزانم خەوم لێ کەوت .. کە بەیانی هەستام و خەبەرم بوەوە ئەو مردبوو . ئێستاکەش هەر کە دەچمە بەردەمی ئاوێنەکەو ئەو دەبینم .. حەزناکەم بەبێوە بم .. لە

سەر زەوی یەکە هەڵدەکوڕێم .. ئەو لەسەرەوە و من لەخوارەوە .. ڕوخسارێکی گەش وەردەگرێت .. ئەوسا دڵنیا بم کە ماوە و نەمردووە .. نەخێر خۆ ئەو نە مردووە .. هەمیشە لە ژوورەکەمدا دەژی هەر وەك جاران دەمخوێنێت .. بەرێوم دەکات .. هەروەك ئەوەی کوڕەکەی جارانی زانکۆ بم .. بارەم دەداتێ .. ئەو ساتەش کە لە زانکۆ بووم .. نەیدەهێشت گیرفانم زۆر خاڵی بێت .. گوێ و کەلەبەری پێویستییەکانمی قوڕ ئاخن دەکرد .. دەمویست واز لە خوێندن بهێنم .. کەچی ئەو تاقە ساتێك ڕووی لێ گرژ دەکردم !

– ئەوە کوڕە ئیتر ئیشی چیتە ؟ تۆ دەتەوێت بەم قسانە بمکوژی ؟ ئەی کێ دەڵێت من نەمکوشتووە ؟ بەڵام نەخێر ، ئەو کاتەش کە لە زانکۆ دەرکرام .. بڕیارم دا سەربازی نەکەم .. بڕوام پێی نەبوو .. ئەم شەڕە چییە ؟ کە بەدایکم دەگوت : " دایە گیان ئەم شەڕە زۆر بۆگەنە .. نامەوێت خۆمی تێ هەڵسووم .. تەنها یەك شەڕی پیرۆز هەیە ، ئەویش شەڕی ئاگایی ژیانە " . ئەو تێنەدەگەیشت من چی دەڵێم .. بەڵام زۆری پێ خۆش بوو .. هەڵەی خۆیشم نەبوو کە دەرنەچووم هەرگیز نەمدەویست دوا ڕۆژ بگاتە ئێستە .. چی بکەم مێشکم هیچی وەرنەدەگرت .. هەر ڕۆژێك بیانوویەکیان پێدەگرتین .. ژیانی زانکۆشم ئای چ ژیانێك بوو .. هەرنەمدەویست بیرم بکەوێتەوە .. تەنانەت ئێستاش پەشیمانم .. پێویستە لە خەیاڵی خۆمی دەربکەم .. بەڵام نەخێر .. چاکتر وایە بێنەوە بیرم .. شوێنی خۆیەتی ئاوڕێکی لێ بدەمەوە .. با باز بەسەریدا نەدەم .. بەڵکو زیاتر بیری خۆ کوشتن بمگرێتەوە .. چۆن دەبێت وا بە ئاسانی دەستم بچێتە خۆم .. باشتر وایە ڕوویەك بەلایدا وەربگێڕمەوە .. خەیاڵێك وەربچەرخێنم .

ئێستاش باش لەبەر چاومە .. هەروەك ئەوەی دوێنێ و پێری ڕوویان دابێت .. ئەو کاتەی چوومە خۆپیشاندانەکەوە .. بێ ئەوەی کەس پێیشم بڵێت .. چەند شێتانە چوومە کۆڵی ئەو خەڵکە .. شیعری شاعیرەکانم دەخوێندەوە .. هەتا خوێنی هەموویانم نەکردە فوارە .. وازم نەهێنا .. هەر دەیانگوت ( بیلێرەوە ) .. کە پۆلیسەکانیش هێرشیان هێنا بە سەرمان .. هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵهاتن .. منیان بەردایە خوارەوە .. وڕوکاس بووم .. ئەوانیش دەورەیان لێدام .. زۆریان لێدام .. ئەوەندەیان بەسەرمدا کێشا .. ئەوەندە دەم و پلیان کوتیمەوە .. ئازمانم وەك بۆینباخ شۆڕ بووەوە .. دوای ئەوەش هەمیشە ئاگادارم بوون .. سەرنجی زبر و ڕەشیان پێوە گری دەدام .. هەمیشە وەك ئەسپەکەی ( ئەسکەندەر ) لەسێبەری خۆم دەترسام .. پێویستم بە یەکێك بوو پشتم بگرێت بۆ ئەوەی بەرەو خۆر غار بکەم تاکو

ڕام بکرێنم .. بەڵام کوا ؟ ئەم لەشە لاوازە و ئەم مێشکە بڕوماندوە جێگەی هیچ شتێکی تری تێدا نەدەبووەوە .. هەمیشە هەر تەنیــــا بووم .. زۆر بەگزی .. زۆر بەماتی .. هەنگاوم هەڵدەگرت بــــەرەو پۆل. ملم دەنا .. ئەگەر سەیری دەکردم .. ئەمیچ کچێك پێی دەگوتم ( بەیانیت باش ) منیش هاوڕێیەتی کەسم نەدەکرد .. لە سووچێکــــدا بۆ خۆم دەوەستام .. لەکاتی باران و ڕەهێڵەشدا بەکراسێکـــەوە بووم .. هەڵدەلەرزیم .. لەش و جەستەم هەمووی تەڕ .. بێ چەتر و باڵتۆ خۆم .. هەناوی خاڵی خۆم . ئێوارانیش دەگەڕامەوە ژووری نا و خۆیی .. هاوڵەکانم لەدەرەوە بوون .. گڵۆپەکەم دەکوژاندەوە .. پەردەکانم دادەبایەوە .. دەچوومە نێو جێگاکەم .. بەتاریکی جگەرەم دەکێشا .. خۆم دەکرۆشت .. هەر خۆیشم نازانم چۆن چیمەن هاتە ژیانمەوە ؟ چۆن چۆنی هاتەکایەوە .. تەنها ئەوەم لەیادە کە گۆمی تەنیاییمی شڵەقاند .. مێروولەی قەڵەباڵەغی تێبەردام .. باڵندەی غەریبیمی تەرەکرد .. هەرساڵێ پاربوو .. دوەم ساڵم بوو لە پۆلــی یەکدا .. ڕۆژێك هات و داخ بۆ ئەو ڕۆژە .. داوای ئەوەی لێکردم لەسەر ئەم ژمارەیە کلیلێکی لەبازار بۆ بکڕم .. تا هەفتەیەك نازانم بۆ بیرم چووەوە .. هەتاکو جارێکی پێی ووتمەوە .. بەڵام بۆچی ئــەم داوایەی لەمن کرد .. خۆ من بەکاڵتی هەموو شتێك بهانەمایە .. بەکەڵکی ئــە و داوا و هاوڕێیەتی نەدەهاتم .. کە بۆم کڕی زۆر زۆر سوپاســی کردم . لەدوای ئەوە هەمیشە لێی دەپرسیمەوە ( بۆچ وا مــاتــی .. بۆ بەتەنیا ڕادەوەستیت . ) جارێکی تر پێی گوتمەوە ( ئەم موحازەرەیە ماموستا نایەت .. دەڵێی چی پیاسەیەك بکەین و چایەکیش بخۆینەوە).. نازانم چ شتێکم سەرەنجی ڕادەکێشا .. خۆ ئەو کچێکی خواپێداو بوو .. هەر ڕۆژە جلێکی لەبەر دەکرد .. ئا لەوانەیە ئەو بێدەنگیەم.. ئەو تەنیاییەم ئەوی جوڵاندبێت.. یان بەزەیی پیامدا دەهاتەوە ؟ هەتا ئەو ڕۆژەش کە چاکەتە شینەکەی بۆ هێنام سەرەتا لێــــم وەرنەگرت.. زۆریش خۆم تووڕەکرد .. بەزبرییەکەوە پێم گوت ( کچــێ تۆ خێرم پێدەکەیت ؟ ) کەچی ئەو زۆر لەسەرخۆ گووتی ( خۆشــــم دەوێیت ) .

ئەوە چی گوت.. ئەو کچی ئاسمانە چی گوت.. هەر بەتەواوی بــەو وشەیە کیشوەری بوونمی پڕکرد لەبوومەلەرزە .. تاسە و خولیامـی بوژاندەوە .. لە ئەشکەوتی خەڵوەتی دەریکردم .. لەزەوییەوە بــۆ ئاسمان بەرزی کردمەوە .. تا لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی ڕایکێشام.. بە مرۆڤەکانی سەر ئەم زەمینەی ئاشناکردم .. هەر چەندە لەگــەڵ خۆمدا دادەنیشم .. لەخۆم دەپرسم .. چ کاتێك ئەوم خۆش ویست ؟

وەڵامێکم چنگ ناکەوێت .. ئایا ئەو کاتەبوو کلیلەکەم بۆ هێنا ؟ خۆ ئەو کاتەش هەفتەیەك لە خەونەکانمدا چەشنی فریشتەیەکی چکۆلانـــە قوت دەبووەوە .. یان ئەو ساتانەی وورەی دەدامێ ؟ دڵی دەدامــەوە ؟ یاخود ئەو کاتە بوو چاکەتەکەی بۆ هێنا ؟ نەخێر دوای ئەوبوو .. نا ەنا ئێستایە .. بەڵێ هەر ئێستایە .. ئەوە نییە هەموو شەوێك دێتە لام .. ئاخ چەند سەرم دێشێت .. چەند وورو کاسم دەڵێی پۆلیس لێی داوم .. وەڵامێکم چنگ ناکەوێت .. نا ە بەڕاست دۆزیمەوە .. ئەو ڕۆژەبوو کەپێی گوتم ( شێرە گیان من و تۆ یەك گیرفانمان هەیــە .. شەرم مەکە .. دەبینم سێ مانگە لەبەر بێ پارەیی نەڕۆیشتویتەوە .. دەبچۆوە سەرێك بدەرەوە لەدایکت ) .. نازانم لەو ساتەشدا هــەم ڕقم لێ دەبووەوە و هەم خۆشم دەویست .. چ گۆمێکی سەر لێشێواو و لێڵ و پێڵ تێکەوتبووم .. هەم زیندوبووم و هەم خنکاو .. بەڵام ئێستا وا هەست دەکەم لە هەموو کاتێك زیاترم خۆش دەوێت .. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەجێی هێشتم و کردمیە سەرداپەوە .. دەواری تەنیایی هێنایەوە گۆڕ .. لەو ڕۆژەوە لەبەرچاومدا ئەم دونیایــە پاڵتۆیەکی ڕەشی داوە بەشانیدا .. تروسکەکانی ئاسمانی نزمی خەیاڵم چەشنی هەورێکی لالووت ڕەوینەوە .. گەر هەبوایە بیبرم لە خۆ کۆشــتن نەدەکردەوە .. ئاخر چۆن بیری لێ نەکەمەوە .. ئەو ڕۆژە بــوو .. ئێوارەیەکی غەمگینی پار .. بارانێکی کپ دەباری پێی گوتم ( کــاك شێرکۆ داخوازی کەرم هاتووە .. ئەندازیارە و سەربازیشی تەواوکردوە .. تۆ چی دەڵێیت . بۆ ئاهەنگەکە بانگت بکەم؟ ) .

چەند سەیرە .. ئەو ووردە خۆشییە چییە دەموروژێنێت ؟ چــی ڕووی داوە ؟ ئا ە هی ئەوەیە وەڵام چنگ کەوت .. وەڵام .. ئەو منی خۆش نەدەویست تاکو منیش خۆشم بوێت .. وا دیارە هەر لەسەرتاوە بەزەیی پێمدا دەهاتەوە .. خۆ منیش نەختێك بەزەییم پێیدا دەهاتەوە .. لە دڵی خۆمدا گاڵتەم بە ژیانی دەکرد .. ژیانی قەیاتی و مێشکی پوچ و شتی سەیر و سەمەرە .. ئۆخەیش بۆم ڕوون بوەوە .. گەر وەڵامم چنگ نەکەوتایە ە هەرگیز خۆم نەدەخستە ناو گۆڕەوە .. بەڵام ئاخ لــەم مێشکە پوچەی منیش .. خۆ ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر خۆشــم دەوێت .. پتر پێویستیم پێیەتی .. ئەویش خۆ دریغی نەکردوە .. ئەوە نییە هەموو شەوێك دێتە لام .. ئەها ئەوە هات .. دیسانەوە لەکونی دەرگاکەوە هات .. ئەوە چییە دیارنەما ! لەوانەیە خەوتبێت .. بابچم خەبەری بکەمەوە .. ئەوە دیسان هاتەوە .. چاکەتە شینەکەی بــە بزمارەکەدا هەڵواسی .. دیارە هەر بۆ ئەوە چووە .. خۆزیا نەدەچووە ناو ئاوێنەکەوە .. چەند سەرمامە .. بابچم چاکەتەکە لەبەر بکــەم ..

ئەوە بۆ تەڕە؟ دیارە باران دەبارێت! کەی تەواو دەبێت؟ ئەم شانۆ تەڕە کەی هەرەس دەهێنێت؟ بۆچ وا ئەکتەرەکانی بەهێواشیی هێدی هێدی دەجولێن؟

ئەی بارانە سەرسەختەکە بەخوڕ وەرە.. ئاسمانەکە لە سینەتا هەرچی هەیە بەجارێك هەڵی ڕێژە.. بەگوێم ئەکەیت هەورەکانت بەگژدا دەکەم.. چاوەکانی چیمەنت وەك بروسکە لێ هان دەدەم.. دە چیمەن گیان پێی بڵێ.. بەو زێرابەی ئاسمان بڵێ بزانە بۆ گیراوە؟ ئەوە لەکوێی؟ دیسانەوە ڕۆیشتیتەوە؟ چیمەن! چیمەن!

گیان هاتەوە.. ئەمجارەیان گوڵی پێیە.. گوڵێك مانای خۆشەویستی یە.. هێناویەتی ە بۆ یەخەی چاکەتەکەم هێناویەتی.. ئەی بۆ زەخیرەی پێیە.. نانێ تیری پێیە.. کەواتە خوشکەکەمە.. ئەخیر ئەو نییە تۆ شێت بوویت.. مانگێك زیاترە لەگەڵ مێردەکەیدا چوونەتە شاخ.. کەواتە هەرخۆیەتی.. چیمەنەکەی خۆمە.

چیمەن گیان! لە زەوییەکەدا دایمەنی مشکەکان دەیخۆن.. ئەوە خۆ هەموویان خوارد.. وەك بەدەردتان بێت.. بەژەهری هەناوتان بێت.. تا کفرم کرد لێم ببورن تۆشی گیان بێت.. بیخۆن گوێ مەدەنێ.. چیمەن هی ترمان بۆ دەهێنێت.. چیمەن گیان! یەکێکی چاکەتێکیش بۆ ئەوان بهێنە.. تو ئەو چاوە مەستانەت ئاگات لێمان بێت.. دەترسم هەندێکیان بمرن و ڕەق ببنەوە.. بەجێیم ئەهێڵن ها! دەخیلتانم! ئەمجارەیان پەرژانی پڕ لە ژەهرەکە ناکەم بەسەر و گوێلاکتاندا.. نایخەمە زێراب و لانەکەتان.. وەرنە ژێر بەتانیەکەوە.. لێم مەترسن.. خۆ من پشیلە نیم.. دەوەرن ها وریکانم.. دنیا ساردە و ئاگاتان لە خۆتان بێت.. بارانێکی کپ دەبارێت.

کورتە چیرۆک

# لەبەردەم یاسادا

نووسینی : **کافکا** وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: **ڕەزا حەمە فەرەج**

پاسەوانێك لە بەردەم یاسادا وەستاوە .
کابرایەکی دەشتەکی بۆ لای ئەم پاسەوانە دێت و تکای چوونە ژوورەوە بۆ ناو یاسا دەکات ، بەلاّم پاسەوانەکە دەڵێت کە گوایە ئەم ئێستا ناتوانێت ڕێگای چوونە ژوورەوەی بدات . دەشتەکییەکە بیرێکی لێدەکاتەوە و ئەوجا دەپرسێ ، ئاخۆ لە دواییدا بۆی هەیە بچێتە ژوورەوە .
پاسەوانەکە دەڵێت " دەشێ " ، " بەلاّم ئێستا نە " .
چون دەروازەی یاسا وەك هەمیشە لەسەر پشتە و پاسەوانەکەش بە بەردەم دەرزازەکەدا دێت و دەچێ ، دەشتەکییەکە خۆی بۆ لار دەکاتەوە تا لەتوێی دەروازەکەوە تەماشای ناوەوە بکات .
کاتێ پاسەوانەکە تێبینی ئەمە دەکات ، پێ دەکەنێ و دەڵێت :
" گەر تۆ ئەوەندە بە پەرۆش و تاسەی ئەم مەبەستەوەبێت ، دە هەوڵ بدە ، لەگەلّ بوونی قەدەغەکردنەکەی منیشدا ، بۆ ئەوەی بچیتە ناوەوە ، بەلاّم باش بزانە : من بەهێزم . گەرچی من لەچاو ئەوانی تردا لاوازترین پاسەوانم . لە هۆڵێکەوە بۆ هۆڵێکی دی پاسەوان وەستاون و یەك لەوی دی بەهێزترە ، تەنانەت منیش ناتوانم لەئاستی تەماشا کردنێکی پاسەوانی سێیەمدا خۆم ڕابگرم" .
کابرای دەشتەکی چاوەنواڕی ئەم جۆرە تەنگوچەڵەمانەی نەدەکرد ، ئەم وا بیردەکاتەوە ، کە یاسا دەبێ هەمیشە وە بۆ هەرکەس

نابەستە و والا بێت، بەڵام ئالەم کاتەدا کە ئەم سەرنجێکی سەرتاسەری پاسەوانەکە دەدات، لەناو پاڵتۆ فەرەوەکەیدا و بەخۆی و لوتێکی زلی نووك تیژ و ریشێکی درێژی، تەنکی، ڕەشی تاتاری یەوە، بڕیاردەدات کە چاوەنواڕی بکات، تا ئەو کاتەی مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی دەدرێتێ.

پاسەوانەکە "کورسی"یەك دەدات بە کابرا و لێی دەگەڕێ لەلایەکی دەرگاکەوە دابنیشێت.

کابرای دەشتەکی ڕۆژان و ساڵان لەوێدا دادەنیشێت. هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی ڕێگای چوونە ژوورەوەی پێبدرێت، ئەوەندە تکا دەکات پاسەوانەکە هەراسان دەکات.

زۆر جاریش پاسەوانەکە وردە لێپرسینەوەی لێ دەکات و چەندەها پرسیاری سەبارەت بە وڵاتەکەیی و گەلێك شتی دی ئاراستە دەکات، بەڵام پرسیارەکان بێ سەروپێ و لاوەکین، هەر لەو پرسیارانە دەچن کە پیاوە گەورەکان دەیکەن، لەکۆتاییشدا هەموو جارێك پێی دەڵێتەوە کە هێشتا ناتوانێت ڕێگای چوونە ژوورەوەی ناتوانێت.

دەشتەکی یەکەش کە خۆی بۆ سەفەرەکەی بە هەموو شێوەیەك ئامادەکردبوو، هەموو شتێك بەکاردەهێنێ، "تەنانەت گەر شتێکیش زۆر بەنرخ بووایە" بۆ ئەوەی بیکاتە بەرتیل و بیکات بە تورگی پاسەوانەکەدا. پاسەوانەکەش گەرچی هەموو شتێك وەردەگرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا دەڵێت: "من بۆیە ئەم شتانە وەردەگرم، تەنها لەبەر ئەوەی تۆ لەو باوەڕەدا نەبیت کە شتێکت بەفیڕۆ دابێت".

بەدرێژایی ساڵان کابرای دەشتەکی سەرنجی پاسەوانەکە دەدات و بەدەگمەن چاوی لێ غافڵ دەکات، هەموو پاسەوانەکانی دیکەی لەبیر دەچێتەوە، لای ئەم وا دەردەکەوێت کە ئەم یەکەمین پاسەوانە، تەنها کۆسپێکە لەسەر ڕێگەی چوونە ژوورەوە بۆ ناو یاسادا.

کابرای دەشتەکی لەساڵەکانی یەکەمدا بەدەنگی بەرز و بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدات، نەفرەت لەم ڕێکەوتە بەدبەختە دەکات، لە دوایشدا، کاتێك پیر دەبێت، لەبەر خۆیەوە وورێنە دەکات و دەبۆڵێنێ، وەك منداڵی لێدێتەوە.

لەبەر ئەوەی دەشتەکی یەکە بەدرێژایی ساڵان خۆی بەتوێژینەوەی پاسەوانەکەوە خەریك کردبوو، وای لێهاتبوو تەنانەت کێچەکانی ناو یەخە فەروەکەیشی دەناسی، تکای لە کێچەکانیش دەکرد یارمەتی بدەن و ڕای پاسەوانەکە بگۆڕن.

لە ئەنجامدا تیشکی چاوەکانی لاواز دەبن، بەڵام ئەم نازانێ، ئایا دەوروبەری ئەم لەڕاستیدا تاریك دادێ یان چاوەکانی بەدەلەی

دەبەن ، بەلاّم لەگەلّ ئەمەشدا تروسکەیەکی هەمیشە گەش بەدی دەکات ، کە لەناو دەرگای یاساوە دەدرەوشێتەوە .

ئێستا ئەم زۆری نەماوە لەژیان دا ، بەر لەمردنی ئەزموونی هەموو زەمەنەکە لە مێشکیدا کۆ دەبنەوە و دەبنە پرسیارێك ، ئەو پرسیارەی کە هێشتا ئەم لە پاسەوانەکەی نەکردووە .

لەبەر ئەوەی کە ناتوانێ لەشە دەقگرتووەکەی لەشوێنی خۆی راست بکاتەوە ، دەستی بلّند دەکات و بە بزواندنی قامکەکانی پاسەوانەکە بانگ دەکات .

بەلاّم لەبەر ئەوەی کە جیاوازی بلّندی بالاّیان بە زیانیدەشتەکییەکە دۆخەکەی خۆی گۆڕیبوو ، پێویست بوو پاسەوانەکە تەواو خۆی بۆ ئەو بچەمێنێتەوە .

پاسەوانەکە لێی دەپرسێ : " دەتەوێ چیتر بزانی "؟" تۆ تێر نەخۆریت " . دەشتەکییەکەش دەلّێت : " خۆ هەموو هەولّ بۆ یاسا دەدەن و هەلّپەی بۆ دەکەن " "چۆن شتی وا دەبێت کە لەماوەی ئەم چەند سالّەدا بێجگە لەمن هیچ کەسێکی تر داوای چوونە ژوورەوەی نەکرد."

پاسەوانەکە بۆی دەردەکەوێت کە کابرا سەری لە گوێی قەبر دەلەرزێ ، وە لەبەر ئەوەی کە دەنگی بگاتە گوێ پەك کەوتووەکانی ، دەنەرێنێ بەسەریدا : " لێرە هیچ کەسێکی تر نەیتوانیوە مۆلّەتی چوونە ناوەوە وەربگرێت ، چونکە ئەم شوێنی چوونە ژوورەوەیە بە تەنها بۆ تۆ دانرابوو . ئێستا دەڕۆم و دای دەخەم " .

کورتە چیرۆك

# کالەیە

نووسینی :ئەرنست هەمنگوای          وەرگێڕانی :باوکی هەریار

پیرەمێردێك بە جل وبەرگێکی تەپوتوزاوی یەوە لە تەنیشت ڕێگایەکی لماوی دانیشتبوو، لە ژێر چاویلکەیەکی چوارچێوە پۆلاییەوە دەیڕوانییە ئەو پردەی ئێمەی سەرباز لەسەر ڕوبارێك دروستمان کردبوو بۆ پەڕینەوەی ماشێنی سەربازی، ئەو عەرەبانانەی ئاژەڵ ڕایان دەکێشێ، هەروەها بۆ پەڕینەوەی خەڵکی کەزۆربەیان پیاوی پیر وئافرەت ومنداڵ بوون. ژمارەیەکی زۆر ماشێن و عەرەبانە و خەڵکێ بەلای پیرەمێردا تێپەڕین و جێیان هێشت، بەلام ئەو بەبێ دەنگی دانیشتبوو و ئەوەندە ماندوبوو نەی دەتوانی بجوڵێ و لەوە زیاتر ڕێ بکات.

ئەرکی سەرشانی من ئەوەبوو بە پردەکەدا بپەڕمەوە ئەوبەر و چاودێری سەری ئەوسەری بکەم،وە بزانم دوژمن هەتا چ رادەیەك هاتۆتە پێشەوە. دوای ئەنجامدانی کارەکەم گەڕامەوە بۆ جێگاکەی خۆم.. ئەو کاتە ژمارەی ماشێن و عەرەبانەکان کەم ببون، پیادەش بە تاك و تەرا تێ دەپەڕین، بەلام پیرەمێردەکە لە شوێنی خۆی نەبزوابوو.. پرسیارم لە پیرەمێرد کرد:

ـ لە کوێوە هاتویت خاڵە؟

ـ لە (سان کارلۆس) ەوە. ئەمەی ووت و دەستی کرد بە پێکەنین.

سان کارلۆس شوێنی لەدایکبوونی پیرەمێرد بوو، بۆیە لەوەتێکی تایبەتی لەباسکردنی دەبینی.

پیرەسپی بەرنەدرام، بڕوا لەسەر قسەکردن و ووتی:

- شوان بووم لە سان کارلۆس.
- باشە لە مەبەستت تێنەگەیشتم؟
- بەڵێ .. شوان بووم ... دەبوایە ئاگاداری ئاژەڵەکان بومایە.. دەزانی من دوا کەس بووم (سان کارلۆس)م بەجێ هێشت.

پیرەسپی لە شوان نەدەچوو .. رامام لە جل وبەرگی رەشی تەپوتۆزاوی و ریشی سپی تۆز لێ نیشتوو و چاویلکە چوارچێوە پۆلاینەکەی و پێشم ووت:

- چ جۆرە ئاژەڵێک بوون؟
- ئاژەڵ ... ئاژەڵی هەمەجور... (سەری راوەشاند) دەبوایە بەجێم نەهێشتنایە.

جاروبار دیقەتی پردەکەم دەدا، تاوەنا تاوێکیش شاری (ئیبرو دیلتا) کە لە دوورەوە بەشارێکی ئەفەریقیا دەچوو، هەندێ جاریش بیرم لەوە دەکردەوە کەی ڕووبەڕووی دوژمن دەبینەوە و یەکەمین تەقە - کە بەنجەنومای ئەو ڕووداوە ئاڵۆز و بێ کۆتاییە دەکات - دەبیستین. پیرەسپیەکە ئێستا لە جێگای خۆی دانیشتبوو، جارێکی تر پرسیارم لێکرد:

- چ جۆرە ئاژەڵێک بوون؟
- سێ جۆر بوون: دوو بزن، پشیلەیەک، چوار کۆتر.
- ناچار بوویت جێیان بهێڵی .. وانیە؟
- بەڵێ ... بەهۆی تۆپ باران کردنەوە... ئەفسەرێک پێی ووتم: دەبێ لەبەر تۆپ باران کردن ئێرە بەجێ بهێڵیت.
- خێزانت هەیە؟ ئەو پرسیارەم لێکرد و دیقەتێکی تری پردەکەمدا، چەند ماشێنێکم بەدی کرد لەسەرخۆ لە پردەکە دەپەڕینەوە.

- نەخێر ... تەنها ئەو ئاژەڵانە نەبێت کە باسم کردن ... بێ گومان پشیلەکە لە وەزعێکی باشدایە و دەتوانێ ئاگاداری خۆی بکات.. بەڵام نازانم ئەوانی تر چییان بەسەر دێت؟
- خاڵە ... هیچ هەڵوێستێکی سیاسیت هەیە؟
- نەخێر ... هەڵوێستی سیاسیم نییە .. تەمەنم حەفتا و شەش ساڵە، نزیکەی دوانزە کیلومەترم بڕیوە ئینجا گەیشتومەتە ئێرە، لەو بڕوایەدا نیم بتوانم لەوە زیاتر ڕێ بکەم.
- بەڵام ئێرە جێگایەکی چاک نییە .. ئێرە سەرە ڕێگایە .. وای بە باش دەزانم هەڵسیت و فریای ئەو ماشینانە بکەویت کە لە دوو ڕیانی (تورتوسا) ڕاوەستاون.

هەواڵنامەی کتێب

- ئێستا نە، گورم .. با تۆزێك پشو بدەم ئینجا دەڕۆم .. ئەو ماشینانە بەرەو چ لایەك دەڕۆن ؟

- بەرەو ( بەرشەلۆنە ) .

- بەرشەلۆنە ! لەوێ کەس ناناسم .. بەڵام زۆر سوپاس ...

خاڵەی ڕیش سپی بە هیلاکی و ڕەنگێ زەردییەوە سەیری کردم ، وەك بلێی بیەوێ یەکێکی تر لە پەژارەییەکەی دا بەشدار بکات ، ووتی :

- پیشیلەکە وەزعی باش دەبێ .. دڵنیام هیچی بەسەر نایەت ... بەڵام .. بەڵام ئەوانی تر ، ئاخۆ چیان بەسەر بێت؟

- خۆت سەغلەت مەکە ، لەوانەیە وەزعیان باش بێت .

- تۆ لەو بڕوایەدایت ؟

- بۆ نە ؟ !

جارێکی تر ڕوانیمە ئەو بەری دووری پردەکە ، بەڵام هیچ ماشینێکم بەدی نەکرد .

- نازانم دوای هاتنی من ، ئاژەڵەکان چیان لەدەست دێ لەژێر ئەو تۆپ بارانەدا بیکەن ؟

- باشە تۆ دەرگای قەفەسی کۆترەکانت کردەوە بەر لەوەی جێیان بهێڵیت ؟

- بەڵێ .. بەڵێ ...

- واتە کۆترەکان دەتوانن بفڕن؟

- بێگومان دەفڕن ... بەڵام ئەوانی تر؟ چاکتر وایە بیر لەوانی تر نەکەمەوە .

- ئەگەر ماندوێتیت دەرچووە ئەوا دەتوانی لەگەڵمدا بێیت ، چونکە دەبێ بڕۆم .. هەوڵێك بدە بەڵکو بتوانی هەڵسیت .

- زۆر سوپاست دەکەم . ئەمەی ووت و ویستی هەڵسێتە سەرپێ ، بەڵام وەکو مەستێك بەم لا و بەو لادا دەهات ، ناچار جارێکی تر دانیشتەوە .. ئینجا ووتی :

- دەزانی .. من هەر خەریکی ئاژەڵەکان بووم .. ئەوەندەی خەریکی ئەوان بووم ، خەریکی خۆم نەبووم .

ریش سپییەکە ئەوەی بەسارد ییەکەوە ووت .. نەم دەزانی چ شتێك پێویستە بۆی بکەم .. ئەو ڕۆژە یەکەمین ڕۆژی جەژن بوو ، دوژمنی فاشی هێرشی کردبووە سەر شاری ( ئیبرۆ ) .. ڕۆژێکی تەمومژاوی بوو ، فڕۆکە نەی دەتوانی هەڵسێ .. واتای ڕیش سپی ئەوە بوو ئاژەڵەکان بتوانن ئاگاداری خۆیان بکەن ...

هەواڵنامەی کتێب

## دوا لاپەڕە

# پەنجەرەیەک

ئەحمەدی مەلا

هەواڵنامەی کتێب

پڕۆپاگەندە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی و ناساندنی مەسەلەیەکی دیاریکراو دا بە جیهان . ئەوە بۆ چەند مانگێك دەچێت لە فەلەستینی داگیرکراودا خۆپیشاندان ساز دەکرێت ، بەدار و بەرد بەگژ داگیرکەردا دەچن .

لە تەلەفزیون و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهاندا باسی ئەو خۆپیشاندانانە دەکرێت ، تەنانەت ئەمەریکا خۆیشی سەرنجێکی تری بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاکێشا . لێرەدا نامانەوێت ڕاستگۆیی و ناڕاستگۆیی ئەمەریکا دەربخەین ، بەڵکو گرینگی مەسەلەکە لەلایەك ، ڕۆڵی ڕاگەیاندنی فەلەستینی لەلایەکی تر . خۆ جارێ پارت و ڕێکخراوە فەلەستینییەکان گرینگییەکی لەڕادە بەدەر دەدەنە ڕاگەیاندن و لەسەر ئاستی جیهانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن ، هەر ئەمەشە ڕوخساری ڕاستەقینەی فەلەستینییەکان ئاشکارێتەوە .

فەلەستینییەکان خەرجێکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ ئەم مەسەلە گرینگە : ڕاگەیاندن ، بە چاپکردنی ڕێك و پێکی گۆڤارە تەنزیمییەکان و دەرکردنی هەندێ گۆڤاری فەلەستینی ، بەڵام دەرنەختنی بەشێوەیەکی ئاشکرا (ئەمەش تەکتیکێکی زۆر ژیرانەیە) . سەرەڕای ئەمەش دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە ئەدەب و هونەر و توێژینەوەی فیکری لە ئاستێکی زۆر ماقوڵ دا . بێگومان هەموو ئەوانە پێگەیشتنی

مەسەلەی ئەلەستینی ڕادەگەیەنن و ڕا دەکەن جیهان گوێیان لێ بگرێت .

دەمەویت لەم وتارە کورتەدا پەنجە بۆ شتێکی زۆر گرینگ رابکێشم ، ئەویش بوونی ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك یان بڵاوکراوەیەکی ڕێك وپێکی هەفتانەیە ، ئەمەش هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە مەسەلەی کوردستانییەوە هەیە لێپرسراون بەرامبەری ، بۆ دەرپەڕاندنی مەسەلەی کوردی و ڕزگار کردنی لەسنووری جوگرافیایەکی تەسك .

هێزی چەکداری کوردستانی رەختە لە ناو تەموتژدا وون بێت . هەواڵی پار ئیمساڵ دەگاتە دەستمان ، هەواڵی ئیمساڵ بۆ ساڵی ئایندەیە . بەکورتی و کوردی ساڵێك لەدوای زەمەنەوەین ( ئەمە تەنها لە ئاستی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە ، نەك لە ئاستەکانی تر ).

چ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەك لە ناوچەکەدا ڕوودەدات ، پێویستە بە گەرمی و گوڕی بە مەسەلەی کوردستانییەوە ببەسترێتەوە ، ئەگینا بەسواری پشتی کیسەڵ دەچین بۆ حەج .

هەواڵنامەی کتێب

• پێش ئەوەی یەکگرین ، بۆ ئەوەی
یەکگرین ، دەبێ بەر لە هەموو
شتێك سنووری نێوانمان بێ لاکردنەوە
و بە ڕوون و ئاشکرایی دیاری بکەین •

لینین

★ ★ ★

• لەوانەیە جیاوازی بیروڕامان هەبێ ،
بەلام ئامادەم گیانی خۆم بەخت بکەم
بۆ ئەوەی بتوانی داکۆکی لە بیروڕای
خۆت بکەیت •

ڤۆلتێر

# YEKGIRTIN

KOVAREK Î RÛŞENBÎRÎ TEORÎYE

**Bingeha Ruşenbiri Yekgirtin**

# (5) - 1988

هەواڵنامەی کتێب